

# تەونی جاڵجاڵۆکە

ڕۆمان

کاکەوەیس

کتێبی رابوون / ژماره - 9

کاکەوەیس

تەونی جاڵجاڵۆکە

بابەت: رۆمان

چاپی یەکەم، سوێد ١٩٩٨

Printed in England by HETAW

ISBN 91-972767-9-0

RABUN FÖRLAG
Box 25 161
750 25 Uppsala Sweden

## لە بری پێشەکی:

سەلمان، کەسایەتی بەد و زاڵی گۆڕەپانی شۆڕشەماڵوێرانکەرە بێ ئاکام و ئەنجام و ئامانجەکانی ئەم دواییەی کوردە کە بە خوێن گەشە دەکا و بە ترساندن هێور دەبێ... کەس پێناسەی لایەنێکی سیاسی پێ نەدا... سەری، هی لایەکە و لاقی هی لایەکی ترە... هزری، هی لایەنێکە و ڕەفتاری هی لایەنێکی ترە. ئەوەی بەشداری لە چەواشەکردنی کورددا کردوە، لەم ڕۆمانەدا، لەتوپەت کراوە و بەو لەتانەش سەلمانەکوێر داتاشراوە. با هەر لایەنە و بەشی خۆی لە سەلماندا بەسەر بکاتەوە و میللەتەکەشمان هەموو بەشەکان بناسێتەوە و بیانخاتەوە سەر یەک. ئەگەر لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا خەڵک و ناوچەی ئاشنا یا ناسراو کەوتنە ڕوو، بە هۆی ئاشنایەتیمەوەیە بەو ناوچە و بەو کەسایەتییانە. دەنا ئەوەی لە پشتی کێوی قافیشەوە بووبێتە دێوجامەی فریودان و هەڵخڕاندنی کورد، پشکی لە سەلماندا هەیە.

ئەم بەرهەمە لە ژێر خەمی کیمیایی و ئەنفال و کوردکوژی و هەتیوخستنی منداڵی کورد و جەرگسووتانی دایکان و باوکان و بەفیڕۆدانی ڕاپەڕینی کورد و دەربەدەربوونی خودی خۆمدا کەئەویش یەکێکە لە کارەساتەکان، لەدایک بووە. بۆیە لەگەڵ نەفرەتدا بۆ بازرگانانی خوێن، پێشکەشی دەکەم بە:

- هەموو ئەو کوردانەی پروشکی ئاگری گڕێکوێرەی دەروونی (سەلمان)یان بەر کەوتووە.
- ئاوارەکانی گەرمیان و (کەرکووک)ی سپێردراوە لە خەیاڵی بازرگانەکان.
- بە ژەهر خنکاوەکانی هەڵەبجە.
- ئەنفالکراوەکانی گەرمیان.
- کوردە ئاوارەکانی هەندەران کە بوونەتە بەڵاگەردانی سیاسەتی (سەلمان)ن.

کاکەوەیس

پایزی ١٩٩٧

# تەونی

# جاڵجاڵۆکە

—— ڕۆمان ——


کاکەوەیس



سوید 1998

رابوون

# ( ١ )

ئەوە یەکەم جار بوو هەق عەلی هەست بە ئازاری خەم بکا. خەم، وەک چاوڕنین و هەڵکۆڵینی برین و ددانکێشانەوەی بێ بەنج ، دەهێشا. هەستی دەکرد گلۆڵەیەک دڕکەزی لە ناو سینگی گیر بووە و سەرەداوە دڕکاوییەکەی لە گەروویدایە... نە بۆی دەردەهات، نە بەرگەشی دەگرت. ئازاری خەم، سام و ترسی ئەو هەرەسە گەورەیەی کەم کردەوە و بیری بۆ پێناسەکردنی خەم چوو. پرسیاری ناوەڕۆک و قەوارە و ڕەنگ و دەنگی خەمی لە خۆی دەکرد: "خەم چییە؟!. چۆن پێی دەکرێ ئێش بە خەمخۆر بگەیەنێ؟!. ڕووداوێک لە بەرژەوەندی مندا نییە و بە بەر چاومەوە قەوماوە. ئەمەیە خەم؟!. کارەساتێک بە بەر چاومەوە دەقەقەومێ... لە خۆم دەقەومێ و هیچم پێ ناکرێ. ئەمەیە خەم؟!. هەرەس، بێ ئەوەی پرسم پێ بکا لە دەرگای داوم. ئەمەیە خەم؟!. ئەدی ئەگەر بەرگری بکەم و هەوڵی نەقەومانی هەرەس بدەم خەم دەخۆم؟!. نەء... خەم ئازارێکە تەنها بێدەسەڵات خپ دەکا... ڕەنگە وای لێ بکا خۆی بکوژێ. منیش یەکێکم لەو هەموو بێدەسەڵاتانە. ئەی ئەگەر بەرگری قەومانی هەرەس بکەم و هیچیشم پێ نەکرێ، خەم دەخۆم؟!. ئا... ئەوسا خەمەکەم دەبێ بە دوو... هەرەسی شۆڕشێکی گەورە و سەرنەکەوتنی خۆم. کە بەرگەی ئەمەیان نەگرم چۆن بەرگەی جووتێ خەمی زەبەلاح بگرم؟!. ئازاری خەم کوشندەیە. شۆڕش، بە بەرچاومەوە گەشەی دەکرد و گەورە دەبوو و زۆری نەمابوو بەروبوومی بڕنم. ڕما... ڕمانێک ڕما هەر نەیشێلام، بەڵکو هەناوی هەنجن هەنجن کردم. باشە ئەمە ترسە یا خەمە وا ئازارم دەدا؟!. ترسی سەرشۆڕی یا ترسی سزای چاوەڕوانکراو کە مەرگە؟!. ئاخر هاسان نییە بەم شکستە گەورەیەوە بگەڕێمەوە بەر دەستی ئەوانەی کە یەک ساڵ دەبێ لە دەستیان هەڵاتووم. نەخێر ئەمە ترسە نەک خەم... ناتوانم شکست بخۆم... ناتوانم سەرکەوتوو نەبم بۆیە دڕکی ئەم خەمە گەورەیە وا لە ناو سینگمدا، بە

جەرگ و دڵمدا دەچەقێ. دەڵێی شۆڕش تەنها هی من بوو... من و بەس. من بە تەنها لێپرسراوی ئەم هەرەسەم!. وایە؟!... ئەگەر وا نییە بۆ کەس وەک من نەڕماوە لێپرسراوەکان نەبێ؟!. ئەوان پلە و پایەیان چوو، من چیم چوو؟!. چۆنە وەک (زۆربا)ی یۆنانی بکەومە سەما؟... تا شل و شەکەت دەبم سەما بۆ هەرەس و دۆڕاندن بکەم؟... بە دەم پێکەنینەوە سەما بکەم؟... هەر سەما بکەم تا ئازاری ناو سینگم دەشکێ؟. یا لەم سەرەوژووره، تا لچ و لێوم لەتوپەت دەبن جرت لێ بدەم؟... بیست ملیۆن جرت لێ بدەم!. ئەگەر کەسێکم تووش بوو، لە کۆتایی هەموو ڕستەیەکدا کە پێی دەڵێم، جرتێ لێ بدەم و لە کۆتایی هەموو ڕستەیەکی ئەویشدا جرتێکی مزر لێ بدەم و ناچاری بکەم هەموو سەروگوێم بشکێنێ تا لە تاو ئازاری شەق و مشت، ئەم ئازارە دڕکاوییەی ناو سینگم دەشکێ؟ ئەمە لۆژیکە دەملاوێنێ یا شێتبوونە؟!".

هەقەلی، بە دوودڵی و ترسەوە، سەردانی لێپرسراوێکی گەورەی کردبوو تا لە بری هەواڵی هەرەس، هەواڵی بەرگری و بەردەوامبوونی شۆڕشی لێ بژنەوێ. کە دیتی ئەو لێپرسراوەی کە تا دوێنێ بە لالووت قسانی دەکرد وا بە دەم گریانەوە کاغەز و دۆکیومێنت دەسووتێنێ ، هیچی لێ نەپرسی و بە ڕێی خۆیدا ، بە دۆڵەکەدا گەڕایەوە. بەرەو ژوورەکەی خۆی و مامۆستا سەعید، کە چەند سەد مەترێ لە پشت چاخانەکەی مستەفا سلێمانییەوە بوو، هەڵدەگەڕا و خەمێکی بە سوێ، وەک جگەرگۆشەی خۆی، خۆی لە ناو سینگیدا تەقەت کردبوو. بە زاری وشک و چاوی سوور و ڕدێنی کەمێ هاتووەوە، بە گورجیی بە لێوارێکی دۆڵەکەدا هەڵدەگەڕا. وا دەڕۆیی، دەتگوت پەلەیەتی بگاتە مامۆستا سەعید تا دەستێ بە قوڕگیدا بکا و ئەو گلۆڵە دڕکە لە ناو سینگیدا دەربێنێ و لەو ئێشە ڕزگاری بێ. پەلەی بوو بگاتە ئەو ژوورەی کە ساڵێ بوو لەگەڵ مامۆستا سەعیددا ، لە ناوقەدی گردەکە بە کرێیان گرتبوو و لێی ببوو بە بەهەشتی ڕووی زەوی... دەتگوت منداڵێکە و بۆ ئامێزی بە سۆزی دایکی هەڵدەکوتێ تا لە هەموو گیروگرفتێکی بپارێزێ.

هەقەلی، بە دەم ڕێوە بیری لەوە دەکردەوە کە هەرەس، بۆ هەموان هەرەسە

و هەرچی داڕماوە بە سەر هەمواندا داڕماوە. دڵی بەوە خۆش بوو کە شین بوو بە دەستەجەمعی، مەیلەو شاییە ولە ڕۆژی وادا، هەر کەسە و بە ئازار و دەردی خۆی، ئازار و دەردی هاودەمەکەی سوک دەکا... هەرکەسە و بە ئازاری هاودەمەکەشی، دەردی خۆی تیمار دەکا. باوەڕی وا بوو کە کەسێ لە شەڕدا زامدار بێ، ئازاری بە هەواڵی مەرگی هاوەڵی خۆی سووک دەبێ و کەسێ کارەساتی بە سەردا بێ، ورەی بەوە بەرز دەبێتەوە باسی کارەساتی لەوەی خۆی گەورەتری بۆ بکرێ کە بە سەر خەڵکی تردا هاتوون. پێی وا بوو بەخیلی، یەکێکە لەو جمکانەی کە لەگەڵ مرۆدا لەدایک دەبن و بە بەد دەناسرێ و ناوی دەبرێ. پێی وابوو دەرمانی پڵیشاوەکانی ژێر هەرەس، باسی مووساییەکانی سایەی هیتلەر و ئەرمەنییەکانی ناو قەسابخانەی تورک و هەموو دەمێکی کوردە بۆیە ئەو دوو ڕۆژە هێندە باسیان لە سەر زاران بوو. پێی وابوو هەرەس هات و بە سەر دنگەی ورەدا ڕما و خاوەنەکەی لە ژێریدا یا پڵیشایەوە یا خۆی ڕاگرت... بە گوێرەی قایمی و ناقایمی دنگەی ورە و شێوەی بیرکردنەوەش، وشە لە زاری خەڵکی ژێر هەرەسەوە هەڵدەفڕن. کۆنە دۆستایەتی و لایەنگرتن و کۆنەقینیش کە یەک دوو ڕۆژ لەوەبەر بێ ڕەنگ بوون و وەک ماری زستان سڕ بوون و بە زەحمەت دەسنیشان دەکران یا نەدەکران، تۆخ بوونەوە و بە ئاشکرا دەردەکەوتن. دەیبیست کە دەگوترا:

- " ئەوجا چییە؟ دەک ماڵتان نەڕمێ بۆ ورەتان!. یەک مانگی دی نابا شۆڕشێکی دی بەرپا دەکەینەوە. شۆڕش ڕما نەک کورد".

- " ئیدی نابێ بە کوردی قسان بکەین... قسەکردنی چی؟".

- " تازە تا کورد ماوە، نایەتەوە سەرخۆ ".

- " مەلا مستەفا هیچی پێ نەکرا کێ پێی دەکرێ؟".

- "مەلا مستەفا هەرچی کرد بۆ ئەمەریکای کرد... بەکرێگیراو هەر ئەوە بەرهەمێتی و هەر ئەوەی لێ شین دەبێ".

- " بەو خوایەی خوایەتی دەکا هەموومان دەهاونە ناو حەوزی تیزابەوە... جا ترشەی کوردیک و نازانم چەندەم ئۆکسیدی پێشمەرگە دروست دەبێ ".

- " لافاو بەرەو یەک لا مل دەنێ... لە بەرزاییەوە بۆ نشێو. سروشت بڕیاری وایە و ئەوە خەسێتێتی. کەچی سروشت لە ئاستی لافاوی مرۆڤدا دەسەوەستانە. لافاوی مرۆ بەرەو دوو لا مل دەنێ... بەرەو خوار و بەرەو ژوور. گرینگ ئەوەیە یەک دڵۆپ مرۆ لە جێی خۆیدا نەمێنێ".

- " لافاوی بێ بەرنامە هەموان ڕادەماڵێ. ئەگەر ئەم لافاوە ڕێنمایی بکرێ، بە خۆڕایی نانیشێتەوە... تەخت و بەختی بەغدا و تاران ڕادەماڵێ... هەموو جیهان دەورووژێنێ ئەوسا دەنیشێتەوە".

- " ئەم ماستە موویەکی تێدایە و ئەم لافاوە بە بەلاش نانیشێتەوە. ئەمە زیرەکیی بێ زیرەکییەکی کوردانە نییە... جوولەکانەیە... ئینگلیزانەیە. خەڵک بە ڕمانی خۆت برمێنی گەمە نییە!. بە ڕماندنت، داردەست بە دەستی شای ئێرانەوە نامێنێ و گەلەگورگی بیابان تێی دەکەون، چییان داوەتێ دووقاتی لێ دەستێننەوە. جا... دە تۆش ژێر بە و بەشداری گەمەکە بکە تا چ گەمەی ترت پێ نەکرێ... خۆ دانەوەشاوی!".

- " کورد لە گیانەڵڵادایە و دەست بۆ پوشکەیەک دەگێڕێ تا خۆی پێ دەرباز بکا. نقوم دەبێ و دوای تاوێ سەر دەردەهێنێ تا هەناسەیەک هەر بۆ ئەوە هەڵمژێ، دیسان نقوم بێتەوە. دەست بەرز دەکاتەوە و بە دەست هاوار بۆ فریاڕەس دەکا... ملیۆنەها خەڵکی گۆی زەوی لە کەنارەوە سەیری دەکەن... پێدەکەنن، دەخۆنەوە، یەکتر ماچ دەکەن، سواری یەک دەبن... دەسبەرداری کەمترین دەرفەت و بچووکترین دەسکەوتی خۆیان نابن. کورد دەخنکێ و وەک ئەوەیە هەر لە بنیی لە گەڵیاندا هاوبەشی گۆی زەوی نەبێ".

- " ئەوان کوردیان بۆ چییە؟. کورد، نە گۆشتی دەخورێ نە بە کەڵکی سواربوون دێ نە بە کەڵکی دۆشین دێ. کورد گیانلەبەرێکی سەر زەوییەکی نەوتاوییە و بە ئاگری نەوتی ئەو زەوییە دەسووتێندرێ... ئەمجارەش سووتێندرا... ئێمە داینەسۆرین و خوێنمان دەبێتە نەوت و کارگە دەگێڕێ".

- " مێژوومان ئەمبەر ئەوبەرە: عوسمانی - سەفەوی، عیراقی - ئێرانی، شیعە - سوننە، لەندەن - مۆسکۆ، ڕۆژهەلات - ڕۆژاوا. لە گەڵ شەپۆلی ئەواندا دێین و

دەچین. نیوەمان بەر شەپۆلی ئەولا دەکەوێ نیوەمان شەپۆلی ئەملا ڕایدەماڵێ. ڕادەماڵدرێین. لە نێوان شەپۆلی خەڵکدا دێین و دەچین و دەپلیشێینەوە. نەمانتوانیوە بەخۆمان شەپۆڵ بین و خەڵک ڕامالین. ێئمە ئاومالکەین و ڕادەماڵدرێین ، بە عەقلی خۆشمان بە تەماین دەریا وێق بداتەوە و بمانهاوێتە کەناری سەرفرازییەوە. ئای کە نایبینین!".

- " چارەسەری ئێمە مانەوەیە. بە هەر نرخێ بێ دەبێ بمێنینەوە. دەچینەوە ناو حکومەت. دەبینە بەعسی و تا ڕادەی بوونەعارەب دەڕۆین. ئیدی حکومەت پێویستی بەوە نابێ عارەبی شوێنەکانی دی بێنێ و لە جێی ئێمەی عارەبی کوردستان - با لە ئێستاوە فێر بین بلێین شیمال - نیشتەجێی کا. ئەمن لە خۆمان دەبێ، پۆلیس لە خۆمان دەبێ و هەموو شتێ لە خۆمان. بە کورتییەکەی، ئەوەی شۆڕش بە دەستی نەهێنا، ئێمە بە ڕوخاوی بە دەستی دێنین بەلام ناوی ئۆتۆنۆمی لێ نانێین. ئەوەی ناوی کوردایەتیش بێنێ هەڵیدەدڕین تا دەست بە سەر شار و گوندی خۆماندا بگرین".

- " بە هیچ جۆرێ لێمان خۆش نابن. وەک جووی زەمانی هیتلەرمان لێ دەکەن... دەمانهاونە ناو فڕنەوە... دەمانکەنە سابوون. بە کیلۆ ددانی زێڕی کورد کۆ دەکەنەوە... لە دەم چاڵێکی قووڵدا ڕاماندەگرن و دەزڕێژمان لێ دەکەن و تەرمەکانمان، لە دەم چاڵەکە و لە ناویدا بە سەر یەکدا کەپرۆکە دەبەستن... بە کۆنەچەتە تاوانبارمان دەکەن. بۆ ناسینەوەمان، ناوچەوانمان داغ دەکەن. ڕەنگە لێی بنووسن (ک ک). بە هەرحاڵ من پێشنیاری (ک ک) دەکەم چونکە بشبینە عارەب ، هەر پێمان دەڵێن کۆنە کورد!".

- " ورەتان بەرزبێ... خوا کەریمە. سەرۆکێ بتوانێ هێنری کیسەنجەر ببینێ، بە بەلاش ئەم بڕیارەی نەداوە... دیارە شتێ لە ژێرەوە هەیە".

- "ڕۆژانەی من لە ناو شۆڕشدا دینارێک... بوو. ڕۆژانەی کیسینجەری کوڕی قەحپەیەی مەیگێری مەیخانەکان، ملیۆن و نیوێ دۆلار بوو. وەڵڵاهی منیش بم کێ بلێی دەیبینم و دەست دەکەمە ملی مینە پۆخچیش.یەک ملیۆن و نیو دۆلار لەوێ. خوا دەزانێ بۆ سەفەرەکەی، چەندی موخەسەسات پێ دراوە".

هەقەلی، کە لاوێکی خڕکەڵەی گەنمڕەنگی گورجوگۆڵ بوو، هەناسەی سوار ببوو. خەیاڵی، لە کارەساتی هەرەسەوە بۆ شلبوونی چۆکی دەچوو و لەویشەوە بۆ گلۆڵە دڕکەکەی ناو سینگی و ئەوسا بۆ قسەی ئەم و ئەو. چارەسەری بنەبڕیش بۆ ئەو ساتەی، هەر ئەوە بوو بگاتەوە ئامێزی ژوورەکەی خۆی. لە بەردەمی خۆی دەڕوانی و هەنگاوی دەنا: "خۆزگە وەک لە هەرەسدا گورجوگۆڵم، لە شۆڕشدا وا دەبووم... خۆزگە ئەم گورجوگۆڵییەم بەرەو بەرگریی دەبوو... خۆزگە..."

چەند دڵۆپێ عارەقە بە چەنەگەیدا بەربوونەوە بەردەمی. لە جێی خۆیدا ڕاوێستا و کڵاو و جامانەکەی، کە وەک سەرکڵاوی لباد توندوتۆڵ بوون، لا برد و ناوچەوانی سڕی. تەماشایەکی هەورازەکەی بەردەمی کرد و چمکێکی ژوورەکەی خۆی و مامۆستا سەعیدی دی. لە دوورتریش، سەری شاخێکی بە بەفر، وەک کیژۆڵە بە شەرمەوە چاوی لێ دادەگرت. خەیاڵی کەمێ ڕۆیی: "شاخ وەک ئافرەتە بۆیە حەزی لێ دەکەین... جوان و دڵڕەق... بۆنیشی بە بۆنی دایک دەچێ... ئامێزی بە ئامێزی دایک دەچێ... جا وەرە لێی دابڕێ!".

تاماشای چمکی ژوورەکەی کردەوە و بە حەسرەت و هیواوە لێی ڕاما. بە گورجی وەڕێ کەوتەوە.

زۆری نەبرد، خۆی لە بەردەم ژوورەکەدا دیتەوە و بە بێدەنگی ڕاما: دوو تەنەکەی نەوت کە (نفت ملی)یان لێ نووسرابوو، پڕ بوون لە ئاو و لە خوار پەنجەرە بچووکەکەوە کە درزێکی کرابۆوە ونیوەی پەردە پەتووەکەی دادرابۆوە، دانرابوون. بەر دەرگاکە، زۆری پێڵاو لێ بوون کە لەگەڵ دەنگە دەنگی ژوورەوەدا بەڵگەی قەرەباڵغی و مێوان بوون. بە درێژایی دیوارەکە، بستێ یا دوو بست سێبەر بە سەر بەفرە لێخنبووەکەدا کشابوو و لێنەدەگەڕا بتوێتەوە. لە پێڵاوەکان ڕاما. تاکێکی جووتێ پێڵاوی لاسیکیان نەبێ کە لە لای پاژنەوە پینە کرابوو، ئەوانی دی پارەی باشیان پێ درابوو و یەک دوو جووتیان ناوەخنیان فەروە بوو. بە لایەوە، پێڵاوەکان پێناسەی خاوەنیان بوون: خاوەنی ئەو جووتە، هەر دەبێ لە پەڕ بنوێ و لە ناو بخوا... هی ئەو جووتەش هەر وا...

ئەو دوانە پێکەوە هەڵناکەن و وەک سەری دوو بەران لە یەک مەنجەڵدا ناکوڵێن. خاوەنی ئەو جووتە پێڵاوە لاستیکە، لە هەموو عەیام و زەمانێکدا دەبێ لە بنەوە بێ... دەبێ کردەی ئەو و بردەی خاوەنی ئەو پێڵاوە سوورە ناوەخن خورییانە بێ. بەڵام پێڵاوی وا شڕ و پینەکراو دەبێ لە بەرەی شەڕدا بن!... چی گەیاندونیە ئێرە؟!. ئێرە جێی پێڵاوی بە نرخە...

پێڵاوەکان، لە بەر زەینی هەقەلیدا، کێشە و هەرایان بوو... جەنگیان دامەزراندبوو و دووبەرەکییان تێ کەوتبوو. لە گەڵ جەنگی پێڵاوەکاندا، قیژە و هەرا لە ژوورەوە بەرپا بوو و هەقەلی، وەک ئەوەی لە خەونێکی قووڵ وەئاگا بێتەوە، هاتەوە سەرخۆ. لە دەرگای دا و لەگەڵ دەنگی دەرگاکەدا، قیژەقیژ بڕایەوە. بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی لە دەرگادان بێ خۆی پێدا کرد.

## ( ٢ )

ژوورەکەی مامۆستا سەعید و هەقەلی، لە شکستخواردوانی ژێر هەرەس جمەی دەهات. هێندێکیان خوێندکاری زانکۆ بوون و هێندێکیان تەواویان کردبوو. مامۆستا سەعید، کە مامۆستای قوتانخانەی سەرەتایی بوو و تاقیکردنەوەی سیاسی لەوانی دی پتر بوو: زەلامێکی خڕکەڵەی کورتەبنەی دەم بە بزە بوو. هەموویان بۆ ڕاوتەگبیر و دڵدانەوەی یەکتر لەوێ کۆ ببوونەوە و زۆریشیان تا چەند ڕۆژ لەوەبەر نازیان بە سەر زەویدا دەکرد... بۆ پۆکەر و خواردنەوە، لەوێ کۆ دەبوونەوە و شەوگاریان بە سەر دەبرد. هەموو لە ژێر باری هەرەسدا کاس ببوون و دەستیان بۆ پنچکێ دەگێڕا خۆیانی پێوە بگرن. ئەوانیش، وەک هەموو پڵیشاوەکانی ژێر هەرەس، هەر یەکەیان شتێکی گوت. جەبار تا ئەو کاتە لە قوژبنێکی ژوورەکەدا بە بێ دەنگی دانیشتبوو و بە کاوەخۆ یاری بە سویچی ئۆتۆمبیلەکەی دەکرد کە تازە دەزگایەکی شۆڕش خستبوویە خزمەتی: خڕکەڵە، پاک و پۆشتە، سپیلکە، مووزەرد. هاتە گۆ: "تۆ

بلێی قرمان تێخەن؟ هێندێکمان هەر لێ دەمێنێ تا ئاشووبەی تر بگێڕین. مانەومان بۆ خودی حکومەت پێویستە". جەبار ئەمەی گوت و بزەیەکی کرد. مامۆستا سەعیدیش وەک ئەوەی دەمێ بێ داخی لێ بێ، سەرنجی دا و پاش کەمێ گوتی: "جا تۆ بە گونانتەوە. لە هەر جێ بیت شوێنت گەرمە. لە دووبەرەکیدا، لە ناو ئەوانەدا کە جێیان گەرم بوو و پاروویان چەور بوو یەکەم بووی. کە ئەوێش نەما و زانیت جێت لە ناو شۆڕش گەرم دەبێ خۆت پێ گەیاند. دەشچیتەوە ناو حکومەت هەر جێت گەرم دەبێ. ئێمە هەمومان دۆڕاوین. بەڵام تۆ مەودای دۆڕانت نییە. تۆ دەبێ هەمیشە براوە بیت. کاکی برا تۆ خۆت بە هاودەردی ئێمە مەزانە".

جەبار بزەیەکی تری کرد و بە کاوە خۆ گوتی: "جا تۆش ئازا بە و جێی خۆت گەرم کە. خۆ من پێشم پێ نەگرتویی".

هەقەلی، لە بەر خۆیەوە بزەیەکی کرد:" دەبێ خاوەنی پێڵاوە سوورەکان..."

میرزا حوسێن کە لاوێکی نیمچە خوێندەواری خەڵکی دەوروبەری شنۆ بوو، لای پاینی مەجلیسەکەوە دانیشتبوو و سەرە گچکە تازە تاشراوەکەی خستبووە سەر هەردوو چۆکی و جەستەی، هێندەی دی گچکە دیار بوو. دەتگوت کوورەیەک لە ناو سینگیدا دەگڕێ. گوێی لە هەموان بوو کە هەر یەکە و شێوە چارەسەرێکی بۆ خۆی دانا. ئەم، خۆی وەک کارمامزێکی بێ دەرفت دەهاتە بەر چاو. جگە لەوەی خۆی بە دەسخەرۆ و دەسبڕاو دەزانی، مەرگیش لە هەموو لاوە چاوی لێ زەق کردبۆوە. ترسی ئەو، بەر لە هەموو شتێ ترسی مەرگ بوو بۆیە زمانی لە گۆ کەوتبوو و هیچی نەدەگوت. کە جارویاریش ئەوانی دی بوونی ئەویان بیر دەکەوتەوە و پرسیارێکیان ئاراستە دەکرد، زۆر بە کورتی وەڵامی دەدانەوە و لە کۆڵی خۆی دەکردنەوە...وەڵامەکانی میرزا، پێڵاوە لاستیکەکانی وەبیری هەقەلی دەهێنایەوە...هەردوکیان ناچاریی بوون.

هەق عەلی بە بێدەنگی پاڵی دابۆوە و لە بەردەمی خۆی دەڕوانی. ناوچەوانی وا گرژ ببوو دەتگوت ئێشێکی کوشندە گرتوویەتی. بەرانبەر وێنەیەکی گەورەی (بارزانی) کە بە دیوارەکەی بەرانبەرییەوە هەڵواسرابوو، دانیشتبوو.

سەری بەرەو وێنەکە هەڵبڕی: "ئەرێ دە تۆش قسەیەک بکە ماڵت نەشێوێ!. شتێ بڵێ!. ڕایەک دەربڕە، ڕێیەکمان بۆ دانێ... هەروا سووک و هاسان دەماندەیتە دەست دوژمنەوە؟!. خۆ ئێمە تۆمان بە پشتوپەنا دانابوو. بەڵام نا، بەخودای بە خۆشت درایتە دەستی دوژمن. پێشکەشی دوژمن کرای. تۆ لە ئێمە زەلیلتر کراوی".

(سەلمان)یش کە بە تەنیشت هەقەلیەوە دانیشتبوو و بە دەگمەن نەبوایە سەری هەڵنەدەبڕی، دەمانچەکەی دەرهێنا و فیشەکی لێخوڕییە بەر و ڕووی لە وێنەکە کرد: "وەڵڵاهی دەڵێم کەللەی سەری بپژێنم!. پیاوی ئەمەریکا و ئیسرائیل هەر ئەوەی لێ شین دەبێ!".

حەسەن کە دەمێ نەبوو دکتۆرای لە زمانە ئێرانیەکان، لە مۆسکۆ هێنابۆوە و جاروبارێ شەوی لەگەڵ ئەو دەستە گەنجەدا بە خواردنەوە و قومارکردن دەبردە سەر و گەلێ جار بە دەم سەرخۆشییەوە، تەمەنی خۆی و پلەوپایەی خۆی بیر دەچوونەوە و دەکەوتە سەماکردن، بە پەلە دەمانچەکەی دەرهێنا و هێنایە سەر پێ. بە گورجی ڕووی لە کەللەی سەلمان کرد: "قەسەسەم بەخوا بیتەقێنی دەیتەقێنم!. دەی سەگەکوێر! پیاو بە و بیتەقێنە!... دەی!".

کوڕگەلی ڕەنگ پەڕیو، هێندەی دی ڕەنگیان پەڕی بەڵام هەرچۆنێ بێ کەوتنە بەینەوە و ئەو کارەساتەیان ڕاگرت کە بە هۆی مۆرفینی هەرەسەوە، لە دەمەدەمی قەوماندا بوو:

- " کاکە ئێوە خەریکە تێک دەچن... "
- " تا دوێنێ هاوسەنگەر و برا بوون..."
- " دەی بزانە یەکتریش ناکوژن... "

هێور بوونەوە و پاش تاوێ، بە ترس و سەرسوڕمانەوە لێک ڕامان. سەلمان زۆر بە خۆدا شکایەوە. بیری کردەوە: "لە بری ئەوەی لە دووبەرەکیدا سەر بە بەرەیەک بم دەبێ بەخۆم بەرە بم. چۆن کێشەی وا بچووک دەخولقێنم؟! من لەوە گەورەتر و بەکەڵکترم لە سەر شتی وا خەڵک بمکوژێ یا خۆم تووشی کێشە و گۆبەند بکەم. بەڵام دیارە ئاشبەتاڵ منیشی تێکداوە".

هەق عەلی، ئانیشکی لە سەر بالیفەکە هەڵگرت و قیت دانیشت. هەموو ئەوانی دی دەیانناسی: هەمیشە ڕای نوێ، بۆچوونی بەجێ و سەرنجی وردی وای هەبوون کە بە دەگمەن نەبێ، بەدییان نەدەکرد. دەشیانزانی لە قساندا درێژبێژە و گەلێ جار لە پاشملە باسی درێژدادڕییان دەکرد. گوتی:" ئێمە بە خۆمان دەڵێین ڕۆشنبیر. بەڵام نا. ئێمە خوێندەوارگەلێکین جارێ تا ئێستا توانیومانە تەنها لایەنی بەد و تاریکی هۆشمان بخەینە کار چونکە هۆشمان ئیستعمار کراوە. هەموو زانینی قامووسیمان چەند زاراوەیەکە بێ ئەوەی تێیانبگەین بەکاریان دێنین. میللەتەکەمان سێ جۆرە خەڵکی تێدان.

- شەل و کوێر و کەڕ. جەبار ئەوەی گوت و زوو پەشیمان بووەوە.

سەلمان کەمێ لە جێی خۆی بزوا.

هەقەلی، سەیرێکی جەباری کرد و لە سەر قسەی خۆی ڕۆیشت: یەکەمیان ڕەشەخەڵکەکەیە کە هەرەس و شۆڕش و سەرکەوتن و دۆڕانیان، وەک باران و هەورەتریشقە و لافاو و پیتوبەرەکەت و قاتوقڕی، بەلاوە سروشتین و دەیاندەنە دەست خواوە. نە پێیان شاگەشکە دەبن نە پێیان دەڕمێن. دووەمیان خوێندەواری وەک ئێمەیە کە لە سەر تەفسیری هەر دیاردەیەک بڵێی هێند سوورین بە ڕاست نەگەڕانی لە قامووسماندا نییە. کە لەو تەفسیرەدا بە هەڵەشدا دەچین، سەری دنیامان لێ دێتەوە یەک چونکە ڕێیەکانی ترمان لە خۆمان گرتووە. خەڵکی وەک ئێمە لە هەردوو دین بوون. نە دەتوانین هۆی دیاردەکان بدەینەوە بە یەزدان نە دەشتوانین تەفسیرە ڕاستییەکەیان، وەک ڕوناکبیری بە توانا کە دەستەی سێیەمی دەگمەنی کۆمەڵن - ئەوەش ئەگەر هەبن - بدۆزینەوە و دڵنیا بین. ئەم تەفسیری زانستانە بۆ هەرەس دەکا و بۆ خانەی چینایەتی دەیگێڕێتەوە و ئەوی دی بە هەمان تەفسیری زانستانە دەیسەلمێنێ کە سەرکەوتنی کورد لە هەرەسدایە. زانستی قوڕبەسەر دەمێکە لە دەست خوێندەواری وەک ئێمە سەری خۆی - خوا دەزانێ بۆ کوێ - هەڵگرتووە. هەموان، مانگگیرانەکەمان لە بیرە. خەڵکی نەخوێندەوار تەنەکەیان لێ دەدا، ئێمە تفەنگمان بە عاسمانەوە دەنا. بە بەختم

ئەوانەی بە باوەڕەوە تەنەکەیان لێ دەدا لە ئێمە مەعقوول تر بوون. کە تۆپۆلیفەکەش کەوت لە هەموو ناوچەکەدا دوو کەس شاگەشکە نەبوون. یا ڕاستتر بڵێم، بە پێچەوانەوە شاگەشکە بوون. یەکەمیان کابرایەکی دوورخراوە بوو کە لە ترسی (ساواک) خۆی شاردبۆوە، دووەمیشیان بەندکراوێکی ڕایات بوو. ئەویان گوتی: بە خوا هەموو شتێ لە دەست کورد دەرچوو. ئەمیشیان گوتی: بەخوا دەبێ ئاشبەتاڵی لێ بکرێ. لەم هەزاران کەسەدا ئەو دووە ڕاستیان کەرد و ئەو دووەش بێ دەسەلات بوون. ئەوانە جادووگەر بوون؟. من یەکێ بووم لەوانەی کە گومانم لەوەی ڕایات زیادی کرد و کسپەی گومانیشم لەوی تر بە دڵدا هات هەرچەندە خۆشیشم دەویست و دۆستم بوو. نا، من بەخۆم هاوکێشەی سیاسیم پێ شی ناکرێتەوە و ئەوەشی پێی بکرێ، گومانی لێ دەکەم. من خۆم کورتم هێناوە. ئەم شەڕەش لە سەر وێنەی بارزانی بتپەرستییەکە وەک خۆی نییە. جا چ بۆ کاک حەسەن و چ بۆ کاک سەلمان، جیاوازی نییە. وێنەپەرستن و وێنەکوشتن وەک یەکن. دەمێکە ئەملا، بارزانییان کردۆتە یەزدان و کڕنۆشی بۆ دەبەن. ئەولاش کردوەیانەتە ئەهریمەن و بەردبارانی دەکەن. ئەدی کێ وەک مرۆڤی ئاسایی سەیری دەکا کە هەم ئازایەتی لێ دەوەشێتەوە هەم ترسان و هەم هەڵە و هەم ڕاست؟. خوا شایەدە کەس!. ئەو فەقیرە چی بکا؟. بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ کراوەتە خوا و لە هەمان کاتیشدا ئەهریمەن. کاکە گیان هێمن بن. با کەمێ بە ووردی بیر کەینەوە. بە تایبەتی جەنابت، کاک حەسەن، خۆ لە هەموان گەورەتری و هەق وایە ڕۆڵی برا گەورەیی ببینی. با لەم کارەساتەدا یا بە لای خەڵکە ڕۆشنبیرەکەدا لا دەین یا وەک ڕەشەخەڵکەکە بە خودای بسپێرین و بە تەمای ئەو پاڵی لێ بدەینەوە.

قسەکانی هەقەلی بە خوتبەی کتوپڕ و ناوەخت دەچوون. تا ماوەیەک هەموان بێدەنگ بوون. میرزا حوسێن کە لە هەموو ئەو ماوەیەدا لە خوار مەجلیسەکەوە، ڕووەو دیوارەکە ڕاکشابوو و جاروبارێ پرمەی گریانێکی شەرماوی دەبیسترا یا هەناسەیکی قووڵ و درێژی هەڵدەکێشا، کتوپڕ ڕاست

بووەوە و بە سەری تاشراو و دوو چاوی سوور و لووتێکی لە ڕادەبەدەر گچکەوە، ڕووی لە هەقەلی کرد و بە دەنگی بڵند و نیوە گریانەوە هاتە گۆ:
- ئێوە لە حێراقێ لێبوردنتان بۆ دەرچووە و ئێرانێش ئۆردوگای پەنابەرانی لە بۆ کردوونەوە. من لە حێراقێ بێگانەم و لە ئێرانێش دژی یاسام و ساواک چاوەڕوانمە. ئەتو یەک ساڵە مێشکی منت بە قسەی زل کون کردووە و کرماشانم لەبۆ بە کەرکووک و دیاربەکریەوە دەبستی. دەی زوو، هەتا لەم ژوورە دەرنەکەوتووی، دەوڵەتەکە دامەزرێنە... دەی تا دەرنەکەوتویی دروستی کە!. بچیەوە حێراقێ دەبێ باوەڕ بێنی کە بەحس حیزبی سەرکردەیە و ئیدی دەوڵەت دروست ناکەی. بشچیە ئێرانێ دەبێ باوەڕ بێنی کە فەرمانی شا و فەرمانی خودا ئێکن و لەوێش پێت جێ بەجێ نابێ. دە دروستی کە!. ئەگەر ئەو قسانەی ئێستا دەیانکەی دەنگی کەڵەشێری ناوەخت نین، ئەگەر داکی درۆت نەگاوە وەرە لە بەرت مرم، لەگەڵم بەوشاخانە کەوە. ئەتو سەرکردە و ئەمن پێشمەرگە. بەڵان نا... ئەتو و کاری وا؟!. ئەوا ئەمن بڕیارم دا خۆم بە دەستی کەسەوە نەدەم... دەچمە ئەو شاخانە. وەعد بێ دوای شتاقتان نەکەوم... ئێوە ڕانە مەڕێکن بێ شوان بن دەخورێن... بڕۆن چاوەڕێ بن تا خولا مەلامستەفایەکی ترتان بۆ دەرمخسێنێ.
دوای ئەو قسانە، ژیان زایە سیمای میرزا حوسێنەوە. ڕوومەتەکانی سوور هەڵگەڕان و چاوی گەش بوونەوە. ڕێک بە کەسێ دەچوو لە دەمەدەمی عیدامکردندا، لێبوردنی بۆ دەرچووبێ و مژدەی ژیانێکی خۆشی پێ درابێ... بارێکی گران، بەو بڕیارە کتوپڕە لە سەر شانی نەما. ئەو ترسەی کە دەمار بە دەماری جەستەی داگرتبوو، ڕەوییەوە.
جەبار، ناوچەوانی خۆی گرژ کرد و بە ڕەقییەوە ڕووی تێ کرد:
- کامیرزا بۆ قسەی وا دەکەی؟. ئێمە بە ڕێکەوت چارەسەرمان هەیە و تۆش بە ڕێکەوت چارەسەرت نیە. کە کێشەی تۆ لە هی ئێمە سەختتر بێ، ئێمە بڵێین چی؟. من خۆم بە تۆوە هەڵناواسم و وەکی گوتراوە: مەڕ بە پێی خۆی بزن بە پێی خۆی. (هەقەلی)ش کەیفی خۆیەتی.

هەقەلی، سەری خۆی داخستبوو و لە بەردەمی خۆی دەڕوانی. هەستی دەکرد هەموو ئەو قسانەی تۆزێ لەوەبەر کردبوونی، لە دوا وشەوە تا یەکەم وشە، هەموو بە ڕیز دەگەڕێنەوە ناو سینگی خۆی... دیار بوو قسەکانی میرزا حوسێن، وەک تیغ هەناویان بڕیبوو. بە کاوەخۆ سەری بۆ هەڵبڕی: "لەبەر هەر هۆیەک بێ، ئەمڕۆ تۆ مەردیت و من نامەرد. دەبێ ڕۆژی مەردایەتی منیش نەیا؟".

- کاکە هەق! ئێوە گەنە بوون گەنە. بە بن کلکی شۆڕشیەوە نووسا بوون و بە خوێنی شۆڕشی دەژیان. کە شۆڕش خوێنی نەما ئێوەش مردن و لە قسەی زل زل کەوتن. کاتی خۆشی کە گوێم بۆت دەدێرا، بەو هیوایەی بووم کە لە ڕۆژێکی وەکی ئەمڕۆدا نەڕمێی.

- کاکە میرزا، هەموو قسەکانت ڕاستن و هەق وایە دەمم داخەم...

هەموو کڕ بوون. میرزا حوسێن ڕاکشایەوە و ڕووی لە دیوارە بێدەنگەکە کردەوە بەڵام ئەمجارەیان، بە هەستێکی ترەوە. جەبار میلی ڕادیۆکەی بادا: ئێزگەی بەغدا ئاهەنگی سەرکەوتنی دەگێڕا. هێندێ جار بانگەوازی بۆ کوردە یاخیەکان دەردەکرد و ڕێی خۆ بە دەستەوەدانی پیشان دەدان و هێندێ جاریش جۆرە سروود و ئاوازێکی لێ دەدا کە کەش و هەوای سەردەمی کوودەتاکانی وەبیر دەهێنایەوە. جاروبارێکیش ڕایدەگەیاند: ئەوەندە هەزار چەکدار لە قۆڵی هەولێرەوە و ئەوەندە هەزار لای کەرکووکەوە و ئەوەندەش بەرەو دهۆک گەڕانەوە...

- کوڕگەل هەر هێندەتان زانی بە تەنها ماینەوە. با ئێمەش خەمی خۆمان بخۆین. با وردە وردە وەڕێ کەوین. گوێتان لێیە؟. کەس نەما... هەموو گەڕانەوە و خۆیان بە دەستەوە دا.

مامۆستا سەعید و هەقەلی سەرنجیان دایە جەبار. بەرەو کامە لا؟. ئەوان جارێ بڕیاریان نەدابوو بۆ کوێ بڕۆن. بڕیاری وا لە دواچرکەدا دەدرا... هەڵبژاردن بوو لە نێوان سووتاندن و خنکاندندا...

- بەرەو کوێ؟.

- من بەش بە حاڵی خۆم بەرەو عیراق دەچم.
- منیش. بۆ ناو حکوومەت..حکووووومەتی نیشتمانییی!.

سەلمان بە دەنگی بڵندی بە پێکەنین پاراوکراو ئەوەی گوت و دوایی لە بەردەمی خۆی ڕاما و بۆی زیاد کرد: "ڕەنگە کاک حەسەن دوای (ب. ب) بکەوێ". ئەوجا ڕووی لە حەسەن کرد و یەک چرکە لێی ڕوانی و گوتی: "مەبەستم بریێد باردۆ نییە کاحەسەن! مەبەستم بارەگای بارزانییە". دوای ئەم گوتەیە، دیسان سەلمان خەیاڵی ڕۆیی: "دەمی خۆمم پێ ناگیرێ... لە دەسەڵاتی خۆمدا نییە... دەمەوێ ئازاریان پێ بگەیەنم. دەمەوێ تۆڵەیان لێ بکەمەوە... ئەم نەفام و نەزان و خێڵەکییانە... هەر وا بە وشکیی دەرچن؟!".

هەموویان، چەک و تفاقی خۆیان لە ناوەڕاستی ژوورەکە، لە بەردەم میرزا حوسێندا کۆمەڵ کرد.

- بۆ خۆت بە کاوەخۆ، چاکترینیان هەڵبژێرە. تا ئێستا غەددارەیەکت پێ بوو بە ئەمری ئەو خودایە دەتەقی، ئێستا کلاشینکۆفی لاکەلی بێ قۆناغ بە شانتدا بکە. جەبار ئەوەی گوت و دەستی دوعاخوازیی بۆ درێژ کرد.

میرزا حوسێن، کە دەستی لە دەستی جەباردا بوو و توند دەیگوشی، گوتی: بۆ نا؟... ئەو چەکانە بووکن و پیاو قاتە لێیان بە زاوا بێ. تا ئێستا حەتحەتۆکەی زارۆکان و حیمایەی مێزی قوماری ڕوناکبیر و خوێندەواران بوون و ئەورۆ چەکن.

هەموان، دوعاخوازییان لێ کرد و هاتنە دەرێ. میرزا بە تەنها لە ژوورەکەدا مایەوە و یەک جووت پێڵاوی لاستیکیش لە بەر دەرگاکەبوو. دەرکەوتن و ورد ورد بە ڕچەڕێیە پێچاوپێچەکەی بنارەکەدا بە ڕیز داگەڕانە خوارێ. جادەکە کە جاروبار لێیان دەردەکەوت و جاروباری بزر دەبوو، لە ڕێبواران جمەی دەهات. لۆری و عارەبانەی دوای تراکتۆر، پڕ بوون لە ژن و پیاو و منداڵ. خەڵکی تریش لە نێوان لۆری و عارەبانەکانەوە بە پێ، وردە وردە بە ڕۆخی جادەکەدا ڕێیان دەکرد و دەوێستان و هێندێکیان دەگەڕانەوە. دوو ڕیز ڕێبواری شکستخواردوو: بەرەو خوار و بەرەو ژوور، بە بێتاقەتیی دەڕۆیشتن.

جاروبارێ یەکێ لە لۆرییەکان، بەبێ پرسی نەفەرەکان پێچی دەکردەوە و رووی سەفەری خۆی دەگۆڕی. بەرەو ژوور دەچوو کەچی بەرەو خوار بای دەداوە یا بە پێچەوانەوە.

لە بەردەم چاخانەکەی مام مستەفادا، کۆمەڵە خەڵکی ڕەنگ پەڕیو وێستا بوون و ڕاوتەگبیریان دەکرد. بۆ کامە لا بچن و لە کامە لا ناکوژرێن و بە هیلاک ناچن؟. لە دەم چەمەکەی ئەوبەر جادەکەوە، هەر چەکدار بوو و چەکی لە خۆی دەکردەوە و تووڕی دەدا. قەراغ چەمەکە، بە کۆمەڵ چەکی لێ کەوتبوون: فیشەکدان، تفەنگی هەمەجۆر و هەموو پێداویستییەکی گونجاوی شەڕ، مرۆ نەبێ. تاکوتەرای لاوی سووکەڵەش، لە ناو چەکە فڕەدراوەکاندا بە کەیفی خۆیان هەڵیاندەبژارد و بەرەو دۆڵەکەی ئەوبەرەوە تێیاندەتەقاند. ئەمانەی سەر جادەکە دەتگوت مێرووڵەن و شاری خۆیان پاک دەکەنەوە و زەخیرەی خۆیان دەدەنە بەر خۆرەتاو. ئەوانەی ئەوبەریشەوە، هەر میرووڵە بوون و زەخیرەی خۆیان بۆ شاری خۆیان دەکێشایەوە. ئەمانەی ئەمبەرەوە پڵیشاوەی ژێر هەرەس بوون و ئەوانەی ئەوبەرەوە، هێشتا سەریان لە هەرەس و تێکشکان دەرنەدەکرد.

یەک بە دوای یەکدا گەیشتنە قەراغ جادەکە و کۆ بوونەوە. جەبار تەماشای لای دەستەچەپی کرد. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا.

ـ چییە؟!. ئەوە بۆ وات لێ هات؟!.

قسەی پێ نەکرا. تەماشای هەموو ئەو دەوروبەرەی کرد و چاوی بە هەموو لادا گێڕا. پاشان بە دەنگێکی نیوە خنکاوەوە گوتی:

ـ ئۆتۆمبیلەکەم نەماوە...

هەموو بە سەرسوڕمانەوە لە یەک ڕامان. مامۆستا سەعید، هەرچەندە دەمێ نەبوو بە هۆی جێهێشتنی میرزاوە لە گریان ببۆوە، بە کوڵ پێکەنی:

ـ خۆی بە دەستەوە داوە. وا لە ڕیزی نیشتمانیدایە!.

سەلمان بە بزەیەکەوە گوتی: دیارە خەڵک وایان زانیوە، وەک ئەو چەکانە فڕە دراوە بۆیە بردویانە.

هەقەلی ڕووی لە مامۆستاسەعید کرد:

- ئەرێ ئەو پێکەنینە لە کوێوە هات؟!. تۆ بەم ڕۆژەڕەشەش پێدەکەنی؟!.

مامۆستاسەعید سەری لێ بردە پێشێ و بە بزەیەکەوە کە یەک گڕکان پێکەنین خۆی تێدا مات دابوو گوتی:

- دوو سێ سەعاتە کەشوفش بەو سویچەوە دەکا. خۆ خەریک بوو دڵم بتەقێ. ئەوا ئێستا لە پێکەنیندا دەتەقێم. تۆ ئەو خوایە ناهەقمە؟.

(هەقەلی)ش کەمێ پێکەنی و لە مامۆستاسەعید ڕاما و گوتی:

- خۆ بۆ ئازاردانی تۆ، سویچەکەی پێ ماوە...

## ( ٣ )

ڕێبوارانی سەرەوخوار و سەرەو ژوور، دوعاخوازییەکی ساردیان لە یەکدی کرد. هەقەلی و مامۆستا سەعید و حەسەن، بوونە هاوقەتاری سەرەو ژوو. کەس پەلەی نەبوو. هێشتا مۆڵەتی لێبوردنەکە سەرەتای بوو و دوێنێ نیوەڕۆ، بەر لە سەعاتی سفری شەڕڕاگرتن بە چوار پێنج دەقیقە، دوا بۆمبایان ئاڕاستە کرابوو. ورد ورد هەردوو ڕیزەکە دەجمان و ورد ورد مامۆستا سەعید و هەقەلی، لەوانی دی دوور دەکەوتنەوە. ڕیزەکان بە هەردوو بەری شەقامەکەدا دەڕۆیشن. هەقەلی و مامۆستا سەعید، جاروبار سەیری ڕیزەکەی تریان دەکرد و بزەی تاڵیان بۆ ئەوانە دەکرد کە ناسیاوییان لەگەڵدا پەیدا کردبوون. حەسەنیش، لە بەردەمی خۆی دەڕوانی و دەڕۆیی... لە پەنا و پەسێوی لێواری شەقامەکەدا، هێندێ جار بەفر دەکەوتە بەر پێی و لە ژێر پێیدا خرمەخرمی دەهات و هێندێ جاریش پێی دەکەوتنە ناو ئاوەوە و مڵچەیەکی ناخۆش لە پێڵاوەکانیەوە دەهات.

ڕێبوارە تێکشکاوەکان، بە مەیلە و بێدەنگی ڕێیان دەکر. دەنگی پێڵاو و هەناسە و خشەخشی جلوبەرگیان، بە بەردەوامی دەهات و خودی خۆیان

بێزارتر دەبوون.

- مامۆستا سەعید! لەم دوو ڕیزەدا چ دیاردەیەکی ترسناک... لە هەموو شتێ ترسناکتر بەدی دەکەی؟!.

- جارێ تۆ بە دوای دیاردەی باشدا بگەڕێ. نابینی چۆن هەردوو لا دەستەڕاستی جادەکەیان گرتووە و بە بێ کێشە و مل بەیەکەوەنان دەڕۆن؟!. ئەوە بۆ زەماوەند بوایە کەس وا بە ڕێکی نەدەڕۆیی. ئەوجا ڕەوینەوەی مرۆڤ و خۆ بەدەستەوەدان، هەرەسهێنانی مرۆڤایەتی دەبینم.

- من دووبەرەکی دەبینم.

مامۆستا سەعید کەمێ لێی ڕاما و بەر پێی خۆی لە بیر چووەوە. قاچی بە چاڵاوێکدا نا و تا نیوەی پێڵاوەکەی پێی ڕاستی، پڕ بوو لە ئاو. بە بێزارییەوە بەتاڵی کرد و پێڵاوەکەی لە پێ کردەوە. گوتی: - خۆ کەس بەرگری ناکا تا ناوی شۆڕشگێڕی لێ بنرێ. سەرجەمی میللەتێک خۆ تەسلیم دەکا. سەرجەمی میللەتێک کە لە ناخی هەر تاکە یەکێکیدا، بەبێ ڕەزامەندیی سەرکردایەتی، ئاڵایەک دەشەکایەوە، خۆ بە دەستەوە دەدا. دروشمی خۆڕسکی(کوردستان یا نەمان) دەنگی دەدایەوە... سنووری وڵاتەکەمان بە حەمریندا ڕەت دەکرد. سەرجەمی ئا ئەم میللەتە خۆ بە دەستەوە دەدا. یەک شێر، یەک گورگ، یەک ئازا چییە لەم میللەتەدا بەدی ناکرێ. خۆ بەدەستەوەدان لێفەیەکی گەورەیە و بە سەر هەمواندا دراوە. ئیدی دووبەرەکی لە کوێوە دێ؟! تەنها میرزا مایەوە کە ئەویش دەرفەتی خۆ بە دەستەوەدانی نیە... یا تاکەکەسی بە ورەیە.

ڕێیەکە کەمێ سەرەو ژوور بوو و مامۆستا سەعید هەناسەبڕکەی وێ کەوتبوو. ئەو وشانەی کە دەیگوتن وەک هەنگاوەکانی خێرا بوون و لەگەڵ فلچەفلچی پێڵاوەکەیدا، لە خەیاڵی هەقەلیدا سیمفۆنیای هەرەسی پێک دێنا.

مامۆستا سەعید بزەیەکی کرد و کەمێ گوێی بۆ دەنگی پێڵاوەکەی خۆی شل کرد و لێی ڕاما. پاشان لە سەری ڕۆیی: - مەگەر لە شێوەی مردندا.

- نابینی؟!. دە تۆ ورد بەرەوە. زوربەی هەرە زۆری ئەوانەی کەوتوونەتە ناو لافاوی سەرەو خوار و خۆ بە هۆشیار دەزانن، کاتی خۆی لەو باڵەدا بوون کە

خۆیان بە چەپڕۆ دەزانی. ئەوانەش کە کەوتوونەتە بەر لافاوی سەرەو ژوور، کاتی خۆی ئەوانیان بە جاش دەناسین. هەردوو لا کاریگەریتییان لە سەر ژن و منداڵی خۆیان هەیە و ڕایاندەماڵن و دووبەرەکی دەخەنە کرۆمۆسۆمیانەوە. لەو کۆمەڵە خەڵکە ڕامێنە کە تۆزێ لەمەو بەر لە ژوورەکەماندا بوون. کێن ئەوانەی بەرەو خوار بوونەوە؟! ها؟!. ئەی کێ بەرەو ژوور بووەوە؟!. ئەدی کێ مایەوە؟. ئێمە سەرەوژوور بووینەوە چونکە کاتی خۆی دژی ئەو دەستەیە بووین. ئەوانەش سەرەوخوار بوونەوە لەگەڵیدا بوون. تەنها میرزاش لە هیچ کام لەو دەستانەدا نەبووە و دوای هیچیشیان نەکەوت. ئێمە دوای سۆزی خۆمان کەوتوین و ئەوان دوای کینەی خۆیان. هەردوو لاشمان هەڵەین.

- ... وایە. بەڵام ئەمە دووبەرەکی ناگەیەنێ.

- با. ئێمە دوای سەرکردە کەوتووین. مادام سەرکردە بەرەو ژوور دەچێ ئێمە، هەر نەبێ، کەمتر لە سەرەوژوور سڵ دەکەینەوە. مادام هەمان سەرکردەش سەرەوژوور بۆتەوە ئەوان بە مەترسی دەزانن و سەرەوخوار دەبنەوە. ئێمە بە هۆی خەسیتێکەوە کە لەگەڵیدا ڕاهاتوین دوای دەکەوین و ئەوان بە هۆی خەسیتێکەوە کە فێری بوون دژین. واتە نە ئێمە هۆشی خۆمان بەکار دێنین نە ئەوان. من بە چاکی دەزانم هەر لە ئێستاوە ئەم هاوکێشەیە بگۆڕین... با سەرەوخوار بینەوە.

- دوای ئەوانە بکەوین کە هەمیشە هەڵەن؟.

- ئەم لافاوە... ئەم هەرسە... ئەم تێکشکانە... ئەم کارەساتە، بەڵگەی ڕاستی بۆچوونی ئێمەن؟. ها؟!. کە ئەوان هەڵە دەکەن مەرج نییە ئێمە ڕاست بین. کە ئێمەش هەڵە دەکەین بەڵگەی ڕاستی خەتی ئەوان نییە. دەبێ خەتی سێیەم هەبێ. خەڵکی ساکار، لە هەردوو لا، بە دڵسۆزی دەیانکرد و وایان دەزانی وا دەبێ. خوێندەوارانی هەردوولاش دیوی تاریکی هۆشی خۆیان بەکار هێناوە. من و تۆش تا ئێستا واین. بەڵام گرینگ ئەوەیە بەخۆمان بزانین کە واین. واتە خۆمان بناسین و لەوێوە دەست پێ بکەین. کە بزانین ڕێگای هەڵەمان گرتووە، دەشێ بە دوای ڕێی ڕاستدا بگەڕێین با نەشیدۆزینەوە. بەڵام

کە نەزانین ڕێمان هەڵە کردووە، هەر دەڕۆین بێ ئەوەی بە مەنزڵگا بگەین. ڕێی ڕاستیش ببینین ڕێمان هەڵە دەبێ و چاوی خۆمانی لێ دەنوقێنین.

- من دەڵێم هەردوو لا ڕاستن چونکە ڕاستی و ناڕاستی ڕێژەیین. گرینگ ئامانجە نەک ڕێباز. کە ئەو ئامانجی دژایەتیکردنی کەسێ بێ، هەر ڕێیەک دەگرێ ڕاستە. خۆ ناشتوانم بڵێم دووبەرەکی نییە... جارێ با بڕۆین و ڕەفتاری فارسەکان ببینین و بزانین چۆن دەبێ.

- بینینی ناوێ. زۆر کەس بەر لە ئێمە دیویانە. سەرلەبەری مێژوومان دیویەتی. کەی چاک بن دەبێ زیاتر سڵیان لێ بکەینەوە و وریا بین.

حەسەن یەک دوو هەنگاو لە دوای هەقەلی و مامۆستا سەعیدەوە بوو. سەیری بەر پێی خۆی دەکرد و بە بێ دەنگی دەڕۆیی و دیار بوو ئاو بە چاویدا دەهاتە خوارێ. ئاگای لە بەزمی ئەوان نەبوو. وێنەگرێکی پێسترەش، پەیتا پەیتا وێنەی ڕیزە سەرەوژوورەکەی دەگرت و جاروبار حەسەنی دەکردە نیشانەی کامیراکەی خۆی. دیمەنی کەتەی حەسەن کە فرمێسک بە ڕوومەتە خڕەکانیدا دادەبارین، سەرنجی ڕاکێشابوو.

- دیارە ئەم کابرایە لە ڕۆژنامەکانی خۆیاندا بڵاویان دەکاتەوە. دەنووسێ: ئەوانەی شای ئێران بە نرخێکی باش فرۆشتنی بۆ باوەشی خۆی ڕیزیان بەستووە. دەنووسێ زۆریان ڕەنج بۆ شا کێشاوە و دەچن کرێکەی وەردەگرن. پێت وا نییە وا بنووسێ مامۆستا؟. بۆ ڕیزەکەی دی چی دەنووسرێ؟. لە جێیەکی تریش چاوشینێ وێنەی ڕیزەکەی تر دەگرێ و دوایی لە ڕۆژنامەیەکی وڵاتی خۆیاندا دەنووسێ: کوردە یاخییەکان نەیانتوانی بە بەردەوامی پیاوی ئیستعمار بن. ئیستعمار پێویستی پێیان نەما. شەرتیان هەڵات. ئیدی بە نانەزکیش بە کرێ ناگیرێن.

- هەردوولایان بۆ ئێمە یەکن. ڕاست و چەپی جیهان چاوی چەپ و ڕاستیان دەرهێناین. دوژمنایەتی چەپمان تا ئەو ڕادەیە کرد مەترسییەکانی ڕاست نەبینین وەک چەپەکان مەترسییەکانی چەپیان نەک هەر نەدەبینی بەڵکو لە پاڵپشتییان دڵنیا بوون. ئێستاش دڵنیان.

ورده ورده ڕیزی سەرەوخوار چکی دەکرد و کۆتایی دەهات. ڕیزی سەرەوژووریش سەری گەیشتبووە جێی مەبەست کە سنووری ڕەسمیی نێوان عێراق و ئێران بوو و دەبوو بە دەریایەکی جەستەی سەرمابردەی مرۆ. بایەکی سارد هەڵیکردبوو. ژن و منداڵ خۆیان لە پەنای درێوی بەفردا، لە زریان دەشاردەوە. سەربازی فارس، بە گەمەپێکردنەوە ڕێی پێ دەگرتن: ناوت چییە؟. خەڵکی کوێی؟. شات خۆش دەوێ؟. سەربازێک، کە دە دوانزە هەنگاو لە هەقەلی و حەسەن و مامۆستا سەعیدەوە دوور بوو، لەشی ژنێکی پلیشاوەی ژێر هەرەسی دەپشکنی. بە کەماڵی ئیسراحەت دەستێکی بە سینگ و مەمکیدا هێنا. لەپی بە زگیدا خشاند. ئەوجا تۆند چنگی لە ناولنگی گیر کرد. ژنەکە زریکاندی. لە ناو سەدان پیاوی هەرەسخواردوودا تەنها حەسەن نەیتوانی بێدەنگ بێ. بە پرتاو بەرەو لایان چوو و بە چاوی دەرپەڕیوەوە، دەستی ڕادەوەشاند و بە کوردی جنێوی دەدا. هەر هێندەی بلێی یەک و دوو، چەند سەربازێک، حەسەنیان ڕاپێچ کرد.

- چاوت لێ بوو؟. دیتت ئەو سەربازە چی کرد؟.
- ئا... دەڵێی چی بادەینەوە و بگەڕێینەوە؟.

هەقەلی ئەوەی گوت و زوو پەشیمانبونەوەی لێ دەرکەوت. نابێ ئەوە هۆی بادانەوە بێ. پێشتر دەیزانی کە ژنی لێقەوماو نیشانەیەکی خۆشپێکە و پیاو چاکی پێ دەوێرێ. لەو ژنەش لێقەوماوتر هەر نابێ. ژنێکی جوانکیلەی لێقەوماوی سەر گۆی زەویە و کەس نییە لە سەری بە دەنگ بێ. ئەوەی بە دەنگیش بێ لوول دەدرێ. کارەسات لەوەدا نییە کە ئەو سەربازە دەسدرێژی کرد. کارەسات لەوەدایە کە ئەو ژنە بۆی کەوتۆتە تەنکاوەوە. کێ ئەو ژنەی بەو ڕۆژە گەیاند؟. کەسوکاری؟ سەرکردە؟. ئەمەریکا؟. هێنری کیسینجەر؟. خۆی؟. ئەمانە پرسیارگەلێ بوون لە ناو کەللەسەری هەقەلیدا پێک دەکەوتن و لە سیمایەوە خۆیان بۆ مامۆستا سەعیدیش عەیان دەکرد. دەیزانی ئەو ڕەفتارانە چلۆپۆی درەختێکی گەورەن کە ناوی هەرەسە. کە هەرەست قەبووڵ بوو دەبێ ئەمە و لەمەشت خراپتر قەبووڵ بێ.

- ئەی لەوێ شتی وا نابینی؟. مامۆستا سەعید ئەم پرسیارەی بە جۆرە تووڕەبوونێکەوە کرد.
- ... با، دەیبینم. بەڵام من دەمەوێ ئەم هاوکێشەیە بشێوێنم.
کەمێ لە ڕیزەکە لایان دا و چەند هەنگاوێ بەرەو دواوە چوون. بەرانبەر یەک وێستان. مامۆستا سەعید، بە دەم هەناسەیەکی درێژەوە پرسی:
- بۆ وامان بە سەر هات؟.
- پیرەمێردێکی ئاشنامان هەبوو دەیگوت: کاتی خۆی مووسا بە ڕێیەکدا دەڕۆیی. برێ منداڵی بینی کە لە دەم گۆمێکدا کایەیان دەکرد و زوو زوو خۆیان بەرەو ناو ئاوەکە، بە خلیسکێکدا دەخلیسکاند. قریوەی پێکەنینیان ئەو ناوەی پڕ کردبوو. منداڵێکیش بە تەنێ، کز دانیشتبوو و لە بەر ئەوەی هەردوو چاوی کوێر بوون، وەک ئەوانی تری پێ نەدەکرا. موسا هەزار و یەک کەلیمەی لەگەڵ خودادا کرد و داوای لێ کرد چاوی ئەو منداڵە چاک کاتەوە. خوا گوتی: موسا! ئەوەی ئەمن دەیزانم ئەتوو عەقڵت پێدا ناشکێ. فایدەی نەبوو. مووسا دەسبەردار نەبوو. خوا چاوی منداڵەکەی چاک کردەوە. منداڵەکە چوو تەلاشەدارێکی تیژی هێنا و لە ناو خلیسکەکە، ڕوەوژوور چەقاندی و هەر ئەوەندەی بلێی یەک و دوو، منداڵێکی تر زگی دڕا. خوا گوتی: ها مووسا!. چیم پێ گوتی؟!. ئەویش شوکرانەی بژارد و دڵنیا بوو. چاوی منداڵەکەش دەسبەجێ کوێر بوونەوە. جا دەبێ ئێمەش کێو بین بۆیە خوا بەفری هەرەسی لێ بارانین. سەرکەوین خوا دەزانێ چ کارەساتگەلێک دەقەومێنین. ها؟.
- ئەمە حەدیسە کێویلکەیە!. یەکێ کوێر بێ و کتوپڕ چاوی بکرێتەوە، تا ماوەیەکی زۆر جارێ هەر سەرسام دەبێ و لە سەیرکردن تێر نابێ. جگە لەوەش، ئێستا کاتی حەدیسە کێویلکە نییە. با تەگبیرێ بکەین. کاک حەسەن دەرنەکەوتەوە، با بچین پرسیارێکی بکەین.
دەوارێکی سەربازی گەورە، بە لای دەستەڕاستی ڕێیەکەوە هەڵدرابوو و دوو سەربازی چەکداری لە بەردەمدا بوون. هەقەلی و مامۆستا سەعید چوونە بەرەوە و بە کوردییەکی سەقەت کراو، گوایە فارسییە، لەگەڵ

یەکێکیاندا کەوتنە قسان. پرسیاری حەسەنیان کرد. ئەویش بە کوردییەکی پەتی و بە پەژارەیەکی ئاشکراوە، بەر لەوەی وەڵامی پرسیارەکەیان بداتەوە، لێی پرسین: "برا، ئەڕا لێوا پێمان هات ؟!".

مامۆستا سەعید و هەقەلی، بە سەرسامییەوە لە یەک ڕامان. گوتەی سەربازەکە وای گەیاند کە شۆڕش هی ئەویش بووە و کارەساتی هەرەس بە سەر ئەویشدا هاتووە. هەردووکیان بێدەنگ بوون. سەربازەکە لە سەری ڕۆیی: "قەی نەیری قسیە نەکە". ئەوسا تێیگەیاندن کە نەختێکی دی، حەسەن دێتەوە لایان. پاشان بە کزییەوە گوتی: "یە سەئاتی تر کلدان کەن ئەڕای ئۆردوگای مەخسوسێک کە ئەڕاتان کریاسەو".

کە حەسەن بەربوو، هەقەلی دوعاخوازی لەو و لە مامۆستا سەعید کرد و بەرەو خوار، بەرەوڕووی بایە ساردەکە و بە ناو بەفرەکەدا وەڕێ کەوت و دوای لافاوە چککردوەکەی دی کەوت. دەڕۆیی و لە بەر خۆیەوە دەیگوت: دەبێ ئەم هاوکێشەیە بگۆڕم... دەیگۆڕم و ئەولاتریش...

## ( ٤ )

مەیخانەی (شەوانی دیجلە) کەوتبووە سەر ڕۆخی ڕوباری دیجلەی بەغدا و بەرانبەر کۆشکی کۆماری هەڵکەوتبوو کە بە خۆ و بە چراخانەوە، لە ناو ئاوی ڕوبارەکەدا سەرەونخوون دیار بوو. (شەقامی ئەبونەواس)یش، کە شەوان لە پیاسەکەران جمەی دەهات و سەرخۆش و سۆزانیەکان کردبوویانە مەکۆی خۆیان، بە نێوان بارەکە و ڕوبارەکەدا دەکشا. دیواری پێشەوەی مەیخانەکەش، کە لەملایەوە (جەبار ئەبو تککە) کەباب و گۆشتی برژاوی لێ دەفرۆشت و لەولاشەوە (ئەبوو سەبع) بە عارەبانەکەیەوە وێستابوو و چای هێلداری دەفرۆشت، دوو بەژنە زەلام بڵند بوو و بە گڵۆپی هەمەڕەنگ ڕازابۆوە و لە ناوەڕاستەوە، بە خەتێکی شینی گەورەی جوان نووسرابوو (مەیخانەی

شەوانی دیجلە).

وەک هەر جێیەکی تری بەغدا، بەردەم (شەوانی دەیجلە)ش بۆنی تایبەتی خۆی هەبوو: بۆنی عارەقی بە ڕازیانە، بەزی سووتاو، چای هێلدار، پشکۆی خەڵووز و ماسی، پێناسە بۆنییە سەرەکییەکانی ئەو مەیخانەیە بوون و جاروبار بۆنی خاکی ئاووڕشێن کراویشیان بۆ زیاد دەبوو. دیسان وەک هەر جێیەکی تری بەغدا، شەوانی دیجلەش دەنگی تایبەتی خۆی هەبوو: گۆرانی بێ بڕانەوەی (ئوم کەلسووم)، نەفەرێ، نیو قاپ، جنێوی تۆخی بازاڕی، سێ چای، بەخێراتن، قاقای پێکەنین و قسە و ئاخاوتنی بوێرانە بە دەنگی بڵند، پێناسە دەنگییەکانی بوو...

لەو شارەدا، ڕووت لە هەر جێیەک دەکرد یەک دوو ئەمنی چاوزیت لێت ورد دەبوونەوە و گومانیان تەنانەت لە داوەموویەکی لەشت بکردبا هەزار و یەک پرسیاریان ئاڕاستە دەکردیت و ناوت لە دەفتەریاندا تۆمار دەکرا. کەچی (شەوانی دیجلە) کە هەموو بابەتە خەلق و خەلقەندەیەکی لێ بوون، ئەمن ڕوویان تێ نەدەکرد. سەرخۆش ئازاد بوون... تەنانەت لە جنێودانیشدا ئازاد بوون. لە بەر ئەوە (شەوانی دیجلە) بەینێ بوو ببووە مەکۆی پڵیشاوەکانی ژێر هەرەس. ئەوانەی بەر لافاوی سەرەو خوار کەوتبوون یا دوایی تنۆک تنۆک لە لافاوی سەرەوژوور پەڕیبوون، لەوێ یەکیان دەگرتەوە و بە دەم سەرخۆشییەوە شیوەنیان بۆ شۆڕش و جەستە و ورەی پڵیشاوەی خۆیان دەگێڕا و هەر یەکە و لای خۆیەوە، پلانی دەسپێکردنەوەی شۆڕشی دادەنا...

سەلمان و کوردۆ، بە ئەبوو نەواسدا هەڵگەڕان تا گەیشتنە بەردەم شەوانی دیجلە. لەوێ، وەک ئەوەی هێزێکی غەیبی ڕایانگرێ، بە جووتە و بێ ئەوەی پلانیان بۆ دانابێ یا باسیان کردبێ، لە جێی خۆیاندا وێستان. دەتگوت دەنگ و بۆنی مەیخانەکە لاقی بەستن. سەلمان، دوو پەنجەی دەستەڕاستی، لە سەرەوە بۆ خوارەوە، بە بۆینباغەکەیدا هێنا و سەیرێکی کوردۆی کرد:

- دەڵێی چی؟.

- نازانم. لە لایەکەوە وەزعی گیرفانم پەریشانە و لە لایەکی تریشەوە

باسەکەمان هی سەرخۆشبوون نییە...
- گیرفان لە سەر من و باسیش دەبێ جارێ نوختەیەکی بۆ دانرێ.
لایاندا و بەژوور کەوتن: مێزەکان، بە جۆرێ دانرابوون، نە ڕیزکردن بوو نە بەرەڵلایی. هەر گۆشەیەکی مێزێک بگری، ڕووی لە لایەکی مێزێکی تر بوو و هێندێکیشیان بێ ئەوەی لێک نزیک بن لایەکانیان هاوتەریب بوون و بە هەموویان ڕایەخێکی سپییان پێک هێنابوو. هێشتا زوو بوو و مێزەکان، یەک دوویەکیان نەبێ ئەوانی دی، هەموو چۆڵ بوون. هەر لە نزیک دەرگاکەوە سێ گەنج سەریان پێکەوە نابوو. دوانیان پێدەکەنین و ئەوی تریان بە کوڵ دەگریا.
سەلمان لای دایە لایان و بە دیاریانەوە وێستا و کەوتە قسان:
- ئەو برادەرە چییەتی؟. دەتوانم یارمەتییەکی بدەم؟.
- ئەو برادەرە بۆ (من اجل عینیک)ی ئوم کەلسووم دەگری. عاشقە عاشق...
سەلمان دەستی خستە سەر شانی و بە بزەوە گوتی: - گوێ مەدەرێ برا...
هەموومان بە تیری ئەوین پێکراوین. سەلمان ئەوەی گوت و بەرەو لای کوردۆ وەڕێ کەوت. هێشتا سێیەم هەنگاوی نەنابوو گوێی لێ بوو یەکێکیان بە دەم قاقاوە گوتی:
- ڕاست دەکا. ئەویش پێکراوە. نابینی تیری ئەوین بەر چاوێکی کەوتووە؟.
گرینۆکەکەش پێکەنی. سەلمان، لە جێی خۆیدا وێستا: "ئەوەیە!. بۆ ئەمە یەکەم جارمە؟. نا. ڕۆژی دە جار، بیست جار بیرم دەخرێتەوە و کورژ دەبمەوە. دەی!. کەی ڕادێم؟!. دوای سیی ساڵ هەر ڕانەیەم؟!". گەیشتە لای کوردۆ کە بە تەنها مێزێکی داگیر کردبوو.
- ئەوە چیی بوو؟!.
- ئەو هەتیوە دەگریا... گوتم بزانە چ قەوماوە. ویستم یارمەتی بدەم.
- سەرخۆش نەبوو؟!.
- با.
- ڕەنگە بۆ قالۆنچەیەکی ناو حولەحوشتر بگری کە کاتی خۆی، بە منداڵیی پێی لێ ناوە!. سەرخۆش هەستی ناسکە و پێی ناوێ سەری خۆت بهێشێنی.

- ڕاستە. ئیدی کورد واتە سۆز. واتە بە کار نەهێنانی عەقڵ!.

- دوور لە جەنابت کاک سەلمان!.

بۆیەکی ڕیش و سمێڵ تاشراوی سپیلکانەی پاک و خاوێن بە گورجی بەرەو لایان هات و بە ڕێزەوە سەری بۆ نەوی کردن و بە بزەوە پرسی:

- چ فەرمانێکتان جێ بە جێ بکەم؟.

- دوو چارەکی سپی.

- ئەدی مەزە؟.

- دوو قاپ نۆک و (خەیار و ماست)ی بە سیر.

سەلمان ئەوەی گوت و ڕووی لە کوردۆ کرد و لە سەری ڕۆیی: تۆ حەز لە خەیار و ماست دەکەی.

وردە وردە بارەکە پڕ دەبوو و گێچی سەرخۆشی کوردۆ و سەلمانیش بەرەو سەرەوە هەڵدەکشا و چارەکە عارەقەکانی بەردەمیشیان بەرەو بەتاڵبوون دەچوون. دەنگی ئومکەلسوومیش هێواش هێواش، بە پێی بەرزبوونەوەی سەرخۆشی و دەنگەدەنگی خەڵکەکە، بەرزتر و بەرزتر دەبووەوە. سەلمان و کوردۆش، لە لایەکەوە بۆ ئەوەی گوێیان لە قسەی یەکتر بێ دەنگیان بەرز کردبۆوە، لە لایەکی تریشەوە سەرخۆشیی پەردەی ترس و سڵەمینەوەی پێ لابردبوون. کوردۆ بە دەنگی بڵند و بە پرمەی گریانەوە گوتی:

- ئێمەش خیانەتمان کرد. خۆ ئێمە خێڵەکی نەبووین. هەرەس هات و ئێمەشی پلیشاندەوە. خۆمان نەگرت. لە ناخی بێ ئاگاییماندا کەیفمان بە هەرەس دەهات. ئێمە کاردانەوەین نەک کار.

- کوردۆ گیان مرۆڤ لە ژێر ئاشبەتاڵدا نەپلیشایەوە. کرم پلیشایەوە. خۆ تۆش پێت پێدا نەنان تا ویژدانت ئازارت بدا. بەڵێ من ئاشبەتاڵم پێ چاک بوو تا لە دار و پەردووی ئەو کەلاوەیە بینایەکی قەشەنگ دروست کەین. دروستی دەکەین و ڕووی پەنجەرەی لە هەتاو دەبێ... هەتاوی چەوساوەکانی جیهان. چاوت لێ نەبوو مرۆ چۆن بوو بە لافاو؟. لە بارودۆخی ئاشبەتاڵدا عەقڵ لە کار کەوتبوو و غەریزە سەروەر بوو. ئێمە هۆشمان کاری دەکرد چونکە لە

ڕاستیدا، نە بەشداری بزووتنەوەکە بووین نە هی ئاشبەتاڵ.

- خێڵەکی هەرەسی هێنا بەڵام ئێمە کە خۆ بە پێشکەوتوو دەزانین دەستمان نەدایە بەری تا ڕایگرین... بەرگریمان نەکرد.

- دەڵێن چۆلەکە قاچ دەداتە بەر عاسمان تا نەڕمێ.

- فایدەی نییە. وا بزانە قاچم داوەتە بەر عاسمان. ئێمەش لە ژێر هەرەسی شۆڕشدا تێکشکاوین.

- شۆڕش؟!. ئەوە تەرسێکی زل بوو و ئەوەشی تێیدا بوو قالۆنچەی ئەو کابرایە بوو کە خۆت باسیت هێنایەوە. دەبێ ئێمە لە سفرەوە، لە سەر بناغەی دژایەتیکردنی ئەوان دەست پێ بکەین. دەبێ بەر لە هەموو شتێ، هەموو دەسەلاتدارانی ئەو (وەکر)ی خیانەتە لەناوبەرین و مەودای خوێنجمانیان نەدەین... ئەوانە دوژمنی سەرەکین سەرەکی!. دەبێ یا ئەوان هەبن یا ئێمە...

- لە سفرەوە. بەڵێ لە سفرەوە. بەڵام کە شۆڕشێکمان بە تەرس زانی ڕێی بەرەواژ دەبڕین. دواییش دەبێ ئێمە، یا کەسانی دوای ئێمە، تەنها کاری ئەوە بێ بیگێڕێتەوە سەر سفر. دوژمنی سەرکیش... پێم وایە ڕێژەییە. بۆ تۆ ئەوانن و بۆ من دانیشتوانی ناو ئەو کۆشکەی ئەوبەر ئاوەکەن.

دوو سەربازی کلاوسوور، بە چەکەوە وەژوور کەوتن. بە دیاردییەکی بۆیەکە، چوونە سەر مێزی گرینۆکەکە و باسکی یەکێ لەو دوانەیان گرت کە پێشتر پێدەکەنین. هەڵیانساند. ئەویش لە نێوان هەردوکیاندا تا هێزی تێدا بوو هاواری دەکرد: "خەڵکینە فریام کەون!... ئەم دوانە دەمبەن سوارم دەبن". ئەوەی گوێی لەو هاوارە بوو پێکەنی. ماوەی چەند چرکەیەک بارەکە کپ بوو.

- بۆ دەیبەن؟. پێت وا نییە جنێوی دابێ یا بە سەرخۆشی...

- نا. سەرخۆش بووە و وەزعی ئەمانی تێکداوە. بۆ گرتن بێ بە جلی سەربازییەوە بۆی نایەن. دوو ئەفەندی سمێڵ ڕەش بە تویتایەکی نوێوە دێن. بە چپەیەک بانگی دەکەن و تەواو. چاوت لێ نییە هەردوکیان پێی پێدەکەنن؟.

- بەڵێ پێدەکەنن. جەللاد چۆن دەزانێ پێبکەنێ؟!.

- جەللادی چی؟. دوو چەوساوەی خۆمانئاسان. خواخوایانە لە سەربازی

تەواو بن و بچنەوە ماڵی خۆیان. ئا ئەوە بۆیەکەیە، خواردنەوەی ترمان دەوێ؟.
- حەز لە یەک پێکی دی دەکەم... تەنها یەک پێک.
- با چارەکێ بۆ هەردوکمان بێ. ئا کوڕی باش یەک چارەک. سەلمان ئەوەیانی بە دەنگی بڵند گوت. بزەیەکی کرد و لە سەری ڕۆیی: قاپێ نۆکیشی لەگەڵ بێ.
بۆیەکە "بە چاوان" ێکی گوت و ڕۆیی.
- ... بەڵێ لە سفرەوە و دەبێ چەتەگەرێتی خێڵەکیانەش بە تەپاڵە بزانین و گیانلەبەرەکانی ناویشی قالۆنچە. وا نەکەین وەک ئەوان دەکەین.
- کاردانەوەیە. کاک سەلمان! ئەمەیان کاردانەوەیە نەک کار. کاردانەوەش دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان وزە بە فیرۆ بدا. لە سفرەوە بەرەواژ دەژمێرین. دەمانەوێ بەرەو ئاسمان هەڵکشێین کەچی بە ناخی زەویدا ڕۆدەچین.
- ئەگەر قالۆنچەکان بە بنیادەم بزانین وایە. من بە بنیادەمیان نازانم.
سەلمان خەیاڵ بردیەوە. پەنجەی بە لێواری پەرداخەکەیدا دەهێنا و دەیسوڕاندەوە و دەیسوڕاندەوە. عارەقەکەی ناو پەرداخەکە، توێژاڵێکی تەنکی بە سەرەوە بوو. ڕەنگی بەرەو ڕەنگی شیر دەشکایەوە: "ئەم کوردۆیە پاکە... زیرەکە... بۆ هەموو دوعایەک ناڵێ ئامین. هەرچی دەکا بە دڵ دەیکا. بەڵام کە مل نەدا، ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێتە بەربەست. بۆ ئەوە چاکە لێپرسراوی مەفرەزەیەک بێ بەڵام حەیفە بفەوتێ. نەشفەوتێ هەڕەشەیە... دەبێ لاچێ. باشترین چارەسەر ئەوەیە لە سەری نەکرێ و بە کۆنەپەرست بۆیاغ بکرێ. دەی! ورینەی سەرخۆشی دەکەم دەنا کوردۆ کەی وەزنی منە تا حسێبی بۆ بکەم؟. ئەو، تەنانەت پێش ئاشبەتاڵیش بە دڵسۆزییەوە کاری دەکرد و گرێوگواڵی دووبەرەکی لە ناخی خۆیدا لا دابوو... دەوجا ئەگەر بە دڵی خۆی بێ چی دەکا و چۆنی دەکا؟".
- نەڕۆین؟.
- ها؟.

کوردۆ پێکەنی. پاش کەمێ، بە دەم بزەوە گوتی: " کاری تێ کردی؟! من خەریکە سەرم مۆریژانە دەکا. شارە مێرووله لە ناو سەرمدایە. مێرووله،

مۆخم هەڵدەکۆڵن و گەرای کوردایەتی دەخەن. کەی میللەتەکەم ئازاد بێ، کوردایەتی ناکەم و دەبم بە دەروێشی چینی کرێکاران و خەباتی چینایەتی دەکەم. لە سەر کرێکارێکی واقواق خۆم بە کوشت دەدەم. بەڵام ئێستا تەبیعەتم خەباتی چینایەتی نابا و بێزوو بە کوردایەتییەوە دەکەم".

- بەخۆت لە من سەرخۆشتر نەبیت قسەی وا ناکەیت. هەستە با بڕۆین. ئەهای کاکی (بۆی) وەرە حسێبەکەت وەرگرە.

لە بەر دەرگای (شەوانی دیجلە)دا کەمێ وێستان و تەماشای چراخانی ناو ئاوەکەیان کرد.

- چۆنە ئەو کۆشکەی ئەوبەرەوە، وەک ئەوەی ناو ئاوەکە نغرۆ بکەم؟.

- نغرۆی بکەی ئەوەی ناو ئاوەکەت لێ ڕاست دەبێتەوە. جارێ وریا بە چۆکت شل نەبێ... و بەخۆت نغرۆ نەبی.

شانبەشانی یەک، بە کۆڵانە تەنگەکەی نێوان شەقامی ئەبوونەواس و شەقامی سەعدووندا شۆڕ بوونەوە. هەر دەڕۆیشتن و دەنگی ئوم کەلسووم کزتر دەبوو و بۆنی چایەکەی ئەبوو سەبع و بۆنی بەزی سووتاویش لە گەڵیدا کز دەبوون و کۆڵانەکەش بێدەنگتر دەبوو. لە گەڵ بێدەنگبوونی کۆڵانەکەشدا پلەی سەرخۆشی سەلمان دادەبەزی. دە پانزە هەنگاو لە پێشیانەوە، بە لای دەستە ڕاستی کۆڵانەکەوە، دوو ئەفەندی پاک و تەمیز و بە خۆ، بە وریایی وێستابوون. سەیری هەموو لایەکیان دەکرد لای ئەمانەوە نەبێ.

- ئەوانە حەرەسی پیاوی زلن. ئەوێ بارێکی تایبەتی پیاوە زلەکانە و پشتیەوە دایەرەیەکی (ئەمن)ە.

کوردۆ، ئەوانەی بە لووت دەگوتن و جاروبار بە لادا دەهات و خۆی بە شانی سەلماندا دەدا. ئێستا بچی (ئیمشی)یان پێوە کەی. چۆنە، ها؟.

- ئاگادار بە نەرمێی.

کوردۆ، بە دەنگی زوڵاڵ و بە سۆز، تا هێزی تێدا بوو دەنگی لێ هەڵبڕی: "ئەرێ قەڵای مەریوان گیانەکەم پاڵم دا پێوە..." لە جێی خۆیدا وێستا و تا نیوەی گۆرانییەکەی نەگوت، نەبزوا. دوای چەند هەنگاوێ، لە گاردە

ئەفەندییەکان نزیک کەوتنەوە. یەکێکیان، بە بزەیەکی خۆشەوە ڕووی تێ کرد:
- کاکە دەنگت زۆر خۆشە. دەکرێ ئەو گۆرانییە بە عارەبی بڵێی؟.
- نەء. ئەو گۆرانییە نابێتە عارەبی. بەڵام یەک گۆرانی عارەبیت بۆ دەڵێم بە یەک مەرج.
- چ مەرجەکێ؟.
- ڕێم بدەی بچمە ئەو کونەوە کە تۆ لێی حەرەسیت. لەوێ، یەک پێک عارەقی سپی بخۆمەوە. دەی دە بڵێ فەرموو تا منیش بڵێم:
ئەوەی گوت و دەنگی لێ هەڵبڕی. ئەو گۆرانییە باوەی (ئوم کەلسووم)ی گوت کە کەمێ پێشتر، لە (شەوانی دیجلە)دا گوێی لێ ببوو. ئەو دەیگوت و کابرای چاودێر سەری لە گەڵدا دەلەقاند و دەستی بۆ بادەدا. لە پڕ بڕییەوە و گوتی:
دەی بچمە ژووری؟.
- ئاخر ئەم دەرگایە چوونەژوورەوەی هەیە و هاتنەدەرەوەی نییە. بچی، نابێ لێرەوە بێیتەوە.
- ئەی خۆ بە عاسماندا نایەمەوە. وەڵڵا هەر دەبێ لێرەوە بێمەوە. تۆ بەخۆت دەزانی من ئازادم... سەرپشکم.
- سەربەستیت.
- من سەربەستم. حەز کەم دەکەم حەز کەم ناکەم. تۆ سەربەست نیت چونکە سەرخۆش نیت. بزانە دەزانی وەک من گۆرانی بچڕی؟. جرت لێدەی؟. چەقەنە لێدەی؟. وەک حەزرەتی سلێمان لەگەڵ پەلەوەردا قسان بکەی؟ بە هەر زمانێ دڵت بخاوزێ گۆرانی بڵێی؟. حەرەس نەبیت؟... بە دڵی خۆت قاقا پێبکەنیت؟... هۆڕهۆڕ بگریت؟. نا ناتوانیت.
- بڕۆ لەم ناوە مەمێنە دەنا زەرەرت پێ دەگا.
پێی نەدەویست ئەوە بڵێ. سەلمان باسکی گرتبوو و چەند هەنگاوێکیان نابوو. هەشت نۆ هەنگاو لە گاردەکان دوور کەوتنەوە و کوردۆ دەنگی لێ هەڵبڕی و ئەم جارەیان سروودی (ئەی شەهیدان)ی بە دەم گریانەوە دەگوت.
- کوردۆ گیان کوردایەتیت هەستاوە؟.

کوردۆ، قاقا پێکەنی. بە کوڵ پێدەکەنی و بە چۆکی خۆیدا دەکێشا و بە لادا دەهات. ئەو وشانەی بە ناو زەریای پێکەنیندا دەهاتن، ڕستەیەکیان پێک هێنا: "کوردایەتی هەڵناستێ، شتی تر هەڵدەستێ". ئەوجا بە نەرمی گوتی: "کوردایەتی گڕ دەگرێ و شۆڕش بەرپا دەکا... من ترسنۆکم، من قالۆنچەم. شۆڕش بەرپا ناکەم. من دەستی هەموو شەهیدانم بڕی چونکە بە سروود، ساڵەهای ساڵە بەڵێنم داوە تۆڵەیان بکەمەوە... ترڕ..حیییو..." پێکەنینەکەی بووەوە بە گریان. جارێکی دی کڕ بوو و قیت لە جێی خۆیدا ویستا. ئاوڕێکی بە لای گاردەکاندا دایەوە و تا هێزی تێدا بوو، بە کوردی، جنێوێکی قەبەی بە سەرەککۆمار و جێگرەکەی دا و ئەوجا دایە قاقای پێکەنین.

یەکێ لە گاردەکان، بە هەنگاوی مەحکەم بەرەو ڕوویان هات. لە گەڵ هەر هەنگاوێکیدا، ورگی لەرەیەکی بۆ دەکرد و دەمانچەکەی قەدیشی لە ژێر چاکەتەکەیەوە جاروبارێ دەردەکەوت. گەیشتە بەردەمیان و هەردوو چاوی لە کوردۆ زەق کردنەوە و لە گەڵ سەرسوڕمانی ئەواندا، بە کوردییەکی پاراو و بە چپەی هەڕەشەئامێزەوە کەوتە قسان: "ئەگەر دەتەوێ ملی خۆت بە شکاندن بدەی بڕۆ لە جێیەکی دی ملت بە شکاندن بدە!". ئەوجا کردیە عارەبی و بە دەنگی بڵند جنێوبارانی کرد و بە پەلە گەڕایەوە.

کوردۆ، لە جێی خۆیدا وشک بوو. سەلمان، دەتگوت یەک دڵۆپە عارەقی نەخواردۆتەوە. کەمێ تەماشای یەکیان کرد و بە بێدەنگی خۆیان کرد بە شەقامی سەعدووندا و لە ناو هەزاران هاموشۆکەراندا بزر بوون.

# ( ٥ )

سەلمان،لە سەر پشت، لە سەر تەختە خەوەکە ڕاکشابوو و پەنجەکانی هەردوو دەستی تێکپەڕاندبوون و هەردوو دەستیشی خستبوونە پشت سەری و لە بنمیچەکە ڕامابوو: "هاوکێشەی ملشکاندنە. ئەستێرەکان بە دەوری یەکدا دەخولێنەوە و هەر ئەستێرەیەکی بچووک لە یەکێکی گەورە نزیک بێتەوە، تێدا دەچێ... هەڵدەپرووکێ. من لە ئەستێرەی گەورە نزیک دەبمەوە. دەزانم دەکرێمە گوڵی سەر مێز... نا، زۆر هەڵەن!. ئەگەر بتوانم نەبم بە گوڵی سەر مێز، لای هەردوو لا قەدرم زیاد دەبێ. ڕەشەخەڵکەکەش بە زیرەک و لێهاتوو... بە بلیمەت و قارەمانم دەزانن. نابێ بۆ چرپەچرپ و سروودی گەرانەی کوردۆ تێدا بچم. نا، ئەم کوڕە ماڵی کاری نهێنی نییە. هی ئەوەیە بکرێتە پاروو و بۆ هزرکردنی پارووی لە خۆی چەورتر بەکار بهێندرێ..."

دەستی لە ژێر سەری دەرهێنان و بە لای چەپدا وەرچەرخا. پەتووەکەی ڕاکێشا و هەموو جەستەی خۆی داپۆشی. لە پەنجەرەکەوە، دەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبیل و قیژە و هەرای هامۆشۆکەران بەرەو کەمبوون دەچوون و شەو کشومات دەبوو. هەموو جارێ بەر لەوەی خەو بیباتەوە، تاوێ بە بێدەنگی پاڵ دەکەوت و لە گەڵ خەیاڵدا ئاوێزان دەبوو. نا... خەیاڵ وەک گەردەلوول دەهات و ئەوی لوول دەدا و دەیبرد، بەرزی دەکردەوە و نەوی دەکردەوە. هێندێ جار وای لێ دەهات بە دەم خەیاڵەوە خەو دەیبردەوە و لە خەونیشدا، لە گەڵ خەیاڵدا دەستەویەخە دەبووەوە. سنوور لە نێوان بێداری و خەوندا نەدەما: "بۆ وا پێم خۆشە پێش خەوتن کورژ ببمەوە؟. هەردوو باسکم دەنێمە ناولنگم و هەردوو چۆکم بە سینگمەوە دەنووسێنم. دەڵێی پزی ناو زگی... (دایک)م. دەڵێی شەیدای گەڕانەوەم بۆ ناو هەناوی دایک... گەڕانەوە بۆ دەنگی دڵی و هەناسەی و قوڕەی زگی و وژەوژی خوێنی دەمارەکانی... دەبێ دابڕان لەو کەش و هەوایە یەکەم کارەسات بێ کە بە سەر مرۆدا دێ. ئای کە لێی

دادەبڕێ چ هەستێکیی بێدەرەتانی و نامۆیی دەیگرێ!. دەبێ ئەوێ بێ ترس بێ..." لە بەر خۆیەوە بزەی کرد. بە زۆر پێشی بە پێکەنینی خۆی گرت: "ئەوێ و ئەمان؟!. ئەوێ و بێترسیی؟!. ئەوێ گۆڕەپانی جەنگە. چما ژنی وا لێ دەگەڕێ بەچکەی ناو زگی تاوێ بحەوێتەوە... تـففف..." خەو لوولی دا:

بە ڕێڕەوێکی مەیلەو تاریکدا دەڕۆیی. دەیزانی کوێیە... بە بۆیە سەوزە تۆخەکەیدا دەیزانی. بەڵام دەیویست نەزانێ. دەگەیشتە بەر دەرگایەکی دەستەڕاست و چەند هەنگاوێ دەڕۆیی ئەوجا دەرگایەک بە لای دەستە چەپدا هەبوو... دەرگاکان ڕوویان لە یەکتر نەبوو. لە هەموو ژوورەکاندا خەڵک هەڵواسرابوون و لە هەموو ژوورەکاندا دەنگی هاوار و پاڕانەوە دەهات. چاودێری بەردەم باڕەکەش... ئەو باڕەی کە زلەکانی لێ بوون، بە ڕێزەوە پێشی کەوتبوو و ڕێی پیشان دەدا و جارویارێ لاونیو دەڕۆیی. ڕێڕەوەکە بازنەیی و بێ بڕانەوە بوو. بە دەم ڕۆیشتنەوە گوێی لە تەقە تەقی پێڵاوەکانی خۆی دەبوو کە لە هەموو لاوە دەنگی دەدایەوە و دەتگوت سەد کەس ڕێ دەکەن. لە بەردەم دەرگایەکی نیوەکراوەدا وێستان و گاردەکە فەرمووی لێ کرد: بە پشتی پەنجەی لە دەرگای دا. دەنگێ لە ژوورەوە هات: " فەرموو کاک سەلمان".

"چۆنی زانی منم؟. چییە، بە دەنگی دەرگاکە دەزانێ کێم یا پێشتر هەواڵی هاتنی منیان پێ داوە؟. ئەو دەنگەی کە فەرمووی کرد خۆ... دەنگی کوردۆیە!".

بە کاوەخۆ دەرگای کردەوە. لە پێشا بە ترسەوە سەیرێکی کرد: کوردۆ لە پشتی مێزێکەوە دانیشتبوو. ئەو جلوبەرگەی لە بەر بوون کە لە باڕەکەدا، ئێوارێ لە بەری بوون: دەستێ چاکەت و پانتۆڵی شینی تۆخی هاوینە و کراسێکی شینی زۆر کاڵ و بۆینباغێکی سوور.

- فەرموو کاک سەلمان، فەرموو دانیشە...

سەلمان قسەی پێ نەکرا: "من سام لە کوردۆ بکەم؟!. من لە کوردۆ بترسم؟!. من چ حسێبێکم بۆی کردووە تا ئێستا لێی بترسم؟!. بەڵام نا... جێیەکەی دەمترسێنێ... جێیەکەی بە سامە نەک خۆی. کەروێشکیش لەم جێیە بێ شێر لێی دەتۆقێ و پڵینگ زیرەی لێ دەکا".

ـ فەرموو... بۆ وا پەشۆکاوی؟.

ـ نا... هیچ... هەر وا کەمێ ماندووم. کاک... کاک کوردۆ...

ـ دەزانم چیتە. خەمت نەبێ. فەرمانی کاکی گەورەیە. لێرەوە تێهەڵدەچین. تاکە تاکە یا بە دەستەجەمعی، ئێرە ئەنجامی گشتمانە. لە گەمەی منداڵاندا شتێ هەیە پێی دەڵێن شار. ئێرە شارە شار کاک سەلمان. حاڵیی عەرزم بوی؟.

ـ بەڵێ بەڵێ. من دەمێکە گەیشتوومەتە شار. بیر و ڕوحیانەتم لە شارن.

لە دەوروبەری ژوورەکە ڕاما. دایکی، بە ڕووتی لە قوژبنێکدا وێستا بوو. بنێشتی دەجوو و بزەی دەکرد. دەستی بە قژی خۆیدا دەهێنا و بنهەنگەڵی تاشراوی دەخستە ڕوو و بە لاچاو لەمی دەڕوانی. هەر بستێکی دیوارەکە، سەرەزەلامێکی لێوە دەرهاتبوو و بە چاوی زەقەوە سەیری ئەمیان دەکرد: عەلە بەقاڵ، حەمە قەساب، هەقەلی، ئەرجومەن، حەمەنانەوا، کوێخا زێدان، مەلا سیروان، باوکی... ئا باوکیشی. هەموانی دەناسین. ئەمانە بۆ وایان لێ کراوە؟. هەموو ئەمانە، کاتی خۆی، پەیوەندییان بە دایکییەوە هەبوو.

لە دەرگا درا. سەلمان دەنگی لێدانی دەرگاکەی ناسییەوە. هەر لە خۆڕا فەرمووی کرد: "فەرموو مامە عەلی. باشە مامە عەلی وا بە دیوارەکەوەیە کەچی لە دەرگاش دەدا". دایکی فێری کردبوو، هەموو دۆستەکانی، یا ڕاستتر، هەمو موشتەرییەکانی بە "مام" گاز بکا. عەلە بەقاڵ وەژور کەوت. سەلمان پێکەنی: "ئێ خۆ تۆ بە دیوارەکەوە بوی، چۆن لەوێوە هاتیت؟".

ـ نا نا، ئەوە من نیم. خودا دەزانێ کێیە. تۆ هەزار "مامە حەلی" ت هەنە.

کوردۆ لە پێشدا پێکەنی. وردە وردە لێوی گرژ بوون و چاوی... هەردوو چاوی، وردە وردە زەق دەبوون و سوور هەڵدەگەڕان. چاوی بوون بە دوو گۆمی خوێن و لە سەلمانی بڕین. هێلنجی دا و ڕشایەوە سەر مێزەکەی بەردەمی. "ئەوە چ ڕشانەوەیەکە؟!. کەرتە شووشە و لەتە ئێسقان و سەرەبزماری تێدان. کە بەر مێزەکە دەکەون تەقەتەقیان لێوە دێ. سەلمان هاواری لێ هەستا: کورە مام عەلی، فریای کەوە... فریای کەوە...

سەلمان، لە هاواری خۆی وەئاگا هاتەوە. گورج هەستا و لە سەر تەختەکە دانیشت. لە سەرخۆ، بە دەنگێکی نیوە بیستراو پەیتا پەیتا دەیگوت: " فریای کەوە... فریای کەوە..." نمێ عارەقەی دەردابوو و ژانەسەر زۆری بۆ هێنابوو. وەک چرکەژمێری سەعات، ژانە سەرەکەی تەوژمی دەهێنا و خاو دەبووەوە. لە چرکەیەکدا، یەک تەوژمی ژانەسەر... ئەگەر سەری بکرێتە کاتژمێر، ڕەنگە تۆزێ پێش بکا. کەمێ داما. خاولیەکەی کە بە سەر سەرینەکەدا دابوو، هەڵگرت و سەری پێ شەتەک دا. تاوێ بیری لەو خەونە ئاجڕ و باجڕە دەکردەوە کە تازە دیبووی و تاوێکیش خەیاڵی دەچووە سەر ئازاری سەری:

"لە یەک دەقیقەدا، سەری من ٧٠ کەڕەت ئازاری بەرز دەبێ و دادەبەزێ. واتە دڵم ٧٠ کەڕەت لێدەدا. یەک دەقیقەی سەرم حەفتا چرکری سەرمە. چ دەبێ کاتژمێرەکانی هەموو جیهان لە سەر سەری من میقات بکرێن؟. چی دەگۆڕێ؟. کات، هەر وەکی خۆی بازنەیی و هێڵی ڕاست و ڕێژەیی دەمێنێ. تەمەن هێڵێکی ڕاستە و سەرەتا و کۆتایی دوو خاڵی دیارن و هەموو ڕووداوەکانی سەر ئەو هێڵە، خاڵی بێ کۆتایین. کەچی شەو و ڕۆژ، حەفتە و مانگ و ساڵ و سەدە، بازنەیین... کۆتاییان سەرەتایە. چم لە سەرێشەی حسێب و کێشانە و پێوانە داوە؟!. نا، دەبێ حسێب بۆ هەموو شتێ بکەم. نەیکەم بۆم دەکرێ. من باوەڕم وایە کە دەبێ سوپەرمان لە مرۆڤدا دروست بێ و من، بە خۆم سوپەرمان بم یا دەستم لە دروستبوونیدا هەبێ بۆیە دەبێ هەموو حسێبێ بکەم. ئەوانەی خۆیان بە سەروەری بەشەر دادەنێن و چل ساڵ وێڵی بیابان بوون، مافی سەروەرییان نییە. ئەوانەی خۆیان بە سەروەری مرۆ دادەنێن و لە دوای هەموو مرۆڤێکەوەن، مافی مانەوەشیان نییە. دەبێ پێشکەوتوو بمێنێ. هەڵگری هەر ئایدۆلۆژیایەک دەگری، خۆی بە سەروەر دەزانێ. مارکسییەکان، کرێکار بە سەروەر دەزانن، مووساییەکان، خۆیان بە سەروەر دەزانن، عارەبی موسوڵمان خۆیان بە سەروەر دەزانن. باشە کێ سەروەر نییە؟. نەخێر، سەروەر ئەوەیە نەکەوێتە ناو گێژاوەوە. من سەروەرم... من، من دەبێ بمێنمەوە. دەبێ ئەوانە بمێننەوە کە ویستی

مانەوەیان هەیە. ئەوانەی خۆیان بۆ ئایدۆلۆژیا بە کوشت دەدەن هەر بۆ ئەمان چاکن. من بچم لە پێناوی ڕەشوڕووتدا خۆم بە کوشت بدەم؟. ئەوە کاری کاکە کوردۆیە نەک من. دەبێ کوردۆ خۆی بۆیان بە کوشت بدا و من بە سەر سەریدا ڕەت بم. کاکی گەورە نامەی بۆ نووسیوم و منی بە تاکە هیوا داناوە... دەزانم، چاک دەزانم ئەم نامەیە، دە پانزەیەکی لە بەر نووسراوەتەوە و تەنها ناوەکانی گۆڕیون: (بەڕێز کاک... ) ی نووسیوە و لە خوارەوش نووسیویەتی (براتان کاکی گەورە). دوایی بیری کردۆتەوە: " ئەم نامەیە بۆ جەباری دانزێڕینی ئەوروپانشین، ئەمەیان بۆ سەلمانەکوێری کوڕی قەحپە، ئەمەیان بۆ کوردۆ لادێیی، ئەمەشیان بۆ... " تا هەموو ناوەکانی هەڵبژاردوون. ئەوجا لە جێی سەلمانەکوێری کوڕی قەحپە نووسیویەتی " کاک سەلمانی تێکۆشەری هیوای گەل و چەوساوەکان". بیریشی نەچووە بنووسێ: سەرنج: " تکایە دوای خوێندنەوەی نامەکە و تێگەیشتنی ناوەڕۆکی، یەکسەر بیفەوتێنە و شوێنەواری مەهێڵە. وا نەبێ دووچاری مەترسی دەبین".

بەڵێ، بەڵێ. بۆ ئەوەی کەس بەوی تر نەزانێ نوسخەی هەمان نامەی بۆ چووە و یەکێکی تریش هەیە کرابێتە فەرخە لینین. لەوسەری دێمەوە، کاکی گەورە. دەشزانم چۆن پێش دەکەوم. یەکەم هەنگاوی پێشکەوتنم ئەوەیە کە لە لای (هاوسەنگەران) بتگەیەنمە پلەی خودا: وا زیرەکە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکەمە و لە گەڵ ماودا موویان بە بەینەوە ناچێ و کیسەنجەری ڕست کردووە. هاتی بمخۆی، دەتخۆم. من سوود لە بوونت وەردەگرم... من... خۆ ڕێشی تێدەچی نوسخەیەکی ئەم نامەیە لە (ئاسایش) یا لە (موخابەرات) بێ. وا دەڵێم چونکە من بم وا دەکەم. منیش قوتابی خۆتانم، کاکی گەورە. ئەگەر وا نەبێ، ئاخر کاکی گەورە تۆ چ قورساییەکەت لە سەر ئەم دەوڵەتە هەیە و چ مەترسییەکت بۆ پێک هێناوە وا زوو زوو خراپەت دەڵێن ، لە گەڵ چەند نەفەرێکی تردا خوێنت حەلاڵ دەکەن و دەزگای ڕاگەیاندن باست دەکا؟. ها؟!. غێر بۆ ئەوەیە لە بەرچاوی کەرەمرۆڤدا ئەوەندەی تر زل بیت و باوەڕت پێ بکەن و دوات کەون!. ڕۆڵی منیش سەرەکەی ترە... واتە بتکەم بە خوا. لە

هەردوو لاوە بەرژەوەندی منی تێدایە و من... بەڵێ من گەشە دەکەم. دوەم هەنگاوی پێشکەوتنم، لە ناو شاردا گەورەکردنی خەڵکە و لە دەرەوە بچووککردنەوە و شکاندنەوەیانە. لە ناو شاردا ڕووی خۆش... لە دەرەوە ڕووی گرژ و مۆن. زۆر بەرزی کەوە... چاک بیدە بە زەویدا...لەو چەکدارەت سوارم!... ئەو دوو داشە چەکدارە بخۆ!... خەڵاتی کە و بە کوشتی دە. مافی من مانەوەیە و مافی کوردۆ و کوردۆکانی دی گیان بەختکردن و قوربانیدانە. بە کوشتی دە و شینی بۆ بگێڕە و قوڕی دنیای بۆ بکە بە سەری خۆتدا... من مافی مانەوەم هەیە. کاکی گەورەش هەیەتی. باشە چەند کەس وەکوو من بیر دەکاتەوە؟. با بڵێین یەک کەسی تر هەیە کە مافی مانەوە بە خۆی دەدا. کێ دەڵێ ئەو کەسە کوردۆ نییە؟. کەوابێ، دەبێ لە هەموو کەس، لە هەموو تاکەکەسێ بسڵەمێمەوە و لە یەکەم دەرفەتدا هەواڵەی چاڵی نەمانی کەم. دەبێ من سەروەر بم... کاکی گەورەش ئەو ڕۆژە ڕۆژی دێ کە بە کەڵکی ئەوە نامێنێ پەیژە بێ. کاکی گەورە، بە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، فێرم دەکا چۆن بمێنمەوە. منیش بە هەمان شێوە نامە بۆ (تێکۆشەران!) دەنووسم و وایان تێدەگەیەنم کە (هیوای گەل و چەوساوەکان!)ن. لە خوار منیشەوە یەک دووەیەکی وا پەیدا دەبن. با بڵێین یەک دوو کوڕی قەحپەی وەکو خۆم...

چاکترین سپێر بۆ مانەوەی خۆم دابین دەکەم. (ئاسایشی گشتی) و (موخابەرات). ئا، ئاسایشی گشتی ڕێیەکانی ترم پیشان دەدا. ئەدی چۆن دەست پێ بکەم؟. خۆ ناچم لە دەرگا بدەم و بەو ڕێڕەوەدا بڕۆم کە لە خەونەکەمدا دیتم. نا... نامەیەکیان بۆ دەنووسم... بۆ ئاسایشی گشتی دەوڵەت. هەرچی هەیە ساف و لووس دەیڵێم. وای دەنووسم بە کەڵکی هەموو ڕۆژێ بێ. مێژووی لە سەر نانووسم. ئیدی بە بێ ترس چی ئەوان بە خراپی بزانن دەیکەم. هەر کە زانیم دەمگرن، نامە بۆریان دەدەمێ و وەک دەنکە تەزبیح، ڕیزێ خەڵکی کەرەمرۆڤ دەکەمە دیاری دەستم و بەڵێنی زیاتریشیان دەدەمێ. هەر لە نامەکەدا داوا دەکەم کە بۆ کەسم ئاشکرا نەکەن تا بەردەوام بم. مرۆ موزیرن و دەبێ لەناوچن. مرۆ بە بڕیاری ئامێری سێکس بەڕێوە دەچن

و له کاتی کاری سێکسیدا له مرۆڤایەتی دەکەون. که زوربەی کاتیان حەلوەلای سێکس بێ واته زوربەی کات ئاژەڵن. به دەگمەن دەبنه مرۆڤ. ئیدی بۆ ویژدانم ئازارم بدا؟. بۆ وا بزانم دەستم به خوێنی مرۆڤ سوور دەبێ؟. نا، دەستم به خوێنی کەر و گا سوور دەبێ. نامەکه دەنووسم و له ناو یەکێ له کتێبەکانمدا تەقەتی دەکەم. ئەویش ڕۆژی خۆی دێ. دوایی، له پڕ ڕا دەکەم. دەچمه شاخ و دەڵێم ناوم دراوه و به هەزار لێزانی و بلیمەتی خۆم، خۆم دەرباز کردووه. لەوێش، میرزا حوسێن ترۆ دەکەم و به کردەوه دەبمه بلیمەت".

جموجۆڵ له سەر شەقامەکه دەستی پێ کردەوه و شار وەئاگا هاتەوه. پاسه دوو قاتەکان، ژمارەیان زیادی دەکرد و سەرهێشەکەی سەلمانیش بەرەو کزیی دەچوو. هەردوو دەستی نانەوه ناولنگی و بوو به پووشکەیەکی ناو گەردەلوولی دەنگەکانی دەرەوه... و خەوی لێ کەوتەوه...

## ( ٦ )

ژوورەکەی سەلمان، له دووەم نهۆمی (ئوتێل نزار) دا بوو و دەیڕوانییه سەر (شەقامی ڕەشید). ئەم ئۆتێلەش، وەک (شەوانی دیجله) پیاوی ئاسایش ڕوویان تێ نەدەکرد و وا پێدەچوو دەستی لێ شۆرابێ یا کرێکاریکی ئوتێلەکه کاری چاودێریکردنی پێ سپێردرابێ. هەق نەبوو لەوێ هیچ مەترسییەک هەبێ. ئەوانەی ڕوویان لەوێ دەکرد، پڵیشاوەکانی ژێر هەرەسی شۆڕشەکه بوون و خۆشیان بووبێ یا ترشیان بووبێ، هەموو سەریان به ئاسایشدا کردبوو و هەواڵی گەڕانەوه و خۆبەدەستەودانی خۆیان ڕاگەیاندبوو. هەموو به داوەوه ببوون. ئیدی کەی پێی دەویست چاودێری بکرێن؟. سەلمانیش به پسوولەی ئاسایشەوه که له بەرکیدا بوو، به بێ ترس له ژوورێکی ئوتێلەکەدا پاڵی لێ دابۆوه و ڕۆژی یەک دوو سەعاتێکی بۆ پەیداکردنی کاری

فەرمانبەریتی بە خەرج دەدا و ئێوارانیش خۆی دەکرد بە بارەکاندا. لە هەمان کاتیشدا سەرگەرمی پلانی کاکی گەورە بوو کە ببوو بە ڕێبازی سەرەکی ژیانی و هەموو شتێکی دی لە چاویەوە نەک لاوەکی بوون، بەڵکو بوونیشیان نەبوو.

لە سەر تەختە خەوەکە پاڵ کەوتبوو و خەیاڵ بردبوویەوە. لە پڕ لە دەرگا درا. "دەبێ کێ بێ؟. ئەم دەنگە... ئەم لە دەرگادانە ناناسمەوە" : فەرموو...

پیاوێکی خڕکەڵەی پۆشتە، کە مشکییەکی بە سەریەوە ئاڵاندبوو و فەرەنجییەکی لە سەر شەرواڵ و مرادخانەوە، بەو گەرمای هاوینی بەغدایە، لە بەردا بوو، وەژوور کەوت و بە دەم هەناسەبڕکێەکی قورسەوە سڵاوی کرد و بە جۆرێ بەرەو لای سەلمان هەنگاوی نا کە پێ نەدەچوو میوانی ئوتێلەکە بێ. سەلمان بۆی سەندەوە و هەستایە سەر پێ. بەرەو لای سویچی پانکەکە دوو هەنگاوی نا و خێرایی پانکەکەی زیاد کرد. سەرێکی لە دەرگاکەوە دەرهێنا و بانگی شاگردەکەی کرد:

- ئەرێ حاجی، حاجی. دوو چای و دۆڵکە ئاوێکی سارد بێنە.

بەرانبەر میوانە نەناسەکەی دانیشت: یاخوا بەخێر بێی...

- عەمرت درێژ بێ باوکی من. تەح لەم گەرمایە!. ئەوەی گوت و بە چەورەیەکی سووری مەیلەو خوساو، لامل و ناوچەوانی خۆی سڕییەوە و لە سەری ڕۆیشت: "باوکی من! ڕەنگە جەنابت من نەناسیت. من کاتی خۆی لەگەڵ باوکتدا... ئەرێ باوکت ماوە؟". ئەویش سەرێکی ئەرێتی بۆ لەقاند و "بەڵێ"یەکی گوت. کابرا گوتی: "یاخوا بمێنێ... لەگەڵ باوکتدا... ئەرێ تۆ سەلمانیت؟". سەلمان دیسان سەرێکی بۆ لەقاند و "بەڵێ" یەکی تری گوت. ئەویش لە سەری ڕۆیی: " کاکە سەلمان! باوکی من!. کارم پێتە کار... تۆ عومەری کوڕم ناناسیت؟. عومەر... عومەر... عومەری حەمەفاتیح. پێرار خوێندنی ئەندازیاریی تەواو کرد. من ناوم حەمەفاتیح ڕەشیدە. باوکت چاکم دەناسێ".

سەلمان بە دەم بزەوە سەری بۆ لەقاند و گوتی: "بەڵێ دەیناسم..."

- ئا.. باوکی من! عومەر گیراوە. حکومەت بە مەرحەمەتی خۆی لێی خۆش بوو کەچی... بڵێم چی؟. دەڵێن... بەڵام بەو خودایە درۆیە... ئەوە قەت عومەر نییە باوکی من. دەڵێن خەریکی حیزبایەتی و شتی وا بووە. نازانم... دەبێ کەسێکی وا نەناسی هەوڵێکی بۆ بدا؟.

- کاک... کاک حەمەفاتیح! بە خودای من بەخۆم تۆقم چووە و خواخوامە ناوم نەهێنن. بەڵام ڕێیەکت بۆ دادەنێم ڕەنگە خراپ نەبێ.

- دەی باوکی من! بە قوربانت دەبم.

- کەس لە سەرکردەکانی... ئا... سەرکردەکان ناناسی؟. ئەوانە دەڵێم کە گەڕاونەتەوە.

- بەرێوەڵڵا. کاتی خۆی ماوەیەک لە گەڵیاندا بووم. چایچییان بووم.

سەلمان بەرانبەر مێوانە نەناس و ناوەختەکەی دانیشتبوو. لەو ماوەیەدا دوو سێ جاری ناچاری نەبێ چاوی بەرانبەری هەڵنەبڕیبوو. بەڵام بە یەک تەماشاکردن وێنەی لەسەر تەختی هۆشی خۆی چەسپ کردبوو: ملئەستوور، ڕەشتاڵە، خڕکەڵە و کەمێ ورگن، چاودەرپۆقیو، دەستوپلی خڕ و پەنجەی کورت و تووکن، سێ ڕۆژ دەبوو ڕدێنی نەتاشیبوو، تەمەنی خۆی گەیاندبووە چل - چل وپێنج ساڵ. دەستێ جلی کوردی نوێی لە بەر بوو و فەرەنجییەکی لە سەرەوە لە بەر کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کەسایەتی مێوانەکەی لە هۆشیدا پتر دەنگ بوو نەک ڕەنگ: دەنگی کەرخ و گەورە، هەناسەی بە قورسیی بە نێوان وشەکەندا ڕەت دەبوون. پیتی (س)یش بە قەبەیی بە زاریدا دەهاتن.

سەلمان لە بەردەمی خۆی ڕامابوو: "ویستی مانەوە. ویستی مانەوە کردویەتی بە چایچی. نەیویستووە تێدا بچێ. هەزار ڕەحمەت بۆ گۆڕی بچێ یەک هەناسەی لرخن و قورسی ئێستای ناهێنێ. ئەمە یەکێکە لەوانەی کە دەیانەوێ بمێنن... دەیەوێ کوڕەکەشی بمێنێ... کوڕەکەی بەردەوامیی خۆیەتی و دەبێ بمێنێ و هەموو شتێ بۆ مانەوەی خۆی و کوڕەکەی دەکا. ئەمە لە بابەتی خۆمە بەڵام بە گچکەیی. ئەمە نموونەی مرۆڤی دانایە بەڵام بە نەخوێندەواری. من خەبات بۆ ئەمانە دەکەم و ئەوانی تریان بۆ بە سەربڕین

دەدەم... ئەوان بۆ ئەمان دەکەمە قوربانی ".

- کێ دەناسیت؟.

- کوردۆ...

- کام کوردۆ؟!. لە سەرەوە زل بوو؟!.

- کوردۆی گەڕاو. چما نایناسیت؟.

- کورە کاکە گیان لەو زلتر دەڵێم... دەبێ زۆر زل بووبێ. زۆر زل نەبووبێ کاری وای پێ ناکرێ.

- تێگەیشتم. ئا، یەکێ شک دەبەم باوکی من!.

" دەک ڕوحم هەزار جار! کاکم کوردۆی لێ بۆتە سەرکردە. بۆ نا؟!. کاتی خۆی کادیری نەخوێندەواری بە سەرکردە زانیوە. سەرپەل و بنپەلی بە سەرکردە زانیون. خۆ هیچ نەبێ کوردۆ خوێندەوارە... بەر لەوەی خوێندنی زانکۆ تەواو کا ڕۆڵی (کاتب مەحکەمە)یشی دیوە. دەک ڕوحم هەزار جار شۆڕش!. خۆ کاتی خۆی حاکمی نەخوێندەواریش هەبوون".

- دەی جا هیممەتێ بکە و... دیارییەک شتێکیان بۆ بەرە. خۆ ئاوانە بەرتیلخۆر نین بەڵام دڵیان بە دیاری خۆش دەبێ.

- باوکی من! چوومە کن شێخ. ئەرێ شێخ کێ؟! تاریق؟ تەیفوور؟ ناوەکەیم بیر چوو. ئا بەو خودایەی خوایەتی دەکا بەم چلەی هاوینە کەنگریان لێ نابوو. قەت شتی وات دیوە؟ پێم گوت، دەستو دامێنی کەوتم. تێگەیشتی باوکی من؟! گوتی بەخودای پێم ناکرێ و تازە دەستم وەک جاران ناڕوا. بە کوردییەکەی گوتی جاران ڕاوەکوردیان پێ دەکردین و دەمیان چەور دەکردین. ئێستا ڕاوەکورد نەماوە و هیچمان بۆ ناکەن.

- ڕاستی گوتووە. ئەوسا ئەو دەستی دەڕۆیی و ئێستا ناحەزەکانی. جا دەبێ ناحەزەکانی وەدۆزی.

- تاریفی یەکێکی بۆ کردم. پێم وایە خزمی خۆیەتی. کاکە سەلمان! ئەمانە سەرێکیان هەیە و هەزار سەودا. هەریەکەیان کەلێنی لایەکی گرتووە و لە گشت جێیەک دەستیان دەڕوا. بەڵام هیچ بۆ فەقیرێکی وەکی من ناکەن.

- دەیکەن. ئەگەر خێرت لێ ببینن، لە هەموو لایەک بۆت دەکەن.
- دەی باوکی من. ئەوجا من دەڕۆم.
ئەوەی گوت و هەستایە سەرپێ.
- ئاخر ئێستا چای دێنن. چایەکەت بخۆرەوە ئەوسا ئۆغرت...
هێشتا سەلمان قسەکانی تەواو نەکردبوو، (حاجی)ی چایچی وەژوور کەوت: دوو چای بە قامکەکانی گرتبوون و دۆڵکە ئاوێک و دوو پەرداخیش بە دەستەکەی تری. حەمە فاتیح دانیشتەوە و چاوی بڕییە دەستی شاگردەکە.
- پێشینان گوتوویانە: هەستان عەیبێکە و دانیشتنەوە دوو. باوکی من خەریکە لە تونێتیدا فەرعۆن دەبم. ئەم گەرمایە چییە یا ڕەببولعالەمین؟!.
- گەرمای بەغدایە ئیدی. ئەوەی چاکە بە شەوان فێنک و خۆشە.
حەمەفاتیح، دوای ئەوەی ئاوە ساردەکەی خواردەوە، وەک شاگردەکە، ژێرپیاڵەکەی بە نێوان پەنجەکانی گرت. بە لەزەتەوە فڕی لە چایەکە دەدا. بە دەم فڕکردنی چایەکەشەوە، زوو زوو لە سەلمانی دەڕوانی. سڵی لێ دەکردەوە یا کارێکی تری پێ بوو؟. سەلمان دەیزانی شتێ هەیە بەڵام چ شتێکە؟... ئەمەیانی نەدەزانی.
چایەکەی خواردەوە و بە پەلە هەستایە سەر پێ و لەگەڵ هەستانیشدا، دەستی بە گیرفانی بەر باخەڵیدا کرد و زوو دەریهێنایەوە. دەستی بۆ درێژ کرد... تەوقەیەکی لەگەڵدا کرد و بەرەو دەرگاکە وەرچەرخا.
تەوقەی لەگەڵدا کرد یا دەرزییەکی بە ناولەپیدا کرد؟!. هەر کە دەستی دایێ، قاقەزێکی خزاندە ناولەپی و بێ ئەوەی هیچ بڵێ ڕۆیشت.
" چییە؟!. ئەم کابرایە چییە؟!. چی خستە ناو دەستم؟!. "
قاقەزە قەدکراوەکەی خستە ژێر سەری و لەسەری ڕاکشا: "ڕەنگە حیزبایەتی بە کاکم بکەن!... لە لایەکەوە کوڕەکەی گیراوە، لە لایەکەوە خۆی تێهەڵدەچێ. ئەمە چەندی بە چەندە؟. ئەدی ئەگەر وا نییە بۆ وای کرد؟!".
سەلمان ماوەیەک حەپەسا. قاقەزەکەی خستە نێوان کتێبێکی ( ئەلیاس فەرەح )ەوە و یەکالای کردەوە:

برای بەڕێز و خۆشەویست کاکە سەلمان...
هەڵگری نامە ئەندامێکی سەرکردایەتیمانە و هاتووە بۆ دیتنتان. بە پێی توانا لەگەڵیدا پێک بێ و بە زوویی هێندێکتان (بە تایبەتی تۆ) بگەنە شاخ. فریا نەکەون داروودەستەی میرزا مەسەلەکە بە لایەکی تردا دەبەن و کۆنە بەکرێگیراوەکان دەیقۆزنەوە. خزمانیش لەم لایەنەوە لە گەڵماندا یەکڕان.
هەر بژین بۆ درێژەپێدانی خەباتی خوێناوی و
برای دڵسۆزتان.

کاکی گەورە

سەرنج: بۆ دڵنیایی و سەرسەلامەتی و سەرکەوتنی پلانەکانمان، هیوادارم دوای خوێندنەوەی ئەم دێڕانە یەکسەر ئەم نامەیە بدڕێنی...
سەلمان لە جێی خۆیدا وشک بوو. وەک ئەوەی پێی وا بێ هەر ئێستا نا نەختێکی تر بۆی وەژوور دەکەون، بە پەلە تەماشایەکی دەرگاکەی کرد. هەستا و سورگییەکەی قایم کرد و قەڵەم و دەفتەری دەرهێنان و بە عارەبی کەوتە نووسین:
بۆ بەڕێز بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی...
نووسی. هەرچی پێ بوو خستیە سەر قاقەز و یەکەم نامە و دووەم نامەی کاکی گەورەشی کردنە ناوەخنی. کاغەزەکانی خستنە ناو (خەونامە)ی فرۆیدەوە و هاویشتیە جانتاکەیەوە. وەک ئەوەی بارێکی قورسی لە سەر شان لابرابێ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. ئەوەی ترس و لەرز بوو لە دڵیدا نەما. کەمێ لە سەر پشت پاڵ کەوت و ڕوانییە بنمیچەکە و خەیاڵ بردییەوە:
"خەباتی خوێناوی کاکی گەورە و درێژەپێدانی!. خەباتی خوێناوی خۆی لە خۆیدا ئامانجە!. باشە وا دانێ هەرچی دەوێ بیدرێتێ. بە بێ خەباتی خوێناوی درێژخایەن چۆن هەڵدەکا؟!. ئەو دەمە چی دەکا؟!. خۆ پەکی دەکەوێ. ئەم

دروشمەی  لە کوێوە هێناوە؟!. خەباتی خوێناوی واتە (خ خ ) و داخ و دەردی (خ خ)ش وا لە دڵی مندا...”

بیرەوەرییەکی منداڵی یا هەرزەکاری کە هەموو جارێ یەخەگیری دەبوو و ئازاری دەگەیاندە ڕوحی، ئەمجارەش لێی پەیدا بووەوە و تێکەڵاوی ئەو ئازاری ویژدانە بوو کە بە هۆی نووسینی نامەکەوە تووشی بوو. زۆری نەخایاند، هەستی بە چڵکنی خۆی کرد. هەستی کرد، دیوی دەرەوە و ناوەوەی چڵکن. ئەم هەستی چڵکنییە زوو زوو دەیگرت و تێکەڵاوی هەستی ڕووتبوون دەبوو و شەرم دەیگرت. هەموو جارێکیش وەک ئەوەی هێڵنجی بێ و بە پەلە خۆی بگەیەنێتە جێیەکی گونجاو، خۆی دەگەیاندە جێیەکی گونجاو و ئاوێکی بە خۆیدا دەکرد. چەندین ساڵ بوو ئەم هەستە دەیپلکاندەوە. ئەم جارەش خۆی گەیاندە بن دووشی ئوتێلەکە.

## ( ٧ )

سەلمان، بە بەردەم مزگەوتی (حەیدەرخانە)دا بەرەوخوار بووەوە. وێنەگر و بۆیاغچی و جگەرەفرۆش و نۆکفرۆش، سەر شۆستەکەیان بە جۆرێ تەنیبوو نەدەکرا بە پەلە بڕوا. وێنەکێشێکی پیر کە ئەوەندەی بە خەڵووزفرۆش دەچوو بە وێنەکێش نەدەچوو، لە سەر کورسییەکی نەوی دانیشتبوو و کورسییەکی تریشی بۆ ئەوانە دانابوو کە وێنەی دەکێشان. هەرگیز سەلمان کەسی لە سەر ئەو کورسییە نەدیبوو. کەس نەیدەزانی وێنەی کێ دەکێشێ.

لە فلکەی (ڕەسافی)یەوە کە شەقامی ڕەشیدی کەرت دەکرد و چوارڕێیانێکی یەکجار قەرەباڵغی ڕەخساندبوو، بە لای دەستەچەپدا بای دایەوە و هێندەی نەبرد گەیشتە(چایخانەی کندی)، ئەو چاخانەیەی کە زۆر جار کورد، هاوڕێ و ئاشنای خۆیان لێ بە سەر دەکردەوە و ببوە مەکۆی ئەو کوردانەش کە بۆ کاری پێویست و خۆبەدەستەوەدان ڕوویان لە بەغدا دەکرد. سەلمان، ئاسایی خۆی پێدا کرد و چاوێکی بەمسەر و ئەوسەریدا گێڕا. لە بەر

تەقەتەقی دۆمینە و هەرا و بەزمی دۆمینەچی و زرینگوهۆڕی چاتێکدان و دەمەتەقێی دانیشتوان، کەس لە کەس حاڵیی نەدەبوو و هێندەی دی دەنگیان لێ هەڵدەبڕی. لەوسەرەوە، کوردۆ بە قاتە شینەکە و بۆینباغە سوورکەی ئێوارەوە، بە بزە هەمیشەییەکەیەوە دانیشتبوو و زەلامێکی قژکورتی شان و مل گۆشتنیش کە پشتی لە دەرگاکە بوو بەرانبەری، بە کراسێکی شینی کاڵی قۆڵکورتەوە دانیشتبوو. کوردۆ دەستی بۆ سەلمان هەڵبڕی و بە بزەیەکی گەشەوە، بێ ئەوەی دەنگی ببیسترێ بانگی کرد. سەلمان، بە نێوان کورسی و مێزەکاندا ڕێی خۆی کردەوە و بەرەو لایان چوو. کە بە لای کوردۆوە دانیشت و زەلامە ملکورتەکەی دی حەپەسا: "ئەمە هەر کابرای فەرەنجی لەبەر نییە وا خۆی کردۆتە ئەفەندیی و ڕیشی پاک تاشیوە؟!. بە لووتە زلەکەی و ملە ئەستوورەکەی و چاوە زەقەکانی بێ خۆیەتی. بە ڕەنگ و ڕواڵەت خۆیەتی بەڵام..." سەلمان، هەر یەک کەڕەت تەماشای کرد و ملی داخست. چاوەڕێ بوو کابرا کەمێ بدوێ تا بە دەنگی بیناسێتەوە. سەڵمان لە ناسینەوەی دەنگدا بلیمەتێ بوو وەک خۆی نەبوو.

- ئاگات لێیە عومەر بەر بووە؟!. کوردۆ ئەوەی گوت و بە لای سەلماندا لای کردەوە. پاش کەمێ بێدەنگی، لە سەری ڕۆیی: بە ڕاستی جێی سەرسوڕمانە. خۆ بەیان و شتێشی پێ گیرابوو... وەڵڵا بۆ خۆی بەر بوو. ئەمشەو لە ئوتێل دەبێ و سبەی دەچێتەوە.

- کام عومەر؟!. سەلمان ئەو پرسیارەی بە سەرسامییەوە کرد بەڵام دەشیزانی هەمان ئەو عومورەیە کە ئەم فەرەنجی لەبەرەی بەرانبەری - ئێستاش هەر پێ دەچوو فەرەنجی لە بەردا بێ - خۆی کردبووە باوکی.

- کوڕە ئەو... ئەو کوڕەی لە سەرەوە ناوی (سەلام عادیل)ی نابوو و هەمیشە باسی ئەلبێر کامۆی دەکرد و دیگوت من یاخیم. لە بیرتە؟! ها جارێ چووە کەرکووک ، کە گەڕایەوە سەرێ، لە بەندیخانەی ڕایاتیان پەستا.

- ئێ ئێ چاکی دەناسم. دە تۆ بڵێ (ئەلبێر) و بڕایەوە. لەوێ جگە لە ناوی سەلام عادیل کە خۆی لە خۆی نابوو، خەڵکیش ناوی (ئەلبێر)یان بە سەردا

سەپاندبوو. بەڵێ بەڵێ دەیناسم.
- کاک جەعفەر بەریدا. ملکورتە خڕکەڵەکە، بە دەنگێ ئەوەی گوت کە قەت بە دەنگی فەرەنجی لەبەرەکە نەدەچوو. بەڵام سەلمان بە پێی لێکدانەوەی خۆی، شەپۆڵەکانی دەنگی بردنەوە سەر شەپۆڵەکانی دەنگی کابرای گۆڕین. جگە لەوەش، وێنەکەی زەینی سەلمان لەگەڵ سیمای ئەم کابرایەدا وێک دەچوون: لووتیان، ملیان، چاوی زەقیان، برۆی پڕیان، گەدەوگیپاڵیان - جلوبەرگیان نەبێ - هەموو شتێکیان یەک بوو. لەو بابەتە خەڵکە بوو کە پیاو لە خۆڕا، بێ ئەوەی بیناسێ، نەک هەرناچێتە دڵیەوە، بەڵکو نەفرەتیشی لێ دەکا... ڕێک بە پێچەوانەی کوردۆوە کە هێندە خوێن شیرین و ڕوحسووک بوو، هەر وای دەکرد و دەچووە دڵەوە.

سەلمان، نە ترسەکەی جارانی هەبوو نە هەستی ڕووتبوون گرتبووی. بۆ لایەنی ترس، کەری خۆی بەستبۆوە و نامەبۆری خستبووە ناو کتێبەکەوە. بۆ لایەنی هەستی ڕووتیش، هەر بە عادەت، دوای خۆششتن بەری دەدا. هەر لە بەردەمی خۆی ڕامابوو: "دەبێ چی لە هۆشی ئەم ملئەستوورەدا بخولێتەوە؟!. دەیەوێ بە داومەوە کات؟!. ئەدی کاکە کوردۆ؟!. ئەم کەیف و سەفایەی کاکە کوردۆش بەلاش نییە. من بیناسم نامەی کاکی گەورەی بۆ هاتووە و بە هیوای میللەت و چەوساوە ناوی براوە. دڵی سافە... حەیفە بفەوتێ. دەڵێم پێی بڵێم دەرچێ دەنا تووش دەبێ. جا کێ دەڵێ ئەو دەسپێشکەری خۆی نەکردووە؟ کێ دەڵێ هەموو شتێکی بابەتە نواندنێک نییە؟. نا... کوردۆ وا نییە. بەڵام ئەم ملئەستوورە زۆر ترسناک دیارە و پێ دەچێ هەزار تەونی ڕایەڵ کردبێ. ئەگەر نەیخۆم دەمخوا. ملە ئەستوورەکەی با نەدەم ملم با دەدا و وەک خەیار دەیشکێنێ. چۆن زانی خۆی بکا بەو کابرا گێلە؟. ئەم تەون و ڕایەڵکارییە لە ناو ڕەشەخەڵکەکەدا نییە. ئەوان بە دڵسۆزی، بۆ مەسەلەیەکی دەکەن... ئەوان مەڕن. کوردۆش بە پاکیی دەیکا. بەڵام من و ئەم ملئەستوورە، نا. ئێمە مەبەستمان سەرکەوتنە و مەرامەمان مانەوەیە... مانەوە، لە سەرەوە. لێرە، لە بەر دەستی حکوومەت، دەبێ ملی یەکتر بشکێنێن. لە دەریشەوە دەبێ

هاوکاری یەک بین و پشتی یەک بگرین. تا ئەو ڕۆژەی کە کارنامەمان دەخرێتە ڕوو هەزار کڵاو بە بایەک. نەخێر ئەو ڕۆژەش بە بلیمەتیی بۆمان حسێب دەکرێ". کوردۆ گوتی:

- ماڵی ئاوەدان بێ، کاک جەعفەر زۆر بە تەنگی خەڵکەوەیە. ڕەنگە لە ڕێی کاک هاشمەوە بووبێ. باوەڕ ناکەم کاک ستار کاری وای لە دەست بێ.

- نا، لە دەستی نایا. ئەو فەقیرە هەمیشە چاودێری دەکرێ. ملئەستوورەکە، ئەوەی بە دەنگێکی باریک و کز گوت. ئەوجا لە سەری ڕۆیی: کاک جەعفەر بەخۆی، دەستی لە هەموان چاکتر دەڕوا... ماڵی ئاوەدان بێ.

- کاک سەلمان تۆ دەزانی ئەوەی دوێنێ تووشمان بوو، ئەو چاودێرەی کە بە کوردی قسەی لەگەڵدا کردین، ناسیاوی کاک هەژارە؟!.

- کام کاک هەژار؟.

- ئەها!... ئەرێ خۆ بە یەکیشتانم نەناساند: کاک هەژار... ئەندازیارە... کاک سەلمان... کیمیاگەرە. ئا، کاک هەژار دەیناسێ.

- بەڵێ دەیناسم. ئەمە...

ملی لێ مات کرد و کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی تالیب: کوڕی گاوانی گوندێک بووە و هێشتا هەر منداڵ بووە دایکی مردووە و باوکی لە دەشتودەر، لەگەڵ ڕەشەوڵاغدا بەخێوی کردووە و تا گەورە نەبووە، ئاوەدانیی نەدیوە. دوایی باوکیشی مردووە و خەڵکی ئاوایی یەک نانەڕەق چییە پێیان نەداوە. جاری وا بووە یەک حەفتەی تەواو بە برسێتی سەری ناوەتەوە. زەکاتیشیان نەداوەتێ چونکە پێی نەشیاوە... نوێژی نەکردووە. کە گەورەش بووە، هاتۆتە بەغدا و ئێستاش ئەوەیە کە دەیبینی. سوێندیشی خواردووە قەت بە کوردی قسان نەکا. بەڵام وا کاک کوردۆ دەڵێ بە کوردی قسەی کردووە.

" دەی دەی... جەمسەرەکانی خۆتمان بۆ بخەرە سەر یەک. کە ستاریش بە فەقیر لە قەڵەم دەدی هەر لە بەر دڵی منتە. جەعفەریش بە دەسەڵاتدار لە قەڵەم دەدەی، هەر لە بەر دڵی منتە. دانی داوم بۆ ڕۆ دەکەی باوکی من!. کاکە عومەریش هەر بەخۆت بەرتداوە و بەڵێنی هاوکاریت لێ وەرگرتووە و

بەڵێنەکەیت بە کاکە تالیب و جەماعەت ڕاگەیاندووە... باوکی من!. دەی دەی... کەمێکی تریش خۆت دەرخە دا بزانم بە تەمای سەری کوردۆش نیت؟. بەو خودایە چەشکەی سەری من ناکەی!. هەر ئێستا بچمەوە، ناوت دەخەمە ناو نامەبۆرەوە. بەڵام ناوت چییە؟!. فاتیح یا محەمەد یا حەمەفاتیح یا هەژار یا تەڕەماش یا شتێکی دی؟!. خۆ دەزانم بەوە هیچت لێ نایە... من بۆ وەی دەنووسم بەخۆم هیچم لێ نەیەت و بمێنم".

ـ ئەرێوەڵڵا ئەوە عومەرە!. کوردۆ بە دەنگێکی بڵند ئەوەی گوت و سەرنجی لە دەرگاکەوە گێڕایەوە سەر هەژار. ئەویش وەک ئەوەی یەکەم جاری بێ ببینێ، وەک گەشکەدار خۆی پیشان دا... جووتەپێ هەستا و بە پیرییەوە چوو. دڵسۆزانە ئەملاو ئەولای ماچ کرد و شتێکی بە بن گوێیدا چپاند و بە جووتە بەرەو مێزەکە هاتن. وێ دەچوو هەژار کە بە فەرەنجییەوە ناوی حەمەفاتیح بوو، توانای دەنگگۆڕینی لە دەست دابێ: "چاوم ڕوون باوکی من! بەخوا خۆشحاڵم، ئێستا باوکت بزانێ شاگەشکە دەبێ..."

"دەی... دەی!. تۆ هەم باوکیت و هەم باوکیشی نیت. بە پێی پێویست! ئەمە کەی کورد شتی وای تێدا هەڵکەوتوە؟!. چۆن نا؟. پێداویستی دروستی دەکا پێداویستی!. منیش، ئەگەرچی خودا چاوێکی لێ ساندووم بەڵام سەد چاوی تری لێ عیجاد کردووم و پەی بە پلانەکانت دەبەم. دەزانم تۆش یەکێکی لەوانەی کە وەک ڕزگارکەری بەشەرییەت، لە نامەی کاکی گەورەدا ناوت هاتووە. بەڵام دەتەوێ هەم بمێنی، هەم قارەمان بیت و هەم خەڵک لە ژووری عیدامەوە دەرباز بکەی. ئەگەر زوو لەو شاخانە یەکتر نەبینین، لەم بەغدایە، وەک نێرەکەر ملی یەک بە دەمەوە دەکەین".

عومەری ڕەنگ زەرد و لاواز کە هەموو گیانی پێدەکەنی، بەرانبەر سەلمان دانیشت. دەتگوت هەموو شتێ بۆ یەکەم جار دەبینێ. لە هەموو لا و لە هەموو شتێکی دەڕوانی و بۆ هەر شتەش، یەک دوو چرکەی تەرخان دەکرد و بەردەوامیش بزەی دەکرد. هەموو جەستەی نقومی پێکەنین و بەختەوەری بوو. لە هەموو ئەو کردەوە بێ یاساییانەی کە نەک هەر ئەنجامی دابوون، بەڵکو

ئەوانەش کە هێشتا بیری لێ نەکردبوونەوە و لە هەناوی داهاتوودا بوون، بووردرابوو. کەم لە پرسیار حاڵیی دەبوو و دوای هەر پرسیارێک (ها)یەکی لە دەم بەردەبووەوە و دواییش دەیگوت: ئەرێوەڵڵا ئیتر ئازادیان کردم.

ـ هەر ئێستا بەربووی؟.

ـ ها؟... نەء دوێنێ. بەڵام شەوێ، بۆ سەر و ڕیش تاشین مامەوە. ژوورێکی تایبەتیم هەبوو. بەیانی... ئەرێوەڵڵا ئیتر ئازادیان کردم. سواری پاسی ڕەقەم چوار... ها؟. ئێستا لەوێوە دێم. برسیشم نییە.

سەلمان وەک پیشەی خۆی، یەک جار تەماشای عومەری کرد و نیگارێکی لە هۆشی خۆیدا بۆ کێشا و کەوتە شیکردنەوەی: "باریکەلە، لاواز، ترسنۆک، تۆقێندراو، دڵسۆز، مووزەرد، کەڵەگەت، چاوکاڵ، قۆز و لە سەر هەموانیشەوە ئەحمەق. واتە پەیژەی من و حەمە نافاتیح... نا،من و هەژار... نا خودا دەزانێ ناوی چییە. کاممان؟ من یا ئەو بە سەر ئەو پەیژەیەدا سەر دەکەوین؟. ئەو بە سەریدا سەردەکەوێ. سەریشکەوتووە. بە دڵنیاییەوە خۆی هێناویەتیە ڕیزەوە و خۆی بە گرتی داوە و ئەوا هەر خۆشی فریای کەوتووە. لە هەموو بارەکاندا لای عومە خەباتی کردووە و لای ئاسایش دڵسۆزی نواندووە و پلانی داناوە. دەرەقەتی ئەمە دێم؟. ئا دەرەقەتی دێم. کە بتوانم پەی بە پلانەکانی بەرم دەرەقەتی دێم و ملیشی دەشکێنم. بەڵام ئێستا ئەو دەسبەکارە و من هێشتا دەستم پێ نەکردووە. بە تەواوەتی لایەنی مەترسیم مەنفەزبڕ نەکردووە... با ئەو عومەر بە کار بێنێ و منیش خۆی دەکەمە پەیژە و پێیدا هەڵدەگەڕێم".

لە سەر مێزەکەی لای دەستەڕاستی سەلمانەوە، گەنجێک، بە ڕیشێکی نەرم و تەنکەوە کە لای چەنەگەیەوە بە پیتی(W) دەچوو، پەیتا پەیتا سەیری ئەمانی دەکرد و چاوی دەگێڕایەوە سەر قاقەزەکەی بەردەمی و دەکەوتە خەتکێشان. لاڕوومەتی سەلمان گەرم هەلگەڕا... دەیزانی بە وردی چاوی لەو بڕیوە. دەتگوت سەیرکردنەکە، قورساییەکی وا دەخاتە سەری کە بەرگەی ناگرێ. لای ڕاستی گەرم گەرم هەڵگەڕابوو و لای چەپی سارد ببوو. لە سەر مێزی تەنیشت لاوەکەوە، زرمەی ئەزنیف دەهات: دە بنووسە دەی... پانزە...

دەی تریش بنوسه... پانزه و قەپات...

سەلمان ئاورێکی به لای لاوەکەدا دایەوە. ئەویش بە شەرمەوە سەری داگرت: "ئەو کوڕەش یەکێکە لەو هەموو خەڵکە بێ کارانەی کە لە دەست دەسبەتاڵی سەری خۆیان بێرەدا کردووە. لێرەش دەستی بەتاڵە و خۆی بە منەوە خەریک کردووە. ئەم هەموو دەستبەتاڵە!. تەنها ئەم چاخانەیە، بە لای کەمەوە بیست سیی دەسبەتاڵی تێدان. ئەی بە چی دەژین؟!. باوکیان، دایکیان یا براگەورەیان بە خێویان دەکەن. نە ئیش و نە کار... دە بنووسە و پانزە بنووسە!. ئێستا لە ئەحمەدئاغای کەرکووکیش هەمان بەزمە. لە حەمەڕەقی سلێمانی و مەچکۆی هەولێریش. بەڵام لە ئەحمەدئاغا عارەبی بە ڕواڵەت بێ کار دۆمینە دەکەن و لێرەش کوردی بێ کار. ئەمە سەر دەگرێ؟!. بۆ نا؟!. کەی مەڕ دەسەڵاتی شوان و گورگی هەیە؟!. ئەگەر شوان و گورگ پێک بێن کەوڵی گورگی پیر بە مەڕ دەگۆڕنەوە، مەڕی بەستەزمان و بێ دەسەڵات چی پێ دەکرێ؟!. ئەوانەی ئەوێش مەڕن..."

- کاکە ئەم نیگارەم کێشاوە لێمی ناکڕن؟.

سەلمان ئاوڕی لای دەستەڕاستی دایەوە و لاوە ڕدێن تەنکەکەی بە دیار خۆیەوە دی. کتوپڕ، دەتگوت ئاوی سارد بە لای ڕاستیدا کرا... گەرمایی ڕومەتی دابەزییەوە. زوو چاوی داگرت و لە نیگارەکە ڕاما: "ئەمە چییە؟!. هەرچەندە هەمووی بە خەت کێشراوە و گشت خەتەکان دیارن، بەڵام دەڵێی وێنەیەکە و بە کامیرا گیراوە... چۆن هەموومان دەناسرێینەوە!!."

- دەستت خۆش!... شتێکی نایابە و توانایەکی چاکت لە نیگارکێشاندا هەیە... هونەرجوانەکانت خوێندووە؟.

- دەیخوێنم. ئێستا لەوێ خوێندکارم. دەتەوێ لێمی بکڕیت و بۆ یادگاری هەڵیگریت؟.

- ...

سەلمان لە وێنەکە ڕامابوو و سەرسوڕمانی خۆی بە بزە دەردەبڕی و نەیدەزانی چ وشەیەک لە ئاستی نایابی تابلۆکەدا بەکار بێنێ. گوتی:

"هەرچەندە بە لای منەوە لە نرخاندن نایە بەڵام نرخی چەندە؟"
- کەیفی خۆتە. تۆ خۆت داینێ. حەزیش دەکەی با پێشکەشت بێ.
سەلمان ماوەی دوو چرکە لە نیگارکێشە لاوەکە ڕاما و بە پەلە سەری داگرتەوە سەر نیگارەکە. بە دەم تەماشاکردنەوە گوتی: "کاکە گیان! دەکرێ نیگارێکی تایبەتیم بۆ بکێشی؟".
کوڕە لاوەکە کە بە دیاریەوە ڕاوێستابوو و لە گەڵیدا لە نیگارەکەی دەڕوانی، بە خۆشییەکەوە گوتی: "تایبەتی؟، چۆن؟". ئەمیش کە هەر لە نیگارەکەی دەڕوانی بۆی ڕوون کردەوە: "شتێ بێ، سەری هەنگ بێ و جەستەی، جاڵجاڵۆکەیەکی ترسهێنەر بێ و بە نێوان شانەی هەنگویندا تەونی ڕایەڵ کردبێ... ئا شتێکی لەو بابەتە. پێم جوانە هەمووی بە قەڵەمی ڕەش بێ. تەنها سەری هەنگەکە ڕەنگاو ڕەنگ بێ... ئەگەر سوور بێ باشترە".
- بەڵێ!. خەیاڵێکی جوانە. من بەخۆم حەز لە لێکدانەوەی وا دەکەم. هەر وا یەک دوو ڕۆژی دی بە چوارچێوەوە بۆتی دێنمە ئەم چاخانەیە. بە ڕاستی خەیاڵێکی جوانە. هەرگیز باوەڕم نەدەکرد داوای شتی وام لێ بکەی. پێم وابوو وێنەی ژنێکی ڕووتت لێم دەوێ... یا دیمەنی شاخێک...
کوردۆ، بە دەم داوای یارمەتییەوە نیگارەکەی لێ وەرگرت. دڵی زۆر بەوە خۆش بوو کە نیگاری خۆی بە جوانی کێشرابوو و چاک دەناسرایەوە. بە دەم پێکەنینێکی لە ناخەوە گوتی: "خۆ ئەوە منم... ئەها کاک هەژار سەیر کە..."
هەژاریش لێی وەرگرت و کەمێ لێی ڕاما. بە مۆنییەکەوە لە کوڕە لاوەکە ورد بووەوە و گوتی: " کاکە بۆ وێنەمان دەکێشی؟ پێت وایە ئێمە مۆدێلی چاکین؟".
- قوربان دانیشتنەکەتانم پێ بابەتێکی چاک بوو. جگە لەوەش ڕوخسارتان زۆر خۆماڵییە. لە گەڵ ئەوەشدا کە هیچ کوێتان بە یەک ناچێ بەڵام هەموو سیماتان، وێکڕا یەکێکە. بەڵێ خۆماڵییە. پێکچوونی سیما و پێکنەچوونیان، بە پێکچوون و پێکنەچوونی دەروونەوە بەندە. واتە دەروونتان، وێکیش دەچن و وێکیش ناچن. لە کێشانی ئەو نیگارەدا مەبەستم هەر ئەوە بوو ئەم دەرفەتەم لە دەست نەچێ. هیچ شتێکی سروشت وەکی خۆی دووبارە

نابێتەوە. ئەم دانیشتنەی ئێوەش، وەکی خۆی دووبارە نابێتەوە. جگە لەوەش من لە سەر نیگارکێشان دەژیم... خوێندکارم و...

هەژار، بە نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمانەوە، هەردوو لێوی خۆی کورژ کردنەوە و جارێ لە سەلمان ڕاما جارێ لە کوردۆ. ئیدی پێی نەدەویست چ وشەیەک بۆ نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمان بەکار بێنێ. هەردوکیان زوو لێی تێگەیەشتن.

دوای هەموان عومەر، بە بزەی بەردەوامەوە سەرنجی دا. دوو سێ چرکە سەیری نیگارەکەی دەکرد و دوو سێ چرکە سەیری نیگارکێشەکەی دەکرد. چەند جارێ ئەوەی کرد و گوتی: " ئەهە براگیان کە شتێکی جوانە!!. "

هەژار ـ کە سەلمان لە ناوەکەی دڵنیا نەبوو ـ لێی کڕی و بە بێ قەدری قەدونوشتی کرد و خستییە گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە. نیگارکێشەکەش گەڕایەوە جێی خۆی.

ـ کاکە... دوور نییە کارێکی بەم نیگارکێشانە هەبێ... بیەوێ... چوزانم... شتێکمان بە سەر بێنێ!.

"چما ئاگادارت نەکردوون؟!. وا پیشان دەدەی کە ترست هەیە؟!. چما خودی بەڕێوەبەری ئاسایش نازانێ خەریکی چیت؟!. نا ... نا ... کاکە هەژار، پێت ناخورێم. ڕەنگە کوردۆت بە ساغی پێ قووت بدرێ. ڕەنگە عومەر بخۆیت و بێ ئەوەی هزری کەی داینێیتەوە. بەڵام من لە قوڕگت گیر دەبم. چما ئەم لاوە هونەرمەندە کاری بە وێنەکە هەبوایە پیشانی دەدای کاکە هەژار؟!..."

کوردۆ خەیاڵی سەلمانی بچڕاند. سەری لێ بردە پێشێ و بە گوێیدا چپاند: پێش هەموو شتێ، داوای لێبوردن دەکەم کە دوێنێ بێ مەعنا سەرخۆش بووم. دووبارەی ناکەمەوە. بە ڕاستی، لەم بارودۆخە ناسک و ترسناکەدا نابێ (من) بە هیچ جۆرێ سەرخۆش بم. دوای ئەوەی لێک دابڕاین، زۆری نەمابوو تووشی گێرە و سەرێشەی تر بێم بەڵام بە سەرخۆشییان سپاردم و... گوێ نادەنە سەرخۆش. ئەوجا شتێکی گرینگ هەیە دەمەوێ پێتی بڵێم: ئەمڕۆ پیاوێ هاتە لات و شتێکی وێ دای. وایە؟.

- ...
- ئەگەر ئەم ئێوارەیە کاتت هەبێ پێویستە دانیشتنێک لە گەڵ کاک هەژاردا بکەین... من و تۆ... زۆر گرینگە...

سەلمان، بۆ یەک چرکە سەری هەڵبڕی و سەرنجی کوردۆی دا. خەیاڵ بردییەوە: "لە لایەکەوە نامەی کاکی گەورە دەنێتە مشتم لە لایەکی ترەوە کۆبوونەوەم لەگەڵدا دەکا!. لە لایەکەوە حەمەتەڕەماشە و لە لایەکەوە هەژارە... ئێستاش وا خۆ دەنوێنێ وەک ئەوەی ئەم و ئەو یەک کەس نەبن !!. بۆ نامەکەی بۆ کۆبوونەوەکە هەڵنەگرت؟. نایەوێ کوردۆ بزانێ؟!. ئەدی ئەوە نییە کوردۆ بە (شت) ناوی دەبا؟. کە کاکی گەورە بە هەڵگری نامە و ئەندامی سەرکردایەتی ناوی دەبا، بۆ هەر لەوێ خۆی ئاشکرا نەکرد؟. دەبێ گێل بێ؟!. نا، دەبێ وریاتر بم. دەبێ وردتر بم. دەبێ تەونێکی ڕایەڵ کردبێ هەزار سەرەداوی درۆزنانەی هەبێ. نا... نا، کوردۆ نەک هەر بەشداری ئەو تەون و ڕایەڵە نییە، بەڵکو بەخۆی، بە ئایە و مایەوە تێکەوتووە. کوردۆ لێبۆتەوە... کوردۆ، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، لە گیانەڵڵادایە. ئەدی من؟!. دەبێ من، هەردوو دوورایی (X) و (Y) بگرم و هەموو نوختەکان دیاری بکەم. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەبێ پەی بە هەزاران دوورایی دی بەرم. وا نەکەم، ڕچەڕێیەکەی کوردۆی ڕەحمەتی دەگرمە بەر!... ئەو ڕچەڕێیەی چوونی هەیە و هاتنەوە نا".

لەگەڵ بیرلێکردنەوەی (ڕەحمەتی)دا، بزەی هاتێ و پێشتریش بۆ دوو دوورایی (X) و (Y) هەنیەی گرژ و مۆن کرد. لە سەرناس عەیان بوو کە ڕوخساری سەلمان بە چرای بەر با دەچوو: کز دەبوو و گەش دەبۆوە... گەش دەبوو و کز دەبۆوە. ئاوڕی لە کوردۆ دایەوە و بە گوێیدا چرپاند: "ئەم کاک هەژارە کێیە؟". بە پێویستی نەزانی پرسیاری حەمەفاتیح بکا کە نامەی کاکی گەورەی پێ دابوو. دوای پرسیارەکە، گوێی لە کوردۆ بردە پێشێ. ئەویش بە چپە گوتی: دوایی، دوایی لە کۆبوونەوەکەدا...

ئێوارێ، کۆبوونەوەی سێ قۆڵی لە باخچەیەکی گشتیدا ئەنجام درا. هەژار سەرپەرشتی کۆبوونەوەکەی دەکرد و ئەو زانیاریانەی پێ دەگەیاندن کە لە

کاکی گەورەوە بۆی هاتبوون: یارمەتییەکی زۆر و بێ کۆتایی ئامادەیە. چەک و تفاق وا بەڕێوەن. ئێمە لە شاخەوە و بەرهەڵستکار لە ناوەوە کەنەی لێ دەکەین و دەیرمێنین. هەموان، دەبێ خۆ بۆ خەباتی خوێناوی درێژخایەن تەیار و ئامادە بکەن. تا زووە، دەبێ دوانیان بچنە شاخ و یەکێکیان خەریکی ڕێکخستنی ناوەڕاست و خوارووی عیراق بێ و وەشاخ کەوتنی سەلمان گرینگە. بڕیار درا کوردۆ و سەلمان وەشاخ کەون و یەکەم کاریان ئەوە بێ دەست بە سەر ئەوەدا بگرن کە میرزا دایمەزراندووە و هەر ئەوەش بۆ بەرپەچدانەوەی لایەنی نەیار بە کار بهێندرێ. هەژاریش، لە ناوەوە دەمێنێ و پەیتا پەیتا خەڵک ڕێکدەخا و بەرەو شاخیان دەنێرێ جگە لەوەی کە هەر لە ناوەوە، هێزی کوتەک دادەمەزرێنێ و دەست دەوەشێنێ.

کە دوا بڕیار درا، سەلمان خەیاڵی فڕی: "بەڵێ لە ناوەوە!!... لەگەڵ دامودەزگای دەوڵەتدا ڕێک دەکەوێ تا دامودەزگای خودی دەوڵەت تێک بدا!. هاکە زانیت قەوما و لە هەموو جێیەکەوە تەقییەوە!!... پاس بە عاسماندا چوو!، ئاو ژەهراوی کرا!، بازاڕی دوژمن پڕ کرا لە حەشیشە و دەرماناتی لاوسڕکەری کۆمەڵتێکدەر و سەد بابەتە قومار و سەد بابەتە نەخۆشی جنسیی بڵاو کرانەوە و فەسادیی گەیشتە میحرابی مزگەوتەکانیش!. ئەفسەرە خانەنشینە کوردکوژە لێکەوتووەکان، یەکە یەکە لەناو بران!... زەعیم سدیق، عەقید خەلیل، تەبەقچەلی، شەکرچی، سقەللی، و سەدانی وەک ئەوانە، گۆشاوگۆش سەربڕان و منداڵ و وەچەشیان قڕ کران!. ترس، وەک هەوری ڕەش بەری عاسمانی وڵات و پایتەختی گرت!، کارگەکان تێکوپێک دران!، فڕۆکە فڕێندران و هەر بە حەواوە تەقێندرانەوە!، هەموو وڵات، لە ناو ترس و سامێکی کوشندەدا کە کەس بە تەمای خۆی نەبێ، بە جارێ بەنج بوو و هەرەسی هێنا! ئەی ئەوسا ئێمە چی دەکەین؟! ئاڵای وڵاتی سەربەخۆ هەڵدەکەین؟! نا... نە کاکی گەورە ئاڵا و کاری وای قەبووڵە نە کاکە هەژار ئەنجامیان دەدا. ئەرکی سەرەکیمان هیچ یەکێ لەوانە نییە! ئەرکی ئێمە ئەوەیە ڕێ نەدەین کەسی دی ئەو بەتاڵاییە پڕ کاتەوە کە هەیە. چ

ژێرکاسەیەک وا لە بنی ئەم سەرکاسەیەدا؟!. من دەچمە شاخ بەڵام ئەنجام چییە؟ دووبارەکردنەوە؟!. ڕۆژەکەی بۆ دەسپێکردنەوە لەبارە... ڕەوپێکردنی خەڵک و ڕووخاندنی گوندەکان و ئیعدامکردنی خەڵکیش هەوڵن بۆ سەرگرتنی ئەم کارەی ئێمە. لە هەمان کاتدا، نێوانی ئەم دەوڵەتە و دوژمنە ئایدۆلۆژیەکەی - کە خزمانە - لەوپەڕی نالەباریدایە و پشتمان دەگرێ. نابێ شاخەکان بێ چەک بن... بۆ دەوڵەت نابێ و بۆ ئێمەش نابێ. جارێ ئەم کاک هەژارە بێ فەرەنجییەش، زەرەری بۆ من نابێ. چوونم بۆ شاخ، ڕزقی ئەوی تێدایە و ئەو پێی گەورە دەبێ. دە کەس بەرەو لای من دەنێرێ و دوان بەرەو ئیعدام. بەڵام نا... ناگاتە ئەو ڕۆژەی خەڵکم بۆ بەرێ بخا... لێ ناگەڕێم بە من گەورە بێ. من سەری ئەو دەخۆم... من بەو دەژیم... من بەو گەورە دەبم..."

دەستیان بەرز کردەوە و بە خاک و بیروباوەڕ و شەرەفی چینایەتی و میللی و شەخسی، سوێندیان خوارد، یەکتریان دڵنیا کرد کە پشتی یەک بگرن و درێغی نەکەن... خیانەت لە یەکتر و لە ڕێبازەکە و کاکی گەورە نەکەن و نهێنی نەدرکێنن... هەرگیز لە گەڵ دوژمنی سەرەکیشدا پێک نەیەن.

## (٨)

میرزا، دوو کیسەڵی گرتبوون کە هەر یەکەیان پڕ بە هەردوو لەپی دەبوو. ڕادیۆیەکی ترانسستەری گچکەی لە سەر پشتی یەکێکیان بار کرد و قایمی کرد. لایتێکی یەک پیلیشی لە سەر پشتی ئەوی تریان قایم کرد و بە دیاریانەوە دانیشت و هەردوو باسکی لە چۆکی ئالاندن. کیسەڵەکان، هەوڵیان دەدا خۆ لەو پەتە ڕزگار بکەن کە پێی بەسترابوونەوە و خۆ لەو بار و بارودۆخە دەرباز بکەن کە تێی کەوتبوون... بێ هوودە قاچە کورتەکانیان بە کاوە خۆ دەبزواند و جاروبار زرێکانیان بەر یەک دەکەوتن و تەقەیەکی پڕ و بە ئاستەمیان لێ هەڵدەستا، هێندێ جاریش بۆنێکی کەسکوونیان لێ پەیدا

دەبوو. میرزا، خەیاڵ بردبوویەوە. لە دوای هەرەسەوە، بە تەنها وە کێوان کەوتبوو. هاودەم و هاوڕێی، کەرە بۆز و سەگە بۆرە بوون و بۆ خۆشی، سەرۆک و سەرکردەیان بوو. کەرەبۆز، باربەری بە حەوسەڵە و چاوساغی تاریکەشەوی ئەنگوستەچاوی میرزا بوو. کە بە تاریکەشەوان، لە ئەشکەوتێکەوە بەرەو ئەشکەوتێکی دی یا جێیەکی دی دەچوو، ڕێشمەی کەرەبۆزی شۆڕ دەکرد و لێی دڵنیا دەبوو. مەحاڵ بوو بە بێ کەرەبۆز لە ناو ئەو دارو بەرد و دەوەنانەی ئەو شاخە سەختانەدا، بە تاریکەشەوی ئەنگوستەچاو، ڕێ دەر بکا. سەگە بۆرەش، چاودێری دڵسۆز و دڕ و وریای میرزا بوو کە بە دەگمەن شەوان لە جێیەکدا ئۆقرەی دەگرت. میرزا لە کوێ بوایە، سەگە بۆرە بازنەیەکی فراوانی بە دەوریدا پێک دەهێنا و تا بەیانی دەخولایەوە و دەخولایەوە. سەگە بۆرە، ئەوەشی باش بوو کە وەڕینی یا هەر نەبوو یا نائاسایی دەوەڕی. ئەگەر حەپەی سەگی ئاسایی نیو چرکە بخایەنێ، حەپەی سەگە بۆرە یەک چرکە و نیو یا زیاتری دەخایاند. بەڵام لە لۆراندندا ڕەگەزی خۆی دۆزیبۆوە.

ئەو دەمەوئێوارەیە، میرزا سەگە بۆرەی بە دیار کەرەبۆزەوە، لە ئەشکەوتە هەرە عاسیەکەدا جێ هێشت تا ئەو پلانەی دەمێ بوو بیری لێ کردبۆوە و داینابوو، جێبەجێی بکا. میرزا، جاروبارێ بیری لە سەگەکە و کەرەکەی دەکردەوە و جاروبارێکیش ئەو هاوڕێیانەی بیر دەکەوتنەوە کە هەرەس پشتی چەماندن: "دەبێ ئێستا لە کوێ بن؟!. بۆیان هەیە لە هەر جێیەکی ئەم جیهانە بن ئێرە نەبێ. بۆیان هەیە لە مەیخانە بن، لە بەندیخانە بن، لە بیابان بن، لە بەغدا، تاران، واشنگتۆن، مەدرید، لەندەن بن... بەڵام لێرە نین. ئەی دەبێ ئێستا خەریکی چ بن؟!. خواردنەوە، قومار، قەعبەبازی یا لە ژێر تێلای جەللادەکاندا هاوار دەکەن و دەپاڕێنەوە و یەکتر بە دەمەوە دەدن. چەند بۆیان هەیە ڕابوێرن ئەوەندەش بۆیان هەیە پێیان ڕابوێردرێ و بناڵێنن و بگریەن و هەڵبواسرێن. ئەوەی من دەیکەم بەوان ناکرێ. ئەوان تەنها لە ناوچەی ڕزگارکراودا هەڵدەکەن و ناوچەیان پێ ڕزگار ناکرێ. من کە ناوچە ڕزگار

بکەم ئەوان دێن و دەبێ منیش بە دوای ناوچەیەکی تردا بگەڕێم تا ڕزگاری کەم. هەقەلی زۆری قسەی زل کرد. هەر لە ژێر هەرەسی قسەی خۆیدا ڕما و پڵیشایەوە. خۆزگە ئەو لێرە دەبوو. دڵم هەر ئەوی دەوێ لێرە بێ. ئای هەقەلی! چەند کوردێکی پاک بووی هێندە بێ ورە بووی و هێندەش بێ دەسەڵات بووی. چەند لێهاتوو بووی هێندە خەمسارد و ڕاڕا بووی!. دەبێ ئێستا ئەتو لە کوێ بیت و خەریکی چ بیت؟!".

میرزا لە کیسەڵەکان ڕاما کە بە خۆ و بە بارەوە، بۆ یەک چرکەش ئۆقرەیان نەدەگرت و لە هەوڵ و تەقەلای خۆدەربازکردن نەدەکەوتن. میرزا بە بزەوە سەیری دەکردن و بە دەنگی بیستراو کە بە خوتبە دەچوو، لە گەڵیاندا کەوتە قسان: ئێوەن قارەمانانی میللەت... ئێوەن ڕۆڵەی بەجەرگ و گیان لە سەر دەست کە چۆک بە دوژمن دادەدەن و دەیانبەزێنن... لێیاندەن ئەی کیسەڵە قارەمانەکان.... لێیان دەن بە ڕادیۆ... بە لایت... بە فس... ئێوەن ڕۆڵەی بەوەفای ئەم خاک و ئاو و هەوایە... ئێوە، هەرەس نەیترساندن. ئێوە، شەهیدی زیندوون و زۆر لەوانە قارەمانترن کە هەرەس زەندەقی بردن. زۆر لە جەبار و هەقەلی و سەعید و سەلمان و دەوروبەرەکانیان پیاوتر و ئازاتر و دڵسۆزترن... بژی شۆڕشی کیسەڵ... بژی ڕاپەڕینی کیسەڵ... بژی خێڵ و هۆز و ئاین و مەزهەب و حیزبی کیسەڵ... هەر بژی کیسەڵ...

میرزا بە کوڵ پێکەنی. سەری لێ کۆت کرد و دەستێکی بە سەرە گچکە تازە هەڵپاچراوەکەیدا هێنا و تەماشایەکی تری کیسەڵەکانی کردەوە. دوای تەوژمێکی پێکەنین، خەم دایگرت و باری جەستەی گران داهات. خەیاڵی بەرەو سەردەمی منداڵی فڕی: تەمەنی لە دەوروبەری دوازدە ساڵیدا بوو. دێڵەسەگێکی خوێڕی و بێ خاوەنی کەوی کردبوو و جاروبار کەرتە نانێکی تووڕ دەدایە بەردەمی. دێڵە سەگەکە، هەرکەسێکی ئەو گوندەی بدیبا بۆی دەکەوتە کلکە لەقە و زمانی بە لۆزیدا دەهێنا. بۆ میرزاش هەر وای دەکرد و ئەویش نانی دەدایێ و هەوڵی دەستەمۆکردنی دەدا. ئەو دێڵە سەگە بە هیچ کەسێکی گوندەکە نەدەوەڕی و لە دەست بچووکترین منداڵیش کلکی لە

ناولنگان دەنا و خۆی دەرباز دەکرد. کەچی غایەبانەیەکی بدیبا هار و شێت دەبو. ناندەری زۆر بوون و نەیدەناسینەوە. هەموو خەڵکی ئەو گوندەی بە ناندەر دەزانین و چاوەخواریان بوو. هەموو پەنادیوارێکی گوندەکەش کولانەی بوو و پاسی دەکرد. چاوەخواری غەواران نەبوو و بە دوژمنی گوند و کولانەی خۆی دادەنان بۆیە وا پەلاماری دەدان، خەڵکی گوند فریا نەکەوتبان ئازاری پێ دەگەیاندن. میرزا، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و زیاتری کەوی دەکرد و لێی نزیک دەبووەوە. لە ئەنجامدا، دەستەمۆی کرد و جار و بار، دەستی بە سەروملیدا دەهێنا. ئێوارەیەکی گەرمی هاوین، میرزا تۆپەوانەیەکی پەڕۆی لە نەوتدا خوساند و بە تەلێک، لە کلکی دێڵە سەگەکەی قایم کرد و شقارتەی لێ دا. سەگی گڕگرتو، بە ناو خەرمانەکاندا تێیتەقاند و هەر دەڕۆیی و ئاگری لە دوای خۆیەوە جێ دەهێشت تا گەیشتە گەنمی ئاغای گوند. لەوێش، بە ناو گەنمەکەدا بە پێچاو پێچ تا تینی تێدا بوو ڕای کرد و ئاگری لە دوای خۆیەوە جێ هێشت. ئەو هاوینە، نیوەی خەرمانی گوندەکە و هەموو ئەو پارچە گەنمەی ئاغا کە لە نزیکی گوندەکە بوو، بوون بە خۆڵەمێش و هیچیان لێ بە عەمایەت نەهات. هەر ئەو سەگە گڕدارە بووە هۆی ئەوەی ماڵی میرزا لەو گوندە بار کەن و سەری خۆیان هەڵگرن. میرزا بزەی هاتێ. تەماشایەکی کیسەڵەکانی کرد و لە بەر خۆیە گوتی: گای باری بە منداڵی!.

دنیا تاریک داهات. میرزا، بە خۆ و بە کیسەڵەکانەوە، بە پەنای تاوێرە بەردەکاندا هاتە خوارێ تا گەیشتە ئەو تەختانییەی بەرەو چەمەکە دەکشا و دوای دە دوازدە هەنگاو جادە قیرەکەی دەبڕی. لەوێشەوە تا دەم چەمەکە سەد مەتر پتر دەبوو. میرزا ڕادیۆکەی کردەوە و بە عاستەم دەنگی دایێ: "گوێگرە خۆشەویستەکان، ئێستاش ئێوە و حەسەن گەرمیانی و گۆرانی لانکێ". میرزا، هەموو دەنگی دایێ و دەستی بە دوگمەی لایتی سەر پشتی کیسەڵەکەی تردا نا و دایگیرساند. بەرەڵای کردن و بە پەلە تێیتەقاند. تا نەگەیشتەوە جێیە عاسییەکەی خۆی، نەوێستایەوە. هەر ڕای دەکرد و گوێی لە حەسەن گەرمیانی بوو: لانک دار ها وەللامەوە لانکێ...

لە جێیەکی قایمدا دانیشت. گوێی لە گۆرانییەکە بوو و شەوقی لایتەکەشی دەدی کە بەرەو چەمەکە تیشکی دەهاویشت. هێندەی زانی، لە ڕەبیعە و سەربازگاکەوە، ناوچەی کیسەڵەکان تۆپباران کرا. بوو بە ڕۆژی حەشر. بەڵام لایتەکە نەدەکوژایەوە و حەسەن گەرمیانیش جاروبارێ دەنگی دەبیستر ا. میرزا لە جێی خۆیەوە تەماشای دەکرد و وەک منداڵی بەختەوەر پێدەکەنی. پێی وا بوو ئەو گۆرانییە بۆ سەر پشتی کیسەڵ ناگونجێ... قەتار و ئەڵڵاوەیسی یا لاوک بۆ ڕەوتی کیسەڵ دەبێ. لانکێی حەسەن گەرمیانی بۆ سەر پشتی کەروێشک دەگونجێ. جاروبارێکیش بیری لە چارەنووسی کیسەڵەکان دەکردەوە: "دەبێ دەسگیریان بکەن یا شەهید بکرێن؟... گوناح و بەستەزمانن بەڵام مادام بە کەڵکی مرۆ دێن قەیدی نییە. با من زەرەری دوو کیسەڵم لێ بکەوێ!. ئەوان زەرەری دەیان گوللەتۆپ و هەزاران فیشەکیان لێ دەکەوێ... ئەمشەو تا بەیانی خەو ناچێتە چاویان. لە سێبەری خۆیان دەتۆقن. بروسکە بۆ سەربازخانە گەورەکان دەکەن و ڕەنگە بەغداش ئاگادار بکەنەوە. دوور نییە سبەینێ نامەی نارەزایی بدەنە باڵیۆزخانەی تارانێ و لە ئەنجامدا نێوانیان تێک چێتەوە!. ڕەنگە لای نەتەوەیەکگرتووەکان شکایەت لە ئێرانێ بکەن. چ قەوماوە؟!. وەڵڵا کاکە میرزا کیسەڵی تێ بەرداوون!. چش لە دوو کیسەڵی گیان لە سەردەستی من... دەبا بقەومێ حەهـ!".

چی دی دەنگی ڕادیۆکە نەدەبیسترا بەڵام لایتەکە هەر دیار بوو. دەتگوت کیسەڵەکە مێشیش مێوانی نییە. بە ناو ئەو ئاگربارانەدا، ڕاست بەرەو چەمەکە دەچوو و ڕووی لایتەکەش هەر لەوێ بوو و ئەملاو ئەولای دەکرد و دەتگوت بە دەستی کەسێکەوەیە لە دەرزی زێڕین دەگەڕێ. میرزا زۆر بەختەوەر بوو. بەو بەختەوەرییەوە، بە ناو دەوەن و تاوێرە بەردەکاندا، بە شاخەدا هەڵگەڕا و بەرەو ئەشکەوتەکە وەڕێ کەوت. دەنگی تۆپ و ڕەشاشیش هەر دەهات و دڵی ئەمیان خۆشتر دەکرد. میرزا بیری دەکردەوە: "کەروێشکی گردار بۆ گەرمێن چاکە. چی بێتە پێشی دەیسووتێنێ. دەکرێ هەموو جانەوەری دنیا بەکار بهێندرێ... پەلەوەریش بە کەڵک دێن... تەنانەت

چۆلەکەش پێی دەکرێ خانوو بسووتێنێ. هەوا و ئاویش دەکرێنە سەعاتی تەقینەوەی مین. پیاو مێشکی خۆی بە کار بێنێ و ترس کوێری نەکا و بە تەمای یارمەتی کەس نەبێ، هەموو شتێکی پێ دەکرێ. دڵم نایا سەگە بۆرە و کەرەبۆز بەکار بێنم دەنا مەفرەزەیکی پیاوانەیان لێ پێک دەهێنم. نابێ بەخۆشم شەهید بم نەبادا سەگەکەم و کەرەکەم هەتیم بن. خۆ هیچمان، نە من و نە سەگەکەم و نە کەرەکەم، تاقەتی ئاوەدانیمان نییە. کەرەبۆز بەرەڵا دەکەم کەچی هەر ئەو ئەشکەوتانە بە ماڵی خۆی دەزانێ و ڕوو لە گوندەکان ناکا. ئاوەدانی ببینێ گوێقوڵاغ دەبێ. سێ زیندەوەری کڵۆڵ یەکمان گرتووە و بە هۆی یەکەوە بەختەوەرین. کەسی ترمان لەگەڵدابێ ئەم بەختەوەرییەمان لێ تێک دەچێ. سەیرە کە ژیانی کێوێتیش بەختەوەری بۆ مرۆ تێدا بێ. ڕاهاتنە؟!. دەبێ مرۆ لە گەڵ بەزمی جەحەندمیشدا ڕا بێ... ڕەنگە جەحەندمیەکان دانیشن و نوکتە بگێڕنەوە، دامە بکەن و بە پێستی هەڵقرچاو و قژ و برژانگی هەڵکوڕوزاو و تلۆقی ناوچەوانی ئێکتر پێبکەنن. ئەگەر لێویان مابێ، دەشێ جڕتیش لێ بدەن. کوێخا لەتیف و بەکری کوڕی وەعدیان داوە بدەنە شاخ و لەم جەحەندم و کێوێتییەدا بەشداریم بکەن. ئەو دەمەی چ بکەم؟. دەبێ ئەو دەمەش خەڵوەتخانەیەک بۆ خۆم و دوو هاوڕێ دڵسۆزەکەم دابین بکەم کە ئەوان بەشداری تێدا نەکەن. دەشێ کوێخا خیانەتم لێ بکا بەڵان دوو هاوڕێکەم نا... خۆ ڕەنگە لەگەڵ ئەوانیشدا ڕابێم و وەک سەگەکەم و کەرەکەم ببنە هاوڕێی سەفەری کوچە و کۆڵان و کون و دەلاقەی ئەم جەحەندمە".

تۆپباران، وردە وردە کز بوو و دوایی بڕایەوە. دنیا کشومات بوو و میرزاش لە ئەشکەوتەکە نزیک دەبووەوە. مانگ، تازە هەڵهاتبوو و تیشکێکی کزی بە سەر شاخەکاندا دادەباراند و گیانی میرزای ئاسوودە دەکرد. میرزا، نمێ عارەقەی دەردابوو و بە هەنگاوی بەتین و خێرا، وەک ئەوەی منداڵەکانی چاوەڕوانی بن، بەرەو ئەشکەوتەکە دەچوو. هێشتا زۆری مابوو بیگاتێ، سەگە بۆرەی لێ پەیدا بوو. بە دەم نووزەنووز و وەڕین و هێندێ جاریش دەنگی وەک زەڕین و کلکەلەقێوە خۆی لێ دەسوو. وای دەنووزاندەوە، هێندەی

ئەدەما بێتە زمان و بە وشە هەستی خۆی دەربڕێ. پێیدا هەڵدەشاخا و بە عاستەم قەپی بە دەست و مەچەک و شانیدا دەکرد و خۆی تێ هەڵدەسوو. میرزا بە دەستیەوە ماندوو بوو و دانیشت. تاوێ یەکتریان هەڵشەپاند و یەکتریان بە زەویدا دا، ئەوسا میرزا تاوێکی دی دەستی بە سەر و ملیدا هێنا و سەری لە ئامێزی خۆی نا. ئیدی ئەو پەلەیەی جارانی نەما. سەری سەگە بۆرەی لە ئامێزدا بوو و خەیاڵی ڕۆیی و سەگە بۆرە وەک هەموو جارێک، باوک و دایک و کاکی و خەڵکی گوندەکەی خۆیانی بیر خستنەوە: "مرۆ بە بێ دەستی ناز نازێ. مرۆ پێویستی بەوەیە منداڵ سواری سەروملی بن و دۆست و برا خۆی لێ بسوون و دایک لاملی ماچ بکا و باوک جارێ بە سوعبەتەوە چەپۆکی پێدا بدا و جارێ دەستی لێ بداتە دار و لێی توورە بێ. پێویستی بەوەیە جارێ دایک خۆراکی بۆ دابنێ و جارێ خۆی پێڵاو بۆ بابی دانێ و ئەم لەو توورە بێ و ئەو لەو زوێر بێ و ئەم و ئەو ئاشت ببنەوە و لەوانەدا هەست بە بوونی خۆی بکا. کام تاشەبەردی شۆخ و شەنگ چاوی نازم لێ داگرێ و کامە دار لێم زوێر بێ و کام دەوەن ئاشتم کاتەوە و کامە بنچک لە سەر شان و ملم هەڵپەڕێ و تریقەی پێکەنینی بێ؟. کە تۆ تەنها بووی چۆن و بۆ کێ بوونی خۆت دەسەلمێنی؟. سەگە بۆرە!... سەگە بۆرە لە جێی هەموویانە!".

هەستایەوە و بە جووتە، بەرەو ئەشکەوتەکە وەڕێ کەوتن. سەگە بۆرە هێور ببۆوە و کڵوکۆی هەستی خۆی دامرکاندبۆوە و زمانی شۆڕ کردبوو. بەخۆشی، هەستی بە ئارامیی ناو ئاوەدانی دەکرد.

## ( ٩ )

ئێوارەیەکی تەپوتۆزاوی و سارد و گرژ و مۆنی تاریک، میرزا حوسێن بە دەم گورگە لۆقەوە، خۆی بە گوندەکەدا کرد. خاکی ئەو گوندە، وەک خۆڵەکەوە ڕەش بوو و ئەو ڕوناکاییەی هەلدەمژی کە بە ئاسمانی لای ڕۆژئاواوە، بە بن هەورەکانەوە سوور دەچووەوە. هەر کە گەیشت ، سەگ لە هەموو لاوە

شالاویان بۆ هێنا و ئەویش بە داردەستەکەی، لە پاسکردنیاندا بوو و هەنگاونانی بەرەو پێشەوەی مەحاڵ بوو. سەگی ئەو گوندە، سروشتی گورگیان هەبوو، دەوری زەلامیان دەگرت و لە هەموو لاوە پەلاماریان دەدا. یەکێکیان لێی دوور دەکەوتەوە و یەکێکی دی بۆی دەهات. فریا نەدەکەوت ئەویان دوور بخاتەوە، ئەوی تریان شالاوی بۆ دەهێنا. کەڵبەی گڕیان، ڕوناکایی هەورەکەیان دەدایەوە و وا سپی دەچوونەوە هەترەشی پیاویان دەبر. کەڵبەی سەگەکان، لە ناو تاریکایی ئەو دەمەوئێوارەیە و ئەو خاکە ڕەشەدا، ترسی مەرگی لە میرزای دەنا. سەگ، میرزایان تەواو سەغڵەت کرد و ترسی ئاشکرابوونیان لە بیر بردەوە. بە ناچاری هاواری لێ هەستا:

- ماڵە کێوخای... ماڵە کێوخای... فریام کەون سەگ خواردمی...

ترسی ئەوەی نەبوایە سەگ بە هیلاکی دەبەن، قەت ئەو هاوارەی نەدەکرد. سەری میرزای بێ کەس و بێ پشت و پەنا، پارەی چاکی دەکرد و لە زۆر لاوە تاقیبی دەکرا. هەر ئەوەش بوو وای لێ کردبوو بە ناچاری نەبێ ڕوو لە ئاوەدانی نەکا. نەیدەویست خۆی ئاشکرا بکا... بەڵام کەڵبەی سەگ، دوژمن و بێکەسیی و دەربەدەرییان بیر بردەوە و ئەو هاوارەیان لێ هەستان.

کوڕە گچکەی کوێخا لەتیف فریای کەوت و سەگی لێ دوور خستنەوە.

- ئەوە خۆتی کاک میرزا؟!... دەک ماڵت نەشێوێ!!... خۆ سحاتێ لەمەوبەر فەوجێ حەسکەر لێرە بوون! نەیانبینیوی؟!.

- نەء... ئەمن لەو دوندەی بە دووربینی سەیرم دەکردن. کە ئەوان بەرەو خوارێ شۆڕ بوونەوە، ئەمنیش بەرەو ئێرە شۆڕ بوومەوە. تێنووی هەواڵ بووم و وەعدیشم بە بابت دابوو. بە دەم هەناسە بڕکێوە ئەوەی گوت. هەناسەیەکی قووڵ و ئاسوودەی هەڵکێشا و لە سەری ڕۆیی: ئەرێ خۆ زۆری نەمابوو سەگ بمخوا... تەح لە سەگی ئەو گوندەی! ئەرێ بابت لە ماڵێیە؟!.

- بەڵێ لە ماڵێیە. ئەوڕۆکە لە کەرکووکێ گەڕایەوە.

- هەواڵی کاکت چ بوو؟!.

- بەری نادەن و نادەن. دەڵێی کلکی کەری قازیی بڕیوە.

دیوەخانی کوێخالەتیف، هەر زینەت بوو لێی دانیشی: سەرلەبەرید بە ڕایەخی نایابی ئێرانی داپۆشرابو. پاک و ڕوناک و فەراح و گەرموگوڕ. میرزا، کە بەرانبەر کوێخا ڕۆنیشتبوو، تازە سەر و ڕدێنی پاک تراشیبوون و جلوبەرگی خاوێن بوون و برسێتی نەبێ، هیچ سەغڵەتییەکی پێوە دیار نەبوو.

- میرزا حوسێن! میرزا حوسێن!... چاک گوێ بگرە!

کوێخا لەتیف ئەوەی گوت و قەندێکی لە زاری نا. فڕێکی لە چایەکە دا و لە گەڵ قوتدانیدا کەمێ چاوی نوقاندن. ئەوجا پیاڵەکەی دانایەوە و لە سەری ڕۆیی: ئەتوو سەلماندت کە پیاوێکی لە سەرەوەی هەموو پیاوان. هەموو خۆمان بە دەستەوە دا ئەتوو نەبێ. ئەگەر چ زەرەرێکی واش بەو حوکمەتەی ناگەیەنی بەڵانەکینێ ترست خستۆتە دڵیانەوە. ئەوا ئەمنیش بە خۆ و بە کوڕێکەوە، لە سەر وەعدی خۆن، دەکەوینە شانت. بە هەرسێکمان شتێکمان هەر پێ دەکرێ. دە ڕۆژان چاوەڕوانت بووین لە گەڵت بە شاخان کەوین. کە دیار نەبووی، گوتم با سەفەرێکی تری کەرکووکێ بکەم... هەوڵێ تەقەلایەکی تر بدەم. ئەوەشمان هیچ میرزا. ئەو کوڕەم یا دەبێ بە زۆر وەرگرمەوە یا دەبێ دەستی لێ بشۆم. خۆ منیش دەسبەرداری کوڕی خۆن نابم.

کە کوێخا لەتیف ئەوانەی دەگوت، ڕوخسارە سوورخنەکەی لە بەر تیشکی لۆکسەکەدا دەچروسکایەوە و چاوە کاڵەکانی بە جۆرێ لە ژێر برۆ پڕ و ماشوبرنجەکەیەوە گەش ببوون، میرزایان سەرسام دەکرد. هەموو جەستەی، هیممەت و هەڵمەتبردن بوو. دەتگوت تازە سەرەتای هەرزەکارییەتی.

- جا مامە کێوخا... ئەگەر دەکرێ ژیانێکی ئاسایی بە سەر بەری و بە نەوعێکی دی هەوڵ بۆ کوڕەکەت بدەی، بەم ئەختیارییە بۆچ خۆت تووش دەکەی؟. وا ئەمن چارەم نییە ئەدی ئەتو بۆ؟.

- میرزا میرزا!... بەخۆم نییە خیرەتم لێ ناگەڕێ کوڕم لە زیندانێ بێ و دەستەو ئەژنۆ دانیشم. یا بە تۆبزی پێیان بەر دەدەم یا یەک بە دە تۆڵەی دەستێنم. خۆ ئەمڕۆ بێ یا سبەی ئەمن هەر دەمرم... با بە نەخۆشی نەمرم و ئەو مەراقەم لە دڵدا بێ... با بە بێ مەراقێ بکوژرێم. وا چاکتر نییە میرزا؟!.

- چۆنت پێ چاکە ئەوەی چاکە مام کێوخا. چەندت بوێ، هێندەم چەک و تفاق لەو شاخانەی تەقەت کردووە. لە پێخەف و حاجەت هەر گەڕێ. ئەوەی گرینگە خۆراکە و ئەوەش بۆ ژیانی کولەمەرگی هەیتمان. هەموو ئەو هاوینە خەریکی زەرحات و مەرحاتێ بووم... دوو بنەفەردە هەر پەتاتەم هەنە.

- هەی لەمنت نەکەوی میرزا!. چما لە سەر خۆراک پەک دەکەوێ؟!. چەکیش چی بڵێی بە خۆم هەیتم. بەرماوە و میراتی شۆڕش خۆش بێ لە هیچ کەم نابێ.

لە گەڵ کەڵەشێری پیرەژن تۆراندا، بە سێقۆڵی دەرکەوتن و بەرەو دۆڵی لای دەستەڕاستی گوندەکە شۆڕ بوونەوە. میرزا، خەیاڵی هەر لای ئەو خواردنە نایابە بوو کە لە ماڵی کوێخا لەتیفدا خواردبووی. حەزی دەکرد ئەو ژەمە، تێرخواردن هەر لە بنیی نەبوایە. بیری لە دیمەنی سفرەکە و بۆنی خواردنەکە دەکردەوە: مریشکی سوورکراوە، برنجەگردەی دەنک گەورە کە بە ڕۆنی خۆماڵی لێ نرابوو و بۆنوبەرامەی تێکەڵاوی بۆنەکانی تر دەبوو و ئاوی دەزایاندە زاری. شلەیەک کە گۆشتی لە بامیە و تەماتە پتر بوو و توێژاڵێ چەوریی سووری بریقەداری بە سەرەوە بوو. نانی تەنکی تەڕکراو کە لە هێندێ لاوە سوور ببوونەوە و هەق وا بوو ناویان نانی گوڵدار بێ. سێ بابەتە مەڕەبا: هەنجیر و قەیسی و سێو. هەنجیر، بە ساغی لە ناو شیلەیەکی ڕەنگ هەنگوینیی ئاماڵ سووری خەستوخۆڵدا نقوم ببوون. جاروباریش، مەچەکێکی گۆشتنی ژنانە کە بە سەریانەوە دەردەکەوت و خوانەکەی ڕێک دەخست، ڕەونەقی خوان و خواردنەکەی زیاد دەکرد و بۆنێکی ژنانەش لەگەڵ بۆنەکانی تردا، ڕەشبەڵەکی بۆنیان دادەمەزراند. ئەوەی بە دڵی نەبوو و دەمی بۆ نەبرد ئەو تەڕەیە بوو کە لە قەراغ خوانەکەدا دانرابوو. میرزا بە خۆی، لەو کێوانە، هەرچی بڕوێ ڕواندبووی و پێی دەکرا بە مانگ، هەر بەوانەی خۆی بژی. بەڵام ئەوەی ئەو ئێوارەیە لە ماڵی کوێخادا دیتی و خواردی، دەمێ بوو خەونیشی پێوە نەدیبوو.

- میرزا میرزا... ئەتوش وەکی بەکری کوڕی منی. ڕازیت؟!.

ـ به شانازییه‌وه مام كێوخا... به شانازییه‌وه. ئه‌من كوڕی گوێ له مشت و ئه‌تووباب. پشتی یه‌ک ده‌گرین تا خوداش پشتیوانمان بێ. ده‌زانم به‌ینێكی دی خه‌ڵكی تریش ڕوو ده‌كه‌نه شاخ... ئه‌وه‌ی ئه‌و حكومه‌ته‌ی ده‌یكا هی كڕبوون نییه نا. خه‌ڵک به ناچاری ده‌ده‌نه شاخ و ئه‌وسا ئه‌ركی ئێمه‌ش هێند گران نابێ. هه‌ر ئه‌و زستانه خۆ بگرین به‌سمانه.

میرزا حوسێن، كه كوێخای به باوكی خۆی به‌و گوته‌یه قه‌بووڵ كرد، ئازارێک به دڵیدا هات و بیری له مه‌چه‌كی دیار خوانه‌كه كرده‌وه‌وه: "خۆ سه‌رم هه‌ڵنه‌بڕی له خاوه‌نی ئه‌و مه‌چه‌كه ڕامێنم... خۆ تا ئێستا، ژنه‌كه‌ی كوێخا نه‌بێ كه له دایكم پیرتره و بۆم بۆته دایكێكی تر، ئافره‌تی ئه‌و ماڵه‌م نه‌دیوه. نه كچی نه بووكی... من وه‌ک كێوی ده‌ژیم و بۆنی ئه‌و ئافره‌ته كارم تێ بكا و دیمه‌نی مه‌چه‌كی به دیار ئه‌و نمه‌كه‌وه كه له ماڵی كوێخادا كردم بموروژێنێ نابێته داوێنپیسی و نمه‌كحه‌رامی. كه‌ی به ئانقه‌ست به دوایدا بگه‌ڕێم ئه‌و حه‌له هه‌قه خۆم سه‌رزه‌نشت بكه‌م. چبكه‌م خوا ئه‌و هه‌وه‌سه‌ی تێدا دروستكردووم و له هه‌موو ئافره‌تی دنیاش دابڕاوم؟ چبكه‌م ده‌مار به ده‌ماری جه‌سته‌م، وه‌ک چۆن زگم به برسێتی هاوار بۆ خواردن ده‌كا، هاوار بۆ یه‌ک مه‌چه‌كی ئه‌و ئافره‌ته بكا؟. ئێ خۆ هێزێكیش هه‌یه لێناگه‌ڕێ چاو هه‌ڵبڕم... له به‌ر چی حسێب بۆ ئه‌وه‌یان نه‌كه‌م؟!".

ئه‌و شه‌وه پایزه تاریک و سارده، یه‌كه‌م مه‌فره‌زه‌ی لێ پێک هات. مه‌فره‌زه‌یه‌كی سێ كه‌سیی، به ناو ڕه‌شایی و هه‌وای ساردی ئه‌و شه‌وه‌دا به‌ره‌و ناو دۆڵه‌كه داگه‌ڕا و زۆری نه‌برد به هه‌ورازه قووچ و درێژه‌كه‌ی ئه‌وبه‌ریشدا هه‌ڵگه‌ڕا. ئه‌وان وه‌ک مه‌قه‌ست شه‌وگار و تاریكایی شه‌و و ڕێگایان شه‌ق ده‌كرد و وشكه‌سه‌رمای پایزیش هه‌ر وه‌ک مه‌قه‌ست لووت و ده‌ستوپلی ئه‌وانی شه‌ق ده‌كرد. گابه‌ردی پاڵ شاخه‌كه، هاوكاریی دره‌خته‌كانیان ده‌كرد و هه‌زار پێچیان به ڕێی نادیاری مه‌فره‌زه‌كه ده‌كرد و ڕێگاكه‌یان دوورتر ده‌كرده‌وه. میرزا كه خۆی به شاره‌زا و خانه‌خوێی كوێخا و به‌كر ده‌زانی، تا له ئه‌شكه‌وته‌كه نزیكتر ده‌بۆوه، هه‌نگاوی گورجتری ده‌نا.

ماڵی ئەو، هەموو ئەو شاخوداخانە بوو بەڵام ئەو ئەشکەوتە و چەند ئەشکەوتێکی تری وەک ئەوە کە بۆ خۆی ڕێکی خستبوون، جێی حەوانەوە و پشوودان و ڕامان و دەست بە خۆدا هێنانی بوون...

لە گەڵ گزنگی بەیاندا، مەفرەزەکە گەیشتە بەردەمی ئەشکەوتەکە: زارکی، بە بەرد هەڵچندرابوو و کلۆری نێوان بەردەکان بە گڵ پڕ کرابوونەوە و پەتوویەکیش بەو جێیەدا دادرابوو کە لێیەوە وەژوور دەکەوتن. لە هێندێ جێوە، جێی دوکەڵ بە سەرەوەی ئەشکەوتەکەوە دیار بوو و بەڵگەی ئاوەدانی دیاردەخست و هیوای حەوانەوەی پێ دەبەخشین.

- میرز ا، ئەوە ئەتو ئەشکەوتە شوانەت کردۆتە ماڵ؟!.

- ئەشکەوتە شوانە؟!.

- ئەمە، لەم ناوچەیەدا وا ناوی دەرچووە. ئەشکەوتە شوانە، ئەشکەوتێکی پیرۆزە. داستانێکی زۆر خۆشی هەیە.

- داستانی چرا. بەکر بە دەنگێکی نەوی ئەوەی گوت و ناوچەوانی سڕی.

- ئا... داستانی چرا. کوێخا لەتیف ناوەکەی دوپات کردەوە و لەگەڵ بەژوورکەوتندا سەری نەوی کرد و کەوتە گێڕانەوە: شوانێک، لە زەمانی ئیبنی ئادەمدا حەز لە کیژی ئاغای ئەو گوندانەی ئەوبەرەوە دەکا.

میرزا چراکەی پێ کرد و پەتووی دەم ئەشکەوتەکەی دادایەوە و بەردێکی خستە سەر چمکی خوارەوەی. دوو پەتووی تریشی بەرەو لای کوێخا ڕاماڵین و بۆی ڕاخستن و " ئێ؟!"یەکی درێژی بۆ کرد.

- خوازبێنی دەکا بەڵان ئاغا سیکتری دەکا. جارێ، دوو، سێ، فایدەی نابێ و شوانە هەر واز ناهێنێ. پیاوانی ئاغا دەچنە کنی و پێی دەڵێن: ئاغامان سەلامەت بێ، با مەرجێکی وا بۆ ئەو شوانەوێڵەیە دانێین پێی نەوەستێ.

- ئێ؟!.

- سەرت نەهێشێنم... مەرجی ئەوەی بۆ دادەنێن کە شەوێکی سایەقەی چلەی زستانێ بێتە ئێرە و لە خۆرئاواوە تا خۆرهەڵات بە ڕووتوقووتی لە بەر زارکی ئەم شکەوتە بێ. نابێ ئاگر و چرا و شتی وای هەبێ. بە خۆشت

دەزانی ئەم ئەشکەوتە جێیەکەی نسار و ساردە.

- ئێ؟!.

- کوڕەم کوڕ، مەرجەکە قەبووڵ دەکا و شەوێکی سایقەی مانگەشەوی سارد، لەگەڵ ڕۆژئاوادا، بە ڕووتی لە زارکی ئەم ئەشکەوتە دادەنیشێ و تا بەیانی شۆقەی ددانی دێ.

- بەیانی، بە خۆی و بە شایەدەکانەوە دەچتە کن ئاغا. بەکر ئەمەیانی گوت و کوێخا لێی وەرگرتەوە:

- پیرەژنێکی سەرئاسنینیش دێتە کن ئاغا و پێی دەڵێ: ئاغامان سەلامەت بێ، ئەمن بە چاوی خۆ ئەوشۆ داکی ئەو شوانەم دی، بە چرایەکەوە لە سەر دوندی ئەو شاخەی ئەوبەری ئەشکەوتەکە وێستابوو تا لەوێوە بە ئاگری چرای دەستی، کوڕەکەی گەرم کاتەوە.

میرزا، ئاگرێکی خۆشی کردبۆوە و کتریە ئاوەکەی خستبووە سەری. جارێ لە کتری و تەڵاشە دارە گڕگرتوەکان ڕادەما، جارێ لە کوێخا.

- ئاغا تووڕە دەبێ و ئەمر دەکا: بیبەنە ئەشکەوتەکە و بە ڕووتی بیبەستنەوە و لەوێی جێ بێڵن تا دەمرێ. ئێدی ئەو کاتەی ئەو لێرە دەمرێ، کیژی ئاغاش لە گوندەکە، دەرسحات گیانی دەردەچێ.

بەکر سەری قسانی لە بابی وەرگرت و گوتی: ئەو دەمەی ئەوان دەمرن، نوورێکی ڕووناکی وەکی کۆڵکەزێڕینە، بەو زستانەی، لەم ئەشکەوتەوە هەڵدەستێ و کەمەیەک پێک دەهێنێ... سەرێکی کەمەکە لێرە دەبێ سەرەکەی تری لە ناو گوندەکە.

کوێخا گوتی: ئەوەیە داستانی ئەم ئەشکەوتەی.

- بە ڕاستی داستانێکی خۆشە... بەڵانەکینێ تازە ئەشکەوتەکە ئی منە و ناوی دەنێم ئەشکەوتی میرزای.

- شتی وا نابێ میرزا... ئەوە نە هەقی تۆیە و نە ئی من. ناوەکە خەڵک دایانناوە و نابێ بگۆڕدرێ. کوێخا ئەوەی کەمێ بە گرژیی گوت. دیاربوو گۆڕینی ناوەکەی پێ کارێکی حەرام و نەکردە بوو.

بە دیار ئاگرەکەوە وەنەوزیان دەدا. کوێخا، پەتوویەکی بەخۆدا دا و ئەوەندەی بلێی یەک و دوو پرخەی لێ بەرز بووەوە. بەکر چاوێکی لە میرزا کرد و بزەی هاتێ. گوتی: ئەگەر خودا ڕەحم لە دڵی کێچ بنێ و وازم لێ بێنن ئەمنیش دەخەوم. بەڵام باوەڕ ناکەم... کێچ و ڕەحمی خودایان کەی گوتووە؟. ماڵی کێچ برمێ... چ دوژمنێکی بەدە.

کتریەکە گیزەگیزی دەهات. جێی کوێخا و بەکر و میرزا، سێکوچکەیەکیان بە دەوری ئاگرەکەدا پێک هێنابوو. هەرسێکیان خەوتن.. خەوێکی قوڵ و گەرموگوڕی بێ خەوبینین. کە وەئاگا هاتنەوە، خۆر لە شاخەکەی بەرانبەریانی دەدا و ڕوناکایی لە پەتووی دەم ئەشکەوتەکەوە دیار بوو. دەمەدەمی نیوەڕۆ بوو...

ئاگرێکی تریان کردەوە. چایەکەیان دەمی کێشا. ژاژی و پەنیر و نانیان دانان و یەکەم ژەمە خواردنی مەفرەزەییان پێکەوە خوارد. کە کوێخا لە دەوروبەر و کون و کەلەبەری ناو ئەشکەوتەکە ڕاما، سەرسام بوو: کۆمەڵە پەتاتەیەک لە جێیەک گرد کرابوو و بە لاشیەوە، هێندێ ئارد و ساوەر. بە بنمیچە خوار وخێچکەوە، بامیە و باینجان و تەماتە بە تەنافەوە کرابوون و وشک ببوون. بە لای دەستەچەپی دەرگاکەشەوە، پەڕی پەستراوی پەلەوەر، لە ژێر تاوێرێکی تەنکدا کۆمەڵ کرابوو و هێندێ کەوڵیش بە لایدا هەڵواسرابوون. لە کەلەبەرێکی تەنگەبەردا، تفەنگ و فیشەک بە گورزە بە دیواری ئەشکەوتەکەوە هەڵپەساردرابوون. قودووی ڕەشهەڵگەڕاو و مەنجەڵی قوپاو، لە لایەکی ترەوە سەرەوەنخون کرابوون. میرزا، ماڵێکی تەواوی لەو ئەشکەوتەدا ساز کردبوو. کوێخا، بە سەرسوڕمانەوە لە میرزا ڕاما: بە خوا باوکم خەمی خۆتت خواردووە. من وا ئێستا ئەوانە دەبینم. هەموو شتێکت هەیە بۆیە مانگی جارێکیش ڕوو لە ئاوەدانی ناکەی.

- سێ ئەشکەوتی تری وەکی ئەمەشم ئاوەدان کردوونەتەوە. ئەمەیان نزیک بوو بۆیە ئەو شەو بۆی هاتین. لە زۆر جێی بەرخۆر و گونجاودا، زەرحاتم کردووە و هەرچی بلێی چاندوومە. گرینگی زۆرم بە پەتاتەی داوە. مام کێوخا

پیاو ناچار بێ، پەتاتە جێی نانی بۆ دەگرێ. ئێوە وەک گوندییەکانی ئێمەی لێ نازانن. کارێکی وام کردووە، ئەگەر بمەوێ، دەتوانم بە ساڵیش ڕوو لە ئاوەدانی نەکەم. هەر چمان بوێ، ئەم خاکە وێمان دەدا بەو مەرجەی بیلاوێنین و بە دڵێی کەین.

- وایە... وەڵڵاهی وایە میرزا. ئەشهەدوو وایە...

- بە هەنگ ناوێرم مام کێوخا، دەنا هەنگوینیشم دەبو. ئەم ناوە کوورە هەنگی بێخاوەنی زۆری لێ هەن کە کەس کەڵکیان لێ نابینێ...

کوێخا بزمیەکی کرد و کەمێ لێی ڕاما. ئەوسا گوتی:

- پەروەردەکردنی هەنگ لە سەر من.

میرزا، دوای نیوەڕۆ، بەکر و بابی لەوێ جێ هێشتن و بەرەو هاوڕێ دڵسۆزەکانی وەڕێ کەوت.

## ( ١٠ )

بەینێ بوو هەواڵی بەرپابوونەوەی شۆڕش بڵاو ببۆوە و ڕوناکایی کەوتبوە سیمای هەموو پڵیشاوەکانی ژێر هەرەسەوە. بێ ئەوەی خەڵک بزانن ئەوانەی بەرپایان کردووە، کێن و چین و سەر بە کامە لایەن و دەستە و کۆمەڵن و چەندن، دڵیان بۆیان لێی دەدا: گرینگ ئەوەیە شتێ هەبێ... هەر چییەک بێ و هەر چۆنێ بێ باشە... خراپیش بێ هەر باشە. هەر لایەنێک لە ژێر دار و بەردی هەرەسدا ڕاستمان کاتەوە و ترس لە دڵی ئێمە دەرکا و بیخاتە دڵی ئەم دامودەزگا دڕندەیەوە، خوا دەس بە باڵیەوە بگرێ. هەر شتێ هەبێ ئەم دڕندەیە بترسێنێ، لە مەلایەکەت پاکترە. ئەمە هەر دوژمن نییە... ئەمە غەزەبە... پەتایە... دڕندەی گۆشتخۆرە. ئەم دڕندە مرۆخۆرە، وا لە بەرەوە قرمان دەکا... ڕاماندەگوێزێ... گوندمان پێ چۆڵ دەکا و لێمان دەکوژێ و کەس نییە پێی بڵێ چ دەکەی و خەریکی چیت.

هەموو کەس دەیزانی مەفرەزەیەکی چەکدار، جاروبار دەست دەوەشێنێ و خۆی لە ناو دار و بەرد و دەوەنی شاخەکاندا قایم دەکاتەوە و تا ماوەیەکی دوور و درێژ ون دەبێ. هەر کەسە و بە چپە بە دۆست و کەسانی نزیکی خۆی ڕادەگەیاند:

"- کەلاکی بیست سەرباز، بە کەرکووکێدا، بەرەو خوار کرانەوە".

"- شۆڕش بەرپا بووە... ئەم جارەیان ڕوناکبیران فتیلەکەیان داگیرساندووە".

"- لەم ڕۆژانەدا، زیلێک و جێبێکیان سوتاندوە".

"- دوژمن، سێی کەسی لە گوندێکدا کوشتووە و گوندەکەشی سووتاندووە".

لە (چایخانەی کندی)ی بەغداشدا، ئەو هەواڵانە، وەک ئاگری ناو پەرێز، بە پەلە بڵاو دەبوونەوە. گەلێ جار، سەرچاوەی هەواڵەکان، سەلمان بوو کە بە چپە، بە یەکێکی نزیکی خۆی ڕایدەگایەند گوایە مەفرەزەیەک دوو سەربازیان کوشتووە. پاش یەک دوو ڕۆژ، هەواڵەکە بە خۆی دەگەیشتەوە و دوو سەربازەکە دەبوون بە بیست... بە سێی...

ئەو دوانیوەڕۆ ساردەی بەغدا کە سەلمان بە گەرمیی داوای لە کوردۆ کرد پاش چەند ڕۆژی دی ئەویش بەرەو شاخ بەڕێ کەوێ و هیوای سەرکەوتنی بۆ هەژاریش خواست و ماڵاوایی لێ کردن، چاخانەی کندی کەمێ چۆڵ بوو. تەقەی دۆمینە و ئەزنیف، وەک جاران سەریان کاس نەدەکرد. دیوارە چڵکنەکانی چایخانەکە بە ڕەنگی سپی ئاماڵ زەرد بۆیە کرابوون و ناو چاخانەکە لە جاران پاکتر و ڕوناکتر دیار بوو. کورسییەکان، جاران کە دەستیان بەر دەکەوت لە بەر چڵکنی بە دەستەوە دەنووسان، پاک و خاوێن کرابوونەوە. لە سەر شەقامەکە، ئۆتۆمبیلەکان بە چڕیی لە هاموشۆدا بوون و بایەکی توند هەڵیکردبوو و لە گەڵ ڕیزە ئۆتۆمبیلی ئەوبەرەوەڕا، بەرەوخوار دەبووەوە و کەرتە موقەبا و گەڵای داری ڕادەماڵی.

هێشتا سەلمان لە جامخانەی چاخانەکەوە، لە کوردۆ و هەژارەوە دیار بوو و لە شەقامەکە دەپەڕییەوە و بایەکە، چمکی چاکەتە قاوەییەکەی ڕادەوەشاند، پێنج شەش ئەفەندی کەتە و ڕەشتاڵە، کە هەموو قاتی ڕەشیان لە بەردا بوو و

لە ژێر چاکەتەوە دەمانچەیان پێ بوو، بەژوور کەوتن و کوردۆ و هەژاریان ڕاپێچ کرد. هەر یەکەیان لە ئۆتۆمبیلێکدا، بە شەقامی (ئەلجمهوریە)دا، ڕووەو بایەکە، سەرەو ژوور کرانەوە.

سەلمانیش دیار نەما... سەلمان، عەرد قووتی دا... عاسمان هەڵیلووشی... بوو بە دڵۆپە ئاوێک و کەوتە دەریاوە. سەلمان، کڵاوی سخریجنی لە سەر نا و بزر بوو!. دوای گرتنی کوردۆ و هەژار بە دوو ڕۆژ، دامودەزگای ئاسایشی بەغدا ومخۆ کەوتن. کون بە کون بە شوێن سەلماندا دەگەڕان: بارەکانی (ئەبو نەواس) دەگەڕان، ئوتێلەکانیان پەی دەکرد، ناو و وێنەیان بە نوختەی پشکنیندا دابەش کرد و تەنانەت ناو تانکی بەنزینی ئۆتۆمبیلەکانیش دەگەڕان. لە شارەکەی خۆشیدا، مەفرەزەی هێزی تایبەتی بە دوایدا دەگەڕا... ماڵەکەی خۆیان، ماڵە دراوسێ و ناسیاویان دەپشکنی: یەکێکی ترسناک هەڵاتووە و حکومەت شێواوە. بەرهەڵستکارێکی زۆر زل لە دەست ئاسایش دەرباز بووە و ڕای کردووە. ئەوەی بە دەستەوەی بدا، دوو هەزار دینار خەڵات دەکرێ.

لە هەموو کون و قوژبنێکی وڵاتدا، باس باسی سەلمان بوو. لە هیچ کوێ وەک چاخانەکەی حەمەڕەق و مەچکۆ و ئەحمەدئاغا بە گەرموگوڕیی باس نەدەکرا: ئەو ئۆتۆمبیلەی ئەویان پێ بردبوو، لە سەر سەد ئاژاوتویانە و ئەو خۆی هەڵداوە و دەرباز بووە. هەر بە دەمانچەی خۆیان، لە ناوەندی بەغدایێ، دووی لێ کوشتوون و یەکێکی بریندار کردووە و ڕای کردووە. لە ئاسایشی گشتیدا، پۆلیسێکی کوشتووە و جلەکانی لە بەر کردووە و ساڵدانە ساڵدانە، بە چاویلکەی ڕەشەوە هاتۆتە دەرێ و بۆی دەرچووە. بە دوو هاوڕێکەی گوتووە با هەڵێین کەچی ئەوان نەیانوێراوە... ئەوان ترساوون... کاکە ئەوەی کاک سەلمان کردوویەتی، کەس لە فلیمیشدا نەیدیوە. ئەمە... ئەم قارەمانە شتێ بۆ کورد نەکا دەبێ فاتیحا بۆ خۆمان بخوێنین... ئەمەیە کە دەرەقەتی دڕندەی وەک ئەم حکوومەتە دێ و کەسی تر!... تەونی شەڕی ناوخۆی لە بەغدایێ چنیوە و لە شاخیشەوە تێهەڵدەچێ... دەیرمێنێ... ئەم حکومەتە دڕندەیە دەڕمێنێ. ئەو لایەنەی کوڕی وای تێدا بێ، سەرکەوتنی مسۆگەرە... ئەو میللەتەی کوڕی وای

تێدا هەڵکەوێ لە نەمانەوە دوورە. خوایە سەر و یەک ڕۆژ لە تەمەنی هەمووومان کەم کەرەوە و بیانخەرە سەر تەمەنی ئەو کوڕە قارەمانە. خوایە بیپارێزی و لە وێنەشی زۆر کەی.

لە هەموو شارەکاندا، ڕۆژی چەند کەسێ بە سەلمان دەشوبهێندران و ناویان دەدرا. ئاسایشی شارەکەی خۆی، دوازدە کەسیان هەر لە بەر ئەوە گرتبوو کە یەکە و چاوێکیان کوێر بوو. دە دوانزە کەس هەر یەکە و بە چاوێکەوە لە ژووری بەڕێوەبەردا گرد ببوونەوە و ترسی ئەو جێیە سامناکەش ڕێی ئەوەی لێ نەدەگرتن بزە بۆ یەکدی بکەن. لای خەبەردەرەکان، هەموو یەک چاوێک سەلمان بوو و سەلمانیش دوو هەزار دینار بوو. تەمەنی گیراوەکان لە نێوان شازدە تا شەست ساڵ دەبوو. هێندێکیان زوو بەر دران و هێندێکی تریان دوای ئەشکەنجەیەکی لە ڕادە بەدەر، بە سەرو ملی شکاوەوە، بەرەڵا دەکران. سالە شێت، یەکەوڕاست، دوای دوو شەپازلە خۆی بە سەلمان لە قەڵەم دا و دوای هەموان، کە پێناسەی شێتیی لێ ئاشکرا بوو، ئەوجا بەر بوو. لە شارۆچکەیەکدا، دوو یەکچاو، هەر دوای کەمێ لێکۆڵینەوە، هەردوکیان بە تاوانی سەلمانبوون تیرباران کران.

چەند تاقیبی سەلمان دەکرا و خەڵکی لە بری دەگیران و ئازار دەدران، ئەوەندە و بگرە زیاتریش لە بەر چاوی خەڵکی پلیشاوەی ژێر هەرەس گەورە و پیرۆز دەبوو و دەبووە قارەمانێکی بێ هاوتا و هیوایەکی گەش. ئەوانەی کە دوێنێ یەک ڕۆژی ژیانی خۆیان دەخستە سەر ژیانی ئەو، کردیان بە ساڵ. سەلمان، کڵاوی سخریجنی لە سەر نابوو... ببوو بە دەنکە جۆیەک و چۆلەکە خواردبووی... ببووە هەڵم و بە بەر چاوی ئەو عالەمەوە، بە هەوادا چووبوو و بەرەو شاخەکان، وەک هەور کشابوو و کەسیش نەیدیبوو. سەلمان بوو بە داستان و کەوتە سەر زاری خەڵکی شار و گوندەکان. شاعیرەکان، لە شیعری خۆیاندا بە هەڵۆ ناویان دەبرد و چیرۆکنووسەکانیش، هەر یەکە و بە شێوەیەک ئاماژەی بۆ دەکرد و بە لێزانی و بلیمەتیی خۆیان لە سانسۆریان دەرباز دەکرد. سەلمان بووە سەرەباسی هەموو باسێ... بوو بە گۆرانی سەر

زاران: سەلمان، لە گەرووی نەهەنگدا چاوی هەتاو دەکاتەوە... سەلمان هەڵۆی چاوتیژە، چڕنۆک تیژە، باڵتیژە... تیژە... تیژە... سەلمان، دەسووتێنێ... دەڕووخێنێ... دەبرژێنێ... دەتۆقێنێ... دەفەوتێنێ...

## ( ١١ )

"هەموو گیانلەبەران یەک سەرچاوەیان هەیە؟!. ئەگەر وا بێ سروشتی گورگ و گوڵ بە شێوەیەک لە شێوەکان وێک دەچن. ئەمە عەقڵ دەیبڕێ؟. عەقڵی ساغ ئەمە قەبووڵ دەکا؟. بۆ نا؟. بۆ سەپاندنی تیۆری لەو بابەتە، دەبێ بگەڕێینەوە سەرەتای دروستبوونی گورگ و گوڵ. نێرە و مێیەی گورگ لە دوو جەستەی جیاوازدان و زوربەی گوڵ بە خۆیان، هەم نێرن هەم مێ. سپێرمی گورگی گەماڵ هێلکەی دەڵەگورگ دەکا بە پز. گوڵیش، گەردی بەشە نێرەکەی دەوەرێتە سەر بەشە مێیەکەی و دەیکا بە پز... واتە سەرەتای دروستبوونی بەر. گورگ لە سەر بەچکەی خۆی زگی دوژمن دەدڕێ و بنەگوڵیش چەکی بەرگریی خۆی هەیە: پەرژینی دڕک، ڕەنگ بۆ حەشاردان، تامی تاڵ و ناخۆش، شاردنەوەی بەری پێنەگەیشتوو بە گەڵا و بە ڕەنگ...

نێرە و مێیەی گورگ لە دوو جەستەی جیاوازدان. بەڵام سەردەمێ لە سەردەمەکان لە یەک جەستەدا بوون. ڕەنگە خوایەکی یۆنان لەتی کردبن. ڕەنگە دەستەی گورگانیش مەشێ و مەشیانەی خۆیان هەبووبن. تۆ بڵێی ئەوانیش لە هەناوی هەمان مەشێ و مەشیانەی مرۆ کەوتبنەوە؟!.

وڕینەیە. وڕینەی مەستییە؟. من چ کارم بە جیهانی زیندەوەران داوە؟. مەشێ و مەشیانەی ئێمە هەمان ئادەم و حەوای خەڵک بن یا نەبن - بە هەرحاڵ بۆ من - کەی جێی باسە؟. ئادەم باوکی بەشێکی مرۆ بێ یا هەموو مرۆڤ یا سەرجەمی زیندەوەران بە من چی؟. یەک ئادەم هەبووبێ یا هەزاران یا هەر لە بنیی نەبووبێ چی پێ دەگۆڕم؟. دۆزەخ لە ناخی زەویدا بێ یا لە

حەلحەلەی ئەو عاسمانە یا لە ناو سینگی خودی مرۆڤدا بێ و ناوی ویژدان یا هەستی تێکشکان و گرێکوێرەی دەروون بێ کەی باسە؟. من بەر پێی خۆم نەبینم چۆن هاوکیشەی بوونەوەرانم پێ لێک دەدرێتەوە؟. خونچە مەلۆتکە بێ و گوڵ کچی ڕەخسیو بێ و بەر، هەم ژنی بە تەمەن و گیان و جەستەی خۆی بێ، هەم جارێکی تریش پڕ بێ، چی لە کاری سیاسی ئەم هەرێمە دەگۆڕێ؟. بەڕاست: گوڵ بۆ خۆی جوان دەکا و کێ بە جوانی دەزانێ؟. هەر کاتێ من گوڵ بە جوان بزانم، بە هەست بەڕێوە دەچم نەک بە هۆش. چ کارم بە گوڵ داوە؟. ئەوە کاری هەنگ و پەپوولە و شاعیرە بڕیاری لە سەر بدەن. کاری من ئەوەیە درک بە مەترسییەکانی گورگ بکەم نەک جوانی گوڵ. گوڵ خۆی بۆ پەپوولە جوان دەکا و باوەش بۆ هەنگ دەکاتەوە و بانگیان دەکا: وەرن ئاوبارەم بمژن!. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەندە بەخشندە نییە بەلاش و حەلاش بە ئاوی جەستەی خۆی زیافەت بۆ پەپوولە و هەنگ بکا. ئەو، خۆشاوێ لە هەناوی خۆیدا ڕادەگرێ کە هەنگ و پەپوولە پێی دەژین بەڵام مەبەستی لەم کارەیدا ئەوەیە بێن و پۆدرەی نێرێتی خۆی بوەرێننە سەر میتکەی خۆی. واتە یارمەتی بەردەوامبوونی بدەن. لەو دەمەدا گوڵ کەلۆشی تێ دەکەوێ و دەکاتە ئەوپەڕی جوانێتی. لە بەر هەمان هۆ خۆی لە سەر چڵەکان دەنوێنێ ... خۆی پیشانی با و هەنگ و پەپوولە دەدا. عەجایەبە!. کەچی کە بە مرادی خۆی دەگا، پەڕەکانی دەوەرێن و جوانیی نامێنێ و بەرێکی تفت و تاڵ، کە پەرژینی دڕکی بە دەورەدا دروست دەبێ، دەخولقێ و خۆی حەشار دەدا. کە بەریش پێ دەگا، بە پێی پێداویستی، جارێکی تریش خۆی دەڕازێنێتەوە... بە دڵی دەوروبەری خۆی، خۆی دەنوێنێ تا بێن بیخۆن و گۆشتی لەناو چێ و تۆوە ڕەقەکانی نەرم بن و لە جێیەکی لەباردا دانرێن تا بڕوێن!!. کتێب و زاناکان وا دەڵێن و منیش قسەی ئەوان بۆ خۆم دەڵێمەوە. قسەی ڕاستی ئەوانم پێ چاکترە لە وڕێنەی خۆم. بەڵام بۆ؟. پیاو پێی دەکرێ لە کەریشەوە فێر بێ. پیاو پێی دەکرێ هەرچی خەڵکی ئەم هەرێمە بە چاکی دەزانن، بە خراپی بزانێ و عاقڵ بێ. واتە لە بێعەقڵەوە فێری عەقڵ بێ. ئەدی چی لەو عورف و عادەت و زنجیری

نەریت و جنۆکە و خێو و ئەو بەزمورەزمانە دەکەی کە ڕەگیان لە ناختدا داکوتاوە و لێت نابنەوە؟!. ها؟!. ها سەلمانە کوێر؟!. خەڵک بە دوو چاوەوە فیل نەبینن تۆ بەتەمای بە یەک چاوەوە ئەو فیلە بە کونی دەرزیدا ڕەت کەی؟. ها سەلمانەفەندی؟!. بەڵام ئەم خەڵکە دووچاوانە کەم دەبینن. ڕۆژی دەیان کەس دەبینم کەچی تاقە یەکێکیان نازانێ کە بە لای چەپدا دەڕوانم بێتاقەت دەبم و زیاتر سەرم با دەدەم لەوەی کە بە لای ڕاستەدا دەڕوانم. هەموو چاوساغەکان هەوڵی ئەوە دەدەن زۆرترین دەسەڵاتیان بە سەر سروشتدا بڕوا و من دەمەوێ دەسەڵاتم بەسەر خۆیاندا بڕوا و لە ڕێی ئەوانەوە سروشت مێ بکەم. من و هاوچەشنەکانم دەستەی گورگی مرۆڤین و ڕانەمەڕ بەڕێوە دەبەین و لە پێناوی خۆیاندا زەحمەت دەکێشین. ئەمانە مەڕ و بزن و بێ دەسەڵاتن کەچی کە بە گژی یەکدا دەچن کەڵبەی گورگیان لێ دەڕوێ و یەک هەڵدەدڕن. سروشتی ئەم چاوساغانە نە لە هی گوڵ دەچێ نە لە هی گورگ. ئەمانە بەچکەی خۆیان دەخۆن... بە لەزەتەوە دەیخۆن و بە دەم خواردنی بەچکەی خۆیانەوە ڕەحەت دەبن. ئەمانە یەکتر دەخۆن... ئەمانە خۆیان دەخۆن و دوای خۆیان دەبڕیننەوە و ئێمە لە سەر کەرایەتییان دەژێین.

وڕینەیە. وڕینەی سەرخۆشییە. ئستۆپی دەمم پساوە. یەکەم دیاردەی سەرخۆشبوونم - کە بە دەگمەن سەرخۆشیش دەبم - ئەوەیە جڵەوی خیاڵم لە دەست بەر دەبێ و هەرچی بە خەیاڵمدا دێ دەمم، بە دەنگی نەوی دەیڵێ. لە بەر خۆمەوە قسە دەکەم... جنێوی پیس بە دایکم... دایکی چی!... بە سۆزانیەکەی گەڕەک دەدەم: لە دار و دیواری گەڕەک دەنووسرا: (خ خ) چاک دەیدا، (خ خ) حیزە، (خ خ) دەیدەڵێنێ، گوێ زەوی بە قوربانی سمتێکی(خ خ) بێ. نەمدەزانی (خ خ) کێیە... تەنها من نەمدەزانی. هەموو کەس دەیانزانی. باوکیشم دەیزانی. بە ڕێکەوت، یەکێ نەیدەزانی من کوڕی ئەو دایکەم، گوتی: (خاتوون خان)ە سۆزانیەکەیە. کە قسەکەی کرد، وەمزانی تەزووی کارەبای هەزار ڤۆڵت بە جەستەمدا گەڕا. گێژ و هێڕ بووم. جا بێعەقڵی نەبێ بۆ دەبێ سەرسام بم؟. چما نەمدەزانی (خ خ) چ ماڵێکە؟. چاک دەمزانی. سەعات

یەکی شەو لە دەرگا دەدرا: خاتوون خان سەعات چەندە؟. ئەگەر باوکم لە ماڵەوە نەبایە گورج دەیگوت: وەختێتی، فەرموو.

سەرم دادەپۆشی و خۆم دەکردە نوستوو. نقەنق و مڵچەمڵچ و ئاخ و ئۆف لە ناو پێخەفەکەیەوە بە ئاشکرا بەرپا دەبوون. کرتەی پزووی دەرپێ دەهات. هەناسەی درێـژ، خشەی پارە، ماچێکی پێزانین و دەنگی پێڵاولەپێکردن و ئیدی ماڵەکە کش و مات دەبو. (خ خ)یش هەناسەیەکی درێژ درێژی هەڵدەکێشا و لە جووڵە دەکەوت. باوکیشم لە ماڵەوە بوایە دەیگوت: کاک فلان، سحات... سحات... توخوا ڕاوەستە دا بزانم... سحات یەکە. باوکیشم بڵمەیەکی دەکرد و کڕ دەبوو.

نقەنقی ناو پێخەفەکەی (خ خ)م لێ ببوو بەو هەوایەی کە پێی دەژیام. من (ئۆدیبۆس)ی ئەم هەرێمەم. هەرچەندە تۆزێ لێک دەچین بەڵام جیاوازیشمان زۆرە. ئەو، دوای کەتنەکە هەردوو چاوی خۆی دەرهێنان. من پێش کەتنەکە ـ کە نەشمکرد ـ چاوێکم کوێر ببوو. کەرەمرۆڤە چاوساغەکان چاوی ڕوحیان دەرهاتووە و دایکێ دەگێن کە لە هەموو دایکان پیرۆزترە و دایکی هەموو دایکەکانە بۆیە ئەوان لە ئۆدیبۆسەوە نزیکترن. من دەستدرێژیم نەکردە سەر دایکم بەڵکو کردمە سەر ئامێرێکی سێکس کە ناوی (خ خ) بوو و بۆ هەموو کەس دایدەماڵاند. هەر لە کۆرپەییمەوە لە گەڵ نقەنق و خشەخش و ئاخ و ئۆفیدا گەورە بووم تا بووم بە هەرزەکار و ناخم دەیویست بەشی منیشی تێدا بێ. خۆم کردە خەوتوو. باوکم لە ماڵەوە نەبوو. هەر چاوەڕێی یەکێکم دەکرد بێت و بپرسێ: خاتوون خان سەعات چەندە؟. کەس نەهات. هاروشێت بووم. نەهات... کەس نەهات تا لە گەڵ نقەنقەکانیاندا، منیش بە مرادی هەرزەکارانەی خۆم بگەم و خەو بمباتەوە. نەهات... کەس نەهات و من ئامادە بووم. پلەی مرۆڤایەتیم، لە گەڵ هەڵکشانی ئارەزوودا، بەرەو خوار سفر داکشا و بووم بە ئاژەڵ. ئەو کاتەش دەمزانی کە سەر و بەر دوژمنی بابەکوژەی یەکن. ئەمیان لە کاردا بێ، ئەوی تریان لە کار دەکەوێ... ئەویان لە کاردابێ ئەمیان پەکی دەکەوێ. ئەنیشتاین، زۆری گرنگیی بە ژن نەدەدا

چونکه هێزی خۆی دابووە سەری. (فەرهاد)یش بە هێزی بەری، کێوی بێستوونی سمی. فەرهاد و ئەنیشتاین، وەک یەک بەهێز بوون بەڵام هێزی ئەم لە سەریدا بوو و هی ئەو لە بەریدا... چارەنووس بڕیار دەدا ئەو هێزە بێ ئامانەی مرۆ، لە کوێیدا قەرار بگرێ. خۆ ڕەنگیشە نەوەی فەرهاد بە خۆی بچن. ئەو شەوە، ئەو هێزەی منیش کە جیهانێکی ژێر و ژوور دەکرد، لە سەرمدا چۆڕبڕ بوو و هەمووی لە بەرمدا کۆ بووەوە. ئەمدیوئەودیوم کرد و دەستم برد. زانیم زۆرم ماوە بیگەمێ. گوێم لە دەنگی پزوو بوو کە کرتەیەکی هێواشی لێوە هات. خشەی دەستی هات. خوراندی. دەمزانی کوێی دەخورێنێ.

خۆی، ئا ئا خۆی فێری کردم وەک ئامێری سێکس لێی بڕوانم و لام گرینگ نەبێ ڕۆژی سەد کەس سواری خۆی بکا. کوێی ماوە پیشانم نەدا؟. حورمەتی کوێی خۆی گرتووە؟. بە بەر چاومەوە بە ڕووتی دەسووڕایەوە. بەو منداڵییە دەمزانی جوانییەکەی دەگمەنە: قژی، سوورخن و درێژ و کەمێ بە پێچ. چاوی، گەش و درشت و بە بریقە. باڵای، کەڵەگەت و توندوتۆڵ کە کەمێ بە سەر باوکمدا دەشکایەوە. ڕوومەتی پەمەیی و لێوی ئاڵی خواکرد. وەک گوڵ بۆ هەنگ و پەپوولە، لە سەر چڵ دەشنایەوە.

باوەڕ ناکەم کەس هەبێ وەک من گوێی سووک بێ و وەک من بە دەنگ هەموو کەس و هەموو شتێ بناسێ. کە لە دەرگا دەدرا ـ هەمیشە بە پشتی پەنجە لە دەرگا دەدرا ـ دەمزانی کێیە. دەنگی پەنجەی ڕەق و بێ گۆشت جۆرێ بوو و هی گۆشتن جۆرێکی تر. دەنگی پەنجەی درێژ جۆرێ بوو، هی کورت جۆرێکی تر بوو. گەنجەکان بە ترس و شەرمەوە لە دەرگایان دەدا و گەورەکان بە بێ ترس و شەرم. خوێندەوار بە جۆرێ لە دەرگای دەدا و نەخوێندەوار جۆرێکی تر. خۆ من لەوەتەی هەم نەمتوانیوە بەرانبەر ژن، جگە لە (خ خ)، سەر هەڵبڕم. نەمدەویست چاوە کوێرەکەم پیشان بدەم. بە خشەی کراس و دەنگی هەنگاو و هەناسە ژنم دەناسین.

خرزەی خۆهەڵکراندن خورپەی لە دڵم هەستاند. خۆم مات کرد تا کرتەیەکی تر لە پزووەکەی هەستا و دەستی لابرد. بە هەناسەی دا زانیم نوست ئەمما

نوستن. به کاوەخۆ دەستم درێژ کرد و ڕێک لە ناولنگیم دانا. گەرمایيەک بە دەستم گەیشت. دەتگوت کەڵەشێرێکی قەڵەو لە ناو سینگمدا سەربڕدراوە و هەڵدەپلکێ. گرمە لە سینگمەوە دەهات. دڵم نۆرەی دەکرد. کەمێ بزوا. دەستی هێنا و بەر دەستم کەوت. بە پەشۆکاوی ڕاپەڕی. خۆم تێک نەدا و دەستم لا نەبرد. بە توندی دەستمی لابرد و جنێوە هەمیشەییە نەمرەکەی پێ دام: سەگەکوێری لە خوا حاسی!. وەک بنیادەمیش ناخەوێ!.

ورینەیە یا بە ڕاستی وابوو؟. ئەوە ڕووی دا و ژیانی لێ کردمە دۆزەخ یا خەونێ بوو و دیتم وپێم وایە ڕووی داوە؟!. من ئەو ڕووداوە لە خۆم پەنهان دەکەم و دەیشارمەوە و باوەڕ بە خۆم دەهێنم کە قەت شتی وا نەقەوماوە. کەچی هەموو جارێ لێم دەبێ بە پێشەکی سەرخۆشی و ئارەزووی خۆشوشتن و هێندێ جاریش خەیاڵی خۆکوشتنم بە سەردا دێنێ. دێتە خەوم و پەیتا پەیتا دەمکوتێ. بەڵام بۆ؟. (خ خ) حیزە و (خ خ) سمتی خڕە و (خ خ)ئامێری جنسە و تەواو. دەبێ (حیزە و خڕە و ئامێری جنسە) بە دەنگی بڵند بڵێم و هەموو کەس گوێی لێم بێ. دەبمە دیان و دەچمە کن قەشە و هەرچیم پێیە هەڵیدەهێنمەوە. هەموو شتێ دەڵێم. باشە کێ باسی ویژدان و خودا و پەیوەندی دایک و ئەولادی بۆ من کردووە تا خۆم بە تاوانکار بزانم؟. با کردوویانە. ئەو کەرەمرۆڤانەی وەک شێت تێکبەربوون و چنگیان لە خوێنی یەکتر و زەکەریان لە منداڵدانی گەورەترین دایک گیر کردووە، هەر باسی ئەو شتانە دەزانن. ئەوانە بۆم باس دەکەن. ئەوانە کە هەواڵی دایکی فیزیاوی خۆیان پێ دەگا، وەک کۆرپەی ساوا دەکەونە گڕوگاڵ: دایکم یاپراغی بۆ لێنام. دایکم کراسی خاکی بۆ هێنام. دایکم وا بۆنی کردم و وا لە ئامێزی گرتم. دایکم وا و دایکم وا. چۆنە منیش بۆیان باس بکەم : دا... (خ خ) وای دەدا و (خ خ) وا ئاخ و ئۆفی دەکرد و (خ خ) وا و وا ...؟. نابێ... بەردەباران دەکرێم!. نابێ... چاوە ساغەکەم دەردەهێنن!. نابێ. شاربەدەرم دەکەن!. تا سەریان هەڵدەگرێ گوویان خوارد!... حەددیان چییە لە ئاستی جەنابی کاک سەلمانی قارەماندا کرکەیان لێوە بێ؟!. سەریان دەنێمە ئەو جێیەی لێوە هاتوون...

من کوشتەی بارودۆخێکی تایبەتیم. کوشتەی دەستی دایکێکی سۆزانیم. ئەویش ـ واتە (خ خ)، کوشتەی بارودۆخێکی تایبەتیی بوو. بە شێوەیەک ڕسکا وای لێ بێ. هەر بۆ سۆزانێتی پەروەردە کراوە. کە باوکی ژنی دووەمی هێنا، ئەم سێزدە ساڵان بووە و تازە ڕەخسیوە. ئەو دایکەشی کە هەمیشە بۆنی پشقل و میزی مەڕ ومەشکەی بۆگەنی لێ هاتووە، بە هەوێباریی وەخۆ کەوتوە: خۆی جوان کردووە و زوو زوو کوڵ و کانی کردووە و بۆ نۆرەشەوی مێردی، کە جاران بە خەیاڵیدا نەهاتووە، دنیای خرا کردوە و شەڕ و بەزمی قەوماندووە. لەگەڵ ژنهێنانی باپیرمدا، بۆن کەوتۆتە ناو هەموو زیروحێکی ئەو ماڵە و هەر لە بارۆکەوە بگرە کە گارەگاری پێ کەوتووە تا دەگاتە مانگای لەڕ و ڕەق و تەق، بەکەڵ هاتووە. تەنانەت هێسترەکەشیان بەتەڵەب دێ. خەڵکی ئاوایی دەتۆقن: هێستر بزێ ئاخرزەمان هەڵدەستێ!. (خ خ) لەو بارودۆخەدا، دەبینێ: لە سەر خەوی باوکی شەڕ دەقەومێ. هەر شەوە و بۆ یەکێکیان!. هیچ شتێ گرینگێتی خەوی باخەڵی باوکی نییە. ئەو دایکەی کە تا دوێنێ بیری نەدەکەوتەوە ئاوێ بە سەروچاویدا بکا، وەک هێسترەکە هار بووە. باوەژنی بە نازوفیزیشی کە هێشتا بۆنوبەرامی بوکێنی بەری نەدابوو، بەیانیان نازی بە سەر زەویدا دەکرد. (خ خ)یش وەخۆ کەوت و وەک دەڵەسەگ بە با هات. بەڵێ بای بە با هاتنی ئەو ماڵە ئەویشی گرتەوە. چنگی لە یەکەم بنچک گیر کرد کە پێی گەیشت. شوانەکەی خۆیان، واتە باوکم، قۆستیەوە. ڕەدووی خست و بردی. ئەمە یەکەم پایەی لە ڕێ لادانی ( خ خ) بوو. لە دووەم پایەدا دەربەدەری خزاندی. ژنی منداڵکاری جوانکیلەی ڕەدووکەوتوو پێناسەی سۆزانێتی پێیە و سامی لێ ناکرێ و وەک دۆخێن شل باس دەکرێ چجای دەربەدەریش بێ کە خۆی لە خۆیدا دەرفەتێکی زل و نیشانێکی خۆشپێکە بۆ ژنبازان. لە یەکەم و دەیەم هەوڵی هەرزەکارانیشدا تێ نەکەوێ، هەر دەبێ تێ بکەوێ. تێکەوت. بوو بە شەمامەی دەستی هەرزەکاران و ئیدی ویستبێتیشی دەسبەردار بێ بۆی نەلواوە. بەڵێ (خ خ)ش وەکو من قوربانی بارودۆخە. ئەویش بێ تاوانە. کەرەمرۆڤیش بێتاوانن. هەموو مرۆ بێتاوانن. ئەگەر داد هەبێ دەبێ باوک و

دایکی تاوانبار سزا بدرێن نەک خودی تاوانبار. دەوروبەر و کۆمەڵگە سزا بدرێن نەک ئەوەی تاوان دەکا. دایکی من ژنێکی لە خواترس و بە ئابڕوو بوایە من ... ئا، جۆرێکی دی دەبووم. هەموو کەسێ بڕیاری ڕەفتاری خۆی بە سەردا دراوە. مەسەلە لە چارەنووسینە... چارەنووسە... هەڵکەوتە... ئەوانەی تاوانبار دادگایی دەکەن بە خۆشیان هەزار تاوانیان ئەنجام داوە. جوانی و شۆخ و شەنگی و ژنهێنانی باپیرم و شوانێتی باوکم و دەربەدەری، بوون بە هۆی ئەوەی(خ خ) بیدەڵێنێ و (خ خ) سۆزانی بێ. باوکم بێ ئەوەی عەقڵی پێدا بشکێ هەر شوانە بێدەسەڵاتەکەی ماڵە باوانی (خ خ)ی شۆخ و شەنگە و لە عاستیدا موو ناپسێنی. ئەویش هۆی خۆی هەیە. بەڵام بۆ خەجەی خوشکم کە لەو سۆزانیخانەیەشدا گەورە بوو ئەو کیژە سەربڵند و شەرەفمەندەی لێ دەرچوو کە کوڕ نەبوو زات بکا پێی بڵێ لەل؟. ئەو کەسایەتییەی چۆن لەو کەش و هەوایەدا، بەو جوانییەوە پێ پێک هێندرا؟!. پێم وایە ئەمەیان کاردانەوەی ڕەفتاری (خ خ) نەبێ هیچی تر نییە. بە مەردی گەورە بوو و بە مەردی خوێندی و بە مەردی هاوسەری خۆی، لە جێیەکی دوور پەیدا کرد. منیش ڕێگای (خەبات !)م هەڵبژارد و کرپارەکانی جەستەی (خ خ)ێش، هەر بە پشتی پەنجە لە دەرگا دەدەن. هەتا ئێستاش بێ سەعاتن و پرسیاری کات لە (خ خ) دەکەن. ئەو بارودۆخەی بۆ من ڕەخسا، بۆ هەر کەسێکی تر بڕەخسابا وەک منیش نەبوایە بە شێوەیەکی دی لای دەدا و ئاسایی نەدەبوو. ڕەنگە ئەو بارودۆخە من، (من)ێکی کوێر بکاتە داهێنەر لە... هەر نەبێ لە مەودای ململانێی مانەوەدا. زانا گەورەکانی هەموو جیهان دەردی من بۆ چاوە کوێرەکەم دەگێڕنەوە بەڵام سەڵا لە عەقڵیان!. هەرچەندە بە پێی پێداویستی مانەوەم بیانوو بۆ هەموو کردار و ڕەفتارێکی خۆم دەدۆزمەوە بەڵام لە هەموو زەریایەکی شەڕدا دورگەی خێر هەیە و لە هەموو زەریایەکی خێردا دورگەی شەڕ هەیە با ئەو دورگانە گچکەش بن. بە هەمان شێوە لە زەریای پەیوەندی پۆخڵی من و (خ خ)شدا دورگەی خاوێن هەیە... لە دورگەی سیاسەتەکەشمدا دورگەی خۆشەویستی ئەو وڵاتە هەیە کە

خەڵکەکەیم خۆش ناوێن و تۆڵەیان لێ دەکەمەوە و خۆی دەپەرستم. بەراورد دەکەم: بۆ دەبێ پەیوەندی-من و (خ خ) وەک پەیوەندی دایک و کوڕی ئەو دنیایە نەبێ؟. بۆ ئەوەی فریای دەروونی خۆم بکەوم دەڵێم: جا ئەگەر وا بوایە تۆش وەک ئەو خەڵکە دەبوویت و وەک هەڵکەوتوویەک دروست نەدەبووی. دەبوویتە بەرخە کۆرپە و گورگ دەیخواردیت. تۆش لە ناو ئەم مەرگەساتەدا وەک ئەوانە بێ پەنا دەبوویت و چنگیان لە گۆشتت گیر دەکرد. تۆش سکەی پاشگەزبونەوەت لە ناوجەرگەی دوژمنەوە ڕانەدەکێشا. تۆش وەک هاوڕێ نەفامەکانت دەخنکێندرایت و دەکرایتە دروشمی ئەم حیزب و ئەو حیزب. تۆش وەک دەیان کوڕی گەڕەکەکەت و شارەکەت دەبوویتە یەک نەفەری مەفرەزەیەک و بۆ کوشتنی گێلەکوردێک بە دەمانچەی بێ دەرزییەوە دەنێردرایتە شار و بە کوشت دەدرای. ئا ئەوەیە نهێنیەکە. من سەروەرم. سەروەری خەڵک و خەلقەندەکانی سەر زەوی و خودی زەویش. من خەڵک بە کوشت دەدەم و نابێ کەس هەبێ من بە کوشت بدا. بەڵام خاکەکەی خۆمم خۆش دەوێ. من کە پەیوەندی توند و تۆڵم بە موخابەراتەوە هەیە، کێ بە کوشت دەدەم؟. هەرە کەرەکان کە بە کەڵکی هیچ نایەن. تەنها سۆزن و ئەوەی پێی بڵێن هۆش نیانە. کەسێ کە لێکدانەوەی هەبێ و لە هیچ شتێ ڕازی نەبێ کە بە سەریدا سەپاوە، نایەڵم بە کوشت بچێ هەرچەندە ڕێگەشی نادەم هەڵکشێ و گەورە بێ. ئا ئەوەیە هیوای ئەو خاکەی کە بە هەموو کەرەمرۆڤەکان دەیگێن و بە دایکی خۆشیانی دەزانن. هەموویان چاوی دڵ و هۆشیان هەڵکەندراوە. من ڕازی نابم وا بم. هەموو کەروگاکان دەکەمە بەردەبازی ڕێی دوو زانای دەگمەن. من بە خۆم، با کوڕی (خ خ)ش بم، یەکێکم لەو دەگمەنانە بۆیە دەبێ ئەوان بۆ مانەوە و گەشەکردنی من بمرن. ئەوانە سۆزن و هیچی تر. داش بە داش لە گەڵ موخابەراتدا دەکەم: داشی گچکەیان دەدەمێ و داشی گەورەیان دەخۆم. کارێکی وا دەکەم مەفرەزەیەک (لە کوڕە ئازاکان) بچێ بۆڕییە نەوتێک بشکێنێ یابتەقێنێتەوە. نایەڵم کەس بزانێ کە پێی دەزانم و بە پلانی من کراوە. دوایی هەمان مەفرەزە بۆ کوشتنی ئەمنێکی خوێڕی دەنێرم بەڵام

ئاگاداریشی دەکەم کە وا هاتن. بەو مەفرەزەیە هەم نەوتەکە دەسووتێنم هەم دەستەگوڵ دەدەمە حکوومەت و چەند هەزار دیناریّ وەردەگرم کە دوایی مەفرەزەی تری پێ دادەمەزرێنم. وایە. هەر کەسێکی ئەو مەفرەزەیەش لەو داوە دەرباز بێ، دیارە زۆر ئازا و لێهاتووە. منیش دەیکەمە پارێزەر و چاودێری خۆم و بارەگاکەم. ئەوانەی نەیانویست وا بکەن وایان لێ کرا.

شاعیرێک کە دوای سۆزی خۆی دەکەوێ بە دڵ دەنووسێ نەک بە هۆش. ئەوە نەبوونی چاکترە بەڵام بۆ بەهێزکردنی من باشە. با بێنە دەرێ... با ئەو بابەتە بێن و بە شان و باهووی من و (من)ەکانی تردا هەڵبڵێن بێ ئەوەی بزانن من و زۆر لە (من)ەکانی تر دەستمان لە گەڵ ئەو دامودەزگایەدا هەیە کە لە دەستی هەڵاتوون. هاتوون سەری خۆیان ڕزگار بکەن کەچی دەڵێن هاتوین وڵات ڕزگار دەکەین!... درۆی شاخدار ئەوەیە!. بزانە سروشت چۆن ئاشی خۆی دەگێڕێ! هەموو بێکەڵکەکان بە دەوری مەرگدا دێن و دەچن!. ئەوانەش کە بە عەمەل دێن دەمێنن. ئێستا مەرگ لێرە بباریّ من دەمێنم. دەزانم دەمێنم چونکە منم سوپەرمان. منم کە دەتوانم هاوکێشە ئاڵۆزەکان شی بکەمەوە. منم کە کەرەمرۆڤ بە تیۆری ساکار و دوورەدەست و بێ ئەنجامی هەزار مەزەبەوە خەریک دەکەم . خۆم دەزانم سەر لە بەریان درۆن. زانستی بن، مەزەبیان لێ ناکەوێتەوە. ئایدۆلۆژیا، هەر کامێکیان دەڵێی بڵێ، چەند مەزەبێکی خوێناوی لێ کەوتوونەتەوە و کەرەمرۆ بە سۆز و خوێنی خۆیان گەرمی دەکەن. بچمە سەر تاوێرە بەردێک و هاوار بکەم: خەڵکینە من کوڕی قەحبە و دایکخۆگێم، هەموو حیزحیز پێدەکەنن و دەڵێن: بەخوا کاک سەلمان قسەی خۆشە، منیش ئا ئاوها، یەک یەک نا، مەفرەزە مەفرەزە ملیان بە فتکردن دەدەم. داشبەداشیان پێ دەکەم. لەم کارەی مندا ویژدان جێی نابێتەوە. هەر کە ویژدان وەئاگا هات هەموو ڕیسەکە دەبێتەوە خوری و دەبێ بە ژیانی ئاسایی قەناعەت کەم کە نایکەم. باشە بۆ قەناعەت ناکەم؟. دەزانم ... ئەوەش دەزانم... نابێ هیچ شتێ لە من شاردراوە بێ. لە ناخەوەڕا دەمەوێ دایکحیزیی سەروەریی بێ. دەمەوێ هەموان وەک گیسکە نێر لە دایکی خۆیان

بپەڕن. ئەگەر بزانم یەکێ پەیوەندییەکەی بە دایکی خۆیەوە وەک پەیوەندی من و (خ خ)یە، لە گەڵ ئەو عالەمەدا بەردەبارانی دەکەم. کێ دەڵێ لە ناو ئەو عالەمە بەرد بە دەستانەدا دەیان سەلمانە کوێر خۆیان مات نەداوە؟. بە هەرحاڵ، ئەوە دەرمانمە. عیلاجی دەردمە. ئازارشکێنە. دەی باشە من تۆڵەی چی دەکەمەوە؟. من بۆ وام؟... نا من ئاساییم. خەڵک بە خۆیان پێویستییان بەوە هەیە قۆڵیان ببڕدرێ و زەلیل بکرێن و بەکوشت بدرێن. نەک خۆیان بەڵکو سروشت وای دەوێ. وا نەبێ مرۆ بەرەو خودایەتی ناچێ و لە ئەنجامدا هەرە چاکەکانی نامێنن. دەبێ هەر وابێ. موخابەرات ژیرن و ئەوپەڕی دەسەڵاتیان هەیە. زانییان من چ توانایەکم تێدا هەیە بۆیە ڕێی گەورەبوونیان بۆ خۆش کردم. لە ڕێی دەزگای ڕاگەیاندنەوە جنێوبارانیان دەکردم و پارەیان بۆ گرتنم تەرخان دەکرد تا خەڵک بە قارەمان و دڵسۆزی خۆیانم بزانن. دوایی هەزاران دیناریان بۆ دەناردم. بەو دوو ئامێرە سەرکەوتم و پلە بە پلە هەڵکشام تا بووم بە سەلمان بەگ... سەلمان ئاغا... کاک سەلمان... مام سەلمان... مەلا سەلمان... مامۆستا سەلمان... هیوای چەوساوەکان... نەجاتدەری کوردستان. بەڵام هەر خۆیان لەولاوە سەلمانەکوێرێکی تریان لێ ڕاست کردوومەتەوە تا چاو لێک بز کەینەوە و تەرازوو لاسەنگ نەکەین. بۆ ئەوەش دەبێ بواری ململانێی ئایدۆلۆژیا فراوان بێ و گەشە بکا تا ملی یەکتر بشکێنن و ورینەی کەر و گا بەری بلاو بێ. ئیدی ململانێی مانەوەیە: لێزان و چاک و ساغ دەبێ بمێننەوە و خراپ و لاواز و کەمهۆش، خۆراک و ئەسبابی مانەوەی بەهێزەکانن و تا ئەو ڕۆژەی کە هێندێکیان تێدەگەن... هەزار کڵاو بە بایەک".

دوا فڕی پەرداخەکەی هەڵدا و دیلمە پرتەقاڵێکی نایە زاری. سەری هەڵبڕی و تەماشای تابلۆکەی بەرانبەری کرد کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو: پانابیەکەی سیی سانتیمەتر و درێژاییەکەی نیو مەتر دەبوو و لە سەر لایە درێژەکەی هەڵواسرابوو. نیگارێ بوو، کە سەرپێیی لێی ڕادەمای تەختەی شەترەنج بوو بەڵام خانەکانی زۆر زۆر و زۆر ورد بوون و یەک (شا) لە ناوەڕاستیدا دیار بوو. کە پتر لێی ورد دەبوویتەوە، شا دەبووە گیاندارێک،

سەری هەنگ بوو و جەستەی ئافرەتێکی ڕووت بوو. ئەوەی ڕەنگاوڕەنگ بوو هەر ئەوە بوو. سەری هەنگێک و جەستەیەکی ڕووت. بە دەوریشیدا شانەی هەنگ هەموو ڕووپۆشی تابلۆکەی گرتبۆوە و ئەوەی شانەکانیشی پێک دەهێنا داوی تەونی جاڵجاڵۆکە بوو. ژنە ڕووتە سەرەهەنگەکەش، پەلی کاڵی بێڕەنگی جاڵجاڵۆکەی هەبوون و هەر پەلێکی لە داوێ قایم کردبوو. لە خواریشەوە ناوی نیگارکێشەکە، لە نێوان داوەکاندا نووسرابوو: (سەید).

ئەوەی تەماشای ئەو تابلۆیەی دەکرد، یەکەم جار دەیگوت: ئەوە شای شەترەنجە. پاش تاوێ لێڕامان دەیگوت: ژنێکی ڕووتە. کەم کەس هەبوو بگاتە پلەی سێیەم و جاڵجاڵۆکەکە فەرق کات. ئەوانەی کە تەونەکەشیان دەبینی، زۆر دەگمەن بوون. بەڵام سەلمان بە خۆی قووڵایی (X) و (Y)یشی تێدا دەدی و هێڵی ناوەندی یەکە بە یەکەی شانەکانی دەزانی. نیگارکێشەکە کە کاتی خۆی لە بەغدا سەلمان داوای لێ کردبوو ئەو کارەی بۆ بکا، لە خۆڕا زۆری بۆ تابلۆکە زیاد کردبوو. لە قوڕنەی خوارەوە، بە لای دەستەچەپدا، سفر دەستی پێ دەکرد و لەوێشەوە بەرەو سەرەوە و بە لای دەستەڕاستدا، ژمارە نووسرابوون وهێڵی بەیانیی پێک هاتبوو. بن پێی هەنگەکە کە لە ڕاستیدا جاڵجاڵۆکە بوو، کەوتبووە سەر خاڵی(١٧،٣٠).

دەتگوت هونەرمەندەکە، دەروونی خۆی تێکەڵاوی دەروونی سەلمان کردووە و هەموو بۆچوونەکانی لەو وەرگرتووە. سەلمان ئەو تابلۆیەی لێ ببوو بە پەرستگا و ڕۆژ نەبوو تاوێ لێی ڕانەمێنێ و بە دوای نهێنی نوێدا نەگەڕێ. گەلێ جاریش دەکەوتە گومانەوە: "دەبێ هەموو نهێنیەکانم زانیبن؟!. دەبێ نهێنی تری تێدا نەمابێ؟!. ئەو هونەرمەندە لاوە، هەر پرسیارێکم دەربارەی تابلۆکە لێ دەکرد، بزەیەکی دەهاتێ و بە پێکەنینەوە دەیگوت: زۆر شتی تێدان... بەخۆت بیاندۆزەوە..."

شانی دادایەوە و قاپە نۆکەکەی ڕاکێشایە بەردەمی و کەوچکێکی لێ خوارد. بە دەنگێکی نەعرەتەئاسا هاواری کرد:

ـ عەلە!.

لاوێکی پاک و خاوێن و جوانکیله که به کوڕه مەلا دەچوو، به پەلەپڕوزێ بەژوور کەوت و دەستێکی گرمۆڵە کرد و لە ئاستی گونیدا خستیە ناو دەستەکەی تریەوە و خۆی بەرەو پێشێ نوشتاندەوە:

- بەڵێ قوربان .
- هەی کوڕی قەحپە!. ئەو نۆکاوە بۆ وا بێ خوێیە؟!.
- قوربان بە سەری ئێوە یەک قل... خوێ...
- چییی؟!.
- ...
- زمانت بڕا؟!.
- ...م چنگ نەکەوت. قوربان هەر ئێستا ...
- بڕۆ ملت بشکێنە!.

"بە ئانقەست نۆکەکەی بێخوێ کردووە تا لێی تووڕە بم و جنێوی پێ بدەم دەنا بارەگایەکی گەورە و گران چۆن خوێی لێ دەبڕێ؟. ئەمانە، بە زەلیلکردن گەشە دەکەن. بە سووکایەتی پێکردن دلسۆز دەبن. بە جنێو گەورە دەبن. ئێستا دەچێتە بارەگای چاودێری و خۆی دەپەشۆکێنێ: بەو خوایە کاک سەلمان هەروا ئاگر دەکاتەوە!. کوڕینە فریام کەون و کەمێ خوێم بۆ پەیدا کەن. و اپیشان دەدا کە دەترسێ بەڵام هەموو گیانی دەخەنێتەوە: ئەوە منم ئەو شەرەفەم بەر کەوتووە کە کاک سەلمانێ لێم تووڕە بێ، بە ساڵ خەڵک لە بارەگاکەین و ناویشیان نازانێ و قسەشی لە گەڵدا نەکردوون!. ئەوە منم لە خزمەتیدام و ویسکی و مەزەی بۆ دادەنێم... یا هەر بمبینێ؟!. وا بیر دەکاتەوە و بە دەست و بە چاو و بە هەموو جەستەی، ئەوانی تر تێدەگەیەنێ کە شەرەفمەندە. لەم بابەتە زۆر زۆرن. ئەوەی وا نەبێ ناتوانێ مەزە دانێ. کە داشینانێ، ئیدی دەبێ حسێبی ئەوەی بۆ بکەی لێکدانەوەی هەیە و نەفسی بڵندە. دەبێ خەڵکی وا بپارێزم بە مەرجێ ئەو توانایەی نەبێ جێم پێ لەق بکا. کارێکی وا دەکەم خۆی بە دەست حکومەتەوە بدا و بمێنێ با کەمێکیش زەلیلیی بکێشێ. یا ڕێی هەندەران بگرێ و بڕوا... من دڵسۆزی ئەو بابەتە

کەسانەم. دایکی عەلە، حاجییە. ئەو دایکە نەک (خ خ). یاسای سروشتە و دەبێ عەلە وەکوو سەگ دلسۆزم بێ و خزمەتم بکا. بەڵام هەقەلی پێی ناکرێ خزمەتم بکا. لە بەر چاوی ئەم حاجیزادەیە پێم گوت: نامەیەکت دەدەمێ بۆ بەڕێوەبەری ئاسایش ... هاوڕێی قوتابخانەی منداڵیمە و هەرچەندە لە ڕیزی دوژمندایە بەڵام عەشرەتن و قەدری هاوڕێتی دەگرن... هەموو یارمەتییەکت دەدا. عەلە بزەیەکی کرد و هەموو جەمسەرەکانی تێگەیشتم. هەقەلیش سەیرێکی کردم و جەمسەرەکانی تێگەیشتم. بزەکە و تەماشاکردنەکە هێند پێچەوانەی یەک بوون، پێک بکەوتبان ئاگریان لێ دەبووەوە. بزەکە گوتی: بەخوا زۆڵە!. دەستی لە ناو دوژمنیشدا هەیە و لەوانیشی بە لای خۆماندا ڕاکێشاوە!. دەچێ لە لای هاوڕێکانی دەیگێڕێتەوە و ئەوانیش هەواڵەکە بڵاو دەکەنەوە و گەورەیی و لێزانیم هێندەی دی هەڵدەکشێن. تەماشاکردنەکەش گوتی: هەی خائینی خۆفرۆش!. بەڕێوەبەری ئاسایش چۆن دۆستایەتیت دەکا ئەگەر پیاوی خۆی نەبی؟!. بۆچی بەخۆم نەبم بە پیاوی ئاسایش ببم بە پیاوی پیاوەکەی؟!. بەڵام هەقەلی ناوێرێ بەم دیوەدا باسی بکا. لە ناو حکوومەتیش بیدرکێنێ دەیکوژن. ئەویش ئەوە دەزانێ و بەردێکی لە سەر دادەنێ".

بە پشتی پەنجە لە دەرگا درا. زانیی ئەوە عەلە نەبوو. ئەو لەدەرگادانە، حەرەسی سکرتێرەکەی بوو.

- وەژوورکەوە سەعە!.

" ئەمیش دەچێ دەڵێ: بابەڕۆ پشتی دەرگا دەبینێ!. هەر لە دەرگام دا زانی کێم. کەری وا چوزانێ ئەم ژیرییەم لە چییەوە بۆ ماوەتەوە!... "

- قوربان!....

بزەیەکی کرد و هێندێ ئەم دەستو ئەو دەستی بە دەستی کرد:

- عەلە نەیوێرا خوێیەکە بێنێتە خزمەتتان.

" دەی کەواتە تۆ ئازای. ئازایت و وێرات... " قاقایەکی کرد و ورگی، کە دەمێ نەبوو زل ببوو، لەگەڵیدا هەڵبەز و دابەزی کرد. بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

- بۆ نەیوێرا؟. چما دڵم دێ ئازار بە کوڕی خۆم بگەیەنم؟. دەی وەرە کەمێ

خویّ بەو نۆکەوە بکە.

سەعید خوێی بە نۆکاوەکەوە کرد. پەرداخەکەی بەردەستی سەلمانی لابرد و یەکێکی تری هێنا. بە دەسماڵێک ، جوان سڕییەوە. لە ترمزی لای دەرگاکە، دوو پارچە سەهۆڵی گچکەی دەرهێنان و هاویشتنیە ناو پەرداخەکەوە و درینگەی لێوە هات. قاپە ویسکییەکەی لار کردەوە و بە بلّقەبلّق تا کشتەکێ خوار نیوەی تێکرد. کلۆ سەهۆڵەکان، کەمە کەمە سەر دەکەوتن و دادەبەزین و بەر یەک دەکەوتن. سەعید بە وردی لە پەرداخەکە ڕامابوو...

- داینێ کوڕی خۆم ... جارێ سەهۆڵەکەت تێ نەکردبا... دەی قەیدی نییە.

- قوربان هەر فەرمانێکتان هەبوو، من وا لەودیوم... لە خزمەتدام.

" ئەوەی ئەمەم بۆ نەکا دەبێ مەفرەزە بێ. ئەنجامی هەردوکیان بۆ من یەکێکە. هێشتا ئەمانەی ئەم کارە دەکەن مافی مانەوەیان پترە چونکە حەزی مانەوەیان تێدا هەیە. چییە دەڵێی مەست بووم. بەڵێ مەستم. مەستی دەسەلاتم. مەستی ئەوەم هەرچی کەرەمرڤ هەیە لە خزمەتمدا بن و بە کوشتیان بدەم. کوردۆ دەمدرێژی دەکرد و پاکوتەمیز هاتە مەیدانەوە. یەکێ بوو لەوانەی مێشکی خۆی بەکار دەهێنا نەک هی خەڵک. زانیم بڤەیە. زانیم وەک منی لێ دێ و ڕێیەکی دی دەگرێتە بەر. زوو، هەر زوو زوو زانیم دەبێتە سەرێکی تری ناو ئەم مەنجەڵە جەنجاڵە. منیش زوو، هەر بەڕێوە دەرخواردی گورگم دا. گوتم: تا نەبووە بە گورگ دەبێ بخورێ. ئا ئێستا تۆڵەی بۆ دەکەمەوە. فەرمان دەدەم وێنەکەی هەڵواسن. بە ناوی یارمەتی کەسوکاری شەهیدانەوە، یارمەتی بۆ دایکی دەنێرم. لەولاوە وام کرد و لەملاشەوە هەر بە هۆی ئەوەوە، گەورەتر و گەورەتر دەبم. دایکیشی بۆ تەمەندرێژیم لە خودا دەپاڕێتەوە و کوڕەکەی تری هان دەدا بێتە دەرێ ... بێتە لای من..."

- عەلی، سەعید... سەگەل!!.

سەعید وەژوور کەوت.

- بڕۆ بە عەلە بڵێ ئاوم بۆ بەرێتە گەرماوەکە ...

# ( ١٢ )

سەلمان لە سەر پشت پاڵ کەوتبوو و پێکی یەک لە دوای یەکی وێسکی، کاریان تێ کردبوو و وڕەوڕێکی بەردەوام، لە گەڵ لێدانی دڵیدا بە سەریدا دەهات و تا ڕادەیەک بێزاری کردبوو. چرا کزکراوەکە، ژوورەکەی پڕ کردبوو لە تیشکێکی ساردوسڕی ئاماڵ پرتەقاڵی. جاروبار گوێی لە قیژەی چاودێری سەر گردۆلکەکەی پشت ژوورەکەی خۆی دەبوو: "زەلام کێیە؟!". وەک هەمیشە، تەنهایی و خەیاڵ لوولیان دا و دەستەو یەخەی (خ خ)یان کردەوە: "دەبێ ئەم وڵاتە... هەر یەکە لەو شارانە چەند (خ خ)یان تێدا بن و کەس پێیان نازانێ؟. دەبێ چەند (خ خ)ی تر نەوێرابن خۆیان وەک ئەم ئاشکرا کەن؟. لە ترسی ناوزڕان کە لە پێشێلکردنی ڕەوشتەوە دێ یا لە ترسی بەردەباران و کوشتن؟. ڕەوشت چییە؟. ڕیزێ یاسایە و جەمسەریان پێکەوە گرێ دراوە و دژی غەریزە، لە لایەن خەڵکی نەفام و زۆردار و ناشرینەوە، سەدان و بگرە هەزاران ساڵە دانراون و تەنانەت زانا هەرە گەورەکانیش ناتوانن لێیان ڕەها بن. ڕەوشت قەفەزێکە و خەڵک بە ڕەزامەندی خۆیان، خۆیان تێدا بەند کردووە و هەترەشیان لەو ڕۆژە چووە کە دەرگایان لێ بکرێتەوە و دەرباز بن. (خ خ) لە شەققەی باڵی داوە و لەو قەفەزە دەرباز بووە. ئەی دەبێ چەند کەسی ئەم کۆمەڵگەیە دەردێکی وەک دەردەکەی منی هەبێ و بە سەر خۆی نەهێنێ؟!. مرۆ خەلقەندەیەکی بەستەزمانە و نەریتی خۆی بە پیسترین شێوە دەیچەوسێنێتەوە. مرۆ بەخۆی یاسای چەوساندنەوەی خۆی دادەهێنێ چونکە پێویستی بە چەوساندنەوە هەیە. چاوە کوێرەکەم نهێنی بلیمەتیی منە... کوڕی (خ خ)م بۆیە لە ڕیزی ملیۆنەها خەڵکدا یەکێکم لە پێنج شەش کەسی هەرە هەڵکەوتوو... ئەدی دەبێ ئەو پێنج شەشەی تر چ چاوێکیان کوێر بووبێ و چ کەسێکی نزیکیان قەفەزەکەی شکاندبێ و بە هەڵدێری بێ ڕەوشتیدا گلۆر بووبێتنەوە؟. عارەب دەڵێن: (گشت عەیبداران هەڵکەوتوون). من ئەم

قسه نەستەقە هەڵدەگێڕمەوە: (هەموو هەڵکەوتووەکان عەیبدارن). ئەمەیان ڕاستترە چونکە هەزاران کوێری دایکحیز هەن نەگەیشتوونەتە پلە و پایە و دەسەلاتی من. بەلام من کە گەیشتوومەتە پلە و پایە و دەسەلات هەم کوێرم هەم دایکحیز... کەواتە دوو جاران عەیبدارم. دەبێ کاکی گەورە چ کارەساتگەلێک لە ناخیدا حەشار درابن و چەند عەیبدار بێ وا (من)، بەم (من)ی خۆمەوە نایگەمێ؟. دەزانم یاسای کۆمەلایەتی چتۆ کەرگەلێ دایانناوە کەچی ناتوانم خۆمیان لێ ڕەها بکەم. لە نێوان ڕەوشتبەرزی و ڕەوشتنزمیدا داوەموویەکی باریک هەیە. ئەوەی خورپەی دووەم بە دوای خورپەی یەکەمی دڵیدا بێ قاچ دەهاوێتە دیوی بێڕەوشتییەوە. یەک هەنگاو... تەنها یەک هەنگاو، هەزاران هەنگاوی تری بە دوودا دێن. چاوێک بەرانبەر ژنێ هەڵبڕە، خورپەیەکت بە دڵدا دێ. لە خورپەکە بترسیت و جارێکی تر چاو هەڵنەبڕیتەوە ڕەوشتت بەرزە. خۆت بدەیتە دەم شەپۆلی خورپەکەوە، سەدان خورپەی تری بە دوادا دێن و ڕاتدەماڵن و ڕەوشتنزمییە. ئەو ژنەش کە تەماشایەکی پیاو خورپەی بە دڵدا دێنێ، بەر هەمان پێوانە دەکەوێ و دەکەوێتە هەمان بارەوە. یا خورپە ڕایدەماڵێ و دەیهاوێتە زەلکاوی ڕەوشتنزمییەوە یا لەو خورپەیە دەسڵەمێتەوە و ڕێ بە خورپەی تر نادا و ڕەوشتبەرزە. یەکەم خورپە (خ خ)ی ڕاماڵیوە. بای زیندەئاوسی دەوروبەرەکەی بەری کەوتووە. وەک مانگاکەیان، وەک هێسترەکەیان، وەک دایکی، وەک هەر زیندەوەرێکی تری ئەو ماڵە کەڵۆشی تێ کەوتووە. کەچی من لەم لایەنەوە، بە هەزاران گوریس بەستراومەتەوە و بەرەو بێڕەوشتی ناخزێم. کاردانەوەی ڕەفتاری (خ خ) و چاوە کوێرەکەم ڕێم نادەن. من کەی توانیومە لە ئاستی ئافرەتدا سەر هەڵبڕم تا خورپەم بە دڵدا بێ؟. کەواتە من ڕەوشتبەرزم با کوڕی (خ خ)ش بم".

خەو سواری سەری بوو. جەستەی لێ بوو بە بارێکی گران و ئەمدیوئەودیوی پێ نەدەکرا. سەری بە عاستەم دەسووڕا و بەرەو باوەشی خەوێکی وەک بێهۆشی و بوورانەوە ڕاپێچی دەکرد:

شەوێکی مانگەشەوی ڕوناک، بە گۆڕستانێکدا کە چەند گردۆلکەیەکی

گرتبۆوە و لەگەڵیاندا هەڵدەکشا و دادەکشا، بە تەنها ڕێی دەکرد. تیشکی مانگ هێندە نەبوو ڕەنگی کێل و چەپکەگوڵی سەر گۆڕەکان دەربخا. بەڵام هەموو شتێ جوان دەبیندرا. هەموو شتێ لە ناو یەک ڕەنگی زیوینی مەیلەو شینی کاڵدا، ڕەنگی خۆی لە دەست دابوو. کێلەکان بڵند بوون. هێندێکیان بەژنێ دەبوون. سەلمان ڕاوێستا و بە دەوری خۆیدا ڕوانی. هەموو دەوری زیوباران کرابوو. لە هەموو لاوە بۆنی خوێن دەهات و بە سەر هەموو بۆنێکدا زاڵ بوو. تامی خوێن لە دەمی دەهات. گوێی هەڵخست. دنیا کش و مات بوو. سەرسامی تەنهایی بوو و لە بێدەنگیی دەترسا.. نەیدەزانی چی گەیاندوویەتیە ئەو جێیە. نەرمەکۆخەیەکی بۆ کرد و لە چەند لایەکەوە دەنگی دایەوە. خۆی کڕ کرد و گوێی هەڵخست. لە گۆڕەکەی لای ڕاستییەوە بڵقەیەک هات. لە گۆڕەکەی لای چەپیەوە بڵقەیەکی دی هات. هەموو گۆڕەکانی نزیکی بڵقەیان لێوە دەهات. گۆڕستانەکە بوو بە مەنجەڵێکی گەورە و دەکوڵا و بڵقەبڵق گوێی دنیای کەڕ دەکرد. لە نزیکترین گۆڕ ڕاما... ورد ورد لێی ڕاما: شتێکی خەستی ڕەش لە لێواری گۆڕەکەوە، لە گەڵ دەنگی بڵقەکاندا ڕێچکەی بەست. خوێن بوو: "خوێنی ڕەش!... خوێن بە شەوان ڕەنگی خۆی لە دەست دەدا. خوێنی بزر ڕەشە ... ڕەش ڕەشە... وەک قەتران ڕەشە. ڕەنگ و ڕوناکی لفانەن و بەبێ یەک نابن. ڕووناکی لە ڕەنگ پێک هاتووە و ڕەنگیش ڕوناکی بەر نەکەوێ، دەر ناکەوێ". لێواری گۆڕەکە بوو بە کانییەکی بە تەوژم و ڕێچکەی بەست. ئاوڕی لای گۆڕەکەی پشتی دایەوە. ئەوەش خوێنی دەردەدا. هەموو گۆڕەکان خوێنیان لەبەر دەڕۆیی و وردە وردە خوێن، هەموو ڕووپۆشی گۆڕستانەکەی گرتەوە. بنی پێڵاوەکانی، بە ڕەنگی خوێنی شەو... ڕەش هەڵگەڕان. خوێن هەڵکشا. هەردوو پێی، تا قولەپێی لە خوێندا نقووم بوون. کرتەکرت لە گۆڕەکەی دەستەڕاستی هەستا... لەوەی دەستەچەپیشیەوە. هەموو گۆڕستانەکە، لە هەموو لاوە کرتەکرتی دەهات و تێکەڵاوی بڵقەبڵقی خوێن دەبوو. ویستی هاوار بکا. تامەکەی ناو دەمی زیادی کرد، خوێن قوڕگی گرت و ڕێی هاواری لێ گرت. هەناسەی سوار بوو و کشتەکی چاوی، تا پێیان

کرا کشان. لە گۆڕەکەی بەردەمیەوە زەلامێک، بە چاکەت و پانتۆڵ و بۆینباغی ڕزیوەوە ڕاست بووەوە. لاونیو دەمووچاوی دی... بە لووتە باریکەکەی، بە قژە درێژەکەی کە بەر ناوچەوانی گرتبوو و بە چەنەگە کەمێ درێژەکەی ناسییەوە: کوردۆ... جلەکانی هەلاهەلا بوون. لێی هاتە پێشێ و بزەیەکی بۆ کرد. سینگی کونکون بوو و لە کونەکانیەوە تیشکی مانگ بەر چاوی سەلمان دەکەوت. لە گۆڕەکەی ئەولاترەوە، یەکێکی دی ڕاست بووەوە. ئەمەیان ملکورتێکی خڕکەڵەی فەرەنجی لەبەر بوو. یەکێکی لاوازی سەرگچکەی لووت کورتیش، لە پێش ملکورتەکەوە، هەر لە بەردەم سەلمانەوە، ڕاست بووەوە و ورد ورد سەرنجی دەدا. لە گۆڕەکانی ئەولاتر و ئەملاترەوە، هەر خەڵک بوو و ڕاست دەبوونەوە. هەموویان، جلوبەرگیان ڕزی بوون و جەستەیان کونکون بوو. هێندێکیان، سەری خۆیان نابوە بن هەنگڵ و بە بێ سەر وردە وردە دەهاتن. هەموویان، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێن بەرەو لای سەلمان، بە کاوەخۆ دەجمان. هاتن... لێی نزیک بوونەوە. بێ ئەوەی کرکەیان لێوە بێ دەوروبەریان تەنی. سەلمان ویستی هاوار بکا، تۆپەڵێ خوێنی مەییو قوڕگی گرتبوو. ویستی ڕا بکا بەڵام هەردوو قاچی، تا خوار ئەژنۆی لە خوێندا چەقی بوون. حەشاماتی گۆڕستانەکەش بەرەو لای دەهاتن. وردە وردە، بەکاوەخۆ دەهاتن. کوردۆ هەر بزەی دەکرد. سەلمان هەموو هێزی خۆی بۆ یەک هاوار خستە کار. خوێنێکی ڕەش و خەست لە قوڕگیەوە فوارەی بەست و بەرەو عاسمان، بە تیژی دەڕۆیی و بەسەر جەماوەری گۆڕستانەکەدا دادەبارییەوە. خوێن قوڕگی بەردا و ئاخرێکەی هاواری کرد: "کوردۆۆ!... کورە کوردۆۆۆ!... من نەمویست تۆ بکوژرێی... ویستم تۆ بژیی..."

کوردۆ، بەو شەوەش بزە هەمیشەییەکەی هەر دیار بوو... پێدەکەنی... پێدەکەنی و تەماشای سەلمانی دەکرد. دەستی بۆ لای عەشاماتەکە درێژ کرد. تۆپەڵ تۆپەڵ گرتکە گۆشت لە باسکی هەڵدەوەری و دەکەوتە ناو خوێنەکەوە و شڵپەی دەهات. بە کاوەخۆ هاتە گۆ: کاک سەلمان جێگەکەم خۆشە. ئەتوو کەنگێ دێیە کنم؟! ئێروکانێ، سەد قات لەوێندەرێ خۆشترە. سەلمان قیژاندی:

"هاوڕێ من زەرەری تۆم نەدەویست... من نەمویست تۆ بکوژرێی... من نەبووم، کاکی گەورە بوو کاکی گەورە... "

هەرچۆنێ بوو، قاچی لە خوێنە خەستەکە دەرهێنا و هەموو تینی دایە خۆی. ڕای کرد و لە دیمەنی کوشندەی کوردۆ دوور کەوتەوە. گەیشتە قەراغی گۆڕستانەکە و کەمێ وێستا. دیسان کوردۆی لێ پەیدا بۆوە. بە خۆ و بە بزەکەیەوە بەرانبەری ڕاوێستا. لە نێوان خۆی و کوردۆدا، گۆڕێک لە خۆڕا لە زەوییەکەوە هەڵتۆقی. لای دەستە ڕاستییەوە گۆڕێکی دی هەڵتۆقی... لای دەستە چەپیشییەوە یەکێکی تر. هێزی نایەوە بەر خۆی و هەلات... بە خێرایی ئەو، گۆڕ لە بەردەم و هەموو لایەکییەوە لە زەوییەوە، وەک دومەڵان پەیدا دەبوون. کوردۆش هەر لەگەڵیدا بوو. بزەی دەکرد و گرتکە گۆشتی لێ دەوەرییە ناو خوێنی گۆڕەکان وشڵپەیان دەهات. هەموو شاخ و دۆڵ و گردێک پڕ بوون لە گۆڕ. سەلمان هاواری لێ هەستایەوە: دەی دنیا پڕ کەن!... کوێستان و گەرمیان بگرنەوە!... دەی هەموو گۆی زەوی داپۆشن!...

سەلمان لە هاواری خۆی وەئاگا هاتەوە. هەموو جەستەی شەلاڵی عارەقە بوو. دەمی تامی خوێنی دەدا و هەناسەبڕکەی بوو. بە پەشۆکاوی ڕاست بووەوە و قیت دانیشت. سەرینەکەی خستە باوەشی و لە بەردەمی خۆی ڕاما:

"سەد دینار... سەد دیناری دی بۆ دایکی دەنێرم. مەفرەزەیەکی دی بە ناوی ئەوەوە دەکەمەوە. گوتارێکی دوور و درێژی لە سەر دەنووسم و تێیدا، بە لابەلایی دان بە تاوانی خۆمدا دەنێم. بە کاکی گەورە دەڵێم ناوی دێیەکەیان بگۆڕێ و بیکا بە کوردۆ... پێی دەڵێم هەردوکمان تاوانبارین. نا نا. ئەوە نابێ. وا بکەم، پلانی کوشتنم دادەنێ. منێ هێشتا ویژدانم نەمردووە بۆیە خەوی وا دەبینم بەلام ئەو، توائهووو! ویژدانی چێ؟!. دەمێکە چۆڕبڕ بووە. چیم بە خۆم کرد؟!. ئاخر هەر دەبێ سەرێکی دووسەرە بپەڕێندرێ. کاری دووسەرە، هەر دەبێ یەکێکیان گەند بێ. ئەمە چ خەونێ بوو؟!. چ حەشرێ بوو؟!. بە جارێ گۆڕستانێکم لێ خرۆشا... هەموو شەهیدان بە جارێ ڕاست بوونەوە. دەگەڕێنەوە... هەموویان ڕاست دەبنەوە و دەگەڕێنەوە تا

بارودۆخەکە ببینن. گوریس بە یەک لایی نەدەگەیشتەوە نۆرەی دوولاییە. پێنج شەش شۆڕشی سەربەخۆ. پێنج شەش سەرکردایەتی پێکداهەڵقژاو. ئەگەر بێنەوە قایل نابن. کەس بەرگەی دیمەنی تۆقێنەریان ناگرێ. تەنها بە دیمەنی خۆیان، وڵات بە خەڵک چۆڵ دەکەن. کێ دەتوانێ پێش بەوانە بگرێ؟. بە ساوەساو، بێ کرکە، بە زامی کوشندەی جەستەیانەوە وەک هێرِ دێن... بە سەرۆکایەتی کوردۆ دێن. دەست ناوەشێنن بەڵام تەنها بە دیمەنی خۆیان زەندەقمان دەبەن. شێتمان دەکەن. نا نا، مردوو چۆن زیندوو دەبێتەوە؟. هیچ نییە، هەر خەونێکی هاکەزاییە. خەونە. بەڵام ئەگەر ڕوحی مرۆ بەردەوامیی هەبێ؟!. ئەدی ئەگەر ئێستا... هەر ئێستا ڕوحی کوردۆ و هەژار و میرزا حوسێن بە دیارمەوە بن و لێم بڕوانن؟!. نا نا، خۆ خەریکە تێک دەچم. ڕوحی چی و تەڕەماشی چی!!. خۆ من بە دەستی خۆم نەمکوشتن... بە هۆی مەرگی ئەوانەوە شۆڕش بەهێزە و بوونمان هەیە. من فەرمانێکی نائاشکرام بەجێ گەیاند... فەرمانێک کە پێش دروستبونی کوردۆ دەرکراوە و مۆر کراوە. مەرگی میرزاش شۆڕشی بەهێز کرد... خوێنی ئەو کابرا بێ کەسە، بیست تفەنگی دەهێنا؟!... من سی تفەنگم پێ وەرگرت. ئەگەر ئێستا گیانیان بە دیاریشمەوە بن، بەختەوەرن... بەختەوەرن کە شۆڕش بەهێزە. نەخێر! ئێستا کوردۆ لەو سووچەوە تەماشام دەکا و بزە هەمیشەییەکەی لە سەر لێوە. میرزا حوسێن، لەم سووچەوە، سەری لێ کۆت کردووە و دەست بە سەرە تاشراوەکەیدا دێنێ و بە خەم و پەژارەوە سەرنجم دەدا. فەرەنجی لە بەرەکەش وا لە بەر دەرگاکەیە... لە دیوی ژوورەوەیە. پشتی بە دەرگاکەوە داوەتەوە و بە چاوە زەقەکانیەوە خێسەم لێ دەکا!".

هەتا توانی چەپۆکێکی بە نێوچەوانی خۆیدا ماڵی. لە بەر خۆیەوە، بە دەنگێکی بیستراوی پڕ لە کرووزانەوە و پاڕانەوەی تێکەڵاوی گریانەوە، گوتی: "... بۆ پاراستنی گیانی خۆم و سەرکەوتنی خۆم بە کوشتم دان... ئارەزووی گەورەبوون و هەڵکشانم ئەوانەی پێ کردم". کەمێ هێور بووەوە. ئەوسا بە شێوەی ڕێنمایی بە خۆی گوت: "ئەمە چییە؟. پاش کوشتن و بە کوشتدانی

چەند کەس ڕادێم؟!. کەی ڕادێم؟!. من دەسەڵاتدارم و دەبێ وا بم. دەسەڵاتدار بەزەیی هەبێ دەرنابا. دەبێ وەک بەردی دامە تەماشای خەڵک بکەم و داش بە داشیان پێ بکەم. ئەوەم پێ نەکرێ دەبێ دەست لەم کارە هەڵگرم. دەستیش هەڵگرم ئەوسەر... سەرەکەی دی دەسبەردارم نابێ. نا... دەبێ و دەبێ و دەبێ هەر بەردەوام بم. کەوتوومەتە سەر سکەیەک لێ لادانی بۆ نییە... ڕێی بێ گەڕانەوەیە..."

وێنەی گۆڕستانەکەی هاتەوە خەیاڵ. سەری بە توندی ڕاوەشاند و لە سەر جێیەکەی ڕاست بووەوە. قاپە ویسکییەکەی هێنا و چارەکێکی پەرداخەکەی لێ تێ کرد. بادەمەکەی کە لە ناو قاپێکدا لە ئێوارەوە بە لایەوە بوو، هێنایە بەرەوە. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و پێیکەکەی بە یەک جار هەڵدا.

## ( ١٣ )

هەقەلی، بەو دۆڵە تەنگەبەرەدا دادەگەڕا کە هەر جارێ پێیدا ڕەت دەبوو، قسەی ئەو پیاوە گەرمیانیەی بیر دەکەوتەوە کە بەینێ لەو شاخ و داخانەدا هاودەمی بوو. ئەو پیاوە، تەلاقی خواردبوو چەند عاسمان لەو دۆڵەوە دیارە، ئەوەندەی زەویوزار لە گەرمیان هەبووە و حکومەت لێی زەوت کردووە و لە سەر عارەبی تاپۆ کردووە. ئەویش لە داخان، بەو پیرییە ببوە پێشمەرگە و ئاخرێکەی، هەر لە گەرمێن، لە دەوروبەری زەوییەکانی خۆیدا، خۆی بە کوشت دا. دۆڵەکە بە پێچ و پەنا دەڕۆیی و لە هەردوو لاوە، تا چاو بڕ دەکا شاخی تیژ بەرەو ئاسمان بەرز ببوونەوە. حاجی خدری گوندەکەی سەرەوە کە هەر بیدیبایە وەک بنێشت پێوە دەلکا و باس و خواسی ئەو شاخانەی، لە زەمانی ئەسحاباندا بۆ دەگێڕایەوە. دەیگوت: "کاتی خۆی کافرەکان لەم شاخ و دۆلانەدا حاسێ ببوون و ئەسحابە دەرەقەتیان نەدەهاتن. ناچار، کەوڵی حوشتریان پڕ کرد لە لۆکە و سەریانخستنە سەرێ. ئیدی کافرەکان

هەترەشیان چوو و چیایان بەردا و بۆیان کەوتنە بەستێنێ. بەڵان وازیان لە دینی خۆیان نەدەهێنا و وەک دڕندان شەڕیان دەکرد. یەک لە ئەسحابان بە شیرەوە تێیان کەوت. زۆری لێ تۆپاندن. شەڕی کرد هەتا سەری مومبارەکی پەڕی. دەزانی هەر لە بانگی عەسرێوە بە بێ سەر شەڕی کرد هەتا مەلای شێوان گوتی ئەڵلاهوئەکبەر؟". کە حاجی خدر ئەوەی دەگێڕایەوە هەموو جەستەی پێدەکەنی... دەتگوت بەخۆی یەکێ بووە لە ئەسحابەکان و کافرەکانی تۆپاندووە!.

هەقەلی، لەگەڵ ڕێیەکەدا پێچی دەکردەوە و دادەگەڕا و هەڵدەگەڕا و بە سەر تاوێرەبەرددا هەنگاوی دەنا. هەنگاو دوای هەنگاویش دڵەخورپەی زیادی دەکرد و ئارەزووی بۆ ئامێزی ڕوناک دەبووە گڕکانی پێش پێ گیراو و تێکەڵاوی جۆرە قیزهاتنەوەیەک دەبوو. لەوەتەی ڕوناک ببوو بە هاوسەری کە تازە ساڵێکی تێپەڕاندبوو، دەوری دوو مانگان پێکەوە ببوون. جگە لەو دوو مانگە، شەوێ لە ناوشوان و شەوێکی تریش لە سوورقاوشان لە ئامێزی گرتبوو. ئێستاش بەرەو لای ئەو دەچوو.

مانگی جارێ، بۆ جێبەجێکردنی بێگاری سەلمان لەوێوە دەڕۆیشت و بە سوورقاوشاندا ڕەت دەبوو و هەموو جارێکیش کە دە پانزە هەنگاوێکی دەما بگاتە ناوەندی چەمەکە و دەم ئاوەکە، ترسی جنۆکە و خێو سواری ملی دەبوو. پەیتا پەیتا بیسمیللای دەکرد: "ئەگەر ئێستا پشتە ملم بگرن... بیسمیللاهی ڕەحمانیرەحیم... ئەگەر ئێستا بەردم بۆ بهاوێن و شێتم بکەن.... بیسمیللاهی ڕەحمانی ڕەحیم..." تا لە ئاوەکە دەپەڕییەوە، زۆری نەدەما دڵی بوەستێ. هەستی بە گەرمایی دەستی جنۆکان دەکرد کە لە ملی نزیک دەبوونەوە و پێی وابوو ها ئێستا نا نەختێکی دی دەیگرن و بە عاردیدا دەدن. ئاوڕی دواوەی دەدایەوە و لە بەردەمی خۆی دەڕوانی. دەترسا لاقی جنۆکان ببینێ کە قاچ دەدەنە بەر قاچی و دەیخەن. لە ناوەندی ئاوەکەدا، بیسمیللاکانی هێند زۆر دەبوون، بە سەر یەکدا دەکەوتن و تێکەڵاو دەبوون و ترسی ئەوەیان دەخستە دڵیەوە کە لە کار بکەون و چی دی جنۆکان نەسووتێنن. هاژەی ئاوەکە لە

گوێیدا، تێکەڵاوی هاتوهاوار و بیگرە و بیکوژەی هەزاران جنۆکە دەبوو کە لە خەیاڵیدا، دەوریان تەنی بوو. دوای دە پانزە هەنگاوی تریش لەوبەر ئاوەکەوە، ئەوەی ترس بێ لە دڵیدا نەدەما و تاوێ بە خۆی پێدەکەنی. کە لە ترس و پێکەنینیش دەبۆەوە دوو شتی تری بیر دەکەوتنەوە... ئامێزی گەرموگوڕی ڕوناک و (ئاوی سووری سوورقاوشان)ی شێخ ڕەزا. هەر دوو بیرکردنەوەکەش لە یەک خاڵدا یەکیان دەگرتەوە و بزەیەیان دەخستە سەر لێوی.

هەر لە دۆڵە بە پێچەکە، خەیاڵ بەرەو دوادیدار لوولی دا: لە دەرگای ماڵەکەی دا. گوێی لە دەنگی کاکە ڕەسووڵی خاوەن ماڵ بوو گوتی: "ئەرێوەڵڵا هەقەلییە. نەمگوت دوو سەعات دوای تاریکان دەگا؟". وەژوور کەوت. ڕوناک کە لە ڕیزی بەرانبەر دەرگاکە دانیشتبوو، جووتەپێ هەستا و بە بزەی شیرینەوە، بە چاوی پڕ لە شەرم و حەسرەتەوە پێشوازی لێ کرد. دەستێکی وا لە سەر دڵی خۆی دانابوو دەتگوت دەترسێ لێی بکەوێ. ساتێ... ڕەنگە نیو چرکە بووبێ، هەقەلی هەستی بە بێدەنگییەکی گۆڕستانئاسا کرد. گوێی کپ بوون و وژەوژێکی بە تەوژمی ناو کەللەسەری خۆی نەبێ، هیچی تری نەدەبیست. دوو چاوی تامەزرۆی ڕوناک نەبێ، هیچی تری نەدەدی. زوو وەئاگا هاتەوە و بزەی بەرەو ڕووی کاکە ڕەسووڵ خستە سەر لێوی خۆی. تەوقەی لەگەڵدا کرد بەڵام چاوێکی هەر لە ڕوناک بوو. بە نووکی پەنجەکانی، دەستی ڕوناکی گرت: دەتگوت لە دەستی ڕوناکەوە وزەی کارەبا بە هەموو جەستەیدا گەڕا. هەستی بە سووکایەتی و بێ قەوارەیی جەستەی خۆی دەکرد کە بەرانبەر تیشکی چاوی ڕوناک ببوو بە پوشکەیەکی سووتاو و وەک بەور بە هەوادا دەچوو و لە دەست کێشی زەوی ڕەها دەبوو. ڕوناکیش کە دەوروبەری خۆی لە بیر کردبوو و لە پەنجەکانی هەقەلییەوە ژیانی نوێ بە جەستەیدا دەگەڕا و دەمار بە دەماری ڕادەتەکاند، نە چاوی لێ دەتروکاند نە لێوە گۆشتنە بە بزەکانی بە سەر یەکەوە ئۆقرەیان دەگرت نە هیچیشی دەگوت. بۆنی قەوانە فیشەک و قایشی فیشەکدان و عارەقە، کە هەموویان

ببوون به نیشانەی نێرایەتی و پیاوەتی هەقەلی، چۆکی ڕوناکی شل کرد و بێ ئەوەی مەبەستی بێ لە جێی خۆیدا خاو بووەوە و دانیشت.

هەقەلی، سەرەوخوار دەبووەوە و دە دوانزە هەنگاوێ پێش خۆی دەدایە بەر دیققەت و دەڕۆیی. هەر جارە و بەردێکی دەکردە نیشانە: "ئەگەر قاچی ڕاستم بەر ئەو بەردە بکەوێ سەفەری ئەوروپا دەکەم و ئەگەر قاچی چەپیشم بەری بکەوێ خۆ بە دەست حکومەتەوە دەدەم. ئەگەر هیچیان بەری نەکەوێ دەچمە لای جەماعەتی مامۆستا سەعید. بەڵام ئەوان کە کوردایەتییان تۆخە، یەکتر دەکوژن و دوایی بە گۆڕی یەکتر سوێند دەخۆن. ئەوان هی ئەوە نین ئەو بارە گرانەیان پێ بار بکرێ... ناتەبان. بە یەکتر ڕادەبوێرن و بۆ دەرخستنی پیاوەتی خۆیان، یەکتر لە پیاوەتی دەخەن... خۆیان دەخەڵەتێنن".

هەر جارە و قاچێکی بەر بەردێکی نیشانکراو دەکەوت و هێندێ جاریش هیچیان بەری نەدەکەوتن. بیری لە نێوان گەڕانەوەی ناو حکومەت و سەفەری ئەوروپا و لای مامۆستا سەعید و دیداری ڕوناکدا، دەهات و دەچوو و لە سەر یەکێکیان ئۆقرەی نەدەگرت. پەنای سەلمانیش، کە دەمێ بوو بە دوودڵییەوە خۆی تێ خزاندبوو، لە هۆشی ئەمدا ڕێی نەبوو... هیچ شتێکی بە گوێرەی بۆچوون و بیرکردنەوەی ئەم نەبوو ئازایەتی هێندێ گەنجیان نەبێ کە هیچ دەردێکی چارە نەدەکرد. لە ناو ئەو خەڵکانەی دەور و بەری سەلماندا، هەستی بە وشکبوونەوەی خۆی دەکرد. ڕۆژ بە ڕۆژ دەروونی تێکدەشکا و دەڕما.

هەقەلی دەڕۆیشت و ترسێکی نادیاریش وەک پێوەندی ئەسپ، لاقی قورس دەکرد و هەنگاوی شل دەکرد. دەترسا. نەیدەزانی لە چی دەترسێ. لە دیداری ڕوناک؟. خۆی بەرانبەری بە خەجاڵەت دەزانێ؟. دیاری بۆ نەهێناوە؟. ئەدی بەخۆی تاجی سەری هەموو دیارییەک نییە؟. ئەدی بە ئامێزی ئەمی نەدەگوت بەهەشتەکەم؟. بەهەشتی بۆی هێناوە. ئەدی ئەو ترسە... ئەو دڵەخورپەیە چییە کە تا دێ وا زیاد دەکا؟. ترسی ئاشکرابوونی ناپاکی ڕوناک؟. خەونەکانێتی و هیچی دی: "دەچم... دوو سەعاتی دی دەیگەمێ. ئافرەتە... کێ دەڵێ ئەم ماوەیە بۆ یەکێکی... نا نا... ڕوناک و شتی وا؟!. ئەی ئەم

دڵەخورپەیە؟. دەبێ ڕوحێک، گیانێک، جنۆکەیەک، خێوێک، شتێکی نادیار... شتێکی غەیبییم نەبێ و جووک جووک جووک بە گوێمدا بچپێنێ؟. پێم بڵێ: ڕوناک دۆستی هەیە. ڕوناک ڕوناکەکەی جاران نییە و بە ماچی تۆ، خوێن تەوژم بۆ دەمولێوی ناهێنێ. ڕوناک چی دی بە سیحری دەستوپەنجەکانی تۆ نابووژێتەوە. بە ماچەکانت خاو نابێتەوە. تۆ لە گوێی گادا نوستووی. ئێستا دەست و پەنجەی پیاوێکی تر دەیبووژێنێتەوە. نا نا، ڕوناک پەرییە. ڕوناک بە بوونی من دەژی... ئەی خەونەکانم هی چین؟ نازانم. نازانم چی خەونە و چی ڕاستییە. نازانم ڕوناک، ئەو مەتەڵەی کە پێم هەڵنایا، کامەیانە".

دوای چاخواردنەوە کە نە هەقەلی زانی تامی چیە نە ڕوناک، ماڵی کاکە ڕەسووڵ ژوورێکی گەرموگەڕی تایبەتییان پیشان دان. ڕوناک وەڕوور کەوت و دەرگای لە سەر خۆی داخست: چاوی ڕشتن، لێوی بە ئاستەم سوور کردن. کراسێکی پەمەیی تەنکی لە بەر کرد و دۆشەکەکانی بە دەم یەکەوە ڕاخستن و قیت لە سەر یەکێکیان، بەرانبەر دەرگاکە دانیشت و چاوی تێ بڕی. پاش تاوێ، هەقەلی وەژوور کەوت: هەموو شتێکی ژوورەکە تاریک و بۆر بوو چرا نەوتیەکە و ڕوناک نەبێ. هەموو شتێ مردبوو... هەموو جیهان لە جێی خۆی وێستابوو و مردبوو خۆی و ڕوناک نەبێ. هەموو بوونەوەرێک بەرەو کۆتایی دەچوون ئامێزی ڕوناک نەبێ کە تازە سەرەتای بوو. ئامێزیان پێکدا کرد...

" نا نا، ڕوناک پاکژە. ڕوناک بە خەون و خەیاڵی ئاجڕوباجڕی من لێڵ نابێ. بەڵام ئەم دڵەخورپەیە چییە وا دەسبەردارم نابێ... یەک سات مۆڵەتم نادا... تا دێ زیاد دەکا؟. ئەم ترسە چییە کە دەڵێی بەرەو قەنارەم دەبەن؟. پەیوەندی بە کێوەیە؟. بۆ زەینم بە لای شتی چاکدا ناڕوا؟. ئێستا دەچم جێی گەز بە لاملیەوە دەبینم... ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاوی دەبینم... دەچم و نهێنیەکان بانگم دەکەن. یەک مانگ لەمەوبەر ئەو خەونە قۆڕەم دی و ئیدی گۆڕام. سەروبن بووم. کرمی گومان کەوتە دڵمەوە: بە کۆڵانە سەرەکییەکەی گەڕەکدا، بە ڕووتوقووتی سەرەوخوار دەبووەوە. بۆ سەرەوژوور نەدەبووەوە؟!. پیاوی گەڕەک، تازە لە نوێژی هەینی ببوونەوە و کەوتبوونە سەر شەقامەکە.

ڕوناکیش بە ڕووتی، بە دەم پێکەنین و خۆبادانەوە، بە ناویاندا ڕێی دەکرد. هەموویان تەماشایان دەکرد... هەموویان زەکەریان گرتە دەستەوە و بۆی هاتن... دەیان زەکەری ڕەپ و نیوەڕەپ و باکردووی ڕووت بۆی دەهاتن. شەقامی بەر مزگەوتەکە بووە لافاوی زەکەر و ڕوناکی ڕادەماڵی. ئاخ چ خەونێ بوو؟!. ئەو خەونە ژیانی لێ تێک دام. ئەو خەونە بەرەو ناو حکوومەتم دەبات نەک ڕەفتار و ئەتواری سەلمانە کوێر. ئەو گومانە دەمکاتە پۆشکەی سووکی ناو کۆمەڵگە. من دەزانم ئەو خەونە ڕاستییەکی تێدایە. خەونەکەی دواتریشم، ئیدی بوو بە بەڵگەی ناپاکی ڕوناک. بەڵێ بوو بە بەڵگە. ئەم خەونەم هێند ئاشکرا بوو ڕەنگیشی تێدا بەدی دەکرا: کراسێکی مۆری خەوی زۆر تەنکی لە بەردا بوو. مەمکی، ناوکی و زگی، پزووی دەرپێکەی، هەموو دیار بوون. لە درزی دەرگای دەرەوەڕا تەماشای کۆڵانی دەکرد. دەتگوت ڕاوچییەکە و پارێزی گرتووە. خۆی تاسولووس دابوو بەڵام ڕەنگی بە ڕەنگی منداڵێک دەچوو گڵ بخوا. بە ڕەنگی کەسێ دەچوو بڕیاری مەرگی بە سەردا درابێ: زەرد... تەڵخ... کەتنکەر!. هەر تەماشای کرد. کوڕە گۆڕبەگۆڕەکەی کوێخاکە... ناوی چیی بوو؟. نازانم ناوی چیی بوو بەڵام دەزانم گەنجێکی قۆزی مووزەردی بەرەلا بوو. چاوی مەیلەو سەوز بوون. ڕەنگی سیماو چاوی، بە هی دایکی دەچوو کەچی بالای لە باوکانەوە بۆ مابۆوە. کەڵەگەت بوو. لەوێوە، بە بەردەم دەرگاکەماندا ڕەت بوو. ڕوناکیش بە پەلە دەرگای کردەوە و... دەرگاکە لە خەونەکەشدا سەوز بوو. بانگی کرد. من وێستابووم و هەردوو دیوی دەرگاکەم دەدی. ڕوناک چ حسێبی بۆ نەکردم. بانگی کرد... نیوەی سینگە نیوە ڕووتەکەی لە دەرگاوە پیشان دا و گوتی: سەعاتی کارەباکەمان تێک چووە، نازانی چاکی کەی؟. ئەویش شەرمی کرد. ملی خوار کرد. گوتم ڕوناک من خۆم دەزانم چاکی کەم. گوێی پێ نەدام. وەک ئەوە بوو هەر لەوێش نەبم. کوڕی کوێخا گوتی: ڕەنگە فیوزی سووتابێ. ڕوناک بزەی کرد و چاوی لە چاوی بڕی. بە ڕووتی، هەردوکیان بە ڕووتی چوونە ژوورەوە. کتێبەکانی منیان ڕاخست و لە سەریان پاڵ کەوتن. (شەرەفنامە)یان کردە

سەرین. هێندەم زانی کوڕی کوێخا گۆڕا و کەوتە سەر چوارپەل. بەرگنێکی جوانی ئاوریشمیی، هەموو جەستەی داپۆشی. کوڕی کوێخا بوو بە کاوڕێکی خرتی بەهێز و نیشتە بەر ڕوناکەوە کە ئەویش، کەوتبووە سەر چوارپەل و بە ناشرینترین شێوە پاشەڵی هەڵبڕیبوو. بە دیار کاوڕەکە و ڕوناکەوە، وەک پەڕەسێلکە لە بنمیچەکە هەڵنیشتبووم و تەماشام دەکرد. توانای هاوارکردنم نەبوو. خەمی گەورە، هەر بە جەستەی لاواز هەڵدەگیرێ و خەمی منیش بە پێچەوانەی جەستەمەوە، زۆر گران بوو. کاوڕەکە دەیمرقاند. دوو جاران لە سەر یەک پەڕی. ڕوناک، قاقا پێدەکەنی و بە دەنگی بڵند هاواری دەکرد: دایگرەوە بەرخەکەم!. پاش کەمێ، ڕوناک هەستا و چەقۆیەکی تیژی هێنا و کاوڕەکەی سەربڕی. لە پێش هەموو جێیەکیدا جەرگوناوەکەی بە کاڵی خوارد. منیش، هێندەم بەخۆ زانی وام لە هەڵەتەکان. دەفڕیم... نەوی، هەروا بستێ لە زەویەوە بەرز بووم و بە کۆڵە خەمی قورسەوە دەفڕیم. ئەوە چ خەونێکی زیندوو بوو؟!. دەتگوت هەموو شتێ وا بە بەر چاومەوەیە. دەزانم یەکەم خەونم، یەکەم بڕیاری ڕوناکە بەرەو ناپاکی. دوەم خەونم جێبەجێ کردنیەتی. ئاخ ڕوناک! پاکی و پیسی نەریت نەبوونایە ناپاکیتم قبووڵ بوو. تۆ کرۆکی ژیانمی... تۆ هۆی هەموو هەنگاوێکمی لە ژیاندا کەچی ملی سەلمانە کوێر دەگرم. باشە بۆ دەبێ کوڕی کوێخا بەو شێوەیە بێتە خەونم؟. ئا، بە نائاگاییەوە، دەروونم بەرتیل دەدا... کە بیرم لە گەڕانەوە کردەوە، خەونی یەکەمم دی. کە مەیلەوبڕیاری گەڕانەوەشم دا خەونی دوەمم دی. بەرتیلە و دەروونم بە پیاوی حکومەتی دەدا. دەمەوێ لێبوردنی تایبەتیم بۆ دەرچێ. ئەو، تاکە کەسێکی گەڕەکەکە بوو کە بە ئاشکرا کاری بۆ حکومەت دەکرد. ئەوەتا دەروونم، بێ ئەوەی بزانێ خەبات و کوردایەتی و تێکۆشان وشەرەف چین، بە هەموو نرخێ هەوڵی مانەوەم دەدا... بە جەستە و ئابڕووی ڕوناکیش، وا نەبێ، بۆ دوای ئەو خەونەش بە تۆپینی کوڕی کوێخا، دڵم، نەک هەر خۆش نەبوو، بەڵکو تەنگیش بوو؟!. جا بڕیاری گەڕانەوەم داوە؟. نەء. جارێ هەر تاقمانەجووت و تەڕووشکی بۆ دەکەم و نازانم دەگەڕێمەوە یا چی دەکەم".

به لای دەستەچەپدا لای دا. ئەو نامەیەی کە هەواڵی سەردانی ڕوناکی پێ گەیاندبوو، لە گیرفانی شەرواڵەکەیدا بوو. بە نووکی پەنجەی تاوتوێی دەکرد. تا لە ماڵە خانەخوێ نزیکتر دەبووەوە لێدانی دڵی زیاتر دەبوو... ترسی زیاتری لێ دەنیشت و پلەی شڵەژانی هەڵدەکشا.

زۆری نەبرد گەیشتە بەر دەرگای ئەو ماڵەی کە ڕوناک لێی میوان بوو. لە دەرگای دا. منداڵێکی دە دوانزە ساڵە دەرگای کردەوە. وەک ئەوەی هەر لە کۆرپەییەوە ڕۆڵی پیاوەتی بگێڕێ، سەری بە لای ڕاستدا لار کردەوە و بە بزەیەکی شیرینەوە لێی ڕاما: " فەرموو... فەرموو... یاخوا بەخێربێی". ئەوجا بە دەنگی بڵند و پیاوانە گوتی: " دایە میوانمان هات".

ـ ماڵی کوێخا سمایلە؟.

ـ بەڵێ بەڵێ، فەرموو.

هەقەلی بۆ ماوەیەکی کەم خەیاڵ بردیەوە: "ئەمەریکاییەکان، بە جووتێ دەمانچەوە پێشوازی لە میوان دەکەن. وا پلەی دواکەوتویی و پێشکەوتنیان دیارە. عارەب، ئاگر لە بەردەم ڕەشماڵی خۆیاندا دەکەنەوە تا میوان ڕوویان تێ بکا بەڵام کە دەڕوا ڕێی پێ دەگرن و ڕووتی دەکەنەوە. پلەی پێشکەوتنی ئەوانیش دیارە. بۆ کوردیش ناشرینە لە ناوی میوان بپرسێ... میوان عەزیزی خوایە و کەس لە ئاستیدا خاوەنماڵ نییە. ڕادەی پێشکەوتنی کوردیش دیارە. یەکە یەکەمان لە ئاستی میواندا خاوەنماڵ نین و هەمووشمان لە ئاستی بێگانەدا خاوەن وڵات نین". کەوتە تەک منداڵەکە و بە ناو حەوشە بەردڕێژکراوەکەدا، بەرەو بنهەیوانێک ڕۆیشتن. هەقەلی وەژوور کەوت. ماوەیک سام گرتی. لاچەنەگەی ڕوناک ڕووشابوو و تازە قەتماغەیەکی تەنکی ڕەشی گرتبوو: ئەوە ڕوناک نەبوو!. ئەوە خەلقەندەیەکی ترسهێنەر، دەعبایەکی گۆشتخۆر و کەتنکەرێکی ئێسکقورس بوو. گوڵ بوو بەڵام وەریبوو، ژن بوو بەڵام داتەپیبوو، کەرتێکی جەستەی خۆی بوو بەڵام لێی ببۆوە و کرم لێی دابوو و ڕزیبوو. بزەی ڕوناک بزەکانی بەرێ نەبوو، نهێنیەکانی پێشا کە لە چاویدا هاواریان بۆ دەکرد، ڕەویان کردبوو... نا... ببوون بە هەوڵی شاردنەوەی

نهێنی تر. چاوەکانی سەنگەری دوژمن بوون و سەدان لوولە چەک لە ناویانەوە ڕوویان لە سینگی ئەم کردبوو.

دەستی بۆ درێژ کرد و لە بری سەری پەنجەکانی کە جاران بە شەرمێکی واوە دەخزانە ناولەپیوە، هەزاران جار جوانی و پلەی ژنایەتی پێ زیاد دەبوو، هەموو لەپی، پەنجەکانی ئەمیان گرتە خۆ. بزەکەی بزەی مردوو بوو. دەنگی، هاوار و دادی ویژدانی تێدا بوو نەک پەرۆش و خورپە. دەستوپەنجەی، کە جاران کارەبایان بە جەستەیدا دەگەڕاند، کوتە دارێکی بێ گیان بوون. هەقەلی، ئەم جارەش، ساتێکی کورت، کەوتە جیهانێکەوە کە گیانەوەری تێدا نەبێ بەڵام بە هەستێکی ترەوە: "ڕوناک خۆی دۆڕاندووە!... ڕوناک خۆی دۆڕاندووە!... خۆی دۆڕاندووە..."

لە ماڵی کوێخا سمایلیش وەک ماڵی کاکە ڕەسووڵ، ژووری تایبەتییان بۆ تەرخان کرا: ژوورێکی فەڕاح و ڕوناک و پاک ، ئەوەی تێیدا بوو خاوێن و گەش بوو ڕوناک نەبێ کە بۆر و تاریک و بێگیان و ئێسکقورس بوو و لە ژێر بارێکی هێند گراندا نقەی دەهات لە توانای خۆی بەدەر بوو. خۆی بە ئامێزیدا کرد: جەستەی کۆتەرەدارێکی ساردوسڕی بێ هەست و بێ گیان و بێ خوێن بوو... " کوا ڕوناک؟. کوا جۆش و خرۆشی جارانی ڕوناک؟!. کوا خورپە و هەناسە سواربوونی ڕوناک؟!. کوا دەنگی وەک هەنسکی؟!. کوا هەق... کوا داد... کوا ڕەوایەتی؟!".

- هەقەلی بۆ وای؟. کوا جۆش و ...
- نازانم. ئەی تۆ بۆ وای؟.
- ... دڵم تەنگە...
- کوێخا چۆنە؟.
- ...
- بۆ وەڵامم نادەیتەوە؟. هەقەلی بە دەم دانیشتنەوە ئەو پرسیارەی کرد.
- وەڵامی چیت بدەمەوە؟. کەسی ترت نەدیتەوە پرسیاریم لێ بکەی؟. ئەی بۆ هەواڵی دایکت، باوکت، خۆیشک و برایەلت ناپرسی؟. کوێخا!!...

ـ لاچەنەگەت بۆ زامدار بووە؟.

ـ ...

ـ وەڵامم بدەوە.

ـ ڕنیومە... ڕوناک ئەوەی گوت و ڕێک لە بەردەمیدا دانیشت.

ـ بۆ؟!...

ڕوناک دەستی خستنە سەر چۆکی هەقەلی و گوتی: ـ لەبەر ئەوەی هەموویان ڕەوانەی بیابانەکان کران. ماڵی باوکت دەڵێم.

"درۆ دەکا. ڕوناک ئەو بابەتە ژنە نییە شین بگێڕێ و لە خۆی بدا. گەزی لێ گیراوە... دۆستەکەی گەستوویەتی. زۆری ماچ کردووە و ڕوشاندویەتی".

هەقەلی هەناسەی سوار بوو، ڕەنگی پەڕی بوو. ئەم پرسیارە، بە ناو هەناسەی بچڕبچڕیدا دەرپەڕی و دەستی ڕوناکی لە سەر چۆکی خۆی لادا:

ـ ئەدی... چۆن... تۆیان نەگرت؟!.

هەقەلی ئەو پرسیارەی بە سەرسامییەکەوە ئاڕاستە کرد کە بیەوێ ئەویش بگرن و گرتنەکەی، خۆی لە خۆیدا مەبەستێ بێ بۆی تێبکۆشێ.

ـ خاتوون خان لێ نەگەڕا.

هاقەلی، بێ ئەوەی هیچ بڵێ، بە هەزاران نیشانەی پرسیارەوە سەرنجی دا:

" خاتوون خان خەڵک بەر دەدا. دەستی دەڕوا. ناگیرێ. خۆی لێکەوتوە و..."

ـ بەڵێنی داوە ماڵی باوکیشت بەردا...

" بەڵێ بەڵێ خەڵک بەر دەدا!. ئەی چۆن!. ئاخر کوڕەکەی لە ناو حکومەتدا دەسەڵاتدارە!... "

ـ بە پێنجسەد دینار بەریان دەدا...

" بە پێنجسەد بە گرتی داون... بە پێنج سەد بەریان دەدا... پێنجسەدیش لە مشتەریەکانی ڕوناک دەستێنێ... سەد دووسەدی بۆ سەلمانەکوێری قارەمان دەنێرێ... ئەویش یەک دوانێک بە کوشت دەدا... ئیدی (خ خ)یە نە گەمە. ئەم (خ خ)یە بۆ من بوو بە چ دەرد و زوخاوێک؟!".

هەقەلی شانی دادابۆوە و لە گۆڕەوییەکانی خۆی ڕامابوو. خەیاڵ، بەرەو

دواوەی گێڕایەوە، بەرەو سەردەمی هەرزەکاری:

"لە تەمەنی پانزە شانزە ساڵیدا بوو، لە گەڵ سەلماندا، هاوپۆلی قوتابخانە بوون. بە مەبەستی ئەوەی کتێبی لێ وەرگرێ لە دەرگای دا. (خ خ) دەرگای کردەوە. سینگ و مەمکی نیوە ڕووت بوون و قژە سوورخنەکەی، وەک گڕ بە سەر سینگیدا دادەباری. بە بزەیەکەوە کە هەرگیز لە سەر لێوی کەسی نەدیبوو، ڕێی وەژوورکەوتنی دا:

ـ فەرموو فەرموو کوڕە قۆزەکەی گەڕەک. سەلمان وا لە ژوورەوەیە.

لە گەڵ سەلماندا کەوتنە سوعبەتکردن. دوایی دەستی یەکتریان دەگوشی تا بزانن کامیان هاوار دەکا. لە پڕ، (خ خ) ڕووی لە سەلمان کرد و داوایەکی لێ کرد. ناردی بۆ ئەوسەری گەڕەک... بۆ چی نارد؟. سەلمان، بە غەزمبێکی واوە سەیری هەقەلی کرد و ڕۆیی، سامی لێ دەکرا. (خ خ) پێی گوت:

ـ خەمت نەبێ تا دێیەوە هەقەلی لێرە دەمێنێ. دوایی زرمەزلێ و نێرمکەربازی خۆتان بکەن.

ئەو ڕۆیشت و هەقەلی بە تەنێ لەگەڵ (خ خ)دا مایەوە. ماڵەکە لە ڕادەبەدەر پاک و ڕێکوپێک بوو بەڵام وەک گۆڕستانیش بێدەنگ بوو. بێدەنگی هەناسەی سوار کرد و ترسی لێ بار کرد... پاکیی ماڵەکە کە تەنها یەک ژوور بوو، لێی بوو بە ئاگر و دەیسووتاند. لە شتێکی نادیار دەترسا. لێی هاتە پێشێ:

ـ دەی کوڕەقۆزەکەی گەڕەک!. وەرە دەستم بگوشە بزانە بە هاوارم ناخەی؟.

هەقەلی تازە خەتی دابوو. شانازی بە توکەبەر و گەندەمووی ڕیش و سمێڵیەوە دەکرد. کچان سەیریان دەکرد بەڵام ترس و شەرمی لێ دەنیشتن و ملی مات دەکرد...

ـ دەی دەستم بگوشە...

دەست و مەچەکە خرپنەکەی لێ هێنایە پێشێ. ملە گۆشتنە سپییەکەی لە ئاستی چاوی ئەم بوو... هەموو جەستەی نەرموشل دیار بوو. هەناسەی بۆنی بنێشتەتاڵەی لێ دەهات و تێکەڵاوی بۆنی مێخەک دەبو و دەیوروژاند و دەیتۆقاند. هەقەلی، لێوی کەوتنە لەرزین... بە ترس و شەرمەوە دەستی برد و

دەستی نایە ناو دەستی و گوشی. وەک تەوقەکردنەکەی ئەمڕۆی ڕوناک دەستی گوشی. دەمی وەک پەلاس وشک بوو. دڵی بە شێوەیەکی سەیر کەوتە لێدان. کەم... هەر وا بە عاستەم دەستی گوشی. کەچی ئەو، بە جۆرێ زریکاندی دەتگوت دەستی شکا. باسکەکەی تری لە مل ئالاند و بە سینگی خۆیەوەی نووساند. دڵی وا بە تەوژم و خێرا لێی دەدا دەترسا کەرتکەرت بێ... چەنەگەی کەوتە نێوان هەردوو مەمکی توند و نەرم و کەمێ گەورە و کەمێ گەرمیەوە. بۆنێکی خۆش کە بە بۆنی شەوبۆ دەچوو، تێکەڵاوی بۆنی مێخەک و بنێشتەتاڵە دەبوو، لە گەڵ هەناسە سوارەکەیدا خۆی کرد بە سییەکانیدا کەچی لێی ببوو بە بۆنی مەرگ. وەیدەزانی باسکی، کە لە ملی ئالابوو پەتی سێدارەیە. گەلێ جار باسی ئاخرزەمانی بۆ کرابوو... وەیزانی ئاخرزەمان هەستاوە. دەمی هەقەلی نایە ناو دەمی خۆی و مژی... هەناسەی بڕا. ئەو دەمولێوەی کە هەمیشە جوان و سوورێکی کاڵی خواکرد و بە بزە بوون، لە هەقەلی بوون بە دوو سەرینی چڵکن و ڕێی هەناسەیان لێ بڕی. پێی وا بوو جێی هەموو جەستەی لە ناو زاری (خ خ)دا دەبێتەوە و هەر ئێستا دەیکاتە یەک پاروو و قووتی دەدا. نەیدەزانی نێر و مێ چۆن یەکتر ماچ دەکەن. دەترسا، زۆر دەترسا ڕوحی دەرچێ. گوتی:

- هەقەلی تاکێ نەکەین؟!.

خۆی لە دەستی ڕاپسکاند و تا تینی تێدا بوو قووچاندی. هەر بەڕاکردن ڕایکرد. دەترسا ئەو ژنە زۆرگێی بکا و تا قەیامەت خەڵک باسی بکەن و دەهۆڵی بۆ لێ بدەن... دەتگوت کچێکە و هەڕەشە لە پەردەی کچێنی دەکرێ. گەیشتە بەر دەرگای دەرێ. لە دوایەوە لێی قیژاند:

- هەقەلی!... هەقەلی!...

دەتگوت قیژەکەی پەتێکە و لە لاقی ئالا. لە جێی خۆیدا، بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، ڕەق ڕاوێستا. گوتی: یەک قسە بکەی بە خەڵک دەڵێم هەقەلی ویستی زۆرگێم بکا... قسە نەکەی وا پێت دەڵێم ها!. بڕۆ هەیتڕی بە و جارێکی دی بەمناوەدا نەیەی هەتیوی ترسنۆکی حیزی قووندەری خوێڕی...

تا توانی قوچاندی... هەترەشی چووبوو..."

هەقەلی، هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە کاوەخۆ ڕوانییە ڕوناک:

- ئەدی کوڕەکەی کوێخا خەریکی چییە؟. ئەمنە؟. هەقەلی ئەوەی پرسی و بەخۆی وەڵامەکەی دەزانی.

- کوژرا. دەیانگوت لە بنەوە پەیوەندی بە ئێوەوە... بە سەلمانەوە بووە. دەڵێن عومەرەگورگە کوشتوویەتی. کەس نازانێ چۆنە.

عومەرەگورگە، بە تەنها حوکمی ناوچەیەکی دەکرد. کەس نەیدەزانی جێی کوێیە و لە کوێ دەخەوێ و چی دەخوا. بە خۆ و بە تفەنگێکەوە هەر جارە و لە جێیەک دەردەکەوت. نەخوێندەوار، نەژنەو، ملهوڕ، ئازا. چوار پێنج پێناسەی لە بەرکدا بوون: پێناسەی جاشایەتی، هی ئەمن، هی موخابەرات، قاقەزی کاکی گەورە و کاکە گەورەکانی تر و یەکێکی سەلمانیش. دەهات و دەچوو. لە هەر گوندێکدا کێشە و هەرا هەبوایە، ئەو، خاوەن کێشە و دوو سێ شایەدی دەبردنە کن مەلا: "مامۆستا شەرعیان بکە!. ئەوەی لە شەرعی مەلا لابدا یەک فیشەک بە تەوقی سەریەوە دەنێم. خوام لەو خوایە لێی لا دەدەن". عومەرەگورگە کێشەی لە ناوچەکەدا بڕی. بەرەو سەرەوە بانگیان کرد و پێیان گوت: "نابێ کاری سەربەخۆ بکەی. ئێمە یاسامان هەیە". ئەو کێشانەی کە ئەو بە پێی شەرع چارەسەری کردن، لە سایەی یاسادا سەریان هەڵدایەوە. بڕ بڕ زەلام کوژران و بڕ بڕ زەلام بۆ تۆڵەسەندنەوە چەکیان هەڵگرت و چوونە ڕیزی حیزبە دژ بە یەکەکانەوە. عومەرەگورگە دوو سێ ڕۆژ بوو کوژرابوو... لە ڕاستیدا تیرباران کرابوو...لە بارەگا، حوکمی مەرگی بە سەردا درا: پیاوی موخابەرات دەرچو!.

- کەنگێ کوڕی کوێخا کوژرا؟.

- پێنج شەش ڕۆژێک دەبێ.

" ئاشکرایە بۆ عومەرەگورگە تیرباران کرا... ئەو بە تەنها... بە تاقی تەنها پێشی بە لەشکرێک دەگرت. بە تاقی تەنها بەرەنگاری سەد جاش دەبووەوە و لێی دەکوشتن. کە عەقڵیشی نەیبڕیبا ڕێک دەچووەوە ناو حکومەت. لەوێ، لە

گوڵ کاڵتری پێ نەدەگوترا... کە دڵیشی دەشکا، دەگەڕایەوە شاخ و هەموو کەس دەست لە سەر سینگ بۆی دەوێستان. حکومەت لە سەر پیاوی خۆی نەیکوشت... ئەمانەی شاخ لە سەر پیاوی حکومەت تیربارانیان کرد... ئەمە چەندی بە چەندە؟. ئەدی کوڕی کوێخاکە چی بوو؟!..."

- لە کوێ؟!... لە...

- بۆ وا گۆڕاوی؟!. چت لە کوڕی کوێخا داوە؟!.

داما: "بۆ گۆڕاوم؟ کەرتێکی هەناوم کرمێ بووە. کەرتێکی دڵم ڕزیوە ڕوناک گیان. ئەوەی بە پەرستگەم دەزانی بەندیخانە دەرچوو... ئەوەی بە ئەوینم دەزانی گڕوگاڵی نەفامێک بوو... دوژمن چییە؟. دوژمن ئەوەیە تاقیبی خوێنت بکا... شەرەفت پێشێل بکا... لێت نەگەڕێ ئاسوودە بیت... گوڵ و شتڵی خۆشەویستیی ناو سینگت بخاتە ژێر پێوە... هەوڵ بدا گرکانی ڕق لە دڵتدا بەرپا بکا و جێی ئەوینی پێ پڕ کاتەوە... بەرانبەر کەسانێک بەرپای بکا کە خۆی ڕقی لێیانە. بەرانبەر ئەوانەی کە وەک تۆ ئەوینی دڵیان خراوەتە ژێر پێ. ئەوانیش کەرتێ لە دڵیان ڕزیوە... ئەوانیش پەرستگەیان لێ بۆتە بەندیخانە... دوژمن لە هەموو لاوە، لە ناو پێخەفیشەوە لە بۆسەدایە... لە چاوی تۆشەوە لە بۆسەدایە و دەیەوێ بمپێکێ. ئەی تۆ ڕوناک؟... دەبێ...نا نا..."

- من... من نەگۆڕاوم... دەورودوکانی خوا گۆڕاوە. با... گۆڕاوم... پشتە ملیان گرتم و هاویشتیانمە ناو خمخانەوە و ڕەنگ کرام.

ڕوناک دایە پرمەی گریان. خۆی پێوە نووساند. وەک ئەوەی تەرمی هەقەلی لە ئامێز گرتبێ نەک خودی (هەقەلی)ی زرپ و زیندوو، کەوتە لاواندنەوە.

دەستی بە سەردا هێنا. هەستی کرد خەلقەندمیەکی بەهێز لە ناو سینگیدا، کتوپڕ لە خەو ڕابوو. ئەو خەلقەندمیە دەیویست بێتە دەرێ و ڕوناک لە ئامێز بگرێ و تێر لێوی بمژێ و چاوە تەڕەکانی بلێسێتەوە. بەڵام هەقەلی ڕێی نەدا و بەخۆشی نەیدەزانی چۆن پێشی پێ گرت. بە چپە لەگەڵیدا کەوتە قسان: "یامنیش لەگەڵتدا دەگەڕێمەوە یا تۆ مەگەڕێوە و دەچینە دەرەوەی وڵات..."

گریانی ڕوناک، وەک ئەوەی کارەبا بێ و لە سویچەوە کوژابێتنەوە، کوژایەوە.

چاوە تەڕەکانی تێ بڕین و بێ ئەوەی لێوی لێک بترازێنێ هەزار پرسیاری ئاڕاستە کرد. هەقەلی لە بەر چاوی بچووک بوەوە. بچووک... بچووک...

- بۆ سەرسام بووی؟. هەقەلی ئەو پرسیارەی بە دەنگێکی گڕ ئاڕاستە کرد. ئەوجا بە نەرمی کەوتە دووان:

- چ جیاوازییەک نییە. ئێرەش دەزگایەکی ئەوێیە. هەموو کەس ئەوە دەزانێ خەڵکە ساکارەکە نەبێ کە شەیدای ئازایەتین و بە کوشت دەدرێن و خۆ بە کوشت دەدەن. ئەمەی کە هەیە پێداویستییەکە بۆ... بۆ حکومەت. ئەمانە لە مەیداندا بن و بەهێز بن، بۆ... حکوومەت، لەوە چاکترە خەڵکانی دی، بە ویستی خۆڕسک بەرەو ئاسۆی خۆڕسکی خۆیان مل بنێن. ئەمانە مەترسیشیان هەبێ، بە ئیشارەتی یەک پەنجە یەکتر قووت دەدەن. نەبوونی ئەمانە مەترسییە... بۆ خودی حکومەت. حکومەت حسێبی بۆ ئەوە کردووە.

- نابێ. خەڵک چت پێ دەڵێن؟. کوڕی خەڵک لە ناو شارەکاندا چالاکی دەکەن و دەکوژرێن... لە دار دەدرێن... لە دار و دیوار دەنووسن.

- چی دەنووسن؟.

- دەنووسن: بژی کاکی گەورە. دەنووسن ئازادی بۆ کوردستان... دەنووسن بڕمێ فاشی. لە دیواری دەرەوەی مزگەوتی گەڕەک نووسیبویان: بژی کاکی گەورە. هەموو ئەوانەی لە نوێژی جەماعەت بوون دیتیان. هەموو عالەم دیتیان ئەوجا هاتن کوژاندیانەوە. خەڵکی گەشابوونەوە.

- خەڵک چییان دی؟.

- (بژی کاکی گەورە)یان دی.

- ئەی ئازادی بۆ کوردستان؟. کەس دیتی؟.

- یەک دوویەک دیبویان و بە پەلە کوژاندیانەوە.

- چاوت لێیە؟. خۆیان مەبەستیانە (بژی کاکی گەورە) ببیندرێ. دوور نییە خەڵکیشیان لە سەری هەڵواسیبێ.

- دوان. جووتێ برا. هەر لەو جێیە، بە لای نووسینەکەوە تیرباران کران...

- بۆ ئەوەی کاکی گەورە لای خەڵک (پیرۆز) بێ و خەڵکی پتری دوا کەون.

- سەر لەم قوماره دەرناكەم.
- ئاخر تۆ نە قومارچیت نە تەماشای ناوچەوانی قومارچیت كردووه. تۆ لەو بابەتەی بنووسی (ئازادی بۆ كوردستان) بۆیە بە بێ دەسەڵاتی دەمێنی. منیش هەر وا. ئەوەی هەستی وابێ، سەر لەو قوماره دەرناكا.
- ...
- پێت ناخۆشە لەگەڵتدا بێمەوە؟.
- زۆرم پێ نەنگە.
- دەی تۆ وەرە. وەرە با پێكەوە بچینە جێیەك كە قوماربازی لێ نەبێ. هیچ نەبێ ئەو بابەتە قوماربازەی لێ نەبن كە دەسمایەیان خوێنە. من ڕازی نابم قومار بە خوێنم بكرێ. بۆ بیر ناكەیتەوە؟. سەلمانەكوێر لێرە سەركردەیە و دایكی لەوێ دەستی دەڕوا و خەڵك بەر دەدا... دیارە دە كەس بە گرت نەدا یەك كەسی پێ بەر نادرێ.
- دەڵێن لە سەلمان دەترسێن بۆیە بەگوێی دایكی دەكەن.
- ئەی ئاخرمان شەڕ بێ. هەقەلی ئەوەی بە كاوە خۆ گوت. سەری خوار كردەوە و بێ ئەوەی هیچ ببینێ لە بەردەمی خۆی ڕاما: "دەڵێی قەت كەسوكارم نەگیراون. ئەوەی خەم بێ بە دڵمدا نایەت. لە جەنگ و مەترسی و تەنگانەدا لایەنی ئاژەڵایەتی مرۆ چۆن سەر دەكا!. كامە ئاژەڵ خەمی دایك و باوك دەخوا تا مرۆ بیخوا. دایك و باوك ئەركی ئاژەڵیی خۆیان بەجێ دەگەیەنن و دوایی وەك مامر دەبێرێن و منداڵیش كە پێگەیشت دوای ژیانی خۆی دەكەوێ. وا نەبێ و ژیانی خۆم لە مەترسیدا نەبێ، چۆن ئەو باوكە كڵۆڵەم، ئەو دایكە بەسۆزەم، ئەو برا و خوشكە بێتاوانانەم بە بیردا نایەن؟. چۆن لەو بیابانانەدا هەڵدەكەن؟. من چیم پێ دەكرێ بۆیان بكەم؟. هەر خۆ بەدەستەوەدان؟. من ئەو ڕۆژە خۆم بە دەستەوە دا كە هاتمە شاخ. بگەڕێمەوە بەر دەبن؟. نازانم. نازانم هاوكێشەی ئەمڕۆ كیهەیان دەخوازێ. بەربوونیان یا بەرنەبوونیان. نەخێر مەسەلە من نیم. مەسەلە لەوە قووڵتر و ئاڵۆزترە. باوكی ڕەشەڕەش، قیت قیت دەسووڕێتەوە كەچی ڕەشە دەردێك بە حكومەت دەدا نەبێتەوە. دە

جاران بریندار کرا. چەندین جار مەفرەزەی تایبەتیی بۆ کوشتنی دەرچوو. کەچی ئێستا و ئێستاش باوکی نەگیرا. من بێ ئەوەی وەک شەڕکەرێ ناوم دەرچووبێ ئەوا کەسوکارم گیران. عەباسە درێژ یەک ڕۆژ دوای هەڵاتنی، باوکیان گرت. کەچی پیاوی خۆیان دەرچوو. دەبێ لە کوێی تەونەکەی سەلماندا جێم بۆ کرابێتەوە و کێ بەهای نەزاندراوەکانی ئەم هاوکێشەیە دادەنێ؟!. غەزەبە... یا دەبارێ یا نابارێ. هاوکێشەیەکە هەزار نەزاندراوی تێدایە..."

سەری بە سینگی ڕوناکەوە نووساند و کەوتە بۆنکردنی. هەستی دەکرد منداڵێکە و لە ئامێزی دایکیدایە و لەو ئامێزەدا کەس ناتوانی ئازاری بدا. ئەویش دەستی بە سەریدا دەهێنا و بە پەنجە درێژەکانی قژی شە دەکرد و دەستی بە ڕومەتە زبرەکانیدا دەسوو و ورد ورد ئەشکی لە چاوان دەباری. بە دەنگی پڕ گریانەوە گوتی: خەم مەخۆ ماڵی باوکت بەر دەبن... خاتوون خان هەوڵیان بۆ دەدا.

" خاتوون خان ئەوان بەر دەدا و سەلمانی کوڕی ڕێی گەڕانەوەی ناو حکومەت بە من پیشان دەدا. ئەمە چەندی بە چەندە؟. پسوولەم دەداتێ تا لە ڕێی گەڕانەوەمدا کەس دەست نەخاتە ڕێم... گوایە هەر تێکۆشەرەکەی جارانم با بشچمەوە ناو حکوومەت. توائهوووو...توائهوووو... هەموومان، بە کاکی گەورە و سەلمانیشەوە یەک پارووی حکوومەتین چونکە ڕێمان هەڵەیە..."

- خاتوون خان... کاک سەلمان... کاکی گەورە... ئاسایش.. ناو شاخەکان... بەغدا... ئەمانە هەموو سەروبنی یەکن... لە ڕاستیدا هەر یەکێکین و لەو خەڵکە کراون بە بەرەی جیاواز و دژ بە یەک.

ڕوناک، سەری خستبووە سەر باسکی هەقەلی و چاوی چووبوونە خەو. ئەویش بە وردی سەرنجی دەدا: تاوێ لە دەمولێوی ڕادەما کە خاڵی ورد ورد دەورەیان دابوو و تاوێکیش لە پێڵوەکانی ڕادەما کە لێکی نابوون و چاوە گەشەکانیان شاردبۆوە. تاوێکیش سەرنجی دەدایە پرچە خاوە خەنەییەکەی کە قەفێکی لە لای ملیەوە بەرەو خوار، بەرەو نێوان هەردوو مەمکی توندوتۆڵی دەکشا. بە دەم تەماشاکردنی سیمای جوانی ڕوناکەوە، کە شێوەی شێواوی

ئێوارەی پێوە نەمابوو و پتر بە ڕوخساری ساوا دەچوو، خەیاڵ بەرەو دواوەی بردەوە: "یەکەم شەوی زەماوەندیان، تا بەرەبەیان بە زاوا نەبوو. دوو زەلامی بەخۆ، لە خزمەکانی خۆی، لە سەربانەکە وێستا بوون و چاوەڕوانی مزگێنی بەزاوابوونی ئەم بوون. ئەمیش کە باسکی ڕوناکی لە مل دەئالاَ هەستی دەکرد پەتی قەنارەیە و پێی دەخنکێ. کە زۆری لەخۆ دەکرد و لێوی بۆ لێوی ڕوناک دەبرد و بەری دەکەوت هەناسەی سوار دەبوو و قێزی لێ دەبووەوە. بزەکانی ڕوناک، دەبوونە هۆی خۆسووککردنی... کە خۆی بەبێ بەرگری بە دەستەوە دەدا و مەیلی خۆی پیشان دەدا لە بەرچاوی دەبووە سۆزانیەکی وا کە هەمیشە ئەوە پیشەی بووبێ. هەقەلی هۆیەکانی دەزانین و ویژدانی ئازاری دەدا بەلاَم چ چارەسەرێکی پێ نەدەکرا. پیاوەتی و نێرایەتی لە جەستەیدا نەمابوون. ئامێری نێرایەتی ببوو بە پەتکێکی شلەقاوی دەست پیرەژنان. بەرەبەیان، چاوی چووە خەو. لە پڕ وەک ئەوەی دەستێکی غەیبیی بۆ کارێکی پێویست و پیرۆز وەئاگای بێنێ، ڕاپەڕی و ڕوناکی ڕاپێچ کرد... لێبووەوە و ئەو کێوە سەختەی بڕی کە لێی تۆقی بوو. ڕوناک هاستایە سەر چنچکان و تەماشایەکی بنی خۆی کرد. پەڕۆ سپییەکە لە بنی ڕانەخرابوو. پەڕۆ لەکوێ کەوتبوو و خوێن لەکوێ تکا بوو!. گریا... وەک ئەوەی شتێکی بەهاداری لە نرخاندننەهاتووی لە دەست چووبێ، بە کوڵ گریا. هەقەلی دڵی دایەوە: چما پێت وایە پەڕۆکە دەکەینە بەیداغ و لە سەربانەکە دەشەکێتەوە؟".

هەقەلی، دەسبەرداری کارەساتی یادگار بوو. بە کاوەخۆ، باسکی لە ژێر سەری ڕوناک دەرهێنا و پشتی تێ کرد. بیری لە چارەنووسی خۆی و ڕوناک دەکردەوە: "بۆ کوێ بچم؟. چی بکەم؟. خۆ هەرچی بکەم ڕوناک بێ دەمەتەقێ لە گەڵمدایە. بگەڕێمەوە بەردەستی هەمان ئەو دامودەزگایەی کە جارێ بە شکستخوراویی ڕووم تێ کرد؟. چما لەوێ (خ خ) کە بەرێ نیشانەی سۆزانێتی بوو و ئێستا کراوەتە نیشانە و کورتکراوەی (خەباتی خوێناوی) لێ دەگەڕێ؟. چما لێرە بێ یا لەوێ، سەلمان تۆڵەی دەسگوشینەکە ناکاتەوە؟!. دەبێ سەلمان بە بێتاوانییم بزانێ؟. بەرەو هەندەران سەر هەڵگرم؟. ئەوانەی کە

ڕوویان لە هەندەران کرد تەواویان کرد!. لە سەر بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان بە شەڕ دێن... لە سەر دڕاندنی عەلەمی عیراق لە یەکتر لالووتن. لە کۆبوونەواندا، لەگەڵ یەکدا بەشەڕ دێن ... شان بە شانی ئەورووپاییەکان و بە دڵی ئەوان دژایەتی خودی خۆیان دەکەن و دەبنە پارسەنگی ڕاست دژی چەپ یا بە پێچەوانەوە... خەبات بۆ یەکبوونی وڵاتە عارەبەکان و ڕزگارکردنی فەلەستین دەکەن. دەڵێی خۆیان کێشەیان هەر لە بنیی نییە!. ئەم دەڵێ کامپی وارشۆ چاکە و ئەو دەڵێ کامپی ناتۆ چاکە... ئەوێش ڕەنگدانەوەی ئێرەیە... ئەوەش گەرای ئێرەیە و لەوێ خراوە. جەبارە دانزێڕین کە لێرە نازی بە سەر زەویدا دەکرد، لەوێ پیرەژنی پەککەوتە پاک دەکاتەوە و پیساییان دەشوا... سەگەوانی دەکا. دکتۆر حەسەن، ئەوەشی چنگ ناکەوێ. بەو پلە و پایە و شەهادە و تەمەنەوە، لە ڕای خوا دەژی. هەندەرانی چی؟!".

هەقەلی خەوی لێ نەدەکەوت. هەر ئەمدیو ئەودیوی دەکرد و خەیاڵی لە شەقەی باڵی دەدا. خەیاڵی بە سەر (خ خ)وە نیشتەوە:

"(خ خ) تا گۆشتی دەخورا حەشری کرد. کە تەمەنیش دەستی لە بنی هەمانەوە پێ دەرهێنا، بوو بە قەوێدە... بوو بە قیادە... بوو بە هەموو شت. پێش ئەوەی بە تەواوی لێکەوێ، بە ئارایشکردنی ژنان دەستی پێ کرد. بووکی بۆ کوڕی جەماله کەڕ ڕازاندبۆوە، بۆ بەیانی گوتبووی: وام تاسولووس دابوو، زاوای زەردمان دوانزە کەڕەت پەڕی!. ئەو بووکەش کە ئەو تاسولووسی دەدا وەک خۆی دەردەچوو. ڕوناکیش، ئەو بە ناخێری بۆ منی ئارایش کرد. ئێستا، ئەو دەتوانێ بمژێنێ، بممرێنێ، لە چاڵم نێ. ئەو لێرە و لەوێ دەستی دەڕوا!. دەستی دەگاتە تارانیش... زۆری نەماوە دەستی بە سەر هەموو دنیادا بڕوا... کلکی لە هەموو دنیادا تۆز دەکا. ئەوەی (خ خ) بە خەباتی خوێناوی نەخوێنێتەوە، دەبێ نەمێنێ. من بە خەباتی خوێناوی نایخوێنمەوە. هەموو ساکارەکان بە خەباتی خوێناوی دەیخوێننەوە. ئەو ماڵانەی کە (خ خ) بە دیوارەکانیانەوە دەنووسرا، ئێستا بە خەباتی خوێناوی دەیخوێننەوە و کوڕی خۆیانی بۆ بە کوشت دەدەن. جاران، هەر ئەو ماڵانە بە خاتوون خان

دەیانخوێندەوە. چەند زیاتری لە سەر هەڵواسرێ زیاتر دەبێتە خەباتی خوێناوی و چاکتر ڕەگی گولیی دادەکوتێ. بۆ ئەوەی بە مەترسییەکی گەورە لە قەڵەم بدرێ زۆری بۆ بەکوشت دەدرێ. لە سەردەمی منداڵی مندا، (خ خ) خاتوون خانی سۆزانی بوو. ئێستا خەباتی خوێناوییە... ئەوەی ئێستا منداڵ و هەرزەکارە، لە سایەی (خەباتی خوێناوی)دا پەروەردە دەبێ... کەللەی سەریشی هەڵگری، بە خاتوون خانی تێناگا... با هەر تێی نەگا!".

بەرەو ڕوناک خۆی وەرچەرخاند. تاوێکی دی لە دەمولێو و پێڵۆی چاوی ڕاما: "نا نا... ئەگەر یەک پەری هەبێ ئەمەیە. ئەگەر یەک پاکژ هەبێ هەر ئەمەیە..."

ئەو، بیری لە پاکژیی ڕوناک دەکردەوە و جێبرینەکەی چەنەگەی ڕوناکیش مشتەکوڵەی بە هەڵەداچوونی بە دەمیدا دەدا و دەیخستە نێوان دوو بەرداشەوە... بەرداشی خۆشەویستی و گومان، دەیانهاڕی.

## (١٤)

سەلمان بە دۆڵەکەدا هەڵدەگەڕا. دوو چەکداری زیت و وریای لە پێشەوە دەڕۆیشتن و سیانی لەو بابەتەشی بە دواوە بوون کە بەردەوام تەماشای دەوروبەریان دەکرد. گابەردێکی گەورەی بە قەدەر خانوویەکی دوو نهۆمی، بە لای دەستەڕاستی ڕێیەکەوە بوو. دوو گۆڕ، بە تەنیشتی یەکەوە، لە پەنای بەردەکەدا بوون... یەکێکیان بە گۆڕی نەناسراو و بێ کەس دەچوو و ئەوی تریان گەورەتر و ڕێکوپێکتر بوو و کێلەکەشی نزیکەی مەترێ بڵند بوو.

سەلمان ئاوڕێکی دواوەی دایەوە و بە کاوەخۆ، یەکێ لە چەکدارەکانی بانگ کرد: "دوایی، بە شەو وەرن ئەو کێلانە لابەرن... بیانشکێنن. بەڵام وریا بن کەس پێتان نەزانێ". چەکدارەکەش بە هەمان چپە (بەڵێ بە چاوان)ێکی بۆ کرد. سەلمان کەمێ داما و لە سەری ڕۆیی: "دوایی لە سەر کێلە ڕووخاوەکان، ئەو مچە سمێڵزلە سزا بدەن... ڕەنگە ئەو دەستی تێدا بێ..." چەکدارەکە، بە

بزەیەکی دڵسۆزانەوە، (بەڵێ بە چاوان)ێکی تری بۆ کرد.
دوای گابەردی دیار گۆڕەکان، دەوری سەد مەترێ هەر بەلای دەستەڕاستی ڕێیەکەوە، کەرتە شاخێک بوو کە هێندەی بینایەکی سێ و چوار نهۆم بەرز بوو و ناوەڕاستی، ڕیزە ئەشکەوتێ بوو کە بە ڕیزە دوکانی قەیسەری دەچوو. بە لای دەستە چەپی ڕێیەکەشدا هەڵدێرێکی تووش بوو تا دەگەیشتە چەمێکی بە خوڕ کە جاروبار لە نێوان دار و درەختە چڕەکانەوە دەردەکەوت.
کە لە پێچی دوای شاخە نهۆم نهۆمەکە ڕەت بوون، جووتە چاودێری پێشەوە، بە گورجی و بە جۆرێ پێیان هەڵگرت وەک ئەوەی شتێکی گرینگیان دیبی. بەرەو پێشتر تەکانیان دا: زەلامێک کە بە تۆپەڵە شڕە و پڕە دەچوو، لە قەراغ ڕێیەکەدا، لە سەر تاشە بەردێ دانیشتبوو، بە کاوەخۆ جگەرەی دەکێشا... دیار بوو خەیاڵی ئاوێزانی دیمەنی بەهاری ڕازاوە و خوڕەی ئاوی چەمەکە ببوو. تەمەنی، خۆی لە شێست ساڵ دەدا.
- خاڵە پێناسەکەت!.
کابرا پێکەنی. خرێنەبڕەی لای ڕاستی نەبێ، ددان لە دەمیدا نەمابوو. بە دەنگێکی لرخن و کەمێ باوەڕ بە خۆبووەوە گوتی: باوکەکەم، بۆیەم دڵ بە ئێوە خۆشە پێناسەتان لێم نەوێ. کەی خوا کردی و ئێوە پێناسەتان بۆ خەڵک دەر کرد، بە شانازییەوە بە ناوچەوانمیدا هەڵدەواسم و دەیکەمە پۆیلە. دەڵێم ئەمە ئی خۆمانە... دەڵێم هی کورد خۆیەتی. خۆ ئێستا پێشم بێ هی حکومەتم پێیە.
سەلمان گەیشتە ئاستی و بێ ئەوەی تەماشای بکا، بە لایدا ڕەت بوو. دوای دوو سێ هەنگاو، سەلمان بە کوڕەکانی پشتەوەی گوت: "تێی هەڵدەن!".
یەکێکیان چاوی بە دەوروبەردا دەگێڕا، دوانیشیان کەوتنە وێزەی.
- سەگبابی جاسووس! بۆ لە بەر کاک سەلمان هەڵناسیت ؟!.
- کورد کەی پیاوی وا بێحورمەتی تێدایە؟!.
- بیخۆ دەردت بێ!. ئەوجا بەو پیرییەی عاقڵ دەبی و لەبەر خەڵک هەڵدەسی.
دەنگە لرخنەکەی، ئەوەندەی دی لرخن بوو. کڵا و جامانەکەی لەو گۆڕە کەوتبوون. ڕەنگی سپی هەڵگەڕا و لە عەزمەتدا دەلەرزی: "ئێوە مەگەر ئەم

کێرەم ڕزگار کەن ئەم کێرە!... ئێوە ڕزگاری دەکەن؟!. من بۆ لای سەلمانە قەحپەدایک دەچووم کەچی پیاوی خۆی لێم دەدەن!. کێرم ڕزگار دەکەن کێرم!... هەی نغرۆ بن!... هەی ئاشبەتاڵی لێ بکەن!...هەی کونکون کرێن!"

سەلمان دەنگی ناسییەوە. ئەوە مامە عومەری دراوسێیان بوو. ئەو مامە عومەرە بوو کە نانی دەمی ژن و منداڵی خۆی دەگرتەوە و حەفتەی جارێ دەیخستە مشتی (خ خ)وە: "هەمیشە لە کاتژمێری دوازدەدا دەهات. بە نووکی یەک پەنجە لە دەرگای دەدا. دوو جار، دایم دوو جار لە دەرگای دەدا. یەکەم جار لێی دەدا و تا پێنجی دەژمارد. ئەوجا دووەمجار لێی دەدا. پرسیاری سەعاتی نەدەکرد. دەیزانـی بـاوکم لە ماڵەوە نییە. بە بێ کرکە خۆی دەخزاندە ناو پێخەفەکەیەوە. زۆری پێ دەچوو تا لێدەبووەوە: دووەم کرتەی پزووی دەرپێ... خشەی پارە... شڵپەی ماچێکی سوپاسگوزاری... و دەڕۆیشت..."

- بیکوژن!... شتێکی بۆ بدۆزنەوە و بیتۆپێنن!.

" تێهەڵدان، لە سەر ئەوەی لە بەرم هەڵنەستا و کوشتنیش لە سەر (خ خ). ئەگەر هەموو دۆستەکانی (خ خ) بکوژم دەبێ پیاو لە وڵاتدا نەهێڵم. تۆڵە لە کێ بسێنمەوە؟. تۆڵەی چی بسێنمەوە؟. بە هەرحاڵ، کوشتنی ئەم کابرایە زەرەری نییە. نا... قازانجیشی هەیە: پیاوی حکومەت بوو و هاتبوو بمکوژێ. پیاوێکی حکومەتمان کوشت... ئەمە چاکە. حکومەت دەیەوێ من بکوژێ... ئەمە چاکە. گرێیەکی دەروونم دەکرێتە. ئەمەش خراپ نییە. ئەم کوڕانەش چاکی ئارایش دەکەن: بەو خودایە هێشتا چارەی نەدیبوو زانی بۆ کوشتنی هاتووە. پێی گوتین وریابین... زۆر وریا بین. ئێمەش ئامادە بووین. کاتێکمان زانی دەمانچەی دەرهێنا و ویستی ڕووی لە کاک سەلمان بکا بەڵام لێنەگەڕاین ئەو هەنگاوەی کە نای، تەواوی بکا، پێکامان: دیسان کاک سەلمان لە پیلانی گڵاوی دوژمن خەلەسا... پیلانەکانی دوژمن، بە وریایی دوژمنبەزێن پووچەڵ دەبنەوە. ئیدی جێی پێم قایمتر دەبێ و هەنگاوم مەحکەمتر".

دەنگی ڕیزێ تەقە، خەیاڵی سەلمانی بچڕاند. ئاوڕێکی دایەوە و بەرەو لای گەڕایەوە: کابرا لە ناوەڕاستی ڕێیەکەدا هەڵدەپلکا و دەمانچەیەکی

چواردەخۆری ئاڵقەداری ڕووتی ڕەشیش بە لای سەریەوە کەوتبوو.

سەلمان ڕووی لە یەکێ لە چاودێرەکان کرد: "تۆ بە دیاریەوە بووەستە... لێمەگەڕێ کەس دەست بە هیچ شتێکیەوە بدا". ڕووی لەوی تر کرد و گوتی: "ئا تۆش برۆ لە ئاوایی پێنج شەش زەلام بۆ شایەدی بێنە و ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلیان پێ مۆر کە. بە خەڵکی ئاواییش بڵێ با بینێژن... نەناسراوێکی جاسووسی بەکرێگیراو... ئەرێ خۆ زۆری نەمابوو بمکوژێ!..."

یەکێ لە چاودێرەکان، بە پەشۆکاوی و شڵەژاویەوە گوتی: "کاک سەلمان، هەر خودا بۆ خۆی ڕوحمی کرد. دە تۆ بڕوانێ چ پیرەسەگێکیان ناردییە!. بەو خودایەی کەس شکی تێ ناچێ پیاوکوژ بێ..."

- نەخێر کەس گومان لە پیاوی وا ناکا... دەبێ لە داهاتوودا وریاتر بن.

ئەوانی تریش گوێیان لێ بوو و بە بزەکانیاندا دیار بوو کە چاک ڕۆڵی خۆیان تێگەیشتن: "سەرکردایەتی دەزانێ بەرژەوەندی لە چ دایە... فەرمان جێبەجێ بکە ئەوسا دەمەتەقێی لە سەر بکە... نا مەیکە... کەڕ و کوێر و کاسیت، نە هیچت دی نە هیچت بیست. سەرکردایەتی خۆی لێرەیە و، کورد گوتەنی، کلکی لە بەغدا تۆز دەکا. خەڵکی ساکار چوزانن پلانی سەرکردایەتی چییە... خوا، هەر خوا دەزانێ چ بەرژەوەندییەکی گەورەی هەموو خاک و میللەت و حیزب و تەنانەت هەموو زەحمەتکێشانی جیهان لە کوشتنی ئەو کابرایەدایە. دوای خودا، مەگەر کاکی گەورە و کاک سەلمان بزانن. بە کوشتنی ئەو کابرایە، حیزب هەنگاوێ پێش دەکەوێ... لە سەرفرازیی نزیک دەبینەوە. دەبێ کوێرانە گوێڕایەڵی حیزب بین. کاک سەلمان، باڵی ڕاستی کاکی گەورەیە و کاکی گەورەش لە لایەکەوە سێبەری خودایە و لە لایەکی ترەوە واتە حیزب. حیزبیش هەموو شتێ دەزانێ. کوشتنی ئەو کابرایە زانستانەیە، هەنگاوی شۆڕشگێڕانەیە، پێداویستی شۆڕشە. هەرچەندە کاک سەلمان یەک چاوی هەیە بەڵام پێداویستی هەموو گیانی کردۆتە چاو... پشتە سەریشی چاوە... غەیب دەخوێنێتەوە... غەیب..."

زۆریان نەمابوو بگەنە بەردەم بارەگاکەی خۆیان. سەلمان سەری هەڵبڕی و

لە دوورەوە هەقەلی فەرق کرد کە بە تەنیشت ژنێکی کراسسوورەوە ڕاوێستابوو: "ئەو ملهوڕە نەڕۆیشتۆتەوە... دیارە کە دەزانێ کەسوکاری گیراون کەچی نەچۆتەوە. دەبێ ئەو غیرەتسزە غیرەتی قەبوولی نەکردبێ؟!. بە هەرحاڵ، بڕوا ناکەم جەمسەرەکانی پێ لێکدرابێتەوە. لێکیشی دابێتەوە بێ زەرەرە. پلانێ من دایڕێژم بە پیاوی وەکی هەقەلی هەڵناوەشێتەوە. هاتووە داوای پارمەتیم لێ دەکا. دەیەوێ سەری خۆی هەڵگرێ و بچێتە هەندەران... باشتر!. ئەم بابەتە خەڵکە دوورکەوتنەوەیان چاکە... دەڵێن ئەوەی بکوژرێ خوا ئەجەلی هێناوە. من دەڵێم پێداویستی سروشت ئەوە دەخوازێ. دەبێ مانەوە بۆ بەهێز و لێزان و بەکەڵک بێ. مادام ئارەزووی مانەوەی تێدایە، با بمێنێ. شتێکی ئەم سەگبابە، وەک تەم بەر چاوی گرتووم و ناتوانم لە بیری خۆمی بەرمەوە... دەبێ لاقەی (خ خ)ی کردبێ؟!. دەبێ سواری بووبێ؟! دەبێ کردبێتیان؟! باوەڕ ناکەم. نا، نەیوێراوە. ئەو، ئەو کاتە منداڵ بوو. (خ خ) هەرچی کرد بۆ پارەی کرد و پارەشی بۆ خۆجوانکردن بوو و خۆجوانکردنیشی بۆ پارە بوو!. ئەوە بازنەی داخراوی جیهانی سۆزانیەکانە!. بەڵام بۆ خۆشیی جەستەی خۆی، هەقەلی دەویست. بە چاویدا دیار بوو کە هەوەس بەرەو هەقەلی ڕایدەکێشا و دیاریش بوو کە هەقەلی چەندی لێ دەسڵەمییەوە. ئەمی بۆ لەزەتی جەستەی خۆی دەویست هەرچەندە ژنی وا، بە جۆرێ دەسوێ ئیدی لەزەت لە هیچ نابینێ. دەیویست ئەو کەڕەتە لەزەت بکا... باوەڕ ناکەم... نا نا".

بەرەو لای هەقەلی لای دا. هەقەلی سامی لێ دەکرد. دەسەڵات و هێز و چەکدارەکانی دەوروبەری، کەسایەتیەکی بەهێزی وایان بۆ پێکهێنابوو دەبوو حسێبی بۆ بکرێ. گرژومۆنیی خۆشی هێندەی دی کەسایەتیەکەی بەهێز دەکرد. (خ خ) لە خەیاڵی هەقەلیدا دەردەکەوت وبزر دەبۆوە: ئەمەیە سەلمانەکوێری کوڕی (خ خ)ی سۆزانی و بابی (خ خ )ی خەباتی خوێناوی. کاک سەلمانی دەسەڵاتدار. بڕیاردەری چارەنوسی هەموان.

بە دیاردییەکی بە بزەوەی سەلمان، هەقەلی و ڕوناک وەتەکی کەوتن و بەرەو ژوورەوە وەڕی کەوتن. ژوورەکە، ڕایەخێکی سووری جەرگیی چوارگۆشە لە

ناوەڕاستیدا ڕاخرابوو و دەوراودەوری بە ڕایەخی لاکێشیی، کە هەر یەکەیان دوو سێ بالیفی گەورەی لە سەر بوون، دەورە درابوو. بە ترس و سام و شەرمەوە دانیشتن.

- بەخێر بێن. کاکە هەق قەولمان شتێکی تر بوو. بەڵام قەیدی نییە. گرینگ سەلامەتی و قەناعەتی خۆتە.

هەقەلی ڕەنگی بزڕکا. ماوەی چەند چرکەیەک زمانی، یەکەم پیتی ئەو وشەیەی پێ نەگوترا کە بەتەمابوو بیڵێ. بە ئاشکرا پێوەی دیار بوو کە دەیەوێ - بە زۆر - دەیەوێ خۆی هێمن بنوێنێ و ئەوەش لە ڕوناک پەنهان نەبوو. لە ئەنجامدا گوتی: " کاک سەلمان ئەمە..."

دەستێکی بۆ لای ڕوناک درێژ کرد و لە سەری ڕۆیی: " ئەمە ڕوناکە... نیازمان وایە.. وەڵلا نازانم..."

- ئەوە ڕوناکی هاوسەرتە و پیرۆزی یەکتر بن. نیازیشتان وایە سەفەری دەرەوەی وڵات بکەن. وایە؟.

- بەڵێ.

- ئەی ساحەکە؟. ئەی مافی چارەنووس؟. ئەدی تۆڵەی خوێنی شەهیدان؟.

هەقەلی کەمێ لە بەردەمی خۆی ڕاما: "دەبێ ساحەکە لە بەر دەرگای ئەمن و موخابەراتدا بێ!. کە دەینێردمەوە بۆ ناو حکومەت قەیدی نەبوو بەڵام بۆ ئەمەیان خەمی ساحەکە و مافی چارەنووسیەتی..." گوتی:

- بۆچوونی من جێی نابێتەوە. شەڕی براکوژی بە من ناکرێ. برایەک و ئامۆزایەکم هان بەو شاخەی ئەوبەرەوە. چۆن شەڕی ئەوان بکەم؟.

- شەڕ لە نێوان چاکە و خراپە، ڕوناکیی و تاریکی، خێر و شەڕدایە و دەبێ لایەنگری لایەنە چاکەکان بین و بەوەی پێمان دەکرێ بەربەرەکانێی لایەنی بەد و خراپ بکەین. پارچە زەوییەکمان هەیە و بژاری دەکەین.

- ئەو لایەنانەی کە بە خراپیان دەزانی، خۆشیان وایان بیر بکردباوە کێشە نەدەما. ئەوانیش خۆیان بە لایەنی چاکە دەزانن.

- هەقەلی دیارە تۆ لێبویتەتەوە... حسێبێ بۆ هاوڕێتیمان بکە ...

- نا کاک سەلمان، نا. من لێنەبوومەتەوە بەڵکو مەسەلەکەمان لێبۆتەوە بۆیە تروسکایی نابینم. هاوڕێتیش باسێکی ترە و ڕۆژگار لێکی دابڕیوین...

ڕوناک کە بەرانبەر تابلۆکە دانیشتبوو و جارێ سەرنجی هەقەلی دەدا و جارێ سەلمان، سەرنجی چووە سەر تابلۆکە. تاوێ لێی ڕاما و بزەیەکی کرد. هەقەلی کە ئاگاداری سەیرکردنەکەی ڕوناک و بزەکەی بوو، هەستی بە شەرمەزاری کرد. بەڵام بزەکەی ڕوناک کرێوەی پێش یەک زریان پێکەنین بوو. سەلمانیش ئاگادار بووەوە.

- ئەو تابلۆیە...

ئەو گوتەیەی ڕوناک بوو بە گڕکانی پێکەنین و تەقییەوە.

سەلمان بە پەلە سەرنجی دایە تابلۆکە: "نهێنییەکی تر دۆزرایەوە!... دەبێ ئەم ژنە چی دیبێ؟!". گوتی:

- ئەو تابلۆیە چییەتی؟!.

- دارێکی گەورە لە ناو چاوی پیاوێکدا ڕواوە. سەری پەتێکیش وا لە ملی پیاوەکەدایە.

ڕوناک، هەموو وشەیەکی ئەو گوتەیەی بە ناو شەپۆلی پێکەنیندا گوت.

- کوا؟!... کامە دار؟!. کوا پیاو لە تابلۆکەدا هەیە؟. سەلمان ئەوەی گوت و ورد ورد سەرنجی تابلۆکەی دا. گومانی نەبوو کە ئەو ژنە شتێکی نوێی لە تابلۆکەدا فەرق کردووە. بەڵام بەخۆی نەیدی. ڕۆژ نەبوو تاوێ لێی ڕانەمێنێ و لە هونەرکارییەکەی ورد نەبێتەوە بەڵام زەلام و داری تێدا نەدیبوو. کەچی ئەو ژنە هەر بە چەند چرکەیەکی سەیرکردنی ساکارانە، یەکسەر و پێش هەموو شتێ داری ناو چاوی پیاوی دی.

- دارەکە بە شۆڕەبی دەچێ و هەموو تابلۆکەی گرتۆتەوە... زەلامەکەش لە قوڕنەی ئەمسەرەوەیە. ئەو شتە سوورەی ناوەڕاستیشەوە بەری دارەکەیە.

ڕوناک هەموو ئەوانەی بە دەم پێکەنینەوە گوتن. هەقەلی خۆی بە شەرمەزار دەزانی و ڕوخساری گەرم ڕاهاتبوو: "بۆ پێدەکەنێ؟!. جا با داریش لە ناو چاوی زەلامدا ڕوابێ!. ئەمە پێکەنینی پێ دەوێ؟!. ئەم ژنە بۆ شەرمی نییە؟!".

سەلمان نە داری دی نە زەلام. هەقەلیش لە بارێکدا نەبوو لە تابلۆ و کاری هونەری ورد بێتەوە. سەلمان هاتەوە سەر باسەکەی بەرێ بەڵام باسی تابلۆکە قسەکانی لە بیر بردبۆوە. هەقەلی گوتی:

- بەڵێ مەسەلەکەمان لێ نەبوایەتەوە، شەڕی دژی... حکومەتمان بە ناوخۆیی نەدەزانی و بە درێژخایەن حسێبمان بۆ نەدەکرد لە کاتێکدا شەڕی دژی لایەنی خۆماڵی بە پێویست دەزانین و دەبێ کتوپڕ و یەکلاییکەرەوە بێ.

سەلمان نەیویست لە سەری بڕوا. چووە دەرەوە و پاش تاوێ گەڕایەوە.

- با ئەمە دیاریی بێ... دوایی، کە ڕۆیشتی بیکەرەوە.

هەقەلی، چەک و تفاقەکەی دانان. سەلمان تا بەر دەرگا بەڕێی کردن و بە پەلە گەڕایەوە سەر تابلۆکە: تەونی جاڵجاڵۆکە کە شانەی هەنگیان پێک دەهێنا، لە هێندێ جێدا باریک بوون و لە هێندێ جێدا ئەستوور بوون. لە هێندێ جێدا کاڵ بوون و لە هێندێ جێی تردا تۆخ بوون. تۆخی و کاڵی و باریکی و ئەستووری تەونەکان وایان دەکرد کە دیوی ناوەوەی شانەکان سێبەریان هەبێ: "دەبێ چۆن سەیری بکەم تا ئەوەی ئەو ژنە دیتی منیش بیبینم؟. وا ورد ورد سەرنج دەدەم. هەنگ... جاڵجاڵۆکە، شای شەترەنج، تەون، شانە، ژنێکی ڕووت... هەموو شاردراوەن و یەکە یەکە دەیانبینم. کەچی نە دار دەبینم نە بەشەر و نە پەت. خۆ من پیاوێکی گێلیش نیم... دەبێ بە قەدەر ئەو ژنە وردبین نەبم؟. بۆ نایبینم؟. مەسەلە کوێریەکەم نییە چونکە تاقە چاومکەم، توانای دوو چاوی هەیە. ئەی بۆ نایبینم؟!. بۆ؟!".

وەک ئەوەی لە پشتی هەورەوە دەنگێ بێ، گوێی لە دەنگێکی نەبیستراو بوو... دەنگێ بوو لە سەر شەپۆلی زۆر کورت، لە دەرەوەی جغزی جەستەی خۆی و دەوروبەری خۆیدا پەیدا بوو: "ساکار... ئەو ژنە بە شێوەیەکی زۆر ساکار تەماشای کرد. تۆش بە شێوەیەکی ساکار ڕامێنە... بە بێ شیکردنەوە... بە بێ تێخوێندنەوەی قوتابخانە هونەرییەکان... بێ ئەوەی بیر لە ڕێبازە فکری و فەلسەفییەکان بکەیتەوە ڕامێنە... بە شێوەیەکی ساکار ڕامێنە... کە بارت کەوت، لە شێوەی بیرکردنەوەی ئەو کەسە مەپرسە کە

دەسبارت دەدا... تۆ پێویستیت بە دەسبار و یارمەتی هەیە تا نهێنی بزانی".

چووە جێیەکەی ڕوناک. ویستی بە شێوەیەکی ساکار، لەوێوە لێی ڕامێنێ. نەیتوانی... بیری کردەوە: "دەبێ ژنانە بڕوانم... ژن چۆن ڕادەمێنێ و تەماشای چی دەکا؟. بیرم لەمە نەکردۆتەوە. جیاوازی ژن و پیاو لە تەماشاکردندا چییە؟. ژن فراوان دەڕوانێ و پیاو قووڵ دەڕوانێ. ژن تەماشای سەرجەم و ڕووپۆش دەکا و پیاو هەر جارە و تەماشای بەشێک دەکا. هەژار و چەوساوە، وەک دەوڵەمەند و چەوسێنەر سەیری هیچ شتێ ناکەن. منداڵ و گەورە جیاوازییان لە شێوەی تەماشاکردندا هەیە. دە تۆ تەماشایەکی نێرەکەر بکە!... یەکسەر سەرنجت دەچێتە سەر ئامێرە جنسییەکەی با بەخۆت نێریش بیت. دەتەوێ بیسەلمێنی کە تۆ لەو نێرتریت یا بەرانبەر نێرایەتی ئەو نێرەکەرە هەست بە لاوازی نێرێتی خۆت دەکەی یا ئەمە سەرنجدانی ژنانەیە؟. ئا... ئەمە سەرنجدانی ژنانەیە... لە ناخی هەموو نێرێکدا تۆوی مێیەتی هەیە... پەروەردە بکرێ زیاد دەکا و سەرکوێر بکرێ دەفەوتێ. لە ناخی مێینەشدا نێر هەیە... نێری سەرکوێرکراو هەیە... بەڵام تا ڕادەی نێرایەتی و مێیایەتی لە یەک جەستەدا بە قەدەر یەکیان لێ نەیات، مرۆ ناگاتە پلەی تەواوەتی... سوپەرمان... سەرەتای دروستبوون و لە هەمان کاتدا گەیشتن بە کۆتایی... دەبێ یەک کەس خۆی خۆی ئاوس بکا. ئەمەش ـ واتە کۆتایی پەرەسەندن و گەیشتن بە لوتکەی پێشکەوتن. ئەوسا مرۆ نەک هەر دەتوانێ بە چاوی ژن و پیاو تەماشا بکا، بەڵکو بە چاوی هەموو زیندەوەرێک... هەموو شت و ناشتیش دەبینێ و وەک ئاژەڵ و پەلەوەر ، بە هەموو هەستەکانی پێشبینی باران و لافاو دەکا و لە هەمان کاتدا گرانترین هاوکێشەی زانیاریی شی دەکاتەوە... ئەو دەمە جەستەی مرۆ یا بەهای خۆی لە دەست دەدا یا کەم دەبێ و گیان ڕۆڵی هەموو شتێ دەبینێ. سڵا لە عەقڵم!! من وا بم لە کوێ دەتوانم ساکارانە بیر بکەمەوە؟!".

تاوێکی دی لە تابلۆکە ورد بووەوە. خەیاڵی چووە سەر تەونی جاڵجاڵۆکەکە: "تۆڕ، جێی گوێ و چاو و کەرەسەی ڕاو و خوا دەزانێ چی تری بۆ جاڵجاڵۆکە

گرتۆتەوە. کە نێچیر لەو داوانە دەکەوێ یا لێیان گیر دەبێ، هەموو داوەکانی دی وەک ژێی کەمان دەلەرێنەوە و هەواڵی جۆر و گەورە و بچووکی و وشکی و چەوری و جێیەکەی و هەموو شتێکی تر بە خاوەنی تۆڕەکە دەگەیەنن. جاڵجاڵۆکە، لە هەموو لەرەیەکی تەون و داوی خۆی تێدەگا و لە جێی خۆیەوە دەزانێ نێچیرەکەی چ بابەتە... دڕ و ترسناکە یا حیزەڵە و سەلامەتۆکەیە. هەرچییەکیش لە دەرەوەی جغزی تەونەکەیدا بێ، لە جیهانی ئەو جۆلا بچکۆلەیە بەدەرە. ئەو خەلقەندە سەیرە، لە جیهانی تەونە بچووکەکەی خۆیدا زۆر لە مرۆ زاناترە. بەڵام تەونی مرۆ فراوانە... تەونی وڵاتان دامودەزگای سیخوڕییە... تەونی ئێمە شانەکانی ڕێکخراوە... داوێکی تۆڕەکەمان لە شار بلەرێتەوە، لێرەوە دەزانین چ قەوماوە... ئێمەش وەک جاڵجاڵۆکە، ئەوەی لە تەنافمان دەکەوێ و تۆڕمان دەلەرێنێتەوە ترسناک بێ تێی دەتەقێنین و سەلامەتۆکەش بێ هەڵمەتی بۆ دەبەین. هەموو تۆڕەکانی جیهان لە ناو یەک دوو تۆڕی گەورە و زەبەلاحدان و ڕەنگە تاکە یەک داوی یەکێکیان هەواڵ لە هەموو تۆڕەکەی بەغدا وەرگرێ کە ئەویش، یەک داوی بۆ ئێمە تەرخان کراوە و ئەو داوەش، سەرەکەی وا بە دەستی منەوەیە... نا بە ملمەوەیە. دەبێ ئەو پەتە نەبێ کە ئەو ژنە لە تابلۆکەدا دیتی؟!. با هەر ئەوەیە و هونەرمەندەکە بە ئانقەست ئەوەی کردووە. دەبێ ئەو زەلامەش من بم بۆیە ئەو ژنە پێدەکەنی!. ئای هونەرمەندی زۆڵ !. بەڵام دەتوانم بیپچڕم و دەشتوانم قایمتر لە ملی خۆمی شەتەک بدەم. ئەو ملئەستوورە ناهەقی نەبوو گومان لەو هونەرمەندە بکا. ڕەنگە بە سەروبەندی منی زانیبێ!. ڕەنگە دەسچنی خۆی بووبێ!. ڕەنگە لە بابەتی من بووبێ و ڕێی کشانەوەی لە هەموو جێیەکەوە بۆ خۆی مسۆگەر کردبێ و ئەم تابلۆیە وێنەی سەرەککۆمار بێ... ڕەنگە بە شێوە سەیرکردنێکی تایبەتی، سەرەککۆمار دەرچێ. ئەهـ کە ئەم جیهانە گەورە و ئاڵۆزە!!... گەورە و ئاڵۆزە بابەڕۆ! ئەهـ کە ئێمە گچکەین... ئەهـ کە ئەو هونەرمەندە زۆڵ و دایکخۆگێیە... بەڵام نا!... مادام پەی بە گەورەیی و ئاڵۆزی تۆڕەکان و جیهان و ئەم هونەرە دەبەم منیش بە ئاڵۆزی ڕەفتار دەکەم... کەوابێ گچکەش بم

کاریگەریتیم گەورەیە".

گەڕایەوە سەر جێیەکەی خۆی و بە بزەوە لە بەردەمی خۆی ڕاما. دیسان بیری لە شێوەی بیرکردنەوەی خۆی کردەوە: "من وا بیر بکەمەوە چۆن دەتوانم بە شێوەیەکی ساکار لەو تابلۆیە بڕوانم؟. ساکارترین دیاردەی ژیانم ئاڵۆزترین هاوکێشەیە و ڕاست و ناڕاستم لێ سەروبن دەبن. تا ئێستا ڕێی فراوانکردنی بیر و هۆشی خۆمم گرتۆتە بەر... ئەمەش گەڕانەوەی بۆ نییە. کە لە ناوەڕۆکی شتێ حاڵیی بووم چۆن لێی پاشگەز ببمەوە؟. ئەدی دەبێ حاڵیی بووبێتم؟. دەشێ ڕۆژێ لە ڕۆژان و لە هەڵکەوتێکی دیاریکراودا سەری داوەکەی بەغدا بقرتێنم و خۆمی لێ ڕەها بکەم بەڵام ناکرێ خۆم لە سۆزانێتی (خ خ) ڕەها بکەم کە پێکی هێناوم و ناخی داتاشیوم و بەو شێوەیەی کە هەم دروستی کردووم".

دیسان چووەوە دیار تابلۆکە و لێی ورد بووەوە: "شا... شای شەترەنج. بۆ سەرەک کۆمار نەبێ؟. بۆ قەیسەر نەبێ؟ بۆ کاکی گەورە نەبێ؟. بۆ دەبێ هەر شا بێ؟. نەخێر ئامرمەفرەزەیە!. نەخێر منم... ئەوە شا نییە و کاک سەلمانی بلیمەتە. ئەدی بۆ هەنگیش شای هەبێ کە مێچکەشە! بۆ سۆزانییەکی وەک (خ خ) نەبێ کە سەدان نێر دەبنە سەدەقەی سەری و قەزاوەگێڕی باڵای. بۆ هەرچی ڕەسەنایەتی تێدا بێ بە خەسێتی کۆنەوە گرێ دراوە؟. بە کارکەری هەنگ ناگوترێ پرۆلیتار. نەخێر پرۆلیتارن!... ئەوانە ڕەنج دەکێشن و سۆزانییەکەیان دەیخوا. نا... خەسێتی سروشت لەوە ئاڵۆزترە بە بەندوباوی فەلسەفە و سیاسەتەوەی گرێ بدەی".

بە پشتی پەنجە لەدەرگا درا.

- یوسف وەژوور کەوە...

"دەی!... چلوچوار هەزار پێغەمبەری ئەو خودایە دەورەیان داوم... یوسف، سمایل، محەمەد، عیسا و تەنانەت زەردەشتیش... من لە ناویاندا خودام... سەلمانەکوێر، بڕیاری ژیان و مەرگی ئەو خەڵکەی لە دەستدایە... بە ئیشارەتێ... فڵانە پێغەمبەر، فتی کە!. هەر فتی مەکە بەڵکو کارێکی وا بکە

ڕابردووشی ڕەنگ بکرێ و بگۆڕێ... بە جاسووسی لە دایک بووە و بڕایەوە!".
یوسف وەڕوور کەوت. بە بزەی بەختەوەری هەواڵێکی خۆشی پێچابۆوە:
- قوربان نامەی کاکی گەورە، لە ئەورووپاوە گەیشتووە.
" کاکی گەورە، ئاوە و دەبێتە هەور. هەورە و بە سەر سەرماندا دەبارێ و دەبێتەوە ئاو. هەوایە و لێمان بەر دەبێ و دووبارە هەڵیدەمژینەوە. کاکی گەورە لە هەرجێیەک بێ تەنها ئەوێ پیرۆزە. کاکی گەورە مافی کونفەیەکوونی هەیە. هەموو ئەو مافانەی دەدەمێ تا بەخۆشم هەمان مافم هەبێ. من فیلەتەنی ئەوم... ئەو ڕابەری منە... منیش ڕابەرم و چەندین فیلەتەنم هەن".
- باشە بیهێنە...

## ( ١٥ )

هەقەلی، دوای ئەوەی چەکەکەی لە خۆ کردەوە و لای سەلمانی بەجێ هێشت، چەند هەنگاوێ لەگەڵ ڕوناکدا لە ژوورەکە دوور کەوتنەوە: بارەگاکەی سەلمان، بە سەر ڕیزێ گردۆلکەی سەوزی نێوان دوو شاخی بەرز و چەمێکی بەخوڕ و کلکەی یەکێ لە شاخەکانیدا دەڕوانی کە تاوێری تیژی ڕووەو ئاسمان هەڵشاخابوون و بە داری گەش و تەڕ و پاراو، لە هەموو لاوە دەورە درابوون. ئەو دیمەنەی کە لەوێوە دیار بوو، سەرنجی هەقەلی ڕاکێشا: گیای قەدپاڵەکان چۆکێ بڵند بوو و لەگەڵ دەغڵی گەش و پاراودا لە بەر کزە بایەکی نەرم و کەمێ سارددا کەرویشکەی دەکرد. دەم ڕچە ڕێیەکان، بە گولیلکەی سپی و زەرد و سوور ڕازابونەوە و عاسمان شینێکی کاڵ بوو و لە هەموو لاوە دیمەنەکەی داپۆشیبوو و لە دوور، لە گەڵ شاخێکی سەر بە بەفردا تێکەڵاو دەبوو و بە عاستەم سنووری نێوانیان، لە ناو تەمێکی تەنکدا دیار بوو. بۆنوبەرامی گیا و گوڵ، لە گەڵ هەوایەکی فێنک و کەمێ شیداردا، تێکەڵاوی بۆنوبەرامی ژنانەی ڕوناک دەبوو و خۆی دەکرد بە سییەکانیدا.

ناوەڕاستی بەهار بوو و دەتگوت ئەو زەوییەش وەک زیندەوەرەکانی کۆڵی و وەک کانیەکانی هەناوی، لە خوێنجماندایە و بە کاوە خۆ هەناسە دەدا و بەختەوەریی بە سەر جگەرگۆشەکانیدا دەپرژێنێ.

هەقەلی، شاعیرانە دەیڕوانی و بیری دەکردەوە: "چۆن دەبێ ئەو دیمەنە جوانە و ئەو هەوا ساف و خۆشە و ئەو درەختە گەشانە، لە هەناوی زستانێکی هەزارکوژی مڕومۆچی قیرسیچمەی ئەو ساڵەدا خولقابن؟!. چۆن دەبێ ئەو بەهارە جوانە پیر بێ و سەری خۆی هەڵگرێ تا هاوینێکی بە گڕە و گەرما و تەپوتۆز، بە خۆ و بە پووشەڵان و وشکەڵان و بەرد و داری گەرمەوە، هەر لەو جێیەدا جێی بگرێتەوە و ڕێبواری شەکەت تینوو بێ، چۆکی شل بێ، هەناسەی سوار بێ و لە دەست هێڵەهێڵی خۆر و گڕە و گەرما، ئاوات بۆ بەر سێبەر و چۆڕێ ئاو بخوازێ؟. ڕەنگە بەهار بە هۆی سەرماو سۆڵە و زوقم و شەختەی زستان و ئاگرباران و تەپوتۆزی هاوینەوە وا نازدار بێ".

هەقەلی بە غوربەتێکی واوە لەو دیمەنە ئەفسووناوییەی دەڕوانی، دەتگوت جارێکی دی نایبینێتەوە... دەتگوت جگەرگۆشەیەتی و هەر ئێستا کفن و دفنی دەکەن و بۆ هەمیشە لێی ون دەبێ. دەبێ بە هۆی سەفەرەوە ئەو دیمەنەی هێند لە لا جوان و شیرین و ڕازاوە بووبێ؟... دەتگوت هەر تاڵە گیایەکی ئەو دیمەنە چنگی لە بەرۆکی گیر کردووە و لێی دەپاڕێتەوە تا بێ خاوەنی نەکا و جێی نەهێڵێ... دەتگوت کلکەی شاخەکە، بۆسەی ڕێلێگرتنی بۆ داناوە و تاوێرە سەر قیتەکان خۆیانی پیشان دەدەن و لێی دەپرسن: بۆ کێمان جێ دەهێڵی؟!... دەتگوت ئەو دیمەنە بەبێ خودی هەقەلی نامێنێ و بۆ هەمیشە دەسڕدرێتەوە... دەتگوت گیایەکەی ژێر پێی، بە هەموو تاڵەکانی، پێوەندێکی پێک هێناوە و لە قاچی ئاڵاوە و ڕێی ڕۆیشتنی نادا.

- هەقە گیان چی بکەین؟!.

هەقەلی، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و تەلیسمی جوانی دیمەنەکە بەری دا. ڕووی لە ڕوناک کرد و بە حەسرەتەوە لە چاوی ڕوانی. لە سەر خۆ گوتی: "ئەو پێکەنینە ناوەختەت لە چی بوو؟!".

ڕوناک، قریوەیەکی لێ هەستا و گوتی: "ئاخر زەلامەکە بە سەلمان دەچوو بۆیەم پێکەنین دەهات. داریان لە چاویدا ڕواندووە کەچی هەڵیواسیوە و دیارە زۆر دڵیشی پێی خۆشە... بمبورە گوڵەکەم، لە دەسەڵاتی خۆمدا نەبوو..."

- کوا ئەو تابلۆیە وێنەی دار و زەلامی تێدایە؟.

- باش دیار نییە... زۆر کاڵە. خەیاڵم ڕۆیی بوو و سەیری تابلۆکەم دەکرد. پێم وایە خۆم خێل کردبوو. ئەرێ هەقە گیان کەسێ یەک چاوی ساغی هەبێ دەتوانێ خۆی خێل بکا؟. ڕوناک ئەوەی بە پێکەنینەوە گوت و سەرنجی دایێ.

هەقەلی، کەمێ داما و بیری لە قسەکەی ڕوناک کردەوە: "ئەگەر وابێ دیارە سەلمان بە هۆی چاوە کوێرەکەیەوە نەیدیوە... ئەدی خەڵکی دی بۆ نەیاندیوە؟... خۆ بە لای کەمەوە ئەو تابلۆیە کە سەلمان شانازی پێوە دەکا، سەد کەس لێی ورد بوونەتەوە. بۆ کەس ئەوەی نەدی کە ڕوناک دیتی؟". پرسی:

- چۆن؟... چۆن بوو وا خۆت لێ خێل کرد؟... توانیت؟.

ئەو پرسیارەی کرد و بە لای ڕوناکدا لای کردەوە. ڕوناکیش سەرنجی دایێ و هەردوو ڕەشێنەی چاوی خۆی لە لووتی نزیک خستبوونەوە و تەواو خێل بوو. بە دەم قریوەی پێکەنینەوە گوتی:

- تا ئێستا نەتزانیوە خێلم؟. ئاوها جوانم یا...

ڕەشێنەکانی بردنەوە جێی ئاسایی خۆیان و لە سەری ڕۆیی: یا ئاوها؟.

هەقەلی، بزەیەکی کرد و لە بەردەمی خۆی ڕاما: "بە هەردوو باردا هەر جوانی... بە خێلیی، (تەرازووی نازت سەر دەکا... ) خێلیش نەبی، ئەو چەوراییە بریقەدارەی ناو ئەو چاوە گەشانەت، جوانترین تروسکایین کە بەر چاوم کەوتوون... ئەو برژانگە ڕەشە کلکراوانەت، کە لەگەڵ پێکەنینەکەتدا لێک نزیک دەبنەوە، ئاسۆیەکی نوێ بۆ ژیانم پێک دەهێنن... ڕوناک گیان نازانم تۆ جوانتری یا ئەم بەهارە یا هەر پێکەوە جوانن. سەلمان بەهاری لێ ناشرین کردووم و ئەو جێ برینەی چەنەگەی تۆش، چاوتی لێ تاریک کردووم و هەزار جار چاک بێتەوە، جێیەکەی لە دڵی مندا هەر دەمێنێ و ئازار بە ڕوحم دەگەیەنێ. بەڵام چی بکەم؟. دەڵێن زەماوەند گۆڕستانی ئەوینە کەچی من تازە

ئەویندارى تۆم... تازە عاشقت دەبم و ئەو برینەی چەنەگتم قەبوڵە".

- بە هەردوو باردا هەر جوانی...

ڕوناک، بە نازەوە چاوێکی تری لێکرد و سەری داگرت. پاش تاوێ ڕامان گوتی: "دەڵێی شتێکت لە دڵدایە و ئازارت دەدا. لە پێرێوە هاتووم هەست دەکەم بنیادەمێکی تریت. من ئەو هەقەلییەم دەوێ کە زووترم دەناسی... ئای کە بیری دەکەم". قریوەی پێکەنینی بەرز بووەوە و لە سەری ڕۆیی: "تۆ بیری ڕووناکەکەی جارانت ناکەی؟! ها عەزیزم؟!. ئەگەر بچینە ئەوروپا دوای ژنە بەرەڵای ئەو وڵاتانە ناکەوی؟. ئازارم نادەی؟. ها هەقە گیان؟ دەڵێن ژنی ئەو وڵاتانە زۆر جوانن... قژیان زێڕین و چاویان کاڵ و باڵایان بەرزە. وا نییە؟".

هەقەلی بە بێدەنگی لێی ڕاما. پاش تاوێ، بە بزەوە گوتی:

- نینۆکێکی تۆ، بۆ من هەموو دنیایە... تۆ دەزانی ئەو تابلۆیەی لای سەلمانە کوێر کێ دروستی کردووە؟.

- نەء، نازانم. کێ؟.

- ئەو کوڕەی هامۆشۆی ماڵی حەمە سیسی دەکرد. لەگەڵ کوڕەکەیاندا، دووسەرە کاریان دەکرد... هەم بۆ شۆڕش هەم بۆ دامودەزگای ئاسایشی حکومەت. لە هەردوو لایان دەخوارد و کەس نەیدەزانی کامیان بە ڕاستی دەکەن. ئەوەی لە بەغدای دەخوێند... کە ناوەکەیم لە سەر ئەو تابلۆیە دی، گوتم ئەو ماستە موویەکی تێدایە بەڵام بە سەلمانم نەگوت. بۆیەم پێ نەگوت، ترسام هاوکاری یەک بن. ئەو کوڕە زۆر هونەرمەندە بەڵام پاک نییە.

- ئا... ئا... دەیناسم... چما ئەوە وا بوو؟. دوو سەرە کاری دەکرد؟.

- لەوەش خراتر بوو...

- سەلمان دەیناسێ؟!. ڕوناک بە سەرسوڕمانێکەوە ئەو پرسیارەی کرد کە هەقەلی بە زیادەی دەزانی. ئەویش بە ساردییەوە گوتی:

- ئەگەر بیناسێ لە سەر یەک خەتن. لە سەر یەک خەت نەبوونایە، لەو تابلۆیە دەسڵەمییەوە و نەیدەویست. نەشیناسێ تێکەوتووە. تۆ بڵێی سەلمان بەوە نەزانێ و غەشیمانە هەڵیگرتبێ؟!. ئەوە تابلۆ نییە... تەڵەیە... داوە...

هەقەلی، بە دەم قسەکردنەوە، ئەو زەرفەی بە دەستەوە تاوتوێ دەکرد کە سەلمان وێی دابوو. بە دەم خەیاڵەوە، هەڵیبچڕی و تەماشایەکی کرد: یەک سەفتە دە دیناری تێدا بوو. دەری هێنان و لێیان ڕاما: هێشتا دەقیان نەشکابوو و ژمارەیان بە دوای یەکدا دەهاتن. پێ دەچوو ئەوە یەکەم جار بێ بە دەستی بنیادەم بکەون. دوو جاری ژماردن:

- هەزار و پێنسەد دینارە... سەد و پەنجا دە دیناریی هەوانەدیو.

- تۆش هەر لێی ناڕازیت.

- ...

- هەقە گیان تۆ بۆ ئەو پیاوە دەبوغزێنی؟.

- دە تۆ لەوەی گەڕێ. بیرت لەوە کردۆتەوە ئێمە چۆن وڵاتی خۆمانمان خۆش دەوێ؟. دەزانی مەرجمان لە سەری هەیە تا خۆشمان بوێ؟. مەرجی من جوانییەکەیەتی... بەهارەکەیەتی... کاتێ خۆشم دەوێ تێیدا نەچەوسێمەوە. سەلمان بەو مەرجە خۆشی دەوێ خۆی دەسەڵاتی تێدا هەبێ و ڕێی هەبێ خەڵک عیبرەت بکا و بیانچەوسێنێتەوە و خۆی بکوژ و ببڕ بێ. هی واش هەیە مەرجی هەر ئەوەیە لە پێناویدا گیانی خۆی ببەخشێ. هی وا هەیە بەو مەرجە خۆشی دەوێ سەرلەبەری وێرانە بێ... خەڵکەکەی دواکەوتووبن. ئاهەنگی دوای بەیانە دوابڕاوەکەت لە یادە؟. دوو کیژۆڵەی جوانکیلەی شلەشاری، چنگیان بە زبڵدانی دێیەکەدا دەکرد و ماچیان دەکرد و دەیانگوت: بە قوربانی خاکی کوردستان بم. هەر جارە و یەکێکیان وای دەگوت و گەش گەش بە ڕووی یەکەوە پێدەکەنین. ئەو دووە، کوردستانی زبڵدانیان دەوێ و شاریان پێ کوردستان نییە. کوردستانی پێشکەوتوو یەعنی چی؟!. ئەو دوو کیژە خاوەنی ئەو دەریا سۆزە و نەختێ عەقڵ بوون. کەچی ئەوان بەو تۆزە عەقڵەشەوە لە سەلمان دڵسۆزترن. ئەوانەن کە خۆ بە کوشت دەدەن. تاقە ڕێگای کوردایەتیش هەر ئەمەیە کە هەیە... شاخەکە و مەفرەزە و شەڕ و گفتوگۆ و دۆڕاندن. شۆڕش لە شارەکان خەیاڵیش نییە... شۆڕش واتە چوونە شاخ. کەی ئەو کچانە تێبگەن کە دەشێ کوردستانیش پێشکەوتوو بێ و دەشێ کوردیش

خەریکی پیشەسازی و زانست بێ و زبڵدانی لێ نەبێ، کەی من بە گڕە و گەرما و بێ بەهاریش کوردستانم خۆش ویست و کەی سەلمان بە بێ دەسەلاتی خۆی خۆشی ویست و بە پاکی کاری بۆ کرد، ئەوسا هیوام دەبێ. بەڵام ئێستا ئەوەی تروسکایی بێ بەدی ناکەم. ئەی تۆ؟.

- "من؟. من بڵێم چی؟. من ئاسودەییم دەوێ. دەمەوێ لە جێیەک ئۆقرە بگرم و بڵێم ئا ئێرە ماڵی منە... هێلانەکەمە. دەمەوێ هێلانەی خۆم خۆش بکەم و خۆم و خۆت و..." ڕوناک قریوەی پێکەنینی بەرز بووەوە و بە ناو پێکەنیندا قسەکانی تەواو کردن:

- بەچکەکانمان لە گەرما و سەرما بپارێزم.

هەقەلی بزەیەکی بۆ کرد و لە بەر پێی خۆی ڕاما:

"نا... ڕوناک خۆی تووشی هەڵە کردبا بیری لە هێلانە و بەچکە نەدەکردەوە. ڕوناک پاکە... ئەو برینەش دەبێ جێی ... لفکە بێ. یا دەبێ خاولی بە ئاوی کوڵاودا کردبێ و بە دەموچاوی خۆیدا هێنابێ تا سوور هەڵگەڕێ. نا... نابێ ڕوناک خزابێ..."

تەماشایەکی تری ڕوناکی کردەوە:

- بەچکە و هێلانە؟!. من جارێ بیرم هەر لای تفەنگەکەیە کە لە خۆمم کردەوە. دەڵێی دەرپێم لە پێ داماڵاوە و بە ڕووتی دەسوڕێمەوە. دەڵێی لەشم بۆتە پوشکەیەک و با دەیبا. هەست دەکەم هێند بچووک بوومەتەوە، پێم دەکرێ لە کونە مشکێکدا خۆم بشارمەوە... گچکە... گچکە. بەڵام گچکەیی لە تاوانباریی باشترە. پێت وا نییە گچکەیی و ڕووتی باشتر بن؟. هێلانەش لە وڵاتی خۆمان نەبێ چ تامێکی تێدایە؟. دڵی خۆم بە چی بدەمەوە؟. ها؟!. هەر ئەوەیە پشتی یەک بەرنەدەین... و... بزانین خوا چی لە چارە نووسیوین.

ڕوناک و هەقەلی هەر لە بەردەم بارەگاکەی سەلمان وێستابوون و دەیانڕوانییە ئەو دیمەنە دڵڕفێنەی بەهار و پێکەوە دەدوان.

وەڕێ کەوتن. هەقەلی هەستی دەکرد هەردوو قاچی ڕەگیان داکوتاوە و بە زەویدا ڕۆچووە. هەستی دەکرد لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا چۆکێ خۆڵ لەگەڵ

ڕەگە نادیارەکانیدا هەڵدەکەنێ و زەوی بە دەستیەوە دەزریکێنێ. پێی وا بوو ئەو سەفەرە، بەو شێوەیە ناکرێ و سەد مەتری دی بڕ ناکا. دڵی، بە خێرایی وەلێدان کەوت و هەناسەی سوار بوو. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. لە جێی خۆیدا وێستا و ئاوڕێکی هانابردنی بە لای ڕوناکدا دایەوە: دەڵێی چی بەرەو شار بچین؟. قەت دڵم ڕێی سەفەرم پێ نادا... ئەم سەفەرە بە من ناکرێ.

ڕوناک بێدەنگ بوو و لە بەردەمی خۆی دەڕوانی.

ـ ها؟!. دەڵێی چی؟!.

ـ ئەو ڕۆژەی وەشاخ کەوتی پرست بە من نەکرد. دەتگوت هەوای شار دەتخنکێنێ... خواخوات بوو بە زووترین کات لێی دەرچی و تێیدا نەمێنی. دەشتزانی ئەو میرزاحوسێنەی کە باسیت دەکرد چۆن کوژراوە و ئەو کوڕ و باوکەی لەگەڵیدابوون چارەنووسیان بە چی گەیی... هەموو جاریش دەتگوت شۆڕش دەبێ لە شارەکان و لە ناوماڵی دوژمندا بکرێ نەک لەو شاخانەی کە بەرانبەر چەکی ئەم سەردەمە تەخت بوون. کەچی تۆش ڕێیەکەی ئەوانت گرتە بەر و شۆڕشی شارت بیر چوو و هاتی بۆ لای هەمان ئەو کەسەی کە میرزا و ئەو کوڕ و باوکەی بەکار هێنان و توڕی دان. ئێستاش پرس بە من مەکە. خۆت بڕیار بدە و من لە هیچ بارێکدا دەسبەردارت نابم. لە شار وەزعمان باش بوو و بەو باشییە قایل بووم. لە ئێستاش بەدواوە، وەزعمان هەر چۆنێ بێ هەر قایلم. تۆ هەقەکەی خۆمی...

هەقەلی لە بەردەمی خۆی دەڕوانی و گوێی دەگرت تا ڕوناک لە قسان بووەوە. قسەکانی ڕوناک تێکەڵاوی ئەو ڕاستیانە دەبوون کە کاتی خۆی دەیزانین و بە تۆپزی لە بیری خۆی دەبردنەوە تا بیانووی چوونە شاخی هەبێ. لە ژیانی شار وەڕس بوو. ڕەفتاری سیخوڕ و دامودەزگای دەوڵەت و سووکایەتی پێ کردنی پێ هزر نەدەکرا: میرزا... میرزای دڵسۆز و دەربەدەر و تاقە زەلامی نەڕووخاوی دوای هەرەس، بۆیە کوژرا تا ڕۆژی کوشتنەکەی بە دەسپێکردنەوەی شۆڕش دابنێن و ئەو نەبێتە بەردەوامیی شۆڕشی هەرەسهێناو. تەرەکردنی کوێخا و بەکریش بە بیانووی دەرەبەگایەتی و

ڕاڕاییەوە، بۆ هەمان مەبەست بوو. سەگە بۆرەشیان کوشت تا پەیوەندی ئەم شۆڕشە بەوی ترەوە نەمێنێ. ئەو سێ کەسە چییان نەکرد؟. ئەوەی ئەوان کردیان لە خەیاڵی کەسدا نەبوو. ئەنجام؟... ئەنجامیان بە چی گەیی؟. ئەنجامی ئازایەتی و دڵسۆزی و لێزانی میرزا چی بوو؟. میرزا کرایە دیاری و سەری دانا. کوێخا و بەکریش خۆیان دا بە دەستەوە تا نەکرێنە دیاری. کوێخا نەیتوانی بە یاخیبوون کوڕەکەی لە بەندیخانە دەرباز بکا بەڵام بە خۆ بەدەستەوەدان و بەربەرەکانیکردنی سەلمان و کاکی گەورە توانی. هیچ... هەر هیچ شتێ لەمانەوە فێر نەبوو تا ڕوو نەکاتە شاخ. گرینگ ئەوە بوو لە چەوسانەوەی ناو شار دەرباز بێ و بە هۆی کوردبوونەوە سووکایەتی پێ نەکرێ. کە بەیانیان کرێکارە عارەبەکانی دەدی بەرەو کۆمپانیای نەوت دەچوون و بۆ دەرمانیش کوردیان تێدا نەبوو، هەستی دەکرد کۆمپانیاکە ژنی ئەوە و بە هەموو ئەو کرێکارانە سواری دەبن و خۆی، تەنانەت ڕێشی نادرێ لێی نزیک بێتەوە... هەستی دەکر کۆمپانیاکە دایکێتی و بە بەر چاویەوە زۆرگێی دەکەن. ئەدی ئەو هاوسەرە... ئەو دایکە... لە شاخەوە لەو دڕندانە دەخەلەسێ کە بە برای سەنگەری چینایەتی ناو دەبرێن؟. پێی هزر نەدەکرا باوکی زەلیلی بەردەستی کەسێ بێ کە لە هیچ لایەکی ژیاندا سەرکەوتوو نەبووە ئەمنایەتی نەبێ و بە هۆی ژێردەستی کوردەوە، بە باشترین شێوە بژی. زۆری پێ عەستەم بوو کورد ڕێی نەبێ لە شارەکەی خۆیدا یەک مەتر زەوی بە پارەی زۆریش بکڕێ، بەڵام غەوارەیەک بە بەلاش زەوی پێ بدرێ و یارمەتی بدرێ. ناهەقی... ناهەقی ناخی دەجنی و لێ نەدەگەڕا لە شاردا بمێنێ. ئەدی ئێستا بگەڕێتەوە هەمان تاس و هەمان حەمام نییە؟. ئەدی ئێستا چۆن بەرگەی ئەو سووکایەتی پێکردنە دەگرێ؟. با ئێستا بەرگەی دەگرێ... ئێستا بووە بە ڕێوییەکی لەڕ و بە هەموو کونێکەوە دەچێ. ئێستا وا سووک بووە کزەبایەک دەیبا. بەڵام ئەمەی سەلمان و کاکی گەورە دەیکەن، بەم هزر ناکرێ.

ـ لەوێ خۆم بۆ ئێرە خۆشە کرد و لێرەش خۆم بۆ ئەوێ خۆشە کرد.

هەقەلی، بە دەنگێکی بیستراو ئەوەی گوت و زوو ژیوان بووەوە.

- چیی؟!.

- دەڵێم کاتێ مەرگیان پیشانی کەسێ دا کە گرانەتای بوو، بە گرانەتا شوکرانە بژێر بوو.

- تێت ناگەم.

- هەتا ئەمانەم نەدی نەمزانی ئەوانە چەند باشن. دەزانم لەوێش ئەمانم لێ دەبنە مەلایەکەت. ئیدی هەڵبژێرە: سندانت دەوێ یا قوزەڵقورت یا ژەهری مار؟. دەتەوێ لە ئاودا بخنکێی یا بە ئاگر بسوتێی یا تیرباران بکرێی؟. مەسەلە ئەوە نییە لە نێوان چاک و خراپدا سەرپشک بیت. مەسەلە ئەوەیە لە نێوان چەندین خراپدا یەکێکیان هەڵبژێری. ناچاری ڕێی خراپ هەڵبژێری. ئەوەی کەمێ ڕوناکایی بێ لای جەماعەتەکەی مامۆستا سەعیدەوە بەدی دەکرێ. ئەوانیش، جارێ بۆ کاکی گەورە و سەلمانە کوێر پارسەنگن جارێ بۆ نەیارەکانیان. لە لایەکەوە دەوڵەت دروست دەکەن لە لایەکەوە موخابەراتی وڵاتان ڕەگیان تێدا داکوتاون. لە لایەکەوە برای خۆیان دەکوژن لە لایەکی ترەوە بازرگانی بە وێنە و ناو و گۆڕ و یادیانەوە دەکەن. هەر ڕۆژەی بە ئاوازێ بای دەدەن. من بە تەمای کام ئاوازیان بم و باوەڕ بە کامەیان بکەم؟. ئەوان کوردکوژی حەرام دەکەن کەچی لە بری دوانی خۆیان حەوت دەکوژن!. حەوت کوڕی گەنج لە خوێنی خۆیاندا دەپلکێنەوە... لە حەوتماڵدا شیوەن بەرپا دەکرێ... حەوت پرسە... حەوت دایکی جەرگ سووتاو، قوڕ بە سەردا دەکەن و مەمکیان دەجوڵێ و شیر بە بەرۆکیاندا چۆڕاوگە دەبەستێ. چۆن توانییان؟. بۆ نەیانگوت ئەوان دوانیان لە ئێمە کوشت خیانەتیان کرد با ئێمە نەیکەین؟. خۆ ئەگەر سەلمانیان کوشتبا دەسخۆشیم لێ دەکردن بەڵام ئەوان کوڕی خەڵکیان کوشت نەک سەلمان... سەلمان چ پەکی پێ کەوت؟. بە پێچەوانەوە، گەشەی پێ کرد. دەتگوت فەرمانێکی نهێنی خودی سەلمان جێبەجێ دەکەن. نا لە لای ئەوانیش جێم نابێتەوە.

- ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟.

- سەرم لێ شێواوە. نازانم لە ناو ئەم هەموو داوە وردانەدا چی بکەم. با

بڕیار بە دەستی تۆوە بێ. دەڵێی چی؟.

- هەرچی دەکەی بیکە بەڵام لە مردن پێم ناخۆشترە بگەڕێیتەوە ناو حکومەت. لەوێ وازت لێ ناهێنن... دەبێ ببی بە پیاوی خۆیان و کاریان بۆ بکەیت. دەتبەنە سەر ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و قسەت پێ دەکەن. دوایی، لە ژیانی خۆت وەڕس دەبی... دەزانم قێزت لە خۆت دەبێتەوە. ئەوەیان مەکە.

- باشە. دەچینە ئەوروپا. پەنا بە خوا.... دەچینە ئەوروپا.

- بەو پارەیە دەگەینە کوێ؟. بەشی سەفەری دوو کەس دەکا؟

هەقەلی، لەبری وەڵامدانەوە، بێ دەسەڵاتانە لە بەردەمی خۆی دەڕوانی. سەری بە هیچ لادا دەر نەدەکرد و هیچ بڕیارێکی پێ نەدەدرا: "بۆ وام بە خۆم کرد؟!. بۆ نێوانم لە گەڵ خوای دەسەڵاتی ناوچەکەدا کە سەلمانە، تێک دا؟. بۆ وەک ئەو عالەمە، کارە گەندەکانیم بۆ قووت نەدرا؟. هەر لە بەر ئەوەی لە منداڵییەوە دەیناسم و (گۆلکی خۆماڵی بە گا نابێ) و زەحمەتە پیاو کەسێکی بە دەسەڵاتی قەبووڵ بێ کە ناسیاوی خۆی بێ؟!. ئەمە هەر سەلمانە کوێری کوڕی (خ خ) نییە کە دایکی، بە بەرچاوی خۆیەوە پیاوی بەرەو ژوورەوە ڕادەدان؟. نەخێر ئەمە ئەو نییە... نەخێر ئەمە سەلمانێکی تێکۆشەر و سەرکردەیە... ئەمە کوڕی (خ خ)یەکی ترە... کوڕی خەباتی خوێناوییە و هەزار کەس ئامادەن خۆ بە قەزاوەگێڕی باڵای بکەن... هەزار کوڕی گەنجی نەترس و ئازا لە بەر باڵای دەمردن و فەرمانی جێبەجێ دەکەن".

- ناتوانم هیچ بڕیارێ بدەم. با بڕیار بە دەست تۆ بێ.

دەنگی فڕۆکەی شەڕ هات. دوو فڕۆکە، لای خۆرئاواوە بە سەر شاخەکەدا، بە تیژی هاتن و بە سەر بارەگاکەی سەلماندا ڕەت بوون. یەکێکیان، کەمێ دوکەڵی لێ بەر بوو. دوای چەند چرکەیەک، کلکەی شاخەکە، کە تاوێرە بەردەکانی بەرەو حەوا بەرز ببوونەوە، بڵاچەی دا و دوکەڵی لێ هەستا. پاش یەک دوو چرکە، گرمەیەک هات و زەوی لەگەڵدا لەرییەوە. هەقەلی و ڕوناک، لە سەر دەم خۆیان بە زەویدا دابوو. هەقەلی، جارێ لە دوکەڵەکەی دەڕوانی جارێ لە فڕۆکەکان کە نیوەبازنەیەکیان پێک هێنابوو و لە تاقی ئاسماندا

کەوتبوونە سەر پشت. چەکدارەکانی دەوروبەری بارەگاکە لێی کەوتنە تەقە.

ئەو دیمەنەی کە هەقەلی حەیرانی ببوو، جوانیەکەی خۆی لە دەست دابوو و لە ناو دوکەڵدا دێز و ناشرین بوو. هەستی بە گەرما دەکرد و پێی خۆش بوو بە چاوتروکانێک لەو ناوچەیە نەمێنێ.

- ڕوناک... با بڕۆین.

- ئەوە سەلمانە تەماشامان دەکا. ڕەنگە بیەوێ شتێکت پێ بڵێ.

سەلمان قاقایەکی کرد و دوایی بە بزەی پێکەنینەوە کە بە دۆستانە دەچوو گوتی: "هیچ نییە نا!. خۆتان مەشڵەژێننماڵتان نەشێوێ". ئەوەی گوت و جگەرەکەی نایە لالێوەوە و ناشیانە مژێکی لێ دا. بە ئاشکرا پێوە دیار بوو کە جگەرەکێش نییە و هەر بۆ فیز ئەو جگەرەیەی داگیرساندووە. دەستێکی خستە بەر پشتێنەکەی و بەرەو لایان هات.

- کاکە هەق وەرە پیاوی چاک بە مەڕۆ. هەر لەم دۆڵەدا ماڵێ پێکەوە بنێ و لەگەڵ هاوسەرەکەتدا تێیدا بژین. بارتان سووکە و هەر کە قەوما تێیتەقێنن.

- نێوان ئەو تاوێرە بەردانە چی لێیە؟. ڕوناک بە دەنگێکی نەوی ئەو پرسیارەی ئاڕاستەی کەسێکی نادیار کرد. سەلمان وەڵامی دایەوە:

- هیچ. هیچی لێ نییە. فڕۆکەوانی دوژمن نیشان ناپێکن. ئەو جۆرە ئامێرانەی بۆ ئەم جۆرە فڕۆکانە و ئەو جۆرە ڕاکێتانە و ناوچەی شاخاوی پێویستە، تەنها لە سکەندناڤیادا هەیە و ئەوانیش پێیان نافرۆشن... برادەرانمان، لەوێ چوونەتە لایان و قەناعەتیان پێ کردوون.

هەقەلی، عەقڵی بەوەدا دەشکا کە یەک وشەی ئەو قسانە ڕاست نییە. ئەو دەیزانی وڵاتان وا نین. دەیزانی وڵاتە پیشەسازییەکان بیر لە بەرژەوەندیی خۆیان دەکەنەوە. بیر لەوە دەکەنەوە هەقدەستی دانساز بۆ خەڵکی وڵاتی خۆیان کەم بێ و کرێخانوو کەم بێ و هەموو جۆرە خزمەتێکی میللەتی خۆیان بکەن تا لە هەڵبژاردندا دەنگ بهێنن و دەسەڵاتیان هەبێ. ئەگەر بتوانن یەک دۆلار لە کرێی هەموو خانووەکانیان کەم کەنەوە ئەو ئامێرەش دەنێرن کە وا لە بەر دڵی کاک سەلمان جاڕێ ڕایانگرتووە!. خوێنی خەڵکی ئەم مەڵبەندە بۆ

ئەوان نرخی چییە؟!.
- کاک سەلمان... لە بەر خاتری کورد ئەو فریشتانە دەست بە خێری خۆیانەوە دەنێن؟!. ئەگەر یەک وڵاتی وا هەبێ، لە سەدا نەوەدی کارەکەمان تەواو بووە و ماوەتەوە سەر ئەوەی ڕایگەیەنین... دەوڵەتی پرۆلیتاری کوردستان ڕاگەیەنین!... بەڵام ئەوان دەیانەوێ بە خوێنی هەرزانبەهای ئێمە نەوتی هەرزانیان دەست کەوێ تا خزمەتی پیر و پەککەوتەی خۆیان بکەن.
سەلمان هەنیەی گرژ بوو. ئەویش ئەوانەی دەزانی بەڵام گوتنی پێچەوانەیان باو بوو و ئەو قسانە لە بەرژەوەندیی ئەودا بوون. باو بوو کە سەرەکوەزیرانی فلانە وەڵات و سەرەککۆماری فیسارە دەوڵەت و میری فلانە میرنشین، برا و دۆستی کاکی گەورەن و دڵی ئەو بە ملیۆنێ بەرمیلە نەوت نادەن و هەزار ئەنجامی هەڵبژاردن و خۆشگوزەرانی میللەتی خۆیان دەدەنە بەرخەنێرێک و لە بەر پێی کاکی گەورەدا سەری دەبڕن.
- کاکە هەق خۆ ئێمە لە بەر بێ تۆیی پەکمان نەکەوتووە. من بۆ تۆمە و تۆش کەیفی خۆتە. بەڵام تۆ ئەو ژنە نەگبەتەش دەترسێنی... لە ترسی فڕۆکەکە وا خۆت بە زەویدا دا خەریک بوو زەوییەکە قووتت دا. بۆ ئەوەی نەترسێی و دڵنیا بی، پێت دەڵێم فڕۆکەوانەکان نیشان ناپێکن. زەردەشتت نەدی چۆن بە دەمانچەیەکی ویلتەر تەقەی لێ دەکرد؟... خۆزگە دەتدی تا بزانی نەترسان چۆنە و ئەو کوڕە کە منداڵی دوێنێیە چۆن فشەی پێ دەهات.
هەقەلی وای هەست دەکرد، لە بەر چاوی ڕوناک دەشکێندرێتەوە و قەشمەری پێ دەکرێ و بە نووکە شەق لە پاشەڵی هەڵدەدرێ. هەستی دەکرد ڕوناک، وردە وردە پەیوەندییە ڕوحیەکانی خۆی لێ دەبچڕێتەوە و ڕابردوشی دەتفێنێتەوە. چۆن دەبێ لە بەر چاوی هاوسەرەکەی سووکایەتی پێ بکرێ؟!. بیری لەوە کردەوە کە سەلمان پارەکەشی بۆ سووکایەتی پێکردن داوەتێ نەک بۆ پیاوەتی. پێی خۆش بوو دەست بە باخەڵیدا بکا و پارەکە دەربهێنێ و تا هێزی تێدایە بە ناوچەوانیدا بکێشێ و تفێکیشی لێ بکا. بەڵام کەسایەتیی و هێز و دەسەڵاتی سەلمان لێ نەدەگەڕان ئەوە بکا. هەستی دەکرد، لەو

بارودۆخەدا سەلمان دەتوانێ بە ئیشارەتی یەک پەنجە ڕوناک ڕامالێتە لای خۆی و لێی زەوت باکا و ڕوناکیش بەوپەڕی خۆشییەوە قەبوولی بێ. بەلام سەلمان ئەو خەسێتانەی نەبوو و کەس نەبوو شتێکی لەو لایەنەوە لێ دیبێ. پێ نەدەچوو لە هەموو تەمەنیدا دەستی بەر جەستەی ژن کەوتبێ... ئەدی سەلمان بۆ وای لێ دەکا؟!. دەیەوێ بیسەلمێنێ کە پیاوی بێ دەسەلات سووک و بێ نرخە... ئەی پیاوکوژ و دز و تەنافباز چین؟. ئەوانە برەویان هەیە... ئەم خاکە ئەوانەی لێ دەڕوێن و کۆمەلگە پەروەردەیان دەکا و ئەوانیش گەشە دەکەن و سواری ملی هەمان کۆمەلگە دەبن کە پەروەردەی کردوون...

- ئاخر کاک سەلمان من نەمزانی فڕۆکەوانەکان ئەو ئامێرەیان نییە. بمزانیبا منیش بە بەرد تێیان دەکەوتم!. من وەمزانی نیشان دەپێکن و بۆمباکە بەر بارەگاکە دەکەوێ.

سەلمان، هێندەی دی هەنیەی گرژ بوو. تەماشایەکی تاشە بەردە تیژەکانی کرد کە دوکەلەکەی بەرەو ئاسمان دەچوو و تا دەهات تەنک دەبووەوە. یەک چرکە لە ڕوناک و یەک چرکە لە هەقەلی ڕوانی و بە پەلە گەڕایەوە. هەقەلی بانگی کرد: - کاک سەلمان...

سەلمان بە لای ڕاستدا وەرچەرخا و نیوە بازنەیەکی پێک هێنا و ئاوڕی دایەوە. هەقەلی، بە بزەیەکی ناچارییەوە گوتی:

- زۆر سوپاس بۆ ئەو پارەیە... ئەم پیاوەتییەم بیر ناچێتەوە.

سەلمان، سەرێکی بۆ لەقاند و بزەیەکی کرد. دیسان بە لای ڕاستدا نیوە بازنەیەکی تری پێک هێنا و پێچی کردەوە و بەرەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیی...

## (١٦)

ژوورەکەی هەقەلی و ڕوناک لە جێیەکی کەمێ بەرز بوو و ڕووی دەرگاکەی لە دۆلێکی بەردەلان بوو کە چلکاوێکی بە ناوەندا ڕەت دەبوو. بە هەردوو

بەری دۆڵەکەدا هێستری قاچاخچییان بەسترابوونەوە و سەگی خوێڕی ملۆمۆیان دەکرد و قاز و مراوی بۆر دەچوونەوە و مریشک چینەیان دەکرد. مەعمەلەچی و قاچاخچی، دوو دوو و سێ سێ پێکدا دەهاتن و باریان بار دەکرد و باریان دەخست. جار و باریش یەک دوو یا دەستەیەک پێشمەرگە بە دۆڵەکەدا هەڵدەگەڕان و دادەگەڕان و هێندێ جاران، غایەبانەشیان لەگەڵدابوون. هەقەلی، لە بەر دەرگاکەوە لەو دیمەنەی دەڕوانی کە لە خەونیشدا بە بیریدا نەدەهات ببینێ. شێروخەت و تەڕووشکی هەڵبژاردنی ڕێبازی ژیان دادی نەدان و دوای دابڕانیان لە سەلمان ،لەو گوندەدا گیرسابونەوە. نە خۆیان دا بە دەست حکومەتەوە، نە ڕێی ئەوروپایان گرتە بەر نە بەرەو لای مامۆستا سەعیدیش چوون.

ڕوناک، هەمیشە شتێک هەبوو خۆی پێوە خەریک بکا... درزی دیواری دەگرت، پارچەپەڕۆی لێک دەدان ، لە هەر قوژبنە و شتێکی دادەنا و دوایی جێگۆڕکەی بە شتەکان دەکرد و لە بەر خۆیەوە گۆرانی(هەموو عالەم بمکا لۆمە... وەفاداریی پیشەی خۆمە)ی دەگوت و زوو زوو بە ڕووی هەقەلییەوە قریوەی پێکەنینی بەرز دەبوو و هەر جارەو بەزمێکی پێ دەگێڕا.

هەقەلی سەیری ئەو بازاڕ و دیمەنەی دەکرد و خەیاڵی ڕۆیی بوو. لە پڕ لە دەنگی ڕوناک ڕاچەنی:

- ئەها چاوت لێیە ئەوروپاکەمان چ خۆشە؟!. چاوم لێ بوو لای ئەو سۆنانە، لەگەڵ ژنە ئەوروپاییەکی قژزێڕیندا مەلەت دەکرد. ئەوە سۆنە بوو یا ژن بوو؟!. بۆ پێم ناڵێی هەقە گیان... چما ئەوانەش دەکەی؟!. ئەو کەتنەشت کرد؟!

ڕوناک، ڕۆژی چەند جارێ هەقەلی دەهێنایە پێکەنین. هیچ چارەی نەبوایە ختووکەی دەدا. پێی دەگوت: گیانەکەم، پێکەنین وەرزشی ڕوحەکەتە... دەبێ بە هانایدا بێی. ڕێ مەدە نامەی کاک حەسەنەکەی ئەوروپا قەڵست کەن...

ڕۆژ بە ڕۆژ هەقەلی زیاتر و زیاتر ڕوناکی لێ دەبووە فریشتە و بە سۆز و بە بوون وبۆنی دەژیا. کە خەم دایدەگرت، سەری دەخستە سەر ڕانی و دەمار بە دەماری جەستەی دەکەوتنە جیهانی ئاسودەییەوە... لە بارودۆخی وادا،

هەموو جارێ دایکی بیر دەکەوتەوە و دەستی ڕوناک کە بەسەر و کاکۆڵیدا دەهات، لێی دەبووە دەستی دایکی و هەستی بە شەرمەزاری و لاوازی خۆی دەکرد و ویژدانی ئازاری دەدا. لە کاتێ وادا، خۆی لە ڕوناک دەبچڕییەوە و کارێکی وای دەکرد هیچ کوێی ڕوناکی بەر نەکەوێ... تەنانەت جلوبەرگەکەشی نارەحەتی دەکرد.

هەقەلی، سەری بە لای ڕوناکدا هەڵبڕی و بزەیەکی بۆ کرد. دوای ئەوەی تاوێ چاویان لە چاوی یەک بڕی، هەردوکیان پێکەنین. ڕوناک هاتە تەنیشتییەوە و دانیشت.

- دەبینی چۆن ئەو خەڵکە پێکدا دێن و لە کەوڵی یەکتر دەلەوەڕێن بێ ئەوەی کەس بەرهەمێکی هەبێ و شتێ زیاد بکا؟. خەڵکی گوندەکە نەبێ کە ئێستا کەمایەسی دانیشتوانن، بایی بژێوی خۆیان بەرهەمیان هەیە، ئەوانی دی مەگەر پیسایی بۆ زەوی زیاد بکەن. دەڵێی کارگەی گوون... هەر دەخۆن و دەڕێن. من و تۆش لە خەڵکە بێ کەڵکەکانین. هەست دەکەم بوونمان بۆ هیچ شتێ باش نییە... بە کەڵکی هیچ نایەین.

- ڕۆژێ نەمدی گەشبین بیت. خۆ دنیا هەر وا نابێ...

- هەر وا ئاسوودە نابێ؟!. هەقەلی ئەوەی بە دەم پێکەنینی ناچارییەوە گوت.

- نەء... دنیا چاک دەبێ.

- هەرگیز من و تۆ نایبینین. تا دێ دەسەڵاتی بەد زیاد دەکا و لایەنی شەڕ برەوی دەبێ و سەردەکەوێ. چاکە و لایەنی خێریش، واتە من و تۆ و هی وەک ئێمە، دەبێ هەمیشە لە بنەوە بن. باشە کێ دەڵێ ئێمە لایەنە چاکەکەین؟!. ها؟!. لە ناو هەموو گیانداراندا زۆردار نرخی لە سەرەوەیە. کەوی بەزیو کێ بە فلسێ دەیەوێ؟!. ها؟!. دیارە ئێمە بێ خێرەکەین و دەبێ نەبین... نەمێنین...

ڕوناک ملی مات کرد و بە بێ هیوایی لە بەردەمی خۆی ڕوانی. پاش تاوێ، دەستێکی خستە سەر شانی هەقەلی و قورسایی خۆی بە سەردا دا و هاستایە سەر پێ. تەماشای ناو دۆڵەکەی کرد و سۆنەیەکی دی بە یەکێکی تردا دەفسی. تەماشایەکی هەقەلی کرد، ئەویش لە سۆنەکانی دەڕوانی.

ـ هەقە گیان هەوەست دەبزوێنن؟... بۆ تەماشایان دەکەی؟!. ئەوەی گوت و بە دەم قریوەی پێکەنینەوە، هەقەلی جێ هێشت و وەژووری کەوت.

ڕووخۆشی و گەشی ڕوناک، لایەنی ڕەشبینی هەقەلییان گەشتر نەدەکرد. سۆزی ڕوناک تەنها بەنجێکی کاتیی بوو و هێوری دەکردەوە. قریوەی پێکەنینی ڕوناک و سوعبەتەکانی هەر بایی ئەوە بوون لە خەوزڕان و خەونی ناخۆش بیپارێزن. ڕوناک هەرچی کردبا باوەڕی ئەم لەق نەدەبوو و تاریکستانی هیوای گەش نەدەبوو. لە لایەکەوە، لایەنە سیاسییەکان هێڵەیان بە یەک دەکرد و ئەوەی هیوا بێ لە دڵی ئەمیاندا نەهێشتبوو. ترسی ئەوەشی هەبوو یەکێکی وەکو سەلمان گەمەکە بگۆڕێ و خۆی بە داوی لایەکی ترەوە هەڵواسێ. ئەوسا حکومەت خراپتر دەست بوەشێنێ و خۆزگە و هەزار خۆزگە بۆ ئەم ڕۆژە بخوازێ. ئەمەشی بە هەردوو باردا پێ کارەسات بوو. لە لایەکی ترەوە ئەترەشی لەوە چووبوو کە بە هۆی بێ دەسەڵاتی و نەبونی و دەربەدەرییەوە، لایەنی ئاژەڵیی ڕوناک برەو بستێنێ و یەکێکی تری بوێ و لە ڕێ لادا... هەڵبخزێ.

هەقەلی لە دۆڵە بەردەڵانەکەی ناوەندی گوندەکەی دەڕوانی بەڵام هیچی نەدەدی. خەیاڵی ڕۆیشتبوو: بەر لەوەی لەو گوندە نیشتەجێ بن و خۆی، وەک بێ خێر و بێ دەسەڵاتێک، بەتاڵاییەک پڕ کاتەوە، ڕوناک چۆن بوو؟. ئەی ئێستا چۆنە؟. ئەو کاتە، کە هەقەلی ئاوی دەخواردەوە، ڕوناک گوێی بە قوڕگیەوە دەنا و بە کوڵ پێدەکەنی و دەیگوت دەنگی ئاوەکە لە گەرووتدا خۆش دێ. بڵقەبڵق دەکا. بەرزبوونەوە و دابەزینی قوڕقوڕاگەت ختووکەیەکی خۆشم دەدا. بە زۆر دەمی دەخستە ناو دەمی و دەنکە ترێی لە دەمی دەردەهێنا و دەیخوارد. دیگوت من زەڕنەقووتەی هەقەکەی خۆمم. کە سەرما دادەهات، خۆی پێوە دەنووساند و ئۆخەی بۆ گەرمایی جەستەی دەکرد. ئەی ئێستا؟!. هەر دوای چەند مانگێ، ڕوناک ئەو لایەنانەی نەمان. ئێستا کە ئەم ئاو دەخواتەوە، هەست دەکا ڕوناک لێی دوور دەکەوێتەوە و چاوی خۆی لێ دەدزێتەوە. کە نان دەخوا، هەست دەکا مڵچەمڵچی دەمی بۆ ڕوناک دەبێتە عەزابی قەبر. کە

لەگەڵ کەوچکی خواردندا لرفەیەک لە دەمی دێ، ڕوناک ناوچەوانی گرژ دەبێ و قێزی دێتەوە. نەیدەزانی چۆن نان بخوا. کە جەستەی بەر جەستەی دەکەوێ، لێی دوور دەکەوێتەوە و لە دەست گەرمای جەستەی، خەریکە نوێنەکان چۆڵ بکا. ئەوەی لە ڕوناکدا مابوو، تەنها قریوەی پێکەنین بوو. ئەمە وا بەردەوام بێ بە کوێ دەگا؟!... چارەنووس و ئەنجامی هاوسەرێتییان چۆن دەبێ؟. خواردن و خواردنەوە و سەرپێشاو و خەوتن و جووتبوون، کە لە مرۆڤدا هەن، دەستیان لێ بەرنادرێ هەر لە بەر ئەوەی لە سروشتی ئاژەڵیشدا هەن. لە کاتی ئەنجامدانی ئەو پێداویستییە بایۆلۆجیانەدا، مرۆ ڕێک بە ئاژەڵ دەچێ و بنەچەی خۆی دەدۆزێتەوە. بەڵام دەستیان لێ بەر نادرێ. ئەدی ئەم چۆن دەسبەرداری خواردن بێ تا بە مەیموون نەچێ؟. چۆن دەسبەرداری سەرپێشاو بێ تا بە سەگ نەچێ؟. لە بەر خۆشیەوە دەیگوت: "نا... من ڕوناکم لە خۆشەویستیدا خنکاندووە، بە ئاگری سۆز سوتاندوومە و هەر بە ماچ و لە ئامێزگرتن تاساندوومە..."

هەقەلی، بە ناسکترین شێوە ئەوانەی بۆ ڕوناک باس دەکرد تا تێبگەیەنێ. بەڵام تێگەیشتن و هەستکردن لێک دوورن. هەقەلی، هەر لە بەر دڵی ڕوناک، لە هەموو ئەو کارە بایۆلۆجیانە بێزار بوو. پێشی وابوو هیچ شتێکی لێ شاراوە نییە. لەو باوەڕەدا بوو کە هەموو شتەکان، وەک داشی دامە، وان لە بەر دەست و هەست و چاویدا. پێی وا بوو پیاو بەر لە هەموو کەس هەست بە خزانی هاوسەری خۆی دەکا، بەڵام دوای هەموو کەس دەیبیستێ. جا ئەو خزانەی قەبووڵە یا نا، ئەوەیان دەکەوێتە سەر شێوەی پەروەدە و ئەو ڕیشاڵانەی کە هاوسەرەکەی لە دڵیدا دایکوتاون. بە هەڵکێشانیان دەمرێ یا نامرێ؟. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە پێشبینی ئەمانەی کردبوو و ئێستاش پێشبینی شتی خراپتر دەکا. کابرایەکی بێ دەسەڵات لە ناو ڕەوێ پیاوکوژ و دەسەڵاتدار و خەڵکی ئازا و نەترسدا بچووک دەبێ و لە ڕادە بەدەر بە هاوسەری خۆیەوە دەلکێ و وەک منداڵێ دامێنی کراسی دایکی خۆی بگرێ، دامێنی دەگرێ و لێی نابێتەوە. مێینەی ئەم گیاندارە دوو پێیە سەیرەش کە

پێی دەڵێن بنیـــادەم، نێـــری وای نـاوێ. نێـــرێکی دەوێ لووتی لە حـــەوا بێ... بیپـارێزێ و هێلانەی گەرم و نەرم و ڕازاوەی بۆ دابین بکا و هەموو نێـرەکانی تر لێی بترسێن و نەوێرن نزیکی هێلانەکەی ببنەوە. ئێستا دە پانزە چەکداری چاوزیت و دەست لـە سەر پەلەپیتکەی بە دواوە بوونایە و بە لووت سـڵاوی لە خـــەڵک بکردبا و بایی خـــۆ نواندن ئەم و ئەوی بەر شــــاپان بدابا، لایـەنی ڕوناکـیـشی مـسـۆگـەر دەبو. ئەمــە نهێنی ئەوە نـیـیـە کـە (ئـەمن)ێکی نـەزانی هەتیـوچە، شــاژنێک نەرم دەکـا و دۆخـینی مـێـرەمی بۆ شل دەبێ؟.(ئـەمن) و پۆلیس واتە دەسەڵات و دەسەڵاتیش جنسییە. مێینەی ئەم خـەلقەندە سـەیرە سروشتێکی تایبەتی خۆی هەیە کە هەمیشـە بەکەڵە. وەک مـەڕ و بزن و سەگ و مـــانگا نـیــیـــە ســـاڵی یەک کـــەڕەت کـــاتی بێ و لـە وەرزێکی لەباردا بزێ و ببـڕێتـەوە. هەمـیـشـە دەیەوێ... لە کـاتی ئاوسـبـوونیـشـدا دەیەوێ. نێرەکـەشی ئەوە نیە تەنها لە کاتی پێویستیدا جووتبوونی بوێ. ئەویش هەمیشە دەیەوێ... مێیەکەی بە ئاوسیش دەوێ. تەنانەت بێنوێژی مێ کە دەبێ تەبیـاتی نێری ئەم خەلقەندە ناشرینە تێک بدا، بۆنی خوێنەکەی هەوەسی دەبزوێنێ و زیاتری هار دەکا. بۆنی خوێنی لێ دەبێتـە بەڵگەی مـێیـەتی. هەر ئەو بۆنەیە پیـاوکوژ هـار دەکا و بە هەوەسەوە خەڵک دەکوژێ... تا پتر بکوژێ بۆنی خوێن پتر هەوەسی دەبزوێنێ و تـا هـەوەسی پـتـر ببـزوێ پـتـر دەکـوژێ... بۆنی خـوێن وەک بۆنی مـێـخـەک و بۆنی بنێـشـتـەتاڵەی ناو دەمی ژن جنسـیـیـە... بۆنی خـوێن... دەیگێـڕێتـــەوە ســـەردەمی دڕەندەیی و بەرەڵایی جنسی. بەرەڵایی جنسی؟!. ئەگـەر بەرەڵایی نەبووبێ بۆ نێـر و مێ لە یەک دەبێـزرێن و وێڵی دوای هـی تر دەبن؟!. مێ، نێری چاکیشی هەبێ لە ئاستی نێرێکی لەوەی خۆی نێرتردا فس دەدا و نێر، مێی چاکیشی هەبێ وێڵی دوای مێی تر دەبێ... هەر کاتێکیش نێر زانی لە خۆی نێرتری بە دەورەوە هەن، بە مـێیـەکـەی خـۆیەوە دەلکێ. بە یەک داناکەوەن. ئەم گیاندارە سـەیرە، وەک گورگ ، بە بۆنی خوێن هەوەسی دەبزوێ کەچی خوێنیشی لە خۆی حەرام کردووە.

هەقـەلی، هـەر لە دۆڵەکـەی دەڕوانی و هیـچی نەدەدی. خـەیاڵی ئاوێزانی ئەو

هاوکێشانە بوو کە تەمەنی خۆی بۆ شیکردنەوەیان تەرخان کردبوو. نەیدەویست باوەڕ بە هیچ قیل و تیۆرییەکی بێ سەرێشە بکا. دەیویست خۆی لە دەست قاڵبی تیۆری و ئایدۆلۆژیا ڕاپسکێنێ و بەخۆی ڕێبازێ وەدۆزێ. لەو خەیاڵانەدا بوو، لە (ئێوارە باش)ی زەلامێک ڕاچەنی.

- ... ژیان باش...

هەستایە سەرپێ و دەستی درێژ کرد:

- فەرموو... فورموو.

دوو چەکدار بوون: یەکێکیان، گەنجێکی جوانکیلە بوو. تفەنگێکی بێ قوناغی جوان و چاکی بە دەستەوە گرتبوو و مسکی دەمانچەیەکی چواردە خۆریش کە بە پەڕۆیەکی زەردی خاوێن پێچرابۆوە لە کیفەکەیەوە دیار بوو. جلوبەرگی خاوێن بوون و جامانەکەی لە تەوقەسەری پێچابوو، قژە ڕەشە چەور و کەمێ لوولەکەی بە هەنیەیدا هاتبوە خوارێ و گەندەمووی دەوری برۆی و سەر ڕومەتی هەڵکێشابوون و چوار قەڵەمیش بە گیرفانی کراسەکەیەوە بوون. دیار بوو ئەمیان، لێپرسراوی ئەوی تریان بوو کە دوو هەنگاو دوورتر، لە پشتییەوە، بە خۆ و بە تفەنگ و چەندین یەدەگی پڕ و جووتێ نارنجۆک و جلوبەرگی چڵکنەوە، گرژ و مۆن ڕاوێستابوو.

- نەخێر سوپاس. هاتوین لەگەڵماندا بێیتە بارەگا.

هەقەلی کەمێ حەپەسا و بە بێدەنگی لێی ڕاما. تەماشایەکی ئەوی تریانی کرد: لەو بابەتە بوو هەر پێی بڵێن دەی، وەک ئەوەی هەوا کونکون کات بە دەم جنێودانی پیسەوە، زەلام کونکون کات. گرژ ومۆن بوو. جێ برین بە لالێو و ڕومەت و چەنەگە و برۆیەوە بوون. هەقەلی، لە جنێوەکانی پتر دەترسا. ئەگەر جنێو بە ژنەکەی بدا؟!. خۆ ئەو بابەتە جنێوانە وەک شیعر، سووک و خۆش بە سەر زاری ئەو بابەتە مرۆڤانەدا دێن. لە کاتی پیاوکوشتنیشدا، جنێو وەک ئاگری چەکەکانیان بە ڕیز دێن. پێی وا نەبوو بەو گومانە غەدری لێ کردبێ. کەسێ لەو بابەتە نەبێ وەک ئەمە نابێ.

بە دەنگێکی کز گوتی:

- خێره؟!.

- لەوێ دەیزانی. ئێستا فەرمووبا برۆین.

ڕوناک هاتبووە بەر دەرگاکە و بە سەرسامی لە هەقەلی دەڕوانی و هێندێ جاریش تەماشای لاوە پۆشتەکەی دەکرد. هەقەلی چاوی ڕوناکی نەدی بچێتە سەر چەکدارە چڵکنەکە. جارێ تەماشای ئەمی دەکرد و جارێ ئەو. دەتگوت دەیەوێ لە نێوان ئەم و ئەودا یەکێکینا هەڵبژێرێ. هەقەلی لە لایەن خۆیەوە دڵنیا بوو کە لەو ساتەدا، نابێتە دەستەگوڵی ڕوناک با بە چاوی، هەزار هەلەق مەلەقیشیان لێ بکا. ئەم نێرێکی زەلیل و ئەو نێرێکی دەسەلاتدار. ئەوەی جێی هیوابێ و مابێتەوە، لایەنە مرۆڤایەتیەکەیەتی کە ڕێی تێ دەچی هێندە لە سەر بێ، نەک هەر نەیکاتە دەستەگوڵ، بەڵکو قێزیشی لێ بێتەوە. ڕەنگیشە هێندە دامێن بێ دوای دوو دەقیقەی دی لە هەڵبژاردنی ئەویش ژیوان بێتەوە و یەکێکی لەو نێرتر و بە دەسەلاتتر بکاتە دەستە گوڵی خۆی.

- هەقە گیان ئەوە چییە؟!.

- نازانم... ئەو برادەرە دەیەوێ لەگەڵیدا بچمە بارەگای سەرکردایەتی. ڕەنگە... کاک سەلمان کارێکی پێم هەبێ.

هەقەلی زوو لە خۆی وەئاگا هاتەوە: "وا ڕوناک ئەو نەفەرەی لە تەماشاکردندا پشتگوێ خست ئەدی من بۆ نالێم (ئەو برادەرانە)؟. دیارە کە ئەویان ئامێرێکی بەستەزمانی بێ دەسەلاتی پیاوکوشتنە. وەک تفەنگەکەیەتی و بە ویستی خۆی ناتەقێ و منیش نابێ وەک بنیادەم لێی بڕوانم. تفەنگەکەی، بە دوو فەرمان دەتەقێ و سینگم کون دەکا. فەرمانی یەکەم ئەو خاوێنە دەری دەکا و ئەو چڵکنە جێبەجێی دەکا. فەرمانی دووەم چڵکنەکە بۆ تفەنگەکەی دەردەکا... تفەنگەکەش نالەیەک دەکا و تەپەیەک لە سینگم هەڵدەستێنێ. منیش، لە بری ترس، سەرسام دەبم و لە خۆم دەپرسم: هەو! ئاوها کۆتایی هات؟!. ڕەنگە هەر لە سەسامیدا بمرم نەک بە کاریگەرێتی فیشەکەکە".

لاوە پۆشتەکە، بە جۆرێ لە بری ئەم، لە ڕوناکی ڕوانی و وەلامی دایەوە، بۆ هەقەلی دەردێکی مەرگهێنەر بوو بەلام لە ناخەوە خۆی هێور کردەوە: "خۆ

ڕوناک ملّک و کۆیلەی من نییە. با خۆی وەدەنگ بێ... چما خاوەنی کەسیاتی خۆی نییە؟!. ئەدی هەمیشە بەرگری لە ژن ناکا با لە پشتی کێوی قافیش لێی قەومابێ و لەگەڵ پیاودا کێشەی هەبێ؟".

ڕوناک بە پەشۆکاوی لە هەقەلی ڕوانی. لێوی کەوتنە لەرزین و سپێنەی چاوی دەرکەوتن: هەقە گیان خۆ هیچ نییە؟!... ها ؟!... خۆ هیچ نییە؟!. بۆ وا بە دواتدا هاتوون؟. بۆ کاک سەلمان بە نامە داوای نەکردوی؟.

- با بگەمە ئەوێ، ئەو هۆیانەم بۆ دەردەکەون.

ڕۆندک بە چاوی ڕوناکدا داباری. هەقەلی، بەر لەوەی وەرێ کەوێ، پێی خۆش بوو ئامێزیکی وا بە ڕوناکدا بکا، تێکەڵاوی بێ و لەگەڵ خۆیدا بیبا. حەزی دەکرد ئەشکی چاوی بلێسێتەوە. لە لایەکەوە هەستی بە ترسێکی کوشندە دەکرد کە ببوە قورساییەکی ناخۆش و لە ناو سینگیدا مۆڵی دابوو و دەمی وشک کردبوو، لە لایەکی ترەوە پێی وا نەبوو ئازار بدرێ: "هەر چییەک بن کوردن... خۆ بەعس بانگی نەکردووم!". نەیدەزانی بۆ بەو شێوەیە بە دوایدا هاتوون و نەشیدەزانی چی گوتووە و چی کردووە کە بە دڵی ئەمان نەبێ. بەڵام ئەوەی چاک دەزانی کە هەرگیز شتێکی نەگوتوە بە دڵیان بێ. ئەوەش بۆ ئەم جۆرە بانگکردن و بردن و گرتنە بەس بوو.

هەقەلی، کڵاشەکانی هەڵکێشان و گوتی: " ئامادەم. فەرموو با برۆین".

ئاورێکی لە ڕوناک دایەوە: هەروو لێوی سوور هەڵگەڕابوون و کلی چاوی، لە گەڵ ڕێچکەی فرمێسکدا، بە ڕوومەتە سوورخنەکانیدا داچۆڕابوو و لێی ببوو بە نەخش. بە زۆر، بزەیەکی ناچاری خستە سەر لێوی خۆی: "خەمت نەبێ زوو دێمەوە". پاشان خۆی سەرسام پیشان دا و لە سەری ڕۆیی: "ئەم گریانە چییە؟!... خۆ بەعس بانگی نەکرووم !".

لە ناو دۆڵەکە و دەم چڵکاوەکە، مراوییەکان بۆر دەچوونەوە و مریشکەکان چینەیان دەکرد، سەگە خوێڕیەکان خەریکی ملومۆ بون و هێسترەکان، لە هەردو بەری دۆڵەکەدا بەسترابوونەوە و هێندێکیان سەریان لە توورەکەی ئالیک نابوو و هێندێکیان دۆژ دامابوون و هەموویان کلکیان با دەدا.

مەعمەلەچی و قاچاخچی، باریان دەخست و باریان بار دەکرد، سوێند و تەلاقیان دەخوارد و پارەیان دەژمارد و دینار و تمەنیان دەگۆڕییەوە. دەستە دەستە چەکداریش بە دۆڵەکەدا هەڵدەگەڕان و دادەگەڕان. هەقەلی وەپێش دوو چەکدارەکە کەوت و بە هەنگاوی ورد، بەرەو ناو دۆڵ و چڵکاوەکە داگەڕا و لەوێوە، سەرەو خوار بووەوە. ڕوناکیش، هەر لە بەر دەرگای ژوورەکەی خۆیان وێستابوو و دەستێکی لە سەر دڵی دانابوو و بە دەستەکەی تری چاوی دەسڕی و تەماشای هەقەلی دەکرد تا لە چاوی بزر بوو.

## (١٧)

بەر لەوەی هەقەلی و دوو چەکدارەکە بگەنە بەر بارەگاکەی سەلمان، لە سەر ڕێیەکە کە لەوێدا کەمێ پان و بەردەلان بوو، دوو تەرم کەوتبوون. یەکێکیان، لە سەر دەم ڕاکشابوو و دەم و لووتی لە زەوی ژەنی بوو و جێی فیشەکدانەکەی بە پشتیەوە دیار بوو کە کاڵ نەببۆوە. جێی فیشەک بە ناوشانیەوە دیار نەبوو بەلام خوێن لە ژێر سینگیەوە ڕێچکەی بەستبوو و لای قەراغەوە وشک بوو و لە ناوەڕاستەوە تازە دەمەیی. گەندەمووی ڕیش و سمێڵی خۆلاوی بوون و قژە ڕەشە پڕەکەی لە لای ناوچەوانیەوە، بە دەم بایەکەوە، وەک گژوگیا، بە کاوەخۆ دەلەرایەوە. هەرزەکارێکی شانزە حەڤدە سالان بوو و پێ دەچوو دەمێ نەبێ کوژرابێ. ئەوی تریشیان زەلامێکی کەتە و پتەوی سینگ پان بوو... ڕیشێکی ماشوبرنجی پڕی لێ بەردابۆوە و، لە سەر گازی پشت ڕاکشابوو. هەردوو چاوی کردبوونەوە و دەمی دابچڕی بوو، و بە عاستەم ڕەشێنە و سپێنەی چاوی لێک جودا دەکرانەوە. جێی یەک فیشەک، بە سەر دڵیەوە بوو و (دە تمەنییەک)یش، پەسترابووە ناو دەمیەوە و هێندێکی لێ بە دەرەوە بوو.

ـ ئەمانە کێن کاکە؟!.

هەقەلی بە سەرسوڕمان و داخەوە ئەو پرسیارەی کرد. ئەویش ـ لە ئەنجامدا هەقەلی زانی کادیرە و لە دڵی خۆیدا ناوی ئەفەندی لێ نا ـ بە گرژومۆنی و بە دەنگێکی گڕ و بڵندی دەسەڵاتدارانەوە گوتی:

ـ بەکرێگیراو بوون و وەکو سەگ تۆپاندمانن... پیاوی ئێران بوون...

هەقەلی، بێ ئەوەی تەماشای ئەفەندی بکا، بە دیار کوژراوە لاوەکەوە دانەوی و تەرمەکەی خستە سەر پشت. دانیشت و هێندێ دەستی بە ناوچەوانی سارد وسڕیدا هێنا و کەمێ کاکۆڵەکەی تەکاند: سەرەتای تەمەنی بوو... تازە وەک گوڵ خۆی دەنواند... لە کاتی خۆنواندندا پێکابویان: "لاوێکی باریکەلەی کەڵەگەتی چاو درشت و برژانگ درێژ و پڕ، لەو گۆڕە کەوتووە و بۆتە قوربانی پلانی ئەم و ئەو... کوردایەتییان لە سەر تەڵە بۆ داناوە و ئەویش منداڵانە و غەشیمانە بۆی هاتووە و پێوە بووە. دەبێ ئەمەیان کوڕی ئەوی تریان نەبێ؟".

ـ شۆڕش ئەولادی خۆی دەخوا... بەڵام دەبێ دوای سەرکەوتن بیخوا.

هەقەلی ئەوەی بە چپە گوت و لە تەرمەکە ڕاما. حەزی دەکرد لە ئامێزی بگرێ و تا کڵوکۆی دادەمرکێتەوە و ماندوو دەبێ، بۆی بگری. بەڵام نەدەکرا ئەوە بکا... تازە بە بەکرێگیراو ناوی هات... شایەد و بەڵگەشی نەدەویست.

ـ ئەو کەلاکە سەگە دەناسیت؟.

ـ نەخێر نایناسم. کەلاکە سەگیش نییە. کوڕی دایکێکە و جەرگی دەسووتێ. کوڕی میللەتێکە کە لە هەموو لاوە لێی هەڵدەوەرێ. لەم حیزبە لێی بە کوشت دەچێ و لەو حیزبە لێی بە کوشت دەچێ و بە جاشێتی لێی دەکوژرێ و بە کۆمۆنیستی لێی دەکوژرێ و لە ماڵی خۆی دانیشێ هەر لێی دەکوژرێ... ئافاتی تێکەوتووە ئافات... ئافاتی تێکەوتووە... منداڵی وا کوا دەزانێ بەکرێگیراو بێ؟. هی وا، هەر ئەوە دەزانێ شەیدای شتێ... هەر شتێ بێ، بکرێ و بۆ ئافەرین خۆی بفەوتێنێ...

دەستێکی تری بە هەنیەیدا هێنا و هەستایە سەر پێ.

تاوێکی دی لێی ڕاما و لەگەڵ دوو چەکدارەکەدا وەڕێ کەوت. بەدەم ڕێوە، خۆی سەرزەنشت دەکرد: "ئەم دوانەش وەکی ئەو لاوەن و شەیدای شتێ

کراون. قسەکردنی من چ سوودی هەیە؟. دەبێ خواخوام بێ خۆم نەکوژن..."

هەقەلی خۆی لە بەردەم بارەگاکەی سەلماندا دیتەوە. دوو چەکدار کە پێشتر دەیناسین، بە توندی و تورەیی لێی هاتنە پێشێ و چەکیان لێ سوار کرد. هەقەلی، بە سەرسوڕمانەوە، لە ئاستی دەنگی نەعرەتەئاسایان و خرەی ملیلی تفەنگیان و شالاوبۆ هێنانیاندا وێستا.

- سەگبابی خایەنی جاسووسی پیاوی ساواک... وەڵڵاهی وەکو سەگ دەتتۆپێنم.

- تۆش بویتە پیاوی وەی بە ڕێکخراومان بوەڕی؟!... ها؟!. خەڵک سەگ پێی دەوڕێ ئێمە پشیلە پێمان دەوەڕێ...

سەلمان، لە ژوورەکەی خۆیەوە، بە پێخاوسی هاتە دەرێ و بە شەق بەر بووە گیانی دوو چاودێرەکە. شەقی وای لە پاشەڵیان دەدا، زۆری نەدەما بە دەمدا برمێن. دوای ئەوەی ئەوان هەر یەکە و بە لایەکدا لە دەستی هەڵاتن و ئەم ماندوو بوو، بە هەناسەبڕکێوە، چووە لای هەقەلی و دەستی لە مل کرد و ئەملاولای ماچ کرد:

- ببورە کاکە هەق... ئەو سەگە بێنرخانە نانگیرن... چییان لێ بکەم؟. لە برای خۆتی بزانە.

دیسان ئەملاو ئەولای ماچ کرد و داوای لێبوردنی لێ کردەوە. هەقەلی، لە بەردەمی خۆی دەڕوانی و چاوی لە ئاستیدا هەڵنەدەبڕی. سەلمان دیسان گوتی:

- ئەو هەتیوانە خراپ تێگەیەندراون. نەدەبوو وا بە دووتدا بێن.

هەقەلی خەیاڵی ڕۆیی: "چی لێم دەوێ؟. هانیان دەدا سووکایەتیم پێ بکەن و دوایی بەرگریم لێ دەکا و دڵم دەداتەوە. ئەمە چەندی بە چەندە؟!".

- قەیدی چییە؟... من یەخسیری جەنگم و لە بەرەی شەڕدا گیراوم!. نەختێکی دی، وەک ئەفسەرە زلەکەی بەعسم لێ بکەن!. ڕێبازی شۆڕشم بۆ ڕوون بکەنەوە و ئازادم کەن! دەبێ ئەوەندەی ئەویشم ڕەوا نەبینن؟!.

دیار بوو قسەکانی هەقەلی، وەک گوێزان ناخی سەلمانیان دەبڕی. بە کاوە خۆ

دەستی لە ملی کردەوە و بە دەنگێکی نەوییەوە گوتی:
- شۆڕشە. پیاو لە سێبەری خۆی سڵ دەکاتەوە. نەهەقیان مەگرە. ئەمەی کە ئێستا بە سەرت هات، جۆرێکە لە قوربانیدان. هەم بۆ تۆ هەم بۆ من و هەم بۆ ئەو هەتیوانە. تاوانبار و بێتاوان پروشکی ئاگریان بەر دەکەوێ. ببەخشە حەق عەلی برام. تۆ...
هەقەلی، نە تەماشای دەکرد نە وەڵامی دەدایەوە. ئەویش، باسکی گرت و خستیە لای چاوە ساغەکەیەوە و بەرەو ژوورەکەی خۆی بردی. هەقەلی دەیزانی کە سەلمان هەمیشە دەبوو لای چاوە کوێرەکەی واڵا بێ و کەسی لێ نەبێ. دەبوو بە لای چاوە ساغەکەیەوە بڕۆی. لە منداڵییەوە وا بوو.
ژوورەکەی سەلمان، هەمان ژوورە ڕازاوە خاوێنەکەی پار بوو. هەقەلی، زوو سەرنجی چووە سەر جێی تابلۆکە... تابلۆکەی لێ نەمابوو.
- کاک سەلمان من چیم کردووە وا بەو شێوەیە بە دوامتاندا ناردووە و ئەمەتان پێ کردم کە کردتان؟.
سەلمان کە لە بەردەمی خۆی ڕامابوو، کەمێ لە جێی خۆی بزوا و چاوێکی بۆ هەڵبڕی و زوو دایگرتەوە. گوتی: من شارەزای بیرکردنەوەی تۆ هەم بەڵام خەڵکی دی کە ناتناسن، گوێیان لە ڕا و بۆچوونت بێ خراپی لێک دەدەنەوە. نامەت بۆ مامۆستا سەعید ناردووە و دەست ئێمە کەوتوە... جنێوت بە کاکی گەورە داوە و ئەوەش بە هەموو کەس هەزر ناکرێ.
هەقەلی سەرسام نەبوو. دەیزانی بارەگای ئەو جەماعەتە، ئەمان گرتویانە و هەرچی نهێنی هەیە کەوتۆتە بەر دەستیان. گوتی: من نەمتوانیوە وەک نوێژکەری جەماعەتی جومعە لاسایی ئیمام بکەمەوە. داچەمێ داچەمێم و ڕاست بێتەوە ڕاست ببمەوە... کە ئێوە حکومەت و هاوکاریکەرانی حکومەتتان بە دوژمن زانی، منیش بە دوژمنم زانین. بەڵام کە کردتانن بە دۆست من بە دۆستم نەزانین... هەر ئەوە نییە هەموو جنێوەکانم؟.
- ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە. مەترسی هێرشێکی گەورە دەکرێ.
سەلمان کە ئەوەی گوت، وا وێ دەچوو لە بارێکی گرانی سەر شانی قورتار

بووبێ. گورجوگۆڵ و گەش و پاکژ دەهاتە بەر چاو. هەقەلی، پێی وابوو کە هەرگیز سەلمانی وا بە پاکی نەدیوە. بە پێچەوانەی ئەو ڕۆژەوە کە دەیگوت فرۆکەوانەکان نیشان ناپێکن. ئەو ڕۆژە سەلمانی بە لاوە پیسترین خەلقەندە بوو هەرچەندە تازەش پارەی دابوێ. سەلمان لە سەری ڕۆیی: هێرشێک کە کورد لە مێژوودا بە خۆیەوە نەدیوە. هیچ کاتێک وەکو ئێستا پێویستیمان بە هاوکاری نەبووە... پێویستیمان بە هاوکاری پیرەژنە شەلێکیش هەیە. من ناردم بە دووتدا تا داوای هاوکاریت لێ بکەم... بەردێکمان لەگەڵدا بخەیتە سەر بەردێک. ئەمڕۆ ڕۆژی پاککردنەوەی دڵ و دەروونە... ڕۆژی تەباییە.

هەقەلی بە لاچاوێک تەماشای کرد و بە بزەوە گوتی: ئەو دوو نەفەرەی لە سەر ئەو ڕێیەی خوارەوە کوژراون یەکەم هەنگاوی تەباییە؟.

سەلمان، وەک کەسێ هاتە گۆ کە لە سەر هەڵەیەکی منداڵیی دادگایی بکرێ و یاسا نەیگرێ. گوتی: ئەوە دواشەڕی نێوانمان بوو. ئیتر تەواو... بە پێی ڕێکەوتنی نێوانمان، لە کاتژمێری دوانزەدا شەڕ ڕاگیرا. ئەوانە پێش دوانزە کەوتنە کەمینەوە و کوژران... چارەنووسیان وابوو.

- گیران و کوژران... کاک سەلمان. گیران و کوژران.

هەرچەندە هەقەلی لە ناخەوە زامدار بوو و هەر بە تەبیعەتیش، لە دوای هەرەسی شۆڕشی پێشووەوە، بە دەگمەن بە دەنگی بڵند پێدەکەنی، بەڵام دوای ئەو قسەیە، بە کوڵ پێکەنی. ئەو پێکەنینە، ئازاری سووکایەتی پێکردنەکەی کەمێ سووک کرد و هەر بە دەم پێکەنینەوە گوتی: "ئەرێ کاک سەلمان تابلۆکە کوا؟. بۆ لاتبردووە؟".

سەلمان بەر لەوەی وەڵام بداتەوە، تەماشایەکی جێی تابلۆکەی کرد و پاشان ڕوانییە بەردەمی خۆی. خەیاڵ بردیەوە: کە دووەم کەس دارەکەی ناو چاوی دی و پێی گوت، هەر ئەو شەوە، زۆری خواردەوە. سەرخۆش بوو و سەرەداوی پلانی نیگارکێشەکەی بە سەرخۆشی دیتەوە و گرتی و تا نەگەیشتە ئەنجام بەری نەدا. دەرکەوت هونەر لە خزمەتی هونەردا نییە. لە خزمەتی جەماوەریشدا نییە، بەڵکو لە خزمەتی دامودەزگای پۆلیسی نهێنیدایە. کە

تێگەیشت، لە تابلۆکەدا بە داوی تەونی جاڵجاڵۆکەوە بووە، بە دەم سەرخۆشییەوە، لە دیوارەکەی کردەوە و تا تینی تێدا بوو کێشای بە زەویدا و خرەی شووشەکانی هات. لە چوارچێوەکەی دەرهاێنا و دیتی. لە پشتەوەی تابلۆکەدا، نیگاری دارێک بە تەلی مەیلەو بێرەنگ و زۆر باریک کێشرابوو... شۆرەبی بوو و رەگەکانی کە هێندێ تەلی باریک بوون، بە ناو چاوە کوێرەکەی سەلماندا رۆچووبوون. پیلێکی گچکە و مایکرۆفۆنێکیش، هەر لە پشتی تابلۆکەوە، لەگەڵ هێندێ ترانسستەر و دوگمەی بەرگری ورددا، لە ناو چوارچێوەکەیدا قایم کرابوون. لای سەیر بوو دۆستە نهێنییەکانی باوەڕیان پێی نەبێ و لە رێی ئەو تابلۆیەوە گوێی لێ بگرن. ئەی دەبێ ئەو پیلە چەند دەوامی کردبێ؟!. ئیدی خۆی لە داو و تەنافەکان رەها کرد.

- ... دوای ئەو قسەیەی کە خێزانت کردی، لەو تابلۆیە کەوتمە گومانەوە. شکاندم و فرەم دا... واز لەوە بێنە... دەبێ شێوازی خەبات بگۆڕین... دەبێ بارمان سووک بێ و بارەگامان بە کۆڵمانەوە بێ... دوژمن نیازی خراپە...

هەقەلی، لە هێمنی و ئەو گۆڕانە گەورەیەی کە لە سەلمانیدا بەدی دەکرد، سەرسام بوو. لە لایەکی تریشەوە تازە دوو تەرمی دیتن کە بە دەستی ئەمان کوژرابوون و جگە لەوەش هەر تۆزێ لەوەبەر دارودەستەکەی سەلمان، سووکایەتیان پێ کردبوو. نەیدەزانی ئەمە چەندی بەچەندە بەڵام دەیزانی گۆڕانێکی گەورە لە ئارادایە و پەیوەندیشی بە هەموانەوە هەیە. سەلمان لە سەری رۆیی:

- هەموو لایەکمان زامدارین و بەرگەی رەخنە و توانجی زیاتر ناگرین. دەبێ برینەکانمان سارێژ بکەینەوە. نە ئێمە ئەوانمان پێ لەناو دەبرێ نە ئەوان ئێمەیان پێ لە ناو دەبرێ. کەواتە ئەم پێکدادانە بێ مەعنایەمان لەچی؟.

- کە من بڵێم پێکدادانی بێ مەعنا، بە خیانەتکار تاوانبار دەکرێم و نە ئێوە لێمی قەبووڵ دەکەن نە ئەوان. بەڵام خۆتان بیڵێن دڵسۆزییە. هەر لە سەر دوو قسەی وا خەڵک سزا دەدەن. کەچی وا دوای هەموان بەخۆتان دەیڵێن.

- کاکە هەق ئێمە دەسەڵاتین... سێبەری خواین... هەموو وڵاتێ دەبێ یاسا و

گەورە و دەسەڵاتداری خۆی هەبێ و دوابڕیاڕی لە دەستدا بێ.

هەقەلی کەوتە سەر چۆک و چاوی لە سەلمان بڕی و دەستی بە قسان کرد:

- کارەسات لەوەوە دەست پێ دەکا. هەر لایەنێک دەگری، خۆی بە دەسەڵاتدار دەزانێ. هەموو لایەنەکان، یاسای خۆیان هەیە و تەنها یاسای سزادانیش بەسەر کۆمەڵگەی ناوچەی دەسەڵاتی خۆیاندا دەسەپێنن. تەنها دەتوانن سزایان بدەن... گوللەبارانیان بکەن و لە حەوزیان هەڵشەپێنن و بە خیانەت و خیانەتکاری تاوانباریان بکەن. خیانەت لە چی و لە کێ؟. لەگەڵ ئەم لایەنەدا بن لایەنی دی بە خایەنیان دەزانێ و لای لایەنی دی بن ئێوە بە خایەنیان دەزانن و ئەوەشی لای شتاق لایەنێ نەبێ و لە ناو حکومەتیش نەبێ، هەر بە چەپڵە دەریدەپەڕێنن و دەبێ سەری خۆی هەڵگرێ. سەیر نییە ئێوە، تەنها ئەوانە بە خایەن ناو نەبەن کە لای دەوڵەت ماونەتەوە؟. ئەوەی بداتە شاخ و چەک هەڵگرێ، چار نییە، هەر دەبێ بە لای کەمەوە لایەنێ بە خایەن ناوی بەرێ. ئەدی ئەرکەکانتان؟!. وڵاتەکەیان بۆ ڕزگار بکەن ئەوسا سزایان بدەن. کە ئەمەتان پێ ناکرێ وازیان لێ بێنن. تەنانەت ئاینییەکانیش هەر لایەنی سزای ئاین جێبەجێ دەکەن، و هاوکاری و یارمەتی و دڵگەورەیی و لێبوردن پشتگوێ دەخەن و پەیڕەوییان لێ ناکەن. شتێ قازانجی بۆیان نەبێ لە شەرعیاندا نییە. ئەوەی خەمر بخواتەوە دارکاری دەکەن، ئەوەی ناوی خوا بە خراپە بێنێ فەتوای مەرگی بۆ دەردەکەن. خۆیان شەریکە دزیش نەبن هاوکاری دز و پیاوکوژ دەکەن و زگی یەک برسیش تێر ناکەن و بەردێکیش ناخەنە سەر بەردێ. ئێوە، هەموو لایەنەکان، هەق وایە ناوتان سزاچی بێ... چەند لێتان جوان دێ لە بەرەیکدا کۆوە بن و ناوی خۆتان بنێن بەرەی سزاچییانی کوردستان... بە کورتکراوەیی دەبێتە (بەساج) و خزمایەتی لەگەڵ (بەسیج)دا هەیە کە پێدەچێ سیلەی ڕەحمتان بە لای یەکدا بزوابێ و نێوانتان خۆش بێ. ئێمەی کورد بازنەیەکین چەقمان لە دەرەوەی خۆماندایە.

سەلمان هەر گوێی بۆ دەگرت و لە بەردەمی خۆی دەڕوانی. ئەو ماوەیەی کە هەقەلی قسەی دەکرد، ئەو قسەی پێ نەبڕی. کە زانی هەقەلی لە قسان

بووەوە، سەرێکی بۆ هەڵبڕی و پرسی:

- قسەت تەواو؟.

- بەڵێ.

سەلمان، هەناسەیەکی درێژی وای هەڵکێشا کە پڕ بوو لە خەم و حەسرەت و بێدەرەتانی. بە دەنگێکی واوە هاتە گۆ، لەوەتەی هەقەلی بەو دەسەڵاتەوە دیبووی، ئەو دەنگی کڕوزانەوەی لێ نەبیستبوو:

- کاکی برا... تۆ برادەری سەردەمی منداڵیمی و سرینەوەی خۆت و یادت لە هۆشی مندا، سڕینەوەی بەشێکی تەمەنی خۆمە. لای تۆ دانی پێدا دەنێم کە هەڵەمان زۆرە. بەڵام تۆش هێند دڵت پاکە، سەر لە سیاسەتی ئەم هەرێمە دەرناکەی. بارمان قورسە وناچارین دۆستایەتی دەوڵەتێک بکەین. نەیکەین ئەم هەموو پێشمەرگەیە بەچی بژێنین؟. چی بخۆین؟. گیا بخۆین؟!. کەسمان دەست نەکەوێ، دەبێ بە ناچاری لەگەڵ حکومەتدا پێک بێین. مەسەلەی سزاش ڕاست دەڵێی وایە و هەر سزادانمان پێ دەکرێ. بەڵام خۆت لە من چاکتر دەزانیت کە تێلا پارێزەری یاسایە. ئەوەی تێلای بە دەستەوە بێ یاساشی بە دەستە. کە دەوڵەتیش بە تێلاوە بۆمان دێ و زۆرمان بۆ دێنێ هەر ئەوەی دەوێ کە یاسای خۆیمان بە سەردا بسەپێنێ...

هەقەلی دەترسا. لەو گۆڕانەی سەلمان دەترسا. خۆی بە گیاندارێک دەزانی کە بەر لە بەرپابوونی بوومەلەرزە و کارەساتەکانی تری سروشت هەستیان پێ بکا و هەوڵی خۆ پاراستن بدا. سەلمان لە بەرچاوی بێ دەرفەت و بێ دەسەڵات بوو. کە ژمارەی خۆیان بە بارگرانی دەزانن بۆ هەوڵی زیادکردنی دەدەن؟. ئەدی ژمارەیان کەم بێ چییان پێ دەکرێ؟. کە ژمارەیان کەم بوو چییان کرد؟. ئەمانە چین و چییان دەوێ؟. کاتێ لەمەی ئێستا زیاتریان پێ دەکرێ کە بزانن چییان دەوێ. ئەمانە نازانن چییان دەوێ... ئەدی ئەو دوەیان بۆ کوشتوون؟. دەبێ چی لە ژێر پەردەدا بێ؟. گوتی:

- کاک سەلمان، وەک برایەکی باش ڕاستم پێم بڵێ... چی لە ئارادایە؟. هەوڵی پاراستنی خۆم و خێزانم بدەم؟. بەلایەک بەرێوەیە کە من ئاگام لێی نەبێ؟.

- ئا... خێزانت لەو دێیە مەهێڵە. حەز دەکەی بینێرەوە شار. پێم خۆشە بەخۆشت بێیتە لای ئێمە و دەسبارمان بدەی. دوژمن هێرشێکی گەورەی بە دەستەوەیە و نیازی قڕکردنمانی هەیە. زانیویەتی ئێمە لەگەڵ ئێراندا ڕێکین و نێوانمان خۆشە...

- دوژمن دەزانێ لەگەڵ ئێراندا ڕێک کەوتوون بەڵام ئەو دوو نەفەرەی کە منیان بە دیل گرت ئاگایان لێ نییە. ئەوان ئەو دوو کوژراوە بە پیاوی ئێران دەزانن و تمەنیان لە زار پەستوون... و من بە پیاوی ساواک ناو دەبەن.

- ئەوانە بەردی دامەن و گرینگ نییە چۆن بیر دەکەنەوە... ئاگایان لە هەر شتێکی نهێنی بێ، فاتیحای بۆ بخوێنە. نابێ هەرچی هەرچی و پەرچی هەیە بە هەموو شتێ بزانێ. دەکرێ هەر ئێستا تمەنی ناو دەمی ئەو دوو کوژراوەیان پێ بکرێتە دینار و هیچ شتێکیش نەگۆڕێ... ئەوانە گرینگ نین. کەسێکی وەکی تۆ گرینگە و دەبێ تۆش بیسەلمێنی کە لە دەوروبەرەکەت ژیرتر و داناتری. بۆ ئەوەش، دەبێ بیسەلمێنی کە دەوروبەرەکەت کەر و گێژ و دەبەنگن دەنا ژیریی تۆ بە کەڵکی چی دێ؟. چرا لە تاریکستاندا بە کەڵکە و دانایی لە ناو نەزاناندا. ئەوەی دەمدرێژی دەکا، تەنانەت ئەگەر دەستت بگرێ و پیاسەی ناو کاکێشانیشت پێ بکا، بیشکێنەوە... ناوی کتێبی خەیاڵی و نووسەری خەیاڵیی پێ بڵێ و سەری لێ تێک دە نەبادا زەرەری بۆت هەبێ. قەشمەری پێ بکە و پێی بڵێ: "تەح لەو عیلم و مەعریفەتە !. (سیا) پێت بزانن دەترفێنن!... (کەی جی بی) پێت بزانن دەتبەنە لای خۆیان". ئەم لەو بکەرە جاسووس و ئەویش لەم. با ئاشووبە بخولقێ و مەودای پێشکەوتنت برەخسێ. ئاوها پێش دەکەوی و دەسەڵات پەیدا دەکەی و ئەوسا دەتوانی بۆ ئەو جێیە باژوی کە گەرەکتە. کە نهێنی لایەنە ئاژەڵییەکانی مرۆڤت دۆزینەوە، دەتوانی بە سەریدا زاڵ بی. زەلیلی کە بە گوێت دەکا... برسی کە دوات دەکەوێ و دیناری لێ دەبێتە تمەن و تمەنی لێ دەبێتە دینار... ئەو دووەش کە تێمهەڵدان، بەو شەقانە شەحن بوونەوە و لە جاران دلسۆزتر دەبن. دەبێ دەوروبەرەکەی ئێمەش وەک دەوروبەرەکەی میرزای ڕەحمەتیی بێ... تەنها

دوو شت بزانن: زەڕین و وەڕین. بەڵام لە بەر ئەوەی ئەمانە دووپێن، با مافی (بەڵێ)ی قەبەشیان هەبێ تا پێش وشەی (قوربان) بیلێن.

هەقەلی کەمێ داما: "چییە؟. بۆ نهێنی سەرکەوتنی لەو بابەتەی خۆیم بۆ ئاشکرا دەکا؟. دەیەوێ منیش زەلیل کا تا بە گوێی بکەم یا خەڵک زەلیل کەم تا بە گوێم بکەن یا لە سەرەمەرگدایە و ویژدانی خۆی ئاسوودە دەکا؟. چماهێندە گێلە من نەناسێ و نەزانێ من لەو بابەتە نیم؟!. چما نازانێ من، نە کەس زەلیل دەکەم نە قەبووڵیشمە زەلیل بکرێم؟". گوتی: سوپاست دەکەم کە لە مەترسی چاوەڕوانکراو ئاگادارت کردمەوە. لەگەڵ ڕوناکدا بەرەو جێیەکی دی دەچین... ئەم چاکەیەت، لەوەی بەرێت کە لەگەڵتدا کردم و تا ئێستاش پێی دەژیم، گەورەترە. بەڵام دەسبار بە من نادرێ و سەرکەوتنی وا بۆ من نابێ. داوی ئەم تەون و تەناف و ڕایەڵانە هێند تێکهەڵقژاون و وا ئاڵۆسکاون، ڕەنگە سەرەداویان لەو جێیەبێ کە دەبێ لێی نەبێ!... ڕەنگە هەرچی دەکرێ پێچەوانەکەی ڕاست بێ... ڕەنگە لە بری نەترسان و ئازایەتی و هەڵمەتبردنی پێشمەرگە، ئەمڕۆ خۆبەدەستەوەدان چاکترین خزمەت بێ. لە بەر ئەوەی پێوەر هەڵەیە، پێوانەش هەڵەیە... هەموو پێوانەکان هەڵەن.

هەقەلی، ژوورەکەی سەلمانی جێهێشت و بێ ئەوەی ئاوڕی لای چەکدارەکانی دەوروبەری بارەگاکە بداتەوە، بە ڕچە ڕێیە خۆشکراوەکەدا داگەڕا و بەرەولای ڕوناک وەڕێ کەوت.

## (١٨)

بەیانییەک ، ڕوناک بەرەو شار گەڕایەوە و هەقەلی بە تەنها لە ژوورەکەدا مایەوە. خۆی وەک پەپووی شووم دەهاتە بەر چاو و لە هەوای دەوروبەریشی بیزار بوو. لە بەر دەرگاکە دانیشتبوو و دەیڕوانییە سۆنە و مریشک و قاچاخچیە بێ بازاڕەکان و کلکبادانی ئەو هێسترە لەڕانەی کە مێش

کەپرۆکەی لە سەر کردبوون. ئەو چەکدارانەی بەرەو سەرەوە، بە دۆڵەکەدا هەڵدەگەڕان، ژمارەیان لەوانە زۆرتر بوو کە پێیدا دادەگەڕان و وەک ڕوناک ڕووەو لای شار دەچوون. دەمەو نیوەڕۆ بوو و هێشتا نانی بەیانی نەخواردبوو. هەستی بە لاوازی جەستەی خۆی دەکرد و دەتگوت دڵی پەستراوەتە تووڕەکەیەکی گچکەی واوە کە بە زۆر جێی تێدا بۆتەوە. هەستەکانی، دووبارەبوونەوەی ئەو هەستانە بوون کە ڕۆژی هەرەسی شۆڕشی پێشوو سەریان تێ ژەنی بوو: بێدەسەلاتی و ماڵوێرانی. بەلام ئەو کاتە شەریکە خەمی زۆری هەبوون و ئێستا نەیبوون. خەمرەوێنی هەرە گەورەی ڕوناک بوو و ڕوناکیش لەوێ نەما. تەماشای ئەو چەکدارانەی دەکرد کە بەرەو سەرەوە دەچوون: ئەوانیش دڵیان دەگوشرا... سەریان خوار کردبوو... زوربەیان تفەنگیشیان سەرەوخوار بوو: "لافاوە... دەڵێی دیسان لافاوی مرۆڤە... ئەم جارەیان تەنهابەرەو ژوور مل دەنێ.... لافاوی چەکدار... کەس چەک لە خۆی دانامالێنێ..."

بە زۆر جەستەی خۆی لە سەر بەڕەکەی ژێری ڕاست کردەوە و چووە ژوورێ. تا ماوەیەک بەر چاوی تاریک بوو و شتێکی ئەوتۆی نەدی. کەمێ وێستا تا بەر چاوی ڕوون بووەوە. چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا: نانی تەڕکراو و چۆڕێ ماست و پیاڵەیەکی پاک لە سەر سفرەکە، کە بە وێنەی میوەی هەمەڕەنگ نەخشرابوو، دانرابوون. تەباخەکە کوژابۆوە و قوتووە شەکرێک و قۆریە چایەکەی بە لاوە بوون. ماڵێکی ساردوسڕی بێ گیان کە بە گۆڕستان دەچوو، هەقەلی پێچایەوە.

ڕووەو دەرگاکە دانیشت ... پاروویەکی بە ماستەکەدا کرد و نایە زاری. لە پێویست زیاتری جوی و بۆی قووت نە دەدرا. دەتگوت هێزێکی ئەفسووناوی لە ناو قوڕگیەوە پێشی بە پاروە نانەکە گرتووە و ڕێی چوونەژوورەوەی نادا. بە دەم نانجاینەوە، پیاڵە چایەکی تێ کرد و کەوتە تێکدانی. نانی دەجوو و چایەکەی تێک دەدا و گوێی لە زرینگەی پیاڵەکە دەگرت. نە نانەکە بە گەروویدا دەچووە خوارێ نە شەکری ناو چایەکە دەتوایەوە. لە ئەنجامدا، زۆری لە خۆی

کرد و پارووەکەی ئاودیو کرد. پیاڵەکەی هەڵگرت و فڕێکی لە چایەکە دا. هەرگیز چایەی ساردی وا بێتامی نەخواربۆوە. چاوی نوقاند و بە دوو فڕ پیاڵە چایەکەی لە کۆڵ کردەوە و هەستایە سەر پێ. چاوێکی تری بە ژوورەکەدا گێڕا بەڵام ئەمجارەیان، بەرزی ڕوانی. تورمە و هەوری بووکێنی ڕوناک بە سنگێکی دیوارەکەوە هەڵواسرابوون. هەردوکیان ئاوریشمی ساغ بوون. هەستایە سەر پێ و بەرەو لایان چوو. دەستی بۆ بردن و بە کاوەخۆ، لای خوارەوەی بەرز کردنەوە. مێخەکبەندەکەشی کە لەو گوندە هۆندبویەوە و میرووی زەردی بە نێوان گۆیەکانیەوە کردبوون و سەری (نیفیرتیتی)یشی بۆ کردبووە ئیمام، لە ژێر تورمە و هەورییەکەوە، بە سنگەکەوە کرابوو. وای هەست دەکرد ڕوناک خەست و بچووک کراوەتەوە و ئەوەندەی لێ ماوەتەوە کە بە دیوارەکەوەیە. تورمە و هەوری و مێخەکبەندێک، واتە ڕوناک. خەیاڵی بەرەو دواوەی گێڕایەوە... بەرەو چەند سەعاتێ پێشتر کە ڕوناک ماڵاوایی لێ کرد: دەستی لێ بەر نەدەبوو و نەدەبوو. بە خۆیەوە دەنووساند و بۆنی هەڵدەمژی. ماچی دەکرد و دەستی بە هەموو جەستەیدا دەگێڕا. لە لایەکەوە هەوڵی تێکەڵاو بوونی دەدا، لە لایەکی ترەوە هەوڵی دەدا حورمەتی کەسایەتی خۆی ڕاگرێ و وا پیشان بدا کە زۆر بە تەنگەوە نییە. هەستی کەوتبووە نێوان دوو بەرداشەوە و دەهاڕدرا. جارێ دەیگوت: "مەڕۆ... ئەم سەفەرە مەکە. من لێرە، بەبێ تۆ ناحەوێمەوە". جارێکیش دەیگوت: "زوو وەرەوە... دوو سبەی بگەڕێوە نەک لە دڵ بدەم!". دواییش دەیگوت: "سوعبەت دەکەم، بە کەیفی خۆت بکە و چەندت پێ خۆشە بمێنەوە". ئەو وا دەیدواند و ڕوناکیش قریوەی پێکەنینی دەهات و دەیگوت: "مەمکت دەوێ بەچکەکە؟!".

هەقەلی بە دەم خەیاڵەوە تورمە و هەورییەکەی تاوتوێ دەکرد. داوی باریکی بە ئاستەم دیاری ئاوریشم، بە ناولەپیەوە دەنووسا... بۆنی مێخەکی بۆ دەهات و دەیوروژاند... قریوەی پێکەنینی ڕوناک لە گوێیدا دەزرینگایەوە. گوێی لێ بوو بە شەرم و نازەوە، گۆرانی دەچڕی:

"هەموو عالەم بمکا لۆمە وەفاداری پیشەی خۆمە

به دڵ شێتم بۆ جوانی تۆ    نەڵێی شێتە، شێتی تۆمە" ی ناسری ڕەزازی دەچڕی کە هەمیشە، بە دەم وردە کاری ناوماڵەوە لە سەر زاری بوو.

هەقەلی، هەستی بە بوونی ڕوناک دەکرد لە بەردەمیدا وێستابێ... هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە کاوە خۆ لە ژوورەکە دەرکەوت و لە جێیەکەی خۆی، بەرانبەر دۆڵە ڕەق و تەقەکە دانیشت. هەستی دەکرد جەستەی، چرکە لە دوای چرکە، گچکە دەبێتەوە و بەرەو هەڵوەشاندنەوە و نەمان دەچێ. کەمێ بیری لە خۆی کردەوە: "ئەم هەستانەم تازەن... دابڕان لە ڕوناک وا نەبوو... ئەم دابڕانە بابەتێکی ترە. دەڵێی جارێکی دی نایبینمەوە".

سەرنجی گەڕایەوە سەر دۆڵەکە: هەر خەڵکی چەکدار بوو و بەرەو سەرەوە هەڵدەکشان. بازاڕی مەعمەلەچی کز بوو. سیمای خەڵکەکە مەرگی وەبیر دەخستەوە. ژەهربارانەکەی هەڵەبجە بە سیمای هەموو کەسێکەوە دیار بوو: ترس... ترسی ژەهر لە سەرووی هەموو ترسێکەوە بوو. کەسێ پەتی لە مل بکرێ ئەوسا قەدری هەوا دەزانێ و لەقەفرکێ بۆ یەک هەناسە دەکا. بەڵام هەوا ژەهراوی بێ و بیکوژێ چی بکا؟. هەزاران تەرم لە چاوتروکانێکدا پەنجەمۆریان بۆ تاوانی ملیۆنەها هاوڕەگەزی فرۆکەوانەکان دەکرد کە بۆ ئەو کارەساتە کرکەیان لێوە نەهات.

کەوتە دڵدانەوەی خۆی و مشورخواردنی شتێ کە ئەو سەغڵەتییەی لە کۆڵ کاتەوە. مامۆستا سەعیدی وەبیر هاتەوە کە یەک دوو جاران سەردانی کردبوو. بە پەلە خۆی کۆ کردەوە و دەرگای داخست و بەرەو ناو دۆڵە بەردەڵانەکە داگەڕا. سۆنە و مریشکی ناو دۆڵەکە، لە ترسی هەنگاوی بە پەلەی ئەو، بە قیرەقیر خۆیان لادا. دۆڵەکەی بڕی و بە گردە سوورکانەکەدا، بە نێوان چەند ماڵێکی یەک ژووریدا کە شارییە هەڵاتووەکان تیایاندا حەوابوونەوە، هەڵگەڕا و زۆری نەبرد دۆڵی ئەودیو گردەکەشی بڕی. بە گردۆلکەیەکی تردا، کە لە هەموو لاوە دار و دەوەن دایانپۆشیبوو و بە گیا و گولیلک ڕازابۆوە و بڕکەیک مەڕ و بزن بە سەریدا پەرت ببوون و دەلەوەڕان، سەردەکەوت. بە گورجی دەڕۆیی و خەیاڵیشی وەک هەنگاوەکانی، بە پەلە، لە

کارەساتەکەی هەڵەبجەوە، دەچووە سەر لەشولاری ڕوناک و لەوێشەوە لە شەقەی باڵی دەدا و دەچووە سەر بزەکانی مامۆستا سەعید و دیسان دەگەڕایەوە، لە سەر سینگ و مەمکی ڕوناک، دەنیشتەوە و ئەوجا سەلمانی بەسەر دەکردەوە. گوێی لە دەنگی بلوێرێ بوو و خەیاڵی بڕی... تا لە سەر گردەکە نزیک دەبووەوە، باشتر گوێی لە ئاوازەکە دەبوو و هەنگاوەکانی خاوتر دەکردنەوە. گەیشتە سەرەوە و کەس دیار نەبوو. دەتگوت دەنگەکە لە ژێر هەموو دەوەنێک و هەموو تاوێرە بەردێکەوە دێ. بلوێرێ بوو و دەینالاند... خەم و تێکشکان و ئەوینی بێ ئاکامی سەدان پشتی بە مرادنەگەیشتووی بە ناو ئەو گرد و دۆڵانەدا، بەرەو نەمریی هەڵدەڕشت. سەحەرەکەی سێوە بوو و هەویش نەبوو. نەدەکرا لە ناڵەناڵی زامدارێکی هەرزەکاری بێتاوانی پتر پێ بگوترێ. هەقەلی لە جێی خۆیدا وێستا و بە دەم گوێگرتنەوە، کە هەموو جەستەی بۆ ئەو ئاوازە ببو بە گوێ، چاوی بەو دەوروبەرەدا گێڕا. نزیکەی بیست هەنگاوێ لەولاترەوە، کڵاو و جامانەیەکی فەرق کرد کە لەگەڵ بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی ئاوازەکەدا، لە پەنا دەوەنێکەوە بەرز و نەوی دەبوو. بە کاوەخۆ، بەرەو لای چوو. لە سەرخۆ هەنگاوی دەنا و پێی حەیف بوو ببێتە هۆی بڕانەوەی ئەو تاڤگە ئاوازە. بەڵام بلوێرژەنەکە، دوای ناڵەیەکی خرۆشاوی ئامێرە ساکارەکەی، لە خۆڕا بڕییەوە و ئاوڕی لای هەقەلی دایەوە. دەتگوت بە بۆن هەستی بە بوونی کردووە. لە بەری هەستا و بەرەو ڕووی چوو: کابرایەکی پەنجا شێست ساڵە، ڕدێنێکی قەڵەمکراوی کورتی ماشوبرنجی هێشتبۆوە و سمێڵی ڕەش کردبوو و هەردوو چاوی ڕشتبوون. بلوێرەکەی، لەگەڵ خەنجەری بەر پژدێنەکەیدا، کە تەزبیحێکی دەنکگەورەی بەگەرزوگوڵەنگ بە مسکەکەیەوە ئالا بوو، جووت کرد.

هەقەلی بە وردی سەرنجی دەدا. دەتگوت پێی وایە نابێ خولقێنەری ئەو دەنگ و ئاوازە، ئەو سەر و سەکوتە بێ. دەبێ فریشتەیەک بێ و پەنجە بە ڕوحی منداڵی نەخولقاودا بێنێ... دەبێ دایکێ بێ، بە دەم ناڵەناڵەوە، جواناوی جوانەمەرگێکی خۆی بسڕێ...

- ئەرێ کاکی شوان جارێکی تریش ئەو ئاوازە لێنادەیتەوە؟.

- بمزانیبا گوێت لێیە ڕەنگە لێم نەدابا. من هەر بۆ خۆم و مەڕەکانی لێ دەدەم. بەخۆم، خەمم پێ دەڕەوێتەوە و مەڕەکانیش لە لەوەڕ بێزار نابن.

شوانەکە، بە دەم بزەوە ئەوەی گوت. هەقەلی هەرچەندی کرد، شوانەکە بلوێری نەنایەوە لێویەوە. ئەویش، بە ناچاری جێی هێشت و ڕێی خۆی گرتەوە بەر. دەڕۆیشت وئاوازەکە، تێکەڵاوی دەنگی ڕوناک دەبوو و هەردوکیان، لەگەڵ هەست و نەستیدا دەست لەملان دەبوون. زۆری نەبرد گوندەکەی لێوە دەرکەوت. لەمسەریەوە، ئەو قوتابخانە دوو ژووریە بوو کە مامۆستا سەعید مامۆستای بوو. هەڵوێستەیەکی کرد و بە کوڵ و دڵ ڕوانیە قوتابخانەکە: منداڵەکان پشوویان هەبوو. بە دووی یەکدا ڕایان دەکرد و پێک دەکەوتن و بەر دەبوونەوە و هەڵدەستانەوە و بە کوڵ پێدەکەنین. هێندێکیان، تۆپەڵە پەڕۆیان کردبووە تۆپ و گەمەی دوو گۆڵییان دەکرد. یەک دوویەکیان، بە خۆ و بە کتێبەوە، لە پەنا دیواری قوتابجانەکەدا دانیشتبون و لە کتێبەکانیان دەڕوانی.

هەقەلی، لە سەر تاوێرە بەردێ دانیشت و بە وردی سەرنجی دایە ئەو دیمەنە مەیلەو دوورە. دەتگوت ئەوە یەکەم جارێتی منداڵ دەبینێ: نەمامی مرۆ... نەمامی بێ فرتوفێڵ و بێ تاکتیک و حیزبایەتی... وەک ئاوازی بلوێری ئەو شوانە، بێگەرد و بێ نۆتە. گەورە دەبن و چنگ لە خوێنی یەک دەنێن. هەر یەکەیان خۆ وەپەنای لایەنێک دەدا و لایەنێکی دی دەیکوژێ. بەرخی نێر بۆ سەربڕین و هیچی تر!... گەورەکان وایان پەروەردە دەکەن!.

هەقەلی، لە زەنگێکی ناساز وەئاگا هاتەوە. پێ دەچوو، گاسنێکی ژەنگن هەڵواسرابێ و بە کلکە داس پێیدا بدرێ. چاوی گێڕا و هەر ئەوەی دی کە خەیاڵی بۆی چوو. کابرایەکی شڕپۆش کە بە داوڵی ناو بێستان دەچوو، زەنگی لێ دەدا. تا ئەو دەمەش، نەیدی دوو منداڵ بە جۆرێ پێک بکەون بە شەڕ بچێ. چۆن لە پشوویەکی تەواوی نێوان دوو وانەی قوتابخانەدا دوو منداڵ بە شەڕ نەیەن؟!. لە شار، شتی وا نەبوو. هەمیشە شەڕێک دەقەوما و بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بە خۆ و بە دارێکەوە پەیدا دەبوو و تێیان دەکەوت. دەتگوت

بزنەوانە و بزنەکان هی خۆی نین تا دڵی بۆیان بسووتێ... جار و بار، قوتابی و قوتابخانەیان دەپشکنی. بۆکسی ئاسن و دەمە سیکارت و قەڵەمبڕ و سەرەبرغو و جگەرە و وێنەی ژنی رووتیان لە ڕیحلە و گیرفانی قوتابیەکان دەدۆزینەوە... دەبێ تەنگەبەری شار دڵی منداڵ وەک خۆی تەنگ بکا و حەوسەڵەیان نەهێڵێ؟... دەبێ خاک بەخۆی ڕۆڵی لە داڕشتنی دەروونی مرۆدا نەبێ؟. بۆچی خاک ڕوەکی جیاوازی لە سەر بڕوێن و گیانداری جیاوازی لە سەر بژین، بۆ نابێ بنیادەمی جیاوازیش، بە هۆی جیاوازی خاک و ئاو و هەواوە هەبن؟. بۆ نابێ وەک بزن و مەڕی هەنگ، بزن و مەڕی مرۆڤیش هەبن؟. کەی مەڕ و مانگا و کەری کوردی بە هی هۆڵەندی یا عارەبی و نازانم کوێ دەچن؟. کەی بنیادەمی ئەم خاکە بە بنیادەمی وڵاتی تر دەچێ؟... نەخێر، هەر خاکە و خەلقەندەی تایبەتی خۆی هەیە و ئەم ناوچەیەش منداڵی تایبەتی خۆی هەیە... ڕەنگە منداڵی ئێرە وەک هەنگی ئارام، ئارام بن...

هەقەلی، هاتبووە سەردانی مامۆستا سەعید. هەستی لێقەومان ئەوی وەبیر هێنابۆوە. دەیزانی مامۆستا سەعید دەسبەرداری حیزبایەتی بووە و لەو گوندەدا گیرساوەتەوە. دەیزانی دوای گرتنی بارەگاکەیان وازی هێناوە. هاتبوو تا لە دەست ئەو ژوورە خنکێنەرە ڕەها بێ کە پێی دەگوترا ماڵ... هاتبوو بای باڵی بدا و برکی ئەو ژوورە بێ (ڕوناک)ە بەری بدا و چ بارگرانیی دەروونی هەیە لای ئەوی دانێ... هاتبوو باسی ئەو کارەساتانەی لەگەڵدا بکا کە بە دوای یەکدا ڕوویان دەدا.

کە دوا منداڵ خۆی بە یەکێ لە ژوورەکاندا کرد، هەقەلی لە جێی خۆی ڕاست بووەوە و بە گردەکەدا، بەرەو قوتابخانەکە داگەڕا. هەرچەندە کات نیوەڕۆ بوو، بەڵام ئەو سەرەوخوارە، جۆرێ هەڵکەوتبوو، هێشتا خۆر نەیگرتبۆوە... ئاونگی گژوگیا، پێڵاویان تەڕ دەکرد. بە ناو گیای تەڕدا ڕۆیی تا گەیشتە تاختاییەکەی بەردەم قوتابخانەکە. لەوێشەوە، ڕۆیی تا خۆی لە بەر دەرگایەکی تەنەکەی ژەنگندا دیت. سێ چوار هەنگاوێ لەولاتریشەوە دەرگایەکی والا بوو و لێواری مێزێکی لێوە دیار بوو. ئاشکرا بوو کە ئەوەیان

ژووری مامۆستایانه و ئەمەی نزیکیش، پۆلی قوتابیانە. بەرەو ژووری مامۆستایان چوو و لە دەرگای دا. پیرەمێردێکی لاوازی شڕپۆش، بە خۆ و بە جگەرەی دەمیەوە، لێی هاتە دەرێ و بە لاچاوێک لێی ڕوانی: فەرموو مامۆستا!... جەنابت ئەو مامۆستا تازەیەی کە قەولە شۆڕش بینێرێ؟.

- نەخێر. دیارە تۆ فەڕاشە تازەکەی، مامۆستا سەعید لێرەیە؟.

- بەڵێ. من فەڕاشە تزەکەم. مامۆستاش لێرەیە. بچم بانگی کەم؟!.

هەقەلی کەمێ داما. بچێ و وانەکەی لێ تێک بدا یا چاوەڕێ بێ؟. هاتە دەرێ و بە بەردەم دەرگاکاندا، یەک دوو جار بە دوودڵیەوە هات و چوو. دەرگا ژەنگنەکە، شەبەقی گەورەی تێکەوتبوو بۆیە دیار بوو مامۆستا سەعید، لە پژدێنە بە خوارەوەی دیبوو. تەققەی لە دەرگاکە هەستاند و لەگەڵ کردنەوەیدا، چەندین جووتە چاو، لە ناو تاریکیی ژوورەکەوە لێیان دەڕوانی و مامۆستا سەعیدیش بە خۆ و بە سەری ڕووتاوەوە، لێی هاتە دەرێ و بەرانبەری وەستا. بە جۆش و خرۆشەوە پێشوازی ئەو دیدارەیان لە یەک کرد. ئەمان، لە بەر دەرگاکە وێستابوون و لە هەواڵی یەکیان دەپرسی، منداڵەکانیش لە ژوورەوە قسەیان بە گوێی یەکدا دەچرپاند و توانای خۆیان بۆ ئەوە بەخەرج دەدا پێش بە پێکەنینی خۆیان بگرن. هەرچەندە هەقەلی بۆ مامۆستا سەعید گەشابۆوە، بەڵام چاوێکی هەر لای منداڵەکان بوو: سپێنەی چاویان و کتێب و دەفتەری سەر چۆکیان دیاربوون... ددانی ئەوانەش دەردەکەوتن کە پێدەکەنین... وەکی دی، بە خۆ و بە جلوبەرگەوە، لە تاریکایی ژوورەکەدا بۆر دەچوونەوە.

- با ئەم وانەیە تەواو بێ دەچینەوە ماڵەوە... ماڵی چی؟ دەچینەوە ژوورەکەی خۆم. جارێ لە ژووری مامۆستایان دانیشە...

- ناکرێ وەک قوتابییەک، بۆ یەکەم جار لە پۆلەکەتدا دانیشم؟.

هەقەلی ئەوەی بە جۆرێ گوت کە گومانی نەدەویست بە ڕاستێتی بەڵام مامۆستا سەعید هۆیەکەی نەدەزانی. بە دوودڵییەوە گوتی: فەرموو... وا بزانە بۆ پشکنین هاتویی.

هەردوکیان پێکەنین. وەژور کەوتن: دە پانزە منداڵ ئاخێنرابوونە ئەو ژوورە

بچووکەوە. هەر یەکە و تەنەکەیەکی دەموقلّپ کردبوو و لە سەری دانیشتبوو. پیس و پۆخلّیش نەبوون وەک هەقەلی تێی گەیشتبوو بەلاّم لەوە جلشڕتر بوون کە ئەو بیری بۆ دەچوو. تەمەنیان هی ئەوە نەبوو لە یەک پۆلدا بن. لە شەش حەوت سالاّنەوە تێیاندا هەبوو تا شانزە حەڤدە سالّ. دیار بوو لە بەر بێ جێیی و بێ مامۆستایی تێکەلّ کرابوون. لە سەرەوەی تەختە ڕەشەکەدا، کە جاران جێی وێنەی سەرەک کۆماری عیراق بوو، نەخشەیەکی ڕەنگاوڕەنگی کوردستان هەلّواسرابوو کە چوارچێوەکەشی، بە ڕەنگەکانی ئالاّی کوردستان نەخشێندرابوو، لە خوارەوەی نوسرابوو (دوا کۆلّۆنی). بە تەنیشت نەخشەکەشەوە، وێنەیەکی گەورەی میرزا حوسێن هەلّواسرابوو کە هەقەلی لە یەکەم ڕوانیندا ناسییەوە. لە سەر تەختە ڕەشەکەش، لای سەرووی دەستەچەپەوە، نووسرابوو: (پەروەردەی نیشتمانی).

هەقەلی بە لای منداڵێکی هەشت نۆ سالّەوە وێستا. منداڵەکە هەستایە سەر پێ و بە ڕێزەوە گوتی: "مامۆستا فەرموو لە جێیەکەی من دانیشە..."

مامۆستا سەعید دەستی بە وانەگوتنەوەی خۆی کرد:

- کێ دەزانێ ڕووپۆشی کوردستان چەند کیلۆمەتری چوارگۆشەیە؟.

هەموو منداڵەکان، دەستیان هەلّبڕی. هەقەلی چاوی بە منداڵەکاندا گێڕا. هەر کەسە و لە جێی خۆیەوە دەستی بەرز کردبوو و لە سەریەک دەیگوت: مامۆستا من... مامۆستا من. تەنها یەک منداڵ کە پێ دەچوو دوودلّ بێ، پەنجەی بە لووتیدا دەکرد و زوو دەریدەهێنایەوە و بەرزی دەکردەوە. هەقەلی، پێکەنینی دەهات. ئەو پرسیارە و جۆش و خرۆشی منداڵەکان نەبوونایە، پێکەنینی دەتەقیەوە. دەتگوت ئەو منداڵە، پەنجەی تەڕ دەکا و دەیداتە بەر با تا بزانێ لە کوێوە بای دێ.

- تۆ هاوڕێ.

- مامۆستا پێنج سەد و بیست هەزار کیلۆمەترە.

- ئافەرین . بەلاّم گوتمان ڕووپۆش...

- مامۆستا چوارگۆشە.

دیسان هەقەلی پێکەنینی هات و کەمێ خەیاڵی ڕۆیی: "دەڵێی منداڵ بوومەتەوە. ئەمە چییە؟!. هەر لە پۆلەکەدا دانیشتم و منداڵ بوومەوە؟!".

- من چوارگۆشە نیم... ڕووپۆشی کوردستان پێنج سەد و بیست هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشەیە.

مامۆستا سەعید، بە دەم پێکەنینەوە ئەوەی گوت و هەموو منداڵەکان، بە هەقەلیشەوە، پێکەنین و لە تەوژمی پێکەنینی بەربەستکراو دەرباز بوون. ئەوجا گوتی: کێ دەتوانێ سنووری کوردستان دەسنیشان بکا؟.

"مامۆستامن مامۆستا من" ی منداڵەکان لەگەڵ پەنجە بچکۆلەکانیاندا بەرز بوونەوە. مامۆستا سەعید یەکیکیانی هەستان: تۆ خەبات.

خەبات، هەستایە سەر پێ و کەوتە وەڵامدانەوە. تەماشای نەخشەی سەرەوەی تەختە ڕەشەکەی دەکرد و لەگەڵ ناوهێنانی هەر وڵاتێکدا، دەستی دەبزواند. بە لای ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و باکوور و باشووردا باڵی با دەدا. لەگەڵ هەر ناوێکیشدا (مامۆستا)یەکی لە زار دەردەهات.

هەقەلی هەردوو چاوی پڕ بوون لە ئەشک بەڵام پێکەنینیشی دەهات. پێکەنین و گریان تێکەڵ بوون و یەک پرمەیان پێک هێنا. مامۆستا سەعید تەماشایەکی کرد. ئەویش، دوو چاوی تەڕی بۆ هەڵبڕی و دوو جاران شەرمەزار بوو. لە هەمان کاتدا لەناخەوە دەسخۆشی لە مامۆستا سەعید دەکرد.

- کێ دەزانێ کورستان بە سەر وڵاتی چەند میللەتدا دابەش کراوە؟.

دیسان "مامۆستا من مامۆستا من"ی منداڵەکان لەگەڵ دەستیاندا بەرز بوونەوە. مامۆستا سەعید لە سەری ڕۆیی: تۆ عەبدوڵڵا...

- مامۆستا سێ میللەت... فارس و تورک و عارەب.

مامۆستا سەعید، کەمێ بێدەنگ بوو و ڕووی لە دەرگا کراوەکە کرد کە تیشکی هەتاوی پێدا دەهاتە ژوورێ و گەردی خۆڵ و تەباشیری بە ئاشکرا دەردەخست. پۆلەکە بێدەنگ و خامۆش بوو. جاروبارێ، چپەی منداڵێک دەهات یا خشەی قاقەز دەبیسترا. ئەوە نەبێ، هیچ دەنگێکی تر نەبوو. هەقەلی خەیاڵی ڕۆیی: "ئەمەیە شۆڕش نەک ئەوەی سەلمان دەیکا. بەڵام سەلمان ڕێ

دەدا ئەم شۆڕشە بەردەوام بێ؟. نا... ئەگەر ئەمە بەردەوام بێ دەبێتە شاپلیتەی هۆشیاری نەوەی نوێ و چاوە ساغەکەی سەلمان کوێر دەکا... دەبێتە بلێسەیەکی نوێ و دەیسووتێنێ... سەلمان ڕێی ئەمە دەدا؟".

مامۆستا سەعید خەیاڵی هەقەلی و بێدەنگی پۆلەکەی بڕی. هاتە سەر گێڕانەوەیەکی ساکار بەلام بە تاموچێژی مێژوویی. دوای باسە مەیلەو درێژەکەی، ناوی یەکەم ڕێکخراوی کوردی لە مێژوودا، لە قوتابییەکان پرسی کە بۆ یەکەم جار لە داوای سەربەخۆیی لای داوە و بەوەش، ناڕاستەوخۆ بە داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان قایل بووە.

لەگەڵ ئەو پرسیارەدا پەنجەی بەرەو مێرمنداڵێک درێژ کرد کە لە دوای هەموانەوە دانیشتبوو. ئەویش، هەستایە سەر پێ و بە دەنگە تازە نێربووەکەی، بە کاوەخۆ وەلامی دایەوە. دوایی، لەخۆڕا بۆی زیاد کرد: ئەوانەش کە لەو دابڕان و ئەویان بە دڵ نەبوو، هەر وەک ئەویان لێ هات....

مامۆستا سەعید دواپرسیاری ئاڕاستەی یەکێ لە منداڵەکان کرد: دەزانی ئەو وێنەیەی تەنیشت نەخشەکە هی کێیە؟. ئەویش گوتی:

ـ ئەوە کاکە (میرزا حوسێن)ە...

هەقەلی بە دەنگی منداڵەکەدا زانی ئەوەیان کچ بوو. ئاوڕی بە لایدا دایەوە و لێی ڕوانی: دوازدە سێزدە ساڵان، قژی کەمێ سورخن، تازە چاوی بەرەو گەشبوون دەچوون و خۆیان لە سەردەمی منداڵێتی دەبوارد. دیسان هەقەلی ئەو شۆڕشەی مامۆستا سەعیدی لەگەڵ ئەوەکەی سەلماندا بەراورد کرد و لە هەمان کاتدا، لە لای خۆیەوە دڵنیا بوو کە ئەمانە بە بێ سزادان بە سەر مامۆستا سەعیددا تێپەڕ نابن... ئەگەر سەلمان شۆڕشی خۆی لەگەڵ ئەمەدا بەراورد بکا، کورتەبالا و بچکۆلە دەردەچێ. ئەویش، ئەمەی قەبووڵ نییە.

زەنگە ناسازەکە هەقەلی ڕاپەڕاند و لەگەڵیدا قریوەی پێکەنینی منداڵەکان و خشەخشی دەفتەر و پێلاوەکانیان بەرز بوونەوە.

هەقەلی دوای هەموو منداڵەکان هەستا. دەستی بۆ مامۆستا سەعید درێژ کرد و دەسخۆشی لێ کرد. گوتی:

- بەڵام وازت لێ دێنن؟. لێت دەگەڕێن ئەمە بکەی؟.

- جارێ دەنگ ناکەن. قوتابیەکانیش هێندەیان هۆش هەیە کە زیانم لێ نەدەن. ئەوان دەزانن من و ئەوان، خۆیان و وێنە و وانە و نەخشە و ئاڵاکەمان، لە هەموو لا قاچاخین. بەڵام خۆشترین وانەیان ئەمەیە... هەست بە پێناسە و کەسایەتی خۆیان دەکەن و دڵیان بەوە خۆشە کە وڵاتەکەیان ئەوە نییە ئەو حیزبانە باسی دەکەن. کۆماری ئیفلاتۆنمان لەم پۆلەدا پێک هێناوە جا با هەر لە مەنهەجی قوتابخانەکاندا نەبێ...

- خێری حیزبەکان ئەوەیە کە لە پەنایاندا ئەم کوردایەتیە دەکرێ. لە پەنای ئەواندا نەبێ، دەبێ وێنەیەک هەڵواسی ڕۆژی سەد جار، لە دڵی خۆتدا نەفرەتی لێ بکەی و دەریشی نەبڕی...

مامۆستا سەعید پێکەنی: خوا لێیان بەزیاد کا و ئەم پەنایەمان لێ تێک نەدا.

مامۆستا سەعید لەگەڵ هەقەلیدا دەدوا و بیری چوو بوو بە هۆی هاتنی ئەمەوە، منداڵەکان ئیزن بدا.

منداڵەکان یەکتریان هەڵدەبڕی و قریوەی پێکەنینیان دەهات. لەگەڵ گوڵ و درەختی ئەو سەرەتای بەهارەدا گەش دەبوون و گەشەیان دەکرد و تازە بناغەی کەسایەتی خۆیان دادەنا. بە تۆپە پەڕۆین، گەمەیان دەکرد و وەک بەچکەی هەر شیردەرێ، هەڵبەز و دابەزیان دەکرد و بێ ئاگایانە خۆیان بۆ ژیانێکی سەخت ئامادە دەکرد.

لە پڕ، لای باشوورەوە دوو فڕۆکە دەرکەوتن و بە تیژی بەرەو ئاسمان بەرز بوونەوە. لە تاقی ئاسمان، بوون بە دوو خاڵی ڕەش... بەرەو قوتابخانەکە هاتن و وردە وردە گەورەتر و گەورەتر دەبوونەوە تا یەکەو هێندێ دوکەڵی لێ بڵند بوو. ڕێک بە دوارۆژەکانی شۆڕشی هەرەسخواردوو دەچوو کە هەقەلی و مامۆستا سەعید دوو فڕۆکەی وایان دیت و شەش حەوتێکیان کەلەپاچە کردن. مۆخە سەری لاوێکی دەشتی دزەیاتی و پێستەسەری یەکێکی بادینی، هەر یەکە ولە لایەکەوە، بە خشت و چەمەنتۆی دیوارە ڕووخاوەکەوە نووسان.

هەقەلی، لەو بۆردومانەدا کەمێ بیری لەوە کردەوە کە دەبێ فڕۆکەکە پێکرابێ وا دوکەڵی لێ هەستا یا بۆردومان دەکا؟. دوو یا سێ چرکە دوای بیرکردنەوەکەی، شڵپە لە زەوی هەستا و زەلامی لەتوپەتکراو بەو ناوەدا تێکەڵاوی خوێنی خۆیان و یەکتر بوون ئەوسا دەنگەکەی هات. هەقەلی هیچی بەر نەکەوت بەڵام پارچەیەک بەر قوڕگی مامۆستا سەعید کەوت و خوێن، لەگەڵ وشەدا لە زاریوە دەردەچوو. لاوێکی گەرمێنیش کە هەردوو قاچی پەڕیبوون و بە گەرماوگەرمی پێی نەزانیبوون، ویستی ڕابکا و بە دەمدا ڕما. دوایی تەماشای هەردوو قاچی براوی خۆی دەکرد کە بە پێلاوەکانەوە لێی دابڕابوون. ئەو دوو دیمەنە، بوونە هۆی پێکەنینێکی هێستریایی هەقەلی و هەرچی دەکرد، پێشی پێ نەدەگیرا.

لە ماوەی یەک چرکەدا، بە تیژی ئەو بیرەوەرییانە بە هۆشی هەقەلیدا ڕەت بوون و دیار بوو مامۆستا سەعیدیش ئەوەی لە بیر بوو بۆیە لەگەڵ هاواری (خۆتان بە زەویدا بدەن!)دا خۆی بە زەویدا دا. گرمەیەک لە دیوی ئەو دیوی قوتابخانەکە هەستا و دەنگەکەی، سەرنجی ڕاکێشان. ئەو دەنگە نەبوو کە دوای لەتوپەتکردنی خەڵک ئەوسا دەگا. ئەوەش نەبوو کە زەوی لەگەڵدا بلەرێتەوە... تەپپەیەکی کەمێ بەرز بوو.

هەردوکیان ڕاست بوونەوە و جارێ لە منداڵەکانیان ڕوانی و جارێ لە دەورو بەری خۆیان و ئەوسا لە یەکتر. دوکەڵێکی زەرد و چڕ و پڕ لەودیو قوتابخانەکەوە بەرز ببۆوە.

هەقەلی هاوارێکی وای کرد خەریک بوو قوڕگی ببچڕێ: کورە کیمیاوییە!. لەگەڵ هاوارەکەی ئەودا مامۆستا سەعید بۆنێکی بۆ هات کە بە بۆنی سیر و باروود دەچوو. دەتگوت هاوارەکەی هەقەلی هۆی ئەو بۆنە ناخۆشە بوون. هەرای لە منداڵەکان کرد و بەرەو سەرەوەی گردەکە تێی تەقاند.

هەموو گەیشتنە سەر ئەو گردەی کە شوانەکە بلوێری لێ دەژەنی. لەوێوە، لە گوندەکەیان ڕوانی: دوکەڵەکە وەک جاجم گوندەکەی دادەپۆشی. ورد ورد دادەکشا و لە سەرەوەیرا دیوارەکان دەردەکەوتن و خۆیان دەدایەوە بەر

خۆرەتاو... لە ژێریشەوە، هەر یەکە لە منداڵەکان و مامۆستا سەعید و هەقەلی، بە شێوەیەک بیری لێ دەکردەوە و هەر یەکەیان دیمەنێکی لە هۆشی خۆیدا ساز کردبوو. بەڵام ئەو دیمەنەی کە لە هۆشی هەقەلیدا بوو لەگەڵ دیمەنی دوای بۆمبارانەکەی شۆڕشی هەرەسخواردوودا بەراورد نەدەکرا... بەو دیمەنە دەچوو کە چەند ڕۆژێ لەوەبەر سەرجەمی جیهانی وروژاند. دایک و کۆرپە بە سەر یەکدا لار ببوونەوە. کچۆڵە و کوڕیژگە لە ناو گولیلکەی سەرەتای ئەو بەهارە جوانەدا، بە لای یەکدا وەک پەڕەگوڵ هەڵوەریبوون... بە دیمەنی ئەو هەڵەبجەیە دەچوو کە ویژدانی مردووشی زیندوو کردەوە ویژدانی برای دینی و هاوڕێی چینی نەبێ کە وەئاگا نەهات و نەهات. دیمەنی خەیاڵی هەر یەکە لە منداڵەکانیش، ماڵێکی تۆقینەری خامۆش و خێزانێکی نوستوو و گوێرەکە و مریشکی مردارەوەبووی ژێر هەورێکی زەرد بوو.

## (١٩)

دە پانزە منداڵ، کە تەمەنیان لە نێوان شەش حەوت ساڵان و شانزە حەڤدە ساڵیدا بوو، بە پەنای شاخەکەدا، دوای مامۆستا سەعید و هەقەلی کەوتبوون و بە سڵەوە دەڕۆیشتن. منداڵەکان، بە چۆلەکەی بێ دەرفەتی ناو تۆڕ دەچوون. بە ترسەوە لەملا وئەولای خۆیان و ئاسمانیان دەڕوانی، ئاوڕی دواوەیان دەدایەوە و هەر جارە و یەکێکیان سەری گریانی دەکردەوە و ئەوانی دی بە دوایدا دەیاندایە کاڵەی گریان. هەقەلی، لە هێورکردنەوەیان ماندوو ببوو و بە بێزارییەوە، لە بەردەمی خۆی دەڕوانی و خەیاڵی ڕۆیی بوو:

"هەرەس، بە پیسترین شێوە دوبارە بۆتەوە بەڵام کەس زاتی باسکردنی ناکا. کەس غیرەتی ئەوەی نییە ناوی بنێ. دەڵێی وشەی(هەرەس) بیسمیللایە و جنۆکەی لێ دەترسێن. عەیبەیەکی زلە و کەس نایەوێ بە سەریدا بێ. هەرچی دەبێ با ببێ بەڵام ئەو عەیبەیە نا!. هەرەسهێنان پیاوی دەوێ دانی

پێدا بنێ و پیاو قاته. دۆڕاندن، ئازای دەوێ دانی پێدا بنێ و ئازایەتی نییە. دیسان مرۆ ڕەوینەوە و بوون بە لافاو. بەڵام ئەمجارەیان لافاو بە یەک لادا مل دەنێ و منداڵ لە دایک و باوک دابڕاون و بە بێ کامیرای ڕەشپێستی ئەمەریکایی و چاوشینی ئەوروپایییە. ئەمجارەیان هەڵبژاردن نیە لە نێوان سووتان و خنکاندا... ئەم جارەیان خنکاندنە بە ژەهر... هیچی تر. ئەوەی هاواری بۆ بەرەنگاربوونەوە دەکرد و بە دەنگی پڕ جۆش و خرۆشەوە خەڵکی بۆ گەرووی مەرگ هان دەدا، کڵاوەکەی بە دەمەوە گرتوە و جامانەکەی تەڕ کردووە و بە ملیەوە ئاڵاندوە و لە پێش هەموانەوە ڕا دەکا. ڕا دەکا و هەر شانەیەکی سەربەخۆی جەستەی بگری، دەیەوێ پێش شانەکانی تری جەستەی بکەوێ. هەر ئەندامێکی جەستەی دەگری، دەیەوێ پێش ئەندامەکانی تری بکەوێ... لووتی دەیەوێ پێش چاوی بەکەوێ و گوێچکەی دەیەوێ پێش لووتی بکەوێ ... قیرسیا و هەزار قیرسیا لەوانەی کەوتنە ژێر هەوری ژەهرەوە!. هەر بەخۆی سەلامەت بێ، چش لەوەی هەیە و لەوەی نییە!... لەوەی دەبێ و لەوەی نابێ!..."

مامۆستا سەعید، ئاوڕێکی لای منداڵەکانی دایەوە. ئەوەی نەدەگریا کوڕە هەرزەکارەکان و کچۆڵە تاقانەکەی ناویان بوو. پێ دەچوو کوڕەکان بە هۆی ئەو کیژەوە، گریانیان پێ شەرم بێ. کیژەکەش، ڕەنگی وای دەنواند کە ئەو کارەساتەی بە سەری هاتووە، لەوە گەورەتربێ بە گریان پینە و پەڕۆ بکرێ. لە لایەکەوە کەسی نەما و لە لایەکی ترەوە تاقە کچێکە و کەوتۆتە ناو ئەو هەموو کوڕەوە. ئەو، کە باوکی ناچاری کردبوو تاقە کچی قوتابخانەکە بێ، لە ناو کوڕەکاندا، هەمیشە هەستی بە نامۆیی دەکرد. حەزی لێ بوو لەگەڵ کچانی گوندەکەدا نهێنی کچانە بدرکێنێ و واڵەبووکێنی بکا و لە دەشتودەر بالۆرە لێ بدا، گولیلک و پەڕەگوڵ بە قژەکەیەوە بکا و ئەوەی ئەوان دڵیان پێ خۆشە و دەبێتە مایەی تریقەی پێکەنینیان، بۆ ئەمیش وا بێ. بەڵام باوکی لێی بوو بە مووی لووت. دەسبەرداری نەبوو و ناردیە قوتابخانە. لە سەرەتاوە، پێی وابوو بەرخە کۆرپەیەکە و خراوەتە ناو گەلەگورگەوە. ئەی هەمیشە لە لایەن

دایکیەوە ئاگادار نەدەکرایەوە کە خۆی لە پەناوپەسێو بپارێزێ و زۆر لە کوڕان نزیک نەبێتەوە و تێکەڵاوییان نەکا؟. ئەو کوڕانەی کە لە کۆڵانی گوندەکەدا ڕووبەڕووی هەر کچێ ببوونایە، دوایی دەبوونە سەرەباسی کچان. کەچی ئەم لە یەک ژووردا، ڕۆژگاری لەگەڵیاندا دەبردە سەر و شتێکی وا نەبوو هی باسکردن و قریوەی پێکەنین بێ. پێی خۆش بوو بۆ ئەویش وا بێ و وا نەبوو. هەستی نامۆیی لە ڕادە بەدەر بێزاری دەکرد. لە ناو کوڕەکاندا خۆی بە کوڕ نەدەزانی و لە ناو کچانیشدا وەک گای قەش دیار بوو چونکە ئەوەی ئەوانی بە پێکەنین دەهێنا، هی پێکەنین و دڵخۆشی ئەم نەبوو. لە قوتابخانە وابوو. ئەدی دەبێ ئێستا، دوای لەناوچوونی کەسوکاری، لەم دەشتودەرە چۆن هەست بکا و چۆن بیر بکاتەوە؟. وا بۆ گەلەگورگ کەوتۆتە تەنکاوەوە!. مامۆستا سەعید هەستی بە دەرد و غوربەتی کردبوو بۆیە لە پەنا تاوێرێکی گونجاودا داوای پشووی لە منداڵەکان و هەقەلی کرد.

دانیشتن. لە دیار کانیاوێکی ڕوونی ناوقەدی شاخێکدا دانیشتن و دەستیان بە ئاوخواردنەوە و سەروچاوشوشتن کرد. هەقەلی، کیژەکەی بانگ کردە لای خۆیەوە و دەستێکی خستە سەر شانی. ئەم ڕەفتارەی، مامۆستا سەعیدی سەرسام کرد بەڵام هیچی نەگوت. دیار بوو (هەقەلی)ش بە هەمان شێوە بیری لەو کچە کردبۆوە بۆیە ڕووی لە منداڵەکان کرد و گوتی:

- کێ دەزانێ ئەم کچە کێیە؟.

منداڵەکان، بە بێزاری و سەرسوڕمانەوە لێیان ڕوانی. خۆ ئەو مامۆستایان نەبوو تا پرسیاری وایان لێ بکا. یەکێکیان کە جێی ڕێچکەی فرمێسک بە ڕوخسارییەوە دیار بوو و تاقەتی شوشتنی نەبوو، بە دەنگێکی کەمێ نووساوەوە گوتی: ئەوە زێنەبی خوشکمە.

هەقەلی، کەمێ سەرنجی دا. ئەوجا گوتی: زێنەب هەر خوشکی تۆ نییە... زێنەب خوشکی هەموومانە. بە هەموومان یەک خوشکمان هەیە ئەویش زێنەبە. ئەدی زێنەب چەند برای هەیە؟.

یەکێ لە منداڵەکان کە دیار بوو زووتر خۆیانی ژماردبوو و پێویستی نەکرد

خۆیان سەرژمێر بکاتەوە، گوتی: پانزە.

هەقەلی بە سۆزێکەوە لە هەموانی ڕوانی کە هەرگیز ئەو سۆزەی بەرانبەر منداڵ بە خۆیەوە نەدیبوو. یەکە یەکە تەماشای کردن و سۆز و دڵسۆزی لە هەمواندا دی یەکێکیان نەبێ کە پێ دەچوو ئەو تێکەڵاوی و خوشک و برایەتیە کتوپڕەی لە بەر گران بێ. ئەویش، لە هەموو ئەوانی دی، هەم بە باڵا و هەم بە گەندەمووی ڕیش و سمێڵ، هەراشتر بوو.

هەقەلی، بەختەوەری لە دڵیدا چەکەرەی کرد. بۆ ئەو هەرزەکارەش بەختەوەری کەوتە دڵییەوە. زێنەب، بزە کەوتە سەر دەمولێوە گوشتنە تازەپشکوتوەکانی و سەری هەڵبڕی و لە هەقەلی ڕوانی. ئەویش گوتی: ئەدی زێنەب تۆ چەند برات هەیە؟. بە شەرمێکەوە کە زۆری لێ جوان بوو، وەڵامی دایەوە: "پانزە..." مامۆستا سەعید کە چاوەڕوانی هەموو شتێکی لە هەقەلی دەکرد ئەوە نەبێ، بە گەشکەوە لێی ڕوانی و بە بزە دەسخۆشی لێ کرد.

- هەستە خوشکەکەمان... با بڕۆین.

کە مامۆستا سەعید ئەوەی گوت، زێنەب لە لایەکەوە هەستی هێز و توانایەکی وای لێ دەرکەوت کە پانزە برای شمشێر بە دەستی لە پشت بن و کەس نەوێرێ پێی بڵێ کلت بە چاوەوەیە. لە لایەکی تریشەوە بەڵگەی ئەوە بوو کە مامۆستاکەی خۆی، ئەو پێشنیارەی هەقەلی قەبووڵە.

- دیسان کارەساتەکەیە ها؟!. دیسان هەرەس و ماڵوێرانی. دیسان من و تۆ لە کارەساتدا هاوڕێین. بۆ کاکە هەق؟.

- ئەدی چاوەڕوانی چی دەکەی؟. لە ڕزگاریدا هاوڕێ بین؟. کامە لایەن ئامانجی ڕزگارییە تا بە تامای بین؟. ئێوە جێی هیوا بوون و تۆش دەسبەردار بووی. لە ڕۆژێکدا دەسبەردار بووی کە دەبوو لە جاران سوورتر بی. بۆ؟.

- کاکە هەق دەردم گرانە. خۆ من هەموو شتێکم بۆ باس کردوی. ئێمە شۆڕشی چەکداریمان نەدەکرد، شۆڕشی تفمان دەکرد. لەشکرێ بێنە بەر چاوی خۆت کە سەنگەریان لە یەک گرتبێ و شەڕەتف بکەن. هەموو سەروچاویان بە تفی یەکتر سواخ درابێ و هەموانیش بە تفی شەرەفی بزانن

و نەیسرن. کە چوومە لایان، دوای یەک ڕۆژ زانیم ئەوێ، نەک هەر جێی من نییە، بەڵکو جێی هیوای من و خەڵکی وەکی منیش نییە. بەڵام نەدەکرا یەکسەر دەسبەردار بم بۆیە تا توانیم تێیدا مامەوە. ویستم لەوەی هەیە، شتێ پێک بێ و نەکرا. بە جێی تۆشم نەدەزانی بۆیە داوام لێ نەکردی تێکەڵاوی بیت. جگە لەوەش، تۆ پەنای سەلمانە کوێرت گرتبوو و بە کەڵکی ئەوێ، هەر لە بنیی نەدەهاتیت. ئێمە کە لە بنکە و بارەگای دوابڕاوی خۆماندا سەرگەرمی شەڕەتف بووین و پەیامەکەمان بیر چوبۆوە، خەڵکی دی سەرگەرمی پیلانی لەناوبردنمان بوون چونکە بۆچوونمان، جێی مەترسی بوو. وا ئەنجامەکەشی دەبینی... وا دەبینی، لە پێش هەموانەوە، لەشکری شەڕەتف هەڵدێ... بەرەو هەر جێیەک بێ دەڕۆن بە مەرجێ لێرە نەمێنن. جیاوازییان لەگەڵ هیچ لایەنێکی تردا نییە... ئاش بەتاڵ و ئاو بێنە و دەست بشۆ!.

- کوا؟ کەسیش ناڵێ ئاش بەتەڵ. ئەوانیش نەیانگوت ئاشبەتاڵ.

- بڕیاری وا بە پیاو دەدرێ. درەنگ تێگەیشتم کە سەرکردە نەفسی خۆی بکاتە قوربانی خەڵک یەعنی چی؟. مەلا مستەفا کردی و لە لای خەڵک پێی بچووک بۆوە بەڵام تاکە شتێکی ڕاست لە مێژووی نوێماندا کرابێ، ئەوە بوو. شێوەی دەسپێکردن و ودروشمی هەڵە بوون بەڵام بڕیاری هەرەسی ڕاست بوو... شۆڕشێ ئامانجی نابەکامی هەبێ تا زوو هەرەس بێنێ درەنگە چونکە ئەوە شۆڕش نییە، بەڵکو جێی شۆڕشی پڕ کردۆتەوە. ئەو هەرەسە بە جەنگی نێوان دوو وڵات ئاوس بوو. جەنگەکەش بە ئازادیی ئێمە ئاوس بوو و لە باریان برد. ئەو، ئازا بوو و بڕیاری هەرەسهێنانێکی ئاوسی دا... بەڵام ئەم حەمکە شۆڕشە قسرانە کە ئامانجی نیوەچڵیان هەیە ئەوەشیان نییە، ناوی ناڵێن. ئەو هەرەسە لەم چاوقایمییە پیاوانەتر نەبوو؟. میللەتێ بفەوتێنی و ئۆف نەکەی!. میللەتێ بۆ نەفسی خۆت بە خنکاندن بدەی و ئۆف نەکەی!. خۆت تا تینیت تێدایە ڕابکەیت و خەڵک بۆ بەرەنگاربوونەوە هان بدەی و ئۆف نەکەی!... کۆتاییشیان وەک دەسپێکردن و بەڕێوەبردنیان هەڵەیە.

منداڵەکان، بە دوای هەقەلی و مامۆستا سەعیددا ڕێچکەیان بەستبوو.

دەڕۆیشتن و خشەی پێڵاوەکانیان دەهات و جاروبارێکیش لووتیان دەسڕی. گەیشتنە لوتکەی گردێکی بەرزی دامێنی شاخەکە. بە بێزارییەوە وێستان و ئاوڕی دواوەیان دایەوە. لە هێندێ جێوە دووکەڵی زەرد دیار بوو. لە هێندێ لای ترەوە، دووکەڵی ڕەش بەری ئاسمانی گرتبوو. بەردەوام گرمە دەهات... گوندەکان تۆپباران دەکران و لای باشوورەوە تەماوی بوو. بەڵام لای ئەمانەوە، ئاسمان شین و ساف و جوان بوو. ڕێیەکەیان لاڕێ بوو و جاروبارێ نەبێ، کەسی پێدا نەدەڕۆیی. ئەوانەش کە ڕەت دەبوون، چۆن کتوپڕ پەیدا دەبوون و لێیان ڕەت دەبوون، کتوپڕیش، لە پەناکاندا لێیان بزر دەبوون.

- چی لەم منداڵانە بکەین مامۆستا؟. هەقەلی بە پەژارەوە ئەوەی گوت بەڵام بە بزەیەکی مامۆستا سەعید پەژارەکەی ڕەوییەوە.

- کاکە هەق خەڵک چی لە ئەولادی خۆی دەکا ئێمەش... بە هەرحاڵ منیش وا دەکەم. ژیانیان لەگەڵ ژیانمدا دەبێ. تۆش، بڕیاری خۆت لای خۆتە... زۆرم پێ خۆشە لە ڕزگارکردنی ژیانی ئەم منداڵانەدا، هاوکار و هاوڕێم بی.

زۆری پێ نەچوو گوندێکیان لە دامێنی گردەکەوە لێ دەرکەوت و هێزی ڕێکردنی خستە چۆکی منداڵەکانەوە. بە نێوان دوو ڕیز داری چڕ و پڕدا داگەڕان و پاش تاوێک گەیشتنە چەمێکی بەرین و ڕۆشن و تەنکاو. قاز و مراوی مەلەیان تێدا دەکرد و لەوبەرەوە، ژنان کوڵیان لە بەری دەکرد و منداڵیان دەشوشت: منداڵە ڕووتەکان، لە سەرماندا هەڵدەلەرزین و جاروبار شڵپەی چەپۆک بەر ناوشانیان دەکەوت. هەر جارە یەکێ لە قاز و مراوییەکانیش سەریان بە ئاوەکەدا دەکرد. ئەمان، پێڵاوەکانیان بە دەستەوە گرت و تا چۆکان خۆیان هەڵکرد. مامۆستا سەعید، دەستی زێنەبی گرت و بە جووتە پێش ئەوانی دی کەوت. تا ئەوان نەگەیشتنە ناوەڕاستی ئاوەکە، هەقەلی یەکەم هەنگاوی نەنا. شێوە و ڕەنگی پووزی زێنەب، کە تازە ئامادەیی ژیانی نوێیان لێ دەرکەوتبوو، سەرنجیان ڕاکێشا... زوو چاوی داخستن و یەکەم هەنگاوی نا.

لە پەنا دیواری مزگەوتەکەدا کە ڕووی میحرابەکەی لە چەمەکە بوو، کۆمەڵێ

پیاو کە هێندێکیان پاڵتۆیان بە شاندا دابوو و هێندێکیان خۆیان گورج پێچابۆوە و تەزبیحیان با دەدا و جگەرەیان دەکێشا و بە دەنگی بڵندی ترسئامێزەوە قسانیان دەکرد، دەوری چەند پێشمەرگەیەکیان دابوو. ئەمان گەیشتنە لایان و ئەوان تاوێ بێدەنگ بوون. پاشان وەقسان کەوتنەوە:

- بۆ کوێ دەچن؟. ئەمڕۆ ڕۆژی پیاوەتی و مەردایەتییە. دەبێ بەرگری لە خاک و ئاو و هەوای وڵاتی خۆشەویستی خۆمان بکەین...

یەکێ لە پێشمەرگەکان، بە دەنگێکی لرخن و بە حەماسەوە ئەوەی گوت. هاورێکەشی، بە لاچاوێ تەماشای کرد و بە کاوەخۆ گوتی: - کاکە لێیانگەڕێ... با برۆن نەبادا بە هۆی ئێمەوە شتێکیان لێ بێ. پێناچێ ئەم هێرشەی دوژمن بەرگەی بگیرێ... کە هێزی دەستوەشێن و شەڕکەر هەڵاتن، کێ بەرگری بکا؟.

- ئێمە؟. بە چی؟. بە چی بەرانبەر کیمیاوی بوەسین؟!. بە تڕ؟. نەخێر، دەبێ ئاوایی چۆڵ بکەین و هەڵبێین. هەڵنەیەین وەک هەڵەبجەمان بە سەر دێ. هەموو قڕ دەکرێین. یەکێ لە خەڵکی گوندەکە ئەوەی گوت و چاوی بڕییە پێشمەرگە لێپرسراوە دەنگ لرخنەکە. ئەویش، بە فیزێکی دەسەڵاتدارانەوە، ڕادیۆیەکەی لە بەر باخەڵی دەرهێنا و گوتی: جارێ با بزانین دەنگوباس چییە و چ قەوماوە... ڕەنگە تەرازووی شەڕ بە لایەکی تردا شکابێتەوە... هەزار هێرشی وامان دیوە گیانە!...

هەقەلی پێکەنی. ڕووی لە پێشمەرگەکە کرد و گوتی: کاکە ئێمە خۆمان دەنگوباسین... ئێمە خۆمان لە ناو دەنگوباسەکەداین کەچی تۆ گوێ لە خەڵک دەگری تا بزانی وەزعی خۆمان چۆنە و چمان لێ قەوماوە!.

پێشمەرگەکە وەڵامی نەدایەوە. میلی ڕادیۆکەی خستە سەر ئێزگەیەکی تاران. دەنگوباس بوو:

ئێستاش دیدارێک لەگەڵ یەکێ لە سەرکردەی چەکدارە موسوڵمانەکانی کوردی عیراقدا دەکەین و بزانین دڕندەی عەفلەقی چی بە میللەتی موسوڵمانی کورد کردووە. دەنگی سەلمان لە ڕادیۆکەوە بەرز بووەوە. بە بیسمیللا دەستی

پێ کرد و ئایەتێکی بە دوودا خوێندەوە.

هەقەلی کە لە منداڵییەوە سەلمانی دەناسی، ئەوە یەکەم جار بوو بزانێ دەستی مەلایەتیشی هەیە. بە جۆرێ قەپی بە پیتە قورسە عارەبییەکاندا دەکرد، مەگەر یەکێ وای قەپ پێدا کردبان، هەموو تەمەنی خۆی بە مەلایەتی بە سەر بردبێ و یەک ڕۆژ لە کتێبی ئاینی دوور نەکەوتبێتەوە و هیچی تری نەکردبێ. کە پیتی (ض)، ئەو پیتەی کە لە منداڵییەوە لە هەقەلی ببوە بەڵا و نەیدەتوانی لە (ظ)ی جیاکاتەوە، تووشی دەبوو، وای قورس دەکرد، لە (د)ی نزیک دەخستەوە. مەلا هەرە شارەزا عارەبیزمانەکان وەک ئەویان پێ قورس نەدەکرا. خەستوخۆڵی خوێندنەوەی ئایەتەکە، خەستوخۆڵی پێکە ویسکییەکانی سەلمان و خەستوخۆڵی (خ خ)ی بە هەردوو باردا بیر دەخستەوە. هەموو ئەو خەستوخۆڵیانەش بە مەداری سەلماندا دەخولانەوە.

- هەو!... کاکم لە تاران تۆز دەکا و ئەم برایەش ڕێی بەرگریمان پیشان دەدا! یەکێ لە گوندییەکان بە سەرسوڕمانەوە ئەوەی گوت و جارێ تەماشای خەڵکەکەی کرد و جارێ پێشمەرگەکان. دوای ئەوە، بێ ئەوەی هیچ بڵێ یا پرس بە کەس بکا، بەرەو ناو گوندەکە سەرکەوت.

- کاکە گیان!... کاک سەلمان چووە یارمەتی بێنێ. خۆ ئەمڕۆ نەڕۆیشتووە، ئەو دە ڕۆژە لەوێیە... ئێوە باسی چی دەکەن؟. شۆڕش بەردەوام دەبێ... ورەتان بەرز بێ. لەو برادەرە گەڕێن با بە کەیفی خۆی بکا. ئەو پێشمەرگەیەی کە ئەوەی گوت، بە سیمایدا دیار بوو بیر لە شتێ دەکاتەوە و باسی شتێکی تر دەکا. دەتگوت عاشقێکە، گڕی لە دڵدایە و بە ناچاری گوێ لە حەدیسی مەلایانیش دەگرێ. ڕستەکانی ڕاست بوون بەڵام دەنگی، باسی تری دەدرکاند و خولیای شتێکی تر بوو.

منداڵەکان، دوو دوو و سێ سێ، لە بەر بەرۆچکەکە بە لای یەکەوە دانیشتبوون و بە بێزارییەوە چاوی هیوایان لە مامۆستا سەعید بڕیبوو. ئەو، پشت و پەنایان بوو. ئەو، لەجێی دایک و باوکیان بوو. ئەو مامۆستایان بوو و هەر ئەویش فریاڕەسی ئەو ڕۆژەڕەشەیان بوو.

یەکێ لە پێشمەرگەکان ڕووی لە مامۆستا سەعید و هەقەلی کرد: ئەرێ کاکە ئەو منداڵانە بۆ کوێ دەبەن؟.

- کەسیان نەما... هەموو گوندەکەیان بە ژەهر خنکێندران و لەگەڵ خۆمانیاندا دەبەین. چارەنووسی ئەونانیش وەک هی ئێمە. مامۆستا سەعید، ئەوەی بە مەیلەو تووڕەییەوە گوت.

پێشمەرگەکە خۆی پەشۆکاند: ئەدی بۆ لەوساوە قسە ناکەی؟. ها؟!.

دوای ئەو وەڵامەی مامۆستا سەعید و پرسیارە بێ وەڵامەکەی ئەو پێشمەرگەیە، هەقەلی، سەرنجی چووە سەر سیمای پێشمەرگەکان. لەخۆڕا دەیزانی بەختەوەرن. لە بەر چاوی بوون بە ڕێوی و خۆیان لە جووجەڵە و مریشک مەڵاس دابوو. دەیزانی بە تەمای شتێکی نارەوان بەڵام نەیدەزانی چییە. بەوە سەرسام بوو کە ئەوان، هەرچەندە داوای بەرگرییان لە خەڵک دەکرد، بەڵام بەو هەواڵە گەشانەوە. بۆ؟!... قەت هۆیەکەی نەزانی.

کە خەڵکی گوندەکە ئەوەیان بیست، بوون بە جنۆکەی بیسمیللا لێکراو. بە ترسەوە لە یەک ڕامان و ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو، بڵاوەیان لێ کرد... بە دەنگی مەیلەو خنکاوەوە، بانگی ئەو ژن و منداڵانەیان کرد کە لە سەر چەمەکە بوون. هێندێ لە ژنەکان، منداڵەکانیان هەر بە ڕووتی هەڵگرت و تێیان تەقاند و ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو کەس لەوێ نەما.

هەقەلی، چەند هەنگاوێ لە منداڵەکان و مامۆستا سەعید دوور کەوتەوە و هەر لە بەر بەرۆچکەکە دانیشت. دەستی بە بەرکیدا کرد و ئەو نامەیەی حەسەنی دەرهێنا کە چەند ڕۆژێ لەوەوبەو، لە ئەورووپاوە بۆی هاتبوو. چەندین جار هەوڵی دەدا بیخوێنێتەوە، بەڵام هەموو جارێ لە یەک جێیدا، بێزار دەبوو و دەستی لە خوێندنەوەی هەڵدەگرت. یەکالای کردەوە و لە سەرەتاوە دەستی بە خوێندنەوەی کردەوە:

برای هێژام هەقە گیان...

وا تاک و تەنها... وەک پەپوو، لە ناو هێلانە وێرانەکەم ؛ کە چی بڵێی لێی هەیە و هیچی پەیوەندی بە هیچیەوە نییە، دانیشتووم و بێ ئەوەی سەرۆکی

نەتەوەیەکگرتووەکان ئاگای لێم بێ، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان ڕادەگەیەنم. نەخشەیەکەی کوردستانی گەورەم بە ژوور سەرمەوە هەڵواسیوە و ئاڵایەکی کوردستانیشم لە سەر تەلەڤزیۆنەکە، کە ئێستا وا فلیمی ڕووت پیشان دەا، بەرز... بەرز داناوە.

ئەوەی دوێنێ گوتراوە توڕڕەهاتی ئەمڕۆیە. ئەوەی ئەمڕۆ دەگوترێ توڕڕەهاتی سبەینێیە. من، لە ناو ژوورە شێواوەکەمدا کە خەوی لە خەوی گۆڕستانیش ئارامترە، خەریکم توڕڕەهات بۆ سبەینێ دەنووسم و بۆ نەوەکانی داهاتوو دابینی دەکەم. هەرچی لە ژوورەکەمدا هەیە، نەخشە و ئاڵاکەی لێ درچێ، بۆ من توڕڕەهاتە... سەر مێزەکەی بەردەمم، ئەمانەی لێن: تەلەفۆنێکی کۆن کە بە دەگمەن زەنگ لێ دەدا. تەپڵەکێکی جگەرە کە مانگێ دەبێ ئاوی پێ نەکەوتووە. پاکەتەجگەرەیەک، دەفتەری کاتی هاموشۆی پاسەکانی ئەم شارە، کیسە نایلۆنێکی بەتاڵ، دوو قەڵەم و چەرخێک و هەشت نۆ ڕۆژنامە و تەزبیحێکی قەزوان. بەخۆشم قیت بەرانبەریان دانیشتووم و بێ ئەوەی سەرمام بێ، پەتوویەکی گوڵگوڵیم بە شانمدا داوە. شادەی دکتۆراکەشم کە بە نایلۆنێکی چاکەوەم پێچاوە، هەر لە سەر قەنەفەکە، بە تەنیشتمەوەیە و زوو زوو لێی دەڕوانم و بزەی بۆ دەکەم. ئاخر قەول بوو بمکا بە مامۆستای زانکۆ!. وێنەی هەرچی لێوەشاوەی مێژووی کۆن و مەیلەو نوێ و تازەی کورد هەیە، بە زەلیلی بە بەردەممدا ڕەت دەبن و دەگوزەرێن. یەکە یەکە دارکارییان دەکەم... لە سەر بڕیاری سەردەمی دەسەڵاتی خۆیان، ڕەخنەیان لێ دەگرم. هەموویان توڕڕەهاتی ئەمڕۆن. تاکە یەک یەکێکیان نابینم جێی شانازی بێ. ڕەنگە بڵێی: "کابرا تۆ وەک سەگی هار قاپی مێژوومان دەگریت و بە پیاوە هەڵکەوتووەکانمان دەوەڕیت..." چ دەڵێی بیڵێ. منیش بە تۆ و بەو بابەتە کەسەی وام پێ دەڵێن، دەڵێم:

سەبرت بێ!. بۆ شانازی ـ بۆ نموونە ـ بە قازییەوە بکەم ؟. گرینگ خۆیەتی یا کارەکەیەتی؟. گرینگ کارەکەیەتی یا ئەنجامی کارەکەیەتی؟. ئەنجامی کارەکەی چی بوو؟... توڕڕەهات!. من و تۆ و نەوەی ئێمە چمان لێی دەست

کەوتووە؟... تاقیکردنەوە؟!. نەخێر تورڕەهات!. ئەگەر وا نەبێ، خۆ قازی برای بابم نەبوو تا خۆشم بوێ. بابیشی نەکوشتووم تا ڕقم لێی بێ. خوداش نەبوو تا بۆ هەمیشە بیپەرستم. شەیتانیش نەبوو تا بۆ هەمیشە بەردبارانی بکەم. وا هزر دەکەم کە ئەو لێهاتوو بوو و هەڵەی کرد. ئای کاکە هەق کە هەڵەی پیاوی گەورە چەند زلە!... هێند زلە، خۆی لە خیانەت دەدا... کاکە هەق، وا بێ ئەوەی کەس بزانێ دەوڵەتی کوردستان ڕادەگەیەنم. بێ ئەوەی شۆڕش بکەم و وەک شێت بدەمە کێوەکان کە وەک بەردێ بەرەو حەوای بهاوی هەر دەبێ بەربێتەوە، ئەنجامی تەنها خۆ بەدەستەوەدانە، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ڕادەگەیەنم.

فلیمە ڕووتەکە، ڕادەی دڕندەیی مرۆ پیشان دەدا. هیچ بابەتە ئاژەڵێک ناتوانێ وەک ئەوانەی لە فلیمەکەدا دەیانبینم ئاژەڵ بێ. ئەمانە، گرەویان لە هەموو ئاژەڵێک بردۆتەوە: بە چوار نێرەکی نیشتوونەتە بەر یەک ماچەوە. ناشێ بڵێم چوار پیاو بەربوونەتە گیانی یەک ژن نەبادا بۆ پیاو و بۆ ژن سووکایەتی بێ. (ڕاوەستە... دەیکوژێنمەوە و دێمەوە وێزەت...)

چی بۆ سبەی تۆمار بکەم کاکە هەق؟. ئەوانەی دوێنێ چییان بۆ ئەمڕۆ تۆمار کردوە؟... یەک ڕیز تێکشکان و نووچدان و دۆڕان و ترۆبوون و دەربەدەربوون، لە سایەی ئازایەتی و هەڵمەتبردن و قارەمانێتی لەشکر و بلیمەتیی سەرکردەدا. ئەدی من کامە سەرکەوتنی ئەمڕۆ بۆ سبەی تۆمار بکەم؟. یەک ڕاستی هەیە کە دەمەوێ بە قەڵەم بینووسم و بە دەنگی بڵندیش بیڵێم: لە هەمووی... لە هەمووی ناڕازیم!. تۆ و نەوەی سبەینێ با بزانن کە من لەو درۆ شاخدارانە وەڕسم و لێیان بێبەریم کە بۆ نەوەی داهاتوو تۆمار دەکرێن. بۆیان دەنووسرێ: "هەڵۆ باڵ بەخوێنە قارەمانەکانی کوردستان هێرشی دوژمنیان تێکشکاند... هاکە زانیتان سەرکەوتنمان بەدەست هێنا. سەرۆکی لێهاتووی حیزبمان، بە ژیریی و لێهاتویی خۆی (کلکی تەیری خستە بان قوونی لە کاتێکدا قونی لە بن کلکیدابوو)". بەڵێ بەڵێ سەرۆک هیچی نەگۆڕی جێی وشە نەبێ... ئای بلیمەتی ناو گێلەپیاوانە... بەڵام خۆ ئەویش دەبێتە تورەهاتی

سبەینێ... بۆ هەر لە ئێستاوە تورەهات نەبێ؟!.

باوەڕ بکە بۆیە خووم بە کتێبەکانی (فرۆید)ەوە گرتووە، باویان بەسەر چووە. کەی خەڵک شتی لە کەڵککەوتە توور بدەن ئێمە هەڵیدەگرینەوە و ژەنگی زەمانەی لێ دەکەینەوە و بەرگی نوێی بە بەردا دەکەین و باڵی لێ عیجاد دەکەین. مارکس، لە دەست شارەزایانی دارایی ئەم سەردەمە و ڕۆبۆت و تەکنیکی ئێستا، کون نییە خۆی لێ حەشار دا کەچی کاکم ژنەکەی تەڵاق دا چونکێ جنێوی بە مارکس داوە... ئاخر مەسەلە مەبدەئە کاکی برا!. هەی ئافەری چەقی توڕڕەهات کە لە سەر توڕڕەهاتی ئەمڕۆ نەک هەر دوێنێت و ئێستات، بەڵکو سبەینێشت توڕڕەهاتە!.

بە هەر حاڵ، دەردی تۆ بێ ئێرەییە و دەردی من بێ ئەوێیی... چۆن ئێرە و ئەوێ لێک بدەین تا هەردوکمان ئاسوودە بین؟! با ئەوەیان بۆ دەرفەتێکی نەخولقاوی

هەقەلی، بێ ئەوەی سەری هەڵبڕێ، دیسان خوێندنەوەی نامەکەی قرتاند: "بە تورەهات دەست پێ بکا و بە تورەهاتدا بڕوا، ئەنجامیشی هەر تورەهات دەبێ. بۆ دوو لاپەڕەی تورەهاتی تر بخوێنمەوە؟. هەرچی نووسیوە، لە بەر دەسبەتاڵی نووسیویەتی... دەسبەتاڵی و تەنهایی. بەو تەمەنەشەوە، ڕەبەنە. تا بەینێ لەمەوبەر، هەموو دەردێکمان بۆ نەخوێندەواریی دەگێڕایەوە... خۆ جەنابی دکتۆر حەسەن نەخوێندەوار نییە. خۆ سەلمان نەخوێندەوار نییە. خۆ ئێستا چ کادیرێکی نەخوێندەوار چاوی خەڵک ناکەنەوە... تا ڕێی هەڵەیان پیشان بدەن. ئەدی بۆ هیچ بە هیچ ناکەین؟!. ئەدی بۆ دیسان هەرەس هات؟!.

چاوی هەڵبڕی و لە چەمەکەی بەردەمی ڕاما: کەسی لە سەر نەمابوو قاز و مراوییەکان نەبێ کە ئاگایان لە دنیا نەبوو. زوو زوو سەریان بە ئاوەکەدا دەکرد و دەریان دەهێنایەوە. بە لای ڕاستدا لای کردەوە: مامۆستا سەعید دانیشتبوو و منداڵەکان کۆمەڵەیان بە سەردا کردبوو و قسەی بۆ دەکردن. پێشمەرگەکان، جاروبار تەماشای کاتژمێرەکانیان دەکرد و دەتگوت لەو ناو شاخ و داخەدا، چاوەڕوانی هاتنی پاس دەکەن.

هەقەلی سەری بە سەر نامەکەدا خوار کردەوە و لە ئاستی پەنجە کەڵەیەوە، دەستی بە خوێندنەوە کردەوە: بۆ دەرفەتێکی نەخولقاوی هەناوی داهاتو جێ بهێڵین. من بۆیە فشەم بە هەموو شتێ دێ چونکە دەبینم دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە، ساڵی بیست هەزار دۆلار بۆ منداڵێکی ئیفلیجی خۆیان سەرف دەکەن هەر بۆ ئەوەی بە نارەحەتیی نەژی. ئەدی ئێـمـە؟!. پێکەنینم بە (ئێـمـە دێ). خواخوامانە سەری یەکتر بخۆین... تۆ دەزانی ئەرمەنییەکان دوای ئەو ئەفسەرانەیان بڕییەوە کە کاتی خۆی دەسەڵاتدار بوون و دەستیان بە خوێنیان سوور بوو؟. هەموویان کوشتن. ئەی ئێمە... ببورە... پێکەنینم بە (تووڕەهات) دێ. ئاخر

هەقەلی، بۆ یەکەم جار ئەو چەند دێڕانەی خوێندەوە. دیسان بە (تووڕەهات) بێزار بوو. نامەکەی قەد و نوشت کرد و کردیە چەند پارچەیەکەوە و هەوای دانە بەردەمی خۆی. کتوپڕ ژیوان بووەوە: "خۆ ناونیشانەکەیشی تێدا بوو..."

پاش یەک دوو سەعاتی پشوودان و ڕاوتەگبیر، هەقەلی و مامۆستا سەعید و (خوشکەکەمان) - ناوی زێنەبیان وا نابوو - بوون بە سەرقافڵەی منداڵەکانی تر و گەورە و بچووکی هەموو گوندەکە و بە گردەکەی ئەوبەر ئاواییدا هەڵگەڕان. هێشتا ئەوان ئاودیو نەببوون، پێشمەرگەکان، وردە وردە وەخۆ کەوتن و بەرەو ناو ماڵە چۆڵکراوەکانی ئاوایی وەڕێ کەوتن. کە ئەوان لە گردەکە ئاودیو بوون، ئەمانیش کەوتنە گەڕان...

خەیاڵی هەقەلی بەرەو ئەودیو چەپەری بۆمباران و گازی ژەهراوی فڕی: چەند مەفرەزەیەک، بێ ئاگا لە سەرچاوەی ڕووداوەکان، دەستەو یەخەی مەرگ بوونەتەوە. چۆکی خۆیانیان بەستووە و سەنگەر چۆڵ ناکەن. ئەنجامی ئەمانە سەرکەوتنە؟... ئەگەر مەرگ سەرکەوتن بێ ئا. بەڵام نەء... ئەوانە پێش بە لەشکر دەگرن تا سەر و سەرکردە و پیاوی تێری ورگن دەرباز بن. تا ئەوان دواهەناسەی خوێناوی دەدەن و لە لرخەلرخ دەکەون، ئەمانیش دەرباز دەبن. ئەرکی ئەو کوڕە ئازایانە هەر ئەوەیە... ئای لەو کوردایەتییە!... ئای لەو شۆڕشە!... بەڵام کێ دەڵێ ئەوە خۆی لە خۆیدا ئامانجە سەرەکییەکەیان

نییه؟!. ڕەنگە ئامانجی خودی ئەو مەفرەزانەش هەر ئەوەبێ.

هەقەلی، بۆ یەک ساتیش دەستبەرداری خەیاڵ نەدەبوو. لە بەرگرییەوە، دەگەڕایەوە بۆ هەرەسی شۆڕشی پێشوو. لە ناو لافاوی هەرەسیشدا، سیمای لاواز و تۆقیندراوی دایکی، لە بیابانی کاکی بە کاکیدا لێی ڕاست دەبووەوە و تێکەڵاوی دیمەنی هەڵەبجە دەبوو. ئەوجا تێکەڵی ئەو گوندە دەبوو کە تەنها ئەو منداڵانەیان لێ دەرباز بوون. جاروبارێش، سەلمان و (خ خ)ی بە هەردو باردا بیر دەکەوتنەوە و دوای ئەوانەش، خەیاڵی بە بەژنوباڵای ڕووناکەوە دەگیرسایەوە کە ترسی کارەسات و ئەو ڕووداوە بە پەلانە، لە خۆی و لە بیرکردنەوەشیان دابڕیبوو... جارێ جێی برینی چەنەگەی بیر دەکەوتەوە، جارێ قریوەی پێکەنینی دەبیست و جارێکیش دەنگی لە گوێیدا دەزرینگایەوە:

هەموو عالەم بمکا لۆمە     وەفاداری پیشەی خۆمە...

دوای ئەوانەش، ترسی ئەوەی لێ دەنیشت کە بە هەڵەدا نەچووبێ و ڕوناک قێزی لێ بکاتەوە... بیری بۆ ئەو ڕۆژەش دەگەڕایەوە کە پێی ڕێی دانەدەگرت بەرەو هەندەران بڕوا... کەچی وا بە هاسانی، بێ ڕوناک... بە بێ ترس و لەرز و دوودڵی، بە بێ تەڕ و وشک، بە بێ گلۆڵەدرکی ناو سینگی، ملی ڕێی گرتووە و ئەو لاتە جێ دەهێڵێ کە لە پێناویدا، لە کەس ڕازی نەبوو. شەرم دایگرت... مامۆستا سەعید کە دەستی (خوشکەکەمان) لە دەستە ڕاستیدا بوو، هەق عەلی لای شانی چەپیەوە دەڕۆیی و منداڵەکانی تر و خەڵکی گوندەکەش بە دوایانەوە قەتارەیان بەستبوو، ڕووی لە هەقەلی کرد و پرسی:

- لە بیرتە سەربازەکە لە سەر سنوور، لە هەرەسەکەدا چی گوت؟.

هەقەلی، خەیاڵی بچڕا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. گوتی:

- ... سەربازەکەم لە بیرە بەڵام نازانم چی گوت.

- گوتی: "ئەڕا لێوا پێمان هات ؟!". ئەگەر ئێستا ئەو پرسیارە باکا، دەڵێم چونکە جارێ ماومانە بزانین چیمان دەوێ... دەڵێم چونکە جارێ شیاوی ڕووخان نەبێ، شیاوی هیچ نین... پێی دەڵێم تا ئەم وەچەیە پێ نەگا هەر وا

دەبین... ئەم وەچەیەش پەروەردە نەکرێ وەکی ئێمە و پێش ئێمە دەبێ.

- ئەگەر کاک دکتۆر حەسەن وەڵامی بداتەوە دەڵێ: چونکە توڕڕەهاتین.

ماموستا سەعید کەمێ مۆن بوو... پاشان ڕووی خۆی گەش کرد و ڕووی وەرگێڕا. بە دەم بزەیەکی بەسۆزەوە، پرسی:

- ئەرێ (خوشکەکەمان)، تۆ دەزانی ئێستا بەرەو کوێ دەچین؟.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، دوای ئەوەی لە چاوتروکانێکدا هەموو مێژووی ئەو بەشەی کوردستان بە خەیاڵی هەقەلیدا تێپەڕی و هەرەسی شۆڕشەکەی پێشای، بە هەموو کارەساتەکانیەوە بیر کەوتەوە و ئەو سەربازەشی وەبیر هاتەوە کە لەشی ژنێکی دەپشکنی، ئەوجا (ئێران)ێکی زل لە هۆشیدا پەنگی خواردەوە و دەیویست لە زاریەوە دەرپەڕێ. چاوەڕوانی هەمان وەڵامیشی لە (خوشکەکەمان) دەکرد. بەڵام (خوشکەکەمان)، بە بێ ڕامان و بیرکردنەوە، لە سەرخۆ و ساکارانە هاتە گۆ. بە دەنگی کچانەی ناسک و بە ژیان ئاوسی خۆی، گوتی:

- بەرەو سەردەشت دەچین... ماموستا.

- ...

## —— تەواو ——

سوپاس:

زۆر سوپاسی کاک ڕەفیق سابیر دەکەم بۆ سەرنجە بەنرخەکانی.

ح. کاکەوەیس

هاکە زانیت قەوما و لە هەموو جێیەکەوە تەقییەوە!!... پاس بە عاسماندا چوو!، ئاو ژەهراوی کرا!، بازاڕی دوژمن پڕ کرا لە حەشیشە و دەرماناتی لاوسڕکەری کۆمەڵتێکدەر و سەد بابەتە قومار و سەد بابەتە نەخۆشی جنسی بڵاو کرانەوە و فەسادیی گەیشتە میحرابی مزگەوتەکانیش!. ئەفسەرە خانەنشینە کورتکوژە لێکەوتووەکان، یەکە یەکە لە ناوبران!... زەعیم سدیق، عەقید خەلیل، تەبەقچەلی، شەکرچی، سقەللی، و سەدانی وەک ئەوانە گۆشاوگۆش سەر بڕان و منداڵ و وەچەشیان قڕ کران!. ترس وەک هەوری ڕەش بەری عاسمانی پایتەختی گرت!، کارگەکان تێکوپێک دران!، فڕۆکە فڕێندران و هەر بە حەواوە تەقێندرانەوە!، هەموو وڵات، لە ناو ترس و سامێکی کوشندەدا کە کەس بە تەمای خۆی نەبێ، بە جارێ بەنج بوو و هەرەسی هێنا!. ئەی ئەوسا ئێمە چی دەکەین؟!. ئاڵای وڵاتی سەربەخۆ هەڵدەکەین؟!. نا...

- تەونی جاڵجاڵۆکە -

# COBWEBS

## A NOVEL

IN

KURDISH

BY

H. A. KAKAWAYS

Sverige 1998

RABUN